یەشار کەمال

# سەربازانی خوا

وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
AWER
Nawandi Awer

بەڕێوەبەری گشتی ناوەند: حەسەن بورەیی
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئارێز حەسەن
ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا


هەولێر - پشت پارێزگا - پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف
0750 511 41 42 - 0750 747 66 44
Nawendi Awer :: ناوەندی ئاوێر
Nawendi.Awer@yahoo.com

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
AWER
Nawandi Awer

# سەربازانی خوا

بابەت: کۆمەڵە چیرۆک
نووسەر: یەشار کەمال
وەرگێری فارسی: عەینوللا غەریب
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا
تایپ: وەرگێڕ
پێداچوونەوە: مەریوان زەندی
دیزاین و بەرگ: ئیبراهیمساڵح
تیراژ: ١٠٠٠
نرخ: ٦٠٠٠
چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٣ هەولێر
چاپخانە: چاپخانەی دانیشفەڕ
ژمارەی سپاردن:

---




ئەم کتێبە لەم چاپە فارسییەوە وەرگێردراوە:
(سربازان خدا، نوشته یاشار کمال،
ترجمه: عین له غریب، چاپ دوم)

سەرجەم هەشت چیرۆکی ئەم کتێبە -ئەگەر بکرێت بە چیرۆک ناویان بێنین- لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو لەگەڵ منداڵانی سەرشەقام و بێپەنا نووسراون، بەم پێیە هەموو کەسایەتی و شوێنەکان ڕاستەقینەن.

**یەشار کەمال،١٩٧٨، ئستەنبول**

## پێڕست


* سەرنجێک بۆ چاپی کوردی ........................................ 7
* ئا یە یە یە .......................................................... 9
* خۆزگە لە زەرافەیان نەدەدا ..................................٦٥
* شەوێکی زۆر گەرم ............................................. ٩٨
* لە قەدیری شاگردی ئاسنگەرییەکە دەچوو ..................... ١١٠
* سەربازانی خوا، هەموو شتێکیان لە کەسانی دیکە جیایە ............. 129
* سەری بڕاو .............................................. ١٤٨
* دەتگوت ئەو ڕۆژانە لە ئاسمانەوە باڵندە دەبارن ....................... ٢٢٩
*پارچە ئاسنێکی سەقاکراو ........................................ ٢٥٠

## سەرنجێک بۆ چاپی کوردی

سەربازانی خوا، کارێکی تایبەت و جیاوازی 'یەشار کەمال'ە. ئەم کتێبە لەنێو هەموو ئەو ڕۆمان و چیرۆکانەی ئەو نووسەرە، شوێنێکی تایبەتی هەیە، تایبەت لەو ڕووەوە کە ئەو لەم بەرهەمەیدا، لای لە پرسێکی زۆر گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگە کردووەتەوە. ئەویش لاکردنەوەیە لە منداڵانی سەرشەقام، ئەو منداڵانەی کە بەهەر هۆکارێکەوە بێت، جا چ بە ناچاری بێت و چ بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان بێت، ماڵ جێدەهێڵن و دەکەونە سەرشەقام و لە فلکە و پارک و بەردەرگای مزگەوت و شوێنە گشتییەکاندا دەستگێڕی دەکەن، هی وایان هەیە سواڵ دەکات و زۆر جاریش تووشی ئازار و ڕووشکێنی و شکاندن دەکرێنەوە و بەشێکیشیان کەسانی خراپیان لێ دەردەچێت و دەکەونە بنکەکانی چاکسازی و حەوانەوە و دەبنە بارگرانییێکی گەورە بۆ کۆمەڵگە.

ئەم کتێبە هەشت چیرۆکە، کە بەرهەمی کار و ماندووبوونێکی زۆری نووسەر دەگرێتە خۆی. ڕاستییەکەی چیرۆکەکان گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نووسەرە لەگەڵ ئەو منداڵانە و بە شێوەی ڕیپۆرتاژ ئامادە کراون و دواتر لە چوارچێوەی چیرۆک و بە شێوازێکی ئەدەبیی زۆر سەرنجڕاکێش و کاریگەر داڕشتوونەتەوە.

کاتی خۆی کە کتێبەکە بە زمانی تورکی چاپ کراوە، زۆر دەنگی داوەتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی هەم دەوڵەت بە یاساکانی پاراستنی مافی منداڵاندا بچێتەوە و هەم چاودێریکردنی بنکە و سەنتەرەکانی چاکسازی و حەوانەوە و گرتنەخۆی منداڵان، زیاتر توندوتۆڵ بکات.

بێگومان، گرنگیدان بە منداڵان لە هەموو بەرهەمەکانی یەشار کەمالدا بەرچاوە و هیچ ڕۆمانێکی ئەو نووسەرە نییە کە منداڵان تیایدا شوێنیان نەگرتبێت، بەڵام ئەم کتێبە جیاوازە و هەمووی هەر لەبارەی منداڵان و کێشە و ئاستەنگ و خولیا و ئارەزووەکانی منداڵانەوەیە.

بەداخەوە بابەتی منداڵانی سەرشەقام، لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێمەشدا خەریکە دەبێتە دیاردەیەک و ڕۆژانە هەمووومان بە چاوی خۆمان دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، بۆیە وەرگێڕانی ئەم کتێبەم بۆ سەر زمانی کوردی بە پێویست زانی. هیوادارم ئەم چاپە کوردییەی سەربازانی خوا، ببێتە زەنگێکی ئاگادارکردنەوە، هەم بۆ دەزگاکانی حکومەت و وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ڕۆشنبیری... و هەم بۆ تاک بە تاکی هاوڵاتیان، کەوا هەستیارانە و بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا بکەن.

هیواخوازم بەم کارەمان خزمەتێکمان کردبێت و ئەم بەرهەمە گرنگەی یەشار کەمال، لەنێو کتێبخانەی کوردی و لای خوێنەرانی خۆشەویستی کورددا جێی خۆی بگرێت.

لێرەشەوە جێی خۆیەتی سوپاسی هاوڕێم 'مەریوان زەندی' بکەم، کە بە کتێبەکەدا چووەوە و زۆر هەڵەوپەڵەی بۆ ڕاست کردمەوە.

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم ساڵح کە دیزاینی کتێبەکە و نەخشەی بەرگەکەی کێشاوە.

**وەرگێڕ**

## ئا یە یە یە

نازانم ناوەکەی لەم وشانەی من دەرهێناوە، یان واتایەکی تایبەتیشی هەیە؛ زیلۆ. دیار نییە داخۆ باوکی لەسەر ناوی کامە بەگزادەیەکی کۆن ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردووە. ڕاستییەکەی ئەو ناوەی لێ دێت. بە هەر حاڵ لە گەڕەکدا هەمووان بەو ناوە بانگی دەکەن و وا پێدەچێت خۆیشی پێی ناخۆش نەبێت.

دەنگێکی دڵگیر و سەرنجڕاکێشی هەیە. واتە قسەکردنی گەرم و دۆستانەیە. فشەکەر و لافلێدەر نییە، ئەگەر شتێکی بە ڕوودا بدەیتەوە زۆر بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە. ڕاستییەکەی کەسێکی زۆر شەرمن و خەجاڵەتییە. دەکرێت بڵێین زیلۆ کەسێکی هێمنە، زرپۆ و هەڵەپاچ نییە. ئەگەر یەکەم جار بێت بتبینێت و هێشتا لای ئەو نامۆ بیت، وەکو ژووژک خۆی گرمۆڵە دەکات و لە تیغەکانی بترازێت هیچی دیکەی نابینیت، بەڵام نامۆ، یان ئاشنا ئەگەر بتوانیت بە قسەی بێنیت، ئەوکات دەبینی وەکو ڕنووی بەفر وشەی لە دەم هەڵدەڕژێن.

ئەگەر ڕاستی گوتبێت، باوکی پیاوێکی ڕەشتاڵەی باڵابەرزە. هەمیشە چاکەتەکەی بەسەر شانیدا داوە و دەرلینگی شەلوارەکەی هەڵکردوون. ڕوخسارێکی خەماوی هەیە، دەنگی خەمگینە و هەر کاتێک خەمێک دڵی دادەگرێت، بەو شێوەزارەی خۆی، کە شتێکە لە نێوان کوردی و عارەبی، یەکێک لەو وردەنزمانە لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە. تەمەنی شەست ساڵە و بیستوپێنج ساڵی ڕابردوو لەسەر ئەسکەلەی 'یەمیش'، یان دەوروبەری ئەوێ، کرێکاری کردووە، یان کۆڵبەری، واتە... واتە کۆڵبەر بووە.

ڕەنگبێت سەبارەت بە دەنگ و شێوەزارەکەیەوە، من زێدەڕۆییم کردبێت و لەبارەی چاکەت و شەلوارەکەشی زیلۆ پێیوەنابێت، بەڵام تەمەنەکەی بە دڵنیاییەوە ئەوەندەیە، چونکە ئەو کاک ئیبراهیم دەمیرە، سێ کچی شوویان کردووە و نەوەکانی هەر یەکەی بیانگری پاڵەوانێکن بۆ خۆیان، واتە لانی کەم لە زیلۆ گەورەترن.

زیلۆ کاتێک کە دایکی دەمرێت، باوکی دووبارە ژن دێنێتەوە، بۆیە وەک زیلۆ دەیگوت دونیایەک خوشک و برای هەن. لە دایکی خۆی سێ خوشک و دوو برا. خۆ باسی خوشکەکانم کرد، مێردیان کردووە و منداڵیشیان هەن، جا هەر یەکیش سێ منداڵ. یەکێک لە براکان مردووە و ئەوەکەی دیکە لە کۆڵانی 'کاراکوی' پینەدۆزی دەکات. ئێستا ئەگەر چوار لە خوشک و برا زڕەکانیشی حساب بکەین، ئەوا دەبنە نۆ دانە. پێم وایە زیلۆش ناهەقی نییە، کە دەڵێت دونیایەک خوشک برام هەن.

وەک ئەوەی زیلۆ باسی دەکات، باوکی بیستوپێنج ساڵی ڕابردوو لە سەر ئەسکەلەی یەمیشدا کۆڵبەری کردووە. کەواتە ئەوە بیستوپێنج ساڵە ئەم خێزانە هاتوونەتە ئستەنبول. خۆیان خەڵکی... ڕاستییەکەی زیلۆ بە منی گوت کە خەڵکی کام شارە، بەڵام من بە ئەنقەست نامەوێت بڵێم خەڵکی کام شارە، چونکە هەموو ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دێنە ئستەنبول، ڕەوش و کاروباریان ئاوا وەکو یەک نەمرونەژییە، بۆیە هیچ جیاوازی نییە داخۆ لە کام شار و کام گوندەوە هاتبنە ئەم کاولەندەرە.

باوکی پێدەچێت ماندوو بێت. لێی بڕاوە و تەنگەتاوە، بەڵام بێدەنگ و ئارامە. هیچ پێناچێت کە بە هەر هۆکارێکەوە بێت، تووڕە ببێت، یان بۆ نموونە هاتوهاوار بکات. نازانم لەو خەمگینییەی چاوەکانیەتی، کوریشکەکانی نێوچاوانیەتی، یان کۆنە برین و پەڵەکانی سەر دەستوپلیەتی، بەڵام هەرکە دەیبینیت کۆڵەباری ئەزموون و ڕۆژگاری بەسەر شانەوە هەست پێدەکەیت و قورسایی تەمەنێک خەم و حەسرەت بەسەر دڵیەوەیە.

لەو بیستوپێنج ساڵەی لە ئستەنبول ئاکنجین، سێ جاران شوێنی خۆیان گۆڕیوە، واتە سێ جاران ماڵیان گواستووەتەوە. لە خانووەکەی یەکەم جاریان کە زیلۆی تێدا لەدایک بووە و دایکیشی هەر لەوێدا مردووە، لە ژوورێکی کەرپووچی ڕەنگ مردوو و پەنجەرەیەکی تەختەیی درێژووکە و کۆڵانێکی پڕ لە قوڕ و چڵپاو بترازێت شتێکی دیکەی لە بیر نییە. لەبارەی خانووەکەی دووەمیان جگە لەو خێزانە قەرەجەی کە دراوسێیان بووە و زۆریش خۆشی ویستوون، هیچی دیکەی باس نەکرد. لەم خانووەی سێیەمیشدا، کە ئێستاش تێیدا دەژین، بە گشتی هیچی نەگوت.

ڕاستییەکەی زیلۆ لەبارەی هەر سێ خانووەکە، دونیایەک فشە و خۆهەڵکێشانی کرد، بەڵام لە قسەکانیدا دەکرا ئەوە تێبگەین کە هەر سێکیان لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شار بوونە، ئەوانەی کە خانووەکانیان لە تەنەکە و کۆنە جەمەلۆن دروست کراون. باسی لێواری دەریا و 'ئاک سەرای' و 'کادی کوی'ی دەکرد، کەچی هیچی لەبارەی ئەو گەڕەکانەوە نەدەزانی، بەڵام کە قسە دەهاتە سەر گەڕەکە هەژارنشینەکانی قەراغ شار، بە لێشاو قسەی لە دەمدا دەهاتنە دەر و هەر کڕ نەدەبوو. وەکو بەری دەستی خۆی شارەزای ئەو گەڕەکانە بوو و هیچی لە گەڕەکەکانی دیکە نەدەزانی.

خۆی دەڵێت تەمەنی چواردە ساڵە، بەڵام هیچ پێیەوە دیار نییە. هەر دە، یازدە، یان خۆی بکوژێت هەر دوازدە ساڵ دەبێت. ئەگەر بە من بێت دەڵێم هەر یازدە ساڵەیە. واتە لە یازدە ساڵی زیاتری پێوە دیار نییە.

لە بنکەی چاکسازیی مێرمنداڵاندا ناسیم. یەکەمین جار کە بینیم هەر چەند ڕۆژێک بوو پۆلیس گرتبوویان و لەبەر تەمەنەکەی بۆ زیندان و ئەو شوێنانە نەدەبوو، بردبوویانە ئەوێ. ئەو بنکانەی چاکسازی، پڕن لەو جۆرە منداڵانە.. من لەو بنکانە لەگەڵ زۆر لەو منداڵانەدا ئاشنا بووم و لەگەڵ هەندێکیشیاندا بە قەولی خۆی بوومەتە هاوڕێ.

زیلۆ هیچ پێی خۆش نەبوو من، یان ئەوانی دیکە بزانن خەڵکی کام گەڕەکە، بەڵام خۆ لە قسەکانیدا ئاشکرابوو، کە زۆربەی تەمەنی هەر لە گەڕەکی قەرەجەکان ژیاوە. سەری زمان و بنی زمانی هەر باسی قەرەجەکان بوو. دەیگوت خەڵکانێکی باشن. دەیگوت ئەگەر پێویست بکات دزییش دەکەن، بەڵام کەسانێکی

سەرڕاست و پاکن. دەیگوت ژیانیان هیچ خۆش نییە و دەتوانین بڵێین هەمیشە سفرە و خوانیان خاڵییە، بەڵام ئەوەی هەیانە ڕێکوپێکە. دەیگوت پیرەمێردێک لەوێ دەناسێت، کۆڵبەری دەکات، بەڵام سازێکی باشیش لێ دەدات، جا هەموو جۆرە سازەکان؛ دمبک، دەف، نەی، زوڕنا تەنانەت کەمانچەش. دەیگوت لە هیچ جێیەکدا کەسی لەو قەرەجانە باشتری نەبینیوە. دەیگوت دڵنیام خواش ئەوانی خۆش دەوێت. دەیگوت قەرەجەکان شتێکی جیاوازن.

"واتە لەنێو قەرەجەکاندا هیچ کەسی خراپ نییە؟"

"با، بەڵام زۆر کەم. ئێمە لە گەڕەکەکەماندا... واتە لە گەڕەکی هاوڕێکەمدا، ئاخر من هاوڕێیەکم هەبوو لەوێ، لەوێ یەکێک هەبوو دزی دەکرد. تەمەنی شەست ساڵیش بوو، کەچی هەر دزییشی دەکرد."

"ناوی چی بوو؟"

"ناوی؟ نازانم. من خۆ نەمدەناسی."

زیلۆ ناوی ئەو دزەی کە تەمەنی شەست ساڵ بوو و هەموو جۆرە سازەکانی باش لێ دەدا، نەدەزانی. دەیزانی کە ئەو چی دەدزێت، بۆچی دەیدزێت، چۆنچۆنی دەیدزێت، بەڵام ناوەکەی نەدەزانی. دەیزانی کە ئەو هەر شتێکی دەیدزی لەگەڵ هەموو گەڕەکدا بەشی دەکرد، لێ ناوەکەی نەدەزانی. دەیزانی کە هەموو گەڕەک، بە ژن و پیاو و پیر و منداڵەوە دەمرن بۆی، بەڵام ناوەکەی نەدەزانی.

"مرۆڤی باش و خراپ لە هەموو جێیەک هەر هەیە. لە هەموو جێیەک. تەنانەت پۆلیسەکانیش. بۆ نموونە مامە یاووز پۆلیسێکی باشە. نە جنێو بە کەس دەدات و نە لەکەسیش دەدات. پۆلیسی باش واتە ئەمە. تۆ ساڵح دەناسی؟ ئەویش پۆلیسە. جا

بڵێم چ پۆلیسێک. من دەڵێم پۆلیس تۆ بڵێ میرغەزەب. هەر بیبینی لە ترسان خۆت تەڕ دەکەیت. لێ دەدات ئەمما چ لێدانێک! بە مست و پێلەقە. بە قامچی. لێ دەدات بڵێم وەکو چی!"

بە پێداگریی منیش بووبێت دواجار زیلۆم ڕازی کرد باسی ماڵی خۆیانم بۆ بکات، واتە هەر ئەو خانووەی کە جاری سێیەم چوونە ناویەوە و ئێستاش هەر تێیدان. دەیگوت هەر تەنیا دوو ژوورە. دیوارەکانی بە خشت دروست کراون و سەری بە قوڕ سواخ دراوە. دەرودیوار و دەستشۆری و حەمامەکەی بە گونیە و ناندینەکەی لە تەختە دروست کراوە. لە یەکێک لە ژوورەکاندا دایک و باوکی دەخەون و لە ژوورەکەی دیکەش منداڵەکان هەموویان، واتە هەر نۆ منداڵەکە. دەیگوت مشک، کە هێندەی پشیلەیەک دەبن، لەوسەر بۆ ئەمسەر تەڕاتێنیانە. دەیگوت ماوەیەک منداڵەکانی گەڕەک ناوی زیلۆیان کردبووە مشکۆ. ئاخر ئەو زۆر لە مشکان دەترسێت. هەڵبەتە زیلۆ منداڵێکی ئازا و چاونەترسە، بەڵام خۆ مشک، ئەویش ئەوەندە گەورۆنە شتێکی دیکەیە.

باس و بەسەرهاتەکانی زیلۆ، بڕانەوەیان بۆ نەبوو، لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەی دەکرد و خەیاڵی سەیر و سەمەرەی هەبوون. بۆ نموونە کاتێک باسی ناندینەکەی ماڵی خۆیانی دەکرد، ناندینی ماڵێکی لە خەیاڵی خۆیدا وێنا دەکرد، کە زڕدایکەکەی لەوێ کارکەری دەکرد.: "دەرودیواری ناندینەکە دەتگوت شووشەن، ڕێک وەک ئاوێنە. پاکوخاوێن، هەموو جێیەکی لە خاوێنیان دەبریقایەوە. ناوکەوەکەی جۆرە کاشییێک بوو، کە دەتتوانی وێنەی خۆتی تێدا ببینیەوە. پەنجەرەی ئەوەندە گەورەی هەبوون، یەکیش نا دوو پەنجەرە. لەبەر

پەنجەرەکە ڕاوەستابایت دەتگوت لە لێواری دەریایت. باسی شتومەکەکانی هەر مەپرسە. سێ دانە قابلەمە، پێنج دانە تاوە، کەچک و چەنگاڵەکانیش وای واییی. بەفرگر دوو دانە. ناوەوەیان تا ئێرە پڕ پڕ. دەتتوانی هەفتەیەک لەو ناو ناندینەدا هەر بخۆیت و بخەویت و دەنگت لەبەر نەیەتەدەر."

"ئێستا لە ماڵی خۆتاندا چەند کەسن؟"

"زڕدایکم، خوشکم، باوکم، برام، من و ئەو چوار دانەیە. جگە لەوە زڕدایکم دیسان دووگیانە."

"بژێویی ماڵەوەتان... واتە دەرامەتتان... واتە مەبەستمە برسی نین خۆ سوپاس بۆ خوا؟"

"برسێتی؟ تا دڵت بیەوێت. چێشتفرۆشییەکەی گەڕەکەکەمان وردکەنان و بەرماوی سەر سفرەی مشتەرییەکانی کۆ دەکاتەوە بۆمانی دەنێرێت. جا ئەگەر شانسمان هەبێت و ئەو چوارانە شتێک بهێڵنەوە بگاتە ئێمەش. زڕدایکە ئیدی. بەو پارەیەی کە باوکم پەیدای دەکات ڕەنگە بکرێت ژەمە خواردنێک بخۆین. باوەڕ دەکەیت ئەو جارەی کە بە تێرزگی خۆم خواردنێکم خوارد، سێ ساڵ پێشتر بوو؟ براکەم سەدباییێکی لە کۆڵانەکەی ئەودیودا دۆزیبووەوە. پێکەوە چووینە بابۆڵەفرۆشییەکەی سەری کۆڵان و ئینجا بخۆ ئەمما بخۆ. جارێکیش... جارێکیش من پێنجسەدباییێکم دۆزییەوە، بەڵام..."

"بەڵام؟"

"بەڵام هاوڕێکانم لێنەگەڕان ئیدی. گوتیان با بچینە سینەما و دواتر بە بیانووی کڕینی بلیت، پێنجسەدییەکەیان لێ وەرگرتم و پێیان پێوە نا و هەڵاتن."

"ئەمە کەی؟ ئەوەی باس دەکەیت کەینێ بوو؟"

"چوزانم ساڵێک دەبێت، دوو ساڵ دەبێت، ڕەنگە سێ ساڵیش بێت."

"کاتیک باوکت دیسان ژنی هێنایەوە، تۆ تەمەنت چەند ساڵ دەبوو؟"

"من... حەوت، هەشت... نە حەوت. ئاخر براکەم هەشت ساڵی بوو و خوشکیشم دە ساڵی بوو. کەواتە منیش حەوت ساڵی بووم ئیدی."

"هەر لەوساوە ئاوا لەگەڵتاندا نەسازا، یان..."

"دوو سێ مانگی یەکەم باش بوو، بەڵام دواتر یەکەم جار جنێوی دەدان، پاشان پاڵی پێوە دەناین، دواتر لێدان و دوای ئەوەش هەمووی پێکەوە."

"بۆچی؟ چما ئێوە چیتان دەکرد؟"

"ئێمە؟ هیچ. هەرچی دەیگوت دەمانکرد، بەڵام ئەو..."

"لە منداڵەکانی خۆیشی دەدات؟"

"بەڵێ، بەڵام ئێمە زیاتر. زڕدایکە ئیدی."

"تۆ هێشتا دایکی خۆتت بە بیر ماوە؟"

"بەڵێ ئەو دەمەی دەیانشوشت بینیم. واتە هەر ئەو دیمەنەیم لە بیر ماوە."

"ئەوکات دەتزانی مردن یانی چی؟"

"زۆر نا، تەنیا ئەوەم دەزانی کە ئیدی نایبینمەوە. واتە کاتێک خستیانە ژێر خاکەوە زانیم کە ئیدی هەرگیز نایبینمەوە."

"کەواتە کاتێک دەیانناشت تۆ لەوێ بوویت؟"

"بەڵێ، هەم ئەو کاتەی دەیانشووشت لەوێ بووم، هەم کە ناشتیان. پاشانیش زۆر دەچوومە سەر گۆڕەکەی. گوڵم دەبردن. گۆڕەکەیم ئاوڕشێن دەکرد، بەڵام

خوشکەکەم قەت نەدەهات. هەر تەنیا ئەو ڕۆژەی یەکەم هات و ئیدی چ جاری دیکە نەهات."

زیلۆ دەیگوت دواتر چەند مانگێک چوونەوە شارەکەی خۆیان. دەیگوت ئەوێ زۆر خۆش بوو. واتە هیچ نەبێت برسی نەدەبوون و لێدانیشیان نەدەخوارد. دەیگوت کاتێک باوکیان دووبارە ژنی هێناوەتەوە دیسان هاتوونەتەوە ئستەنبول.

"من سەرم لە کاری ئەم زڕدایکەم دەرناچێت. هەر پارەیەکی باوکی بەدبەختم پەیدای دەکات، ئەو دەیخاتە ناو ئەو سندوقچەیە و ئیدی کەس چاوی پێناکەوێتەوە. سندوقچەکە پڕی پارەیە، هەمووی پێنجسەدبایی. ئێمە خەریکین لە برسان زایە دەبین، کەچی ئەو نە بای دێ و نە باران. تەنیا هەر بۆ ئێمە وا نییە ها، بۆ ئەو چوارەی دیکەش هیچ ناکرێت. باوکی بێچارەم هەر لە سەر ئەسکەلەوە تا ماڵێ بە پێی پیادە دێتەوە، بۆچی؟ بۆ ئەوەی پارەی تەکسی نەدات. ئینجا ئەم ژنە لانی کەم بۆ ئەویش شتێک ناکرێت. هیچ شتێک ها! نە خواردنێک، نە جلوبەرگێک. ئەگەر پێڵاوەکانی باوکم دەبینی..."

"باوکت کەسێکی باشە، وایە؟ واتە تۆ خۆشت دەوێت؟"

"خۆشم... خۆشم دەویست."

"ئەی هەنووکە؟"

هەنووکە، نە ئیدی."

"بۆچی؟"

"لەبەر ئەوەی هەرچییەک زڕدایکەکەم بڵێت، ئەو دەڵێت بە چاوان."

"بۆ؟ بۆ باوکت هەرچی ئەو بڵێت قبوڵی دەکات؟"

"لەبەر ئەوەی لێی دەترسێت."

"لە ترسی ئەوەی بەجێی بێڵێت؟"

"نە بابە. زڕدایکم ئەگەر... ئەگەر بیەوێت لێشی دەدات."

"مەگەر نەتگوت باوکت کۆڵبەرە؟ ئێ خۆ کۆڵبەرەکان کەسانی بەهێزن."

بەڵێ، بەڵام ئاخر باوکم پیرە ئیدی. تەمەنی شەست ساڵە خۆ. ئەگەر من لە جێی باوکم بام پارچەپارچەم دەکرد."

"تۆ چی؟ تۆ ناتوانی بەرەنگاری ببیەوە؟"

"تۆش دڵت خۆشە ها. ئەو لە خوشکە گەورەکەشم دەدا. ئەوەی کە شووی کردووە، ئەویان دەڵێم."

"واتە هێندە بەهێزە، زڕدایکەکەت؟"

"بەڵێ بابە. لە گەڕەک هەمووان لێی دەترسن. مامەم پۆلیسە، ئەوەندە لاواز نییە ها، واتە کز و ڕەقەڵەیە، بەڵام بێهێزیش نییە، کەچی زڕدایکەکەم بە یەک پاڵدان لە قادرمەکان تێی هەڵدایە خوارێ.

"ئەو پێنجسەدییەی کە باست کرد... لە کوێت دۆزیەوە؟ لە گەڕەکی خۆتان؟"

"نە. لە گەڕەکی 'ئون کاپی'. لەگەڵ منداڵان چاوشارکێمان دەکرد، لەپڕ بینیم وا پێنجسەد بابیەک لەنێو خۆڵەکە کەوتووە."

"ئەو کات تەمەنت چەند ساڵ بوو؟"

"حەوت ساڵ."

"بەڵام خۆ تۆ گوتت دوو ساڵ پێشتر بوو."

"ئێ وایە ئیدی."

"مەگەر نالێیت ئێستا چواردەساڵەیت؟"

"چوزانم ماڵتا[1]. حەوت ساڵ، نۆ ساڵ، دە ساڵ، دوازدە ساڵ... مەگەر چ جیاوازی هەیە؟"

"ئەو هاوڕێیانەی کە باست کردن کێ بوون؟"

"ئەوان؟ زۆر ئاڵچاغ و لاسار بوون."

"لاسار؟ بۆ مەگەر چییان دەکرد؟"

"هەڵسوکەوت و ئەدا و ئەتواریان سەیر بوو. خۆیان خوار و خێچ دەکرد. گەورەکەیان پەنجەی گەورەی دادەنایە سەر نووکی کەپووی، ئا بەم شێوەیە، پاشان دەستی ئاوا و ئاوا دەجووڵاندن و دەیگوت: ئااا یە یە یە یە."

"چۆن ئەوانەت ناسی؟"

"لە پارک."

"تۆ چیت دەکرد لە پارک؟"

"من دانم دەفرۆش."

"دان؟"

"بەڵێ، دان بۆ باڵندەکان."

"دان بۆ باڵندەکان؟"

"بەڵی ئیدی، ئەوانەی دەهاتنە پارک دانیان دەکڕی و بۆ کۆترەکانی ئەوێیان هەڵدەڕشت."

"کامە پارک؟"

---

[1] **ماڵتا، وەک ماڵئاوەدان.. دەربڕینێکە زیاتر لە ناوچەی موکریان بەکار دێت.**

"پارکی لێوارماڵتا."

"خۆ ئەوێ لە ماڵی ئێوە زۆر دوورە. تۆ چۆن بەوێت دەزانی؟"

"من خۆ پێم نەدەزانی. واتە یەکەم جار پێم نەدەزانی. تەنانەت براکەشم پێی نەدەزانی. ڕۆژێکیان بە پێیان چوومە ئەسکەلە، بۆ ئەوەی سەری باوکم بدەم. پاشان لەسەر ئەسکەلە ئەو ئۆتوبوسە دەریاییانەم بینی. پێم خۆش بوو و سوار بووم. پاشان ون بووم. خۆ بە هیچ جێیەکم نەدەزانی. دواتر لە وێستگەی پارکی لێوار، کابرا پێی گوتم 'کچێژگە ئێرە دوا وێستگەیە' منیش دابەزیم. پاشان لەبەر دەروازەی پارک چوومە لای پۆلیسەکە و پێم گوت کەوا ون بوومە. بەم شێوەیە ئەوێم پێ زانی. واتە یەکەم جار ون بووم و پاشان شارەزا بووم."

"جا باشیشت دەفرۆشت، یان نا؟"

"نە بابە نە. کەس نەیدەکڕی خۆ. من هەر بەستەکانم بچوکتر دەکردنەوە، بەڵام دیسان کەس لێی نەدەکڕیم."

"واتە هیچت نەدەفرۆشت؟"

"با، واتە ڕۆژی یەکەم نا، بەڵام ڕۆژانی دیکە با. سی لیرە، پەنجا لیرە، تەنانەت ڕۆژی وا هەبوو بایی سەد لیرەشم دەفرۆشت."

"ئەو پارانەی پەیدا دەکردن چیت لێ دەکردن؟ هەمووت خەرج دەکردن؟"

"نە بابە تۆ چی دەڵێیت. هەمووم دەخستنە دەستی زڕدایکەکەم."

"دەتدانە زڕدایکەکەت؟"

"بەڵێ ئیدی. ئاخر ئەوکات باوکم چووبووەوە شارەکەی خۆمان و هیچمان بۆ خواردن نەبوو."

"ئێ ئەی دواتر؟"

"دواتر ئەو پێنجسەدبابیەم دۆزییەوە، بۆم باس کردیت خۆ."

"چۆن فێڵیان لێ کردیت؟ ئەو کچانە دەڵێم. ئاخر خۆ بە خورتی لێیان نەستاندیت؟"

"نە، بەڵام ئەوان زۆر فێڵبازن. گوتیان وەرە با بچینە سینەما. منیش سەیرم کرد بلیتی سینەما دانەی هەر بە دوو لیرە زیاتر نییە، گوتم قەی چییە با لەسەر بەرکی من بێت، بەڵکو ببنە هاوڕێم. دواتر یەکێکیان گوتی با یەکەم جار کۆکا بکڕین، منیش گوتم باشە. ئینجا ئەوەیان چووە ناو دوکانەکە و بە خۆی و سێ کۆکا گەڕایەوە. من خۆ هێشتا کۆکاکەی خۆم هەموو نەخواردبووەوە کە ئەوان بۆی دەرچوون و پێیان پێوەنا."

"دوای ئەو ڕۆژە دیسان بینینتەوە؟ واتە هەواڵیان دەزانیت؟'

"نە."

"پارەکە چی لێ هات؟ ئەو پێنجسەدییە دەڵێم."

"بردیان. خۆ گوتم گەورەکەیان گوتی بمدەرێ با بچم بلیتەکان بکڕم، پاشان ڕاکە، بۆی دەرچوون."

"چۆن بە دوایاندا نەچوویت؟"

"نەچووم؟ بێگومان چووم. هەموو جێیەکم لەدوو کردن، بەڵام بوونە ئاو و بە عەرزیداچوونە خوار."

"شتێک بپرسم دڵگیر نابیت؟"

"نە بابە نە، بپرسە."

"یەکەمین جار کەی بوو لەگەڵ زڕدایکەکەت شەڕت کرد؟"

"زۆر چکۆلە بووم. زڕدایکەکەم گوتی بڕۆ گوم بە لەبەر چاوم و ئیدی لێرە نەتبینمەوە. گوتی ئەگەر بگەڕێیتەوە پێستت لەسەریدا دەماڵم."

"کەی؟ بۆچی؟ مەگەر تۆ چیت کردبوو؟"

"لە ئیرەییانی بوو."

"لە ئیرەییان؟"

"ئێ بەڵێ. ئاخر باوکم منی لەو خۆشتر دەویست و ئەویش ئیرەیی پێ دەبردم. منیش تا زیاتر دەهری بکەم هەرکە باوکم دەگەیشتەوە ماڵێ، چاکەتکەیم لێ وەردەگرت، ئاوم دەهێنا قاچەکانیم دەشوشت."

"واتە لەبەر ئەوە شەڕی لەگەڵدا کردیت؟"

"بەڵێ ئیدی."

"ئێ، باشە."

"ئەو لە ماڵێی وەدەرنام. منیش سەری خۆم هەڵگرت و ڕۆیشتم. نەمدەزانی بچمە کوێ. هەر تەنیا دەڕۆیشتم. یەکەم جار بە پێیان دەڕۆیشتم، بەڵام پاشان سواری پاس بووم، دواتریش پاسی دەریایی، دوای ئەوە دەمەویست سواری شەمەندەفەر ببم، کە پۆلیس ڕێی پێگرتم. پاشان ئیدی گەڕاندمیەوە ماڵ."

"چەند ڕۆژ لە دەرەوە بوویت؟"

"ڕۆژێکی نەبرد. واتە خەریک بوو شەو دابێت ویستم سواری شەمەندەفەر ببم، کە پۆلیس پێشی پێگرتم، بەڵام ئیدی هەر لەو ڕۆژەدا هەم ئەو پارکە، هەم پارکی لێوار؛ هەم زۆر جێگای دیکە شارەزا بووم."

دوای ئەو ڕۆژە هەر کاتێک زڕدایکەکەی دەستی لێ بەرز بکردبایەوە، زیلۆ دەی ڕاکە و مەوەستە. بۆ هەر جێیەک بێت گرنگ نییە. پارکی لێوار، فلۆریا، ئەو بەری کەنداوەکە، ئەمبەرەی تەنگەی دەریاکە، تەنانەت جارێک بۆ ئەنقەرە. ئیدی هەڵاتن بووە خووی زیلۆ. هەر شتێکی بە دڵ نەکەوێت زیلۆ لە ماڵ دەردەپەڕێت و تا پۆلیس نەیگرێتەوە ناگەڕێتەوە ماڵ.

"گوتت سواری پاس و پاسی دەریاییش دەبوویت. تەنانەت جارێکیان بە شەمەندەفەر چوویتە ئەنقەرەش، بەڵام خۆ تۆ پارەت نەبوو بلیتی پێ بکڕیت."

"بلیت چییە بابە. من خۆ منداڵێکی چکۆلە بووم، دەخولامەوە و خۆم بە ژوورێدا دەکرد ئیدی. کەس هەقی بە مندا نەبوو."

ئێستا زیلۆ تا چاوی بە چاوی زڕدایکەکەی نەکەوێت، بە بیانووی دانەفرۆشی لە سەری سپێدەوە تا شەو دادێت لە دەرەوەی ماڵە. زۆر سەخت بوو بۆی، بەڵام هەر چۆنێک بێت لە ماڵێ هەر باشتر بوو. لێدانیشی دەخوارد، بەڵام نەک بەو ئەندازەیەی کە زڕدایکەکەی لێی دەدا. جنێوی دەبیستن، لێ نەک وەک جنێوەکانی ئەو. هەڵبەت کەسانی باشیشی لێ ڕاست دەهاتن.

"لەو پارکەی کە بۆم باس کردیت پیرەمێردێکی زۆر بە تەمەن هەبوو. پیر پیر. پشتی کووڕ بووبووەوە، ئا ئاوا. بە گۆچان دەڕۆیشت. هەموو ڕۆژێ دەهاتە پارک و بەستەیەک دانی دەکڕی و بۆ کۆترەکانی هەڵدەڕشت. تەنیا هەر لە منیشی دەکڕی. ڕۆژانە بەستەیەکی بیستوپێنج بایی. ئەگەر... ئەگەر بمویستبا دەمتوانی زیاتریشی پێ بفرۆشم، بەڵام گوناهە ئاخر. پیاوێکی باش بوو."

"شتێک بپرسم دڵگیر نابیت؟"

"نە."

"تا ئێستا دزییشت کردووە؟"

"دزی کە نا، بەڵام گیرفانبڕین جارێک. کوڕە مامەکەم ئەو کارە دەکات. ڕۆژێک سەروبەندی دوانیوەڕۆ بوو، لە پارک بووم، هاتە لام گوتی با بچینە لێوار کارم پێتە. ئێستا کارەکەی چی بوو؟ بەندەیەکی خوا جلەکانی لە ڕۆخ تاتەبەردێک لەبەر کردبوونەوە و چووبووە ناو ئاوەکەوە. پێی گوتم من چاوم لەسەر کابرا دەبێت تۆش بڕۆ جزدانی پارەکەی دەربێنە. کوڕە مامەکەم کابرای دەناسی. دەیگوت کە جزدانەکەی هەمیشە پڕ پارەیە. ڕاستیشی دەکرد. سەرت نەئێشێنم ئەو لای جلەکان وەستا و منیش خۆم گەیاندە جزدانەکە. جزدانی کابرا پڕ پارە بوو. زیاتریش پێنجسەدی و سەدبایی بوون. هەر لەوێ لە لێواری دەریا هەرچی پارەی تێیدا بوو لەگەڵ کوڕە مامەکەم بەشمان کرد. پاشان من لەو بەشەی خۆم سەدباییەکم دایە گەداییێک، کە لەبەردەم دەروازەی پارکەکە بوو. هەر ئەو گەدایەی کە هەردوو قاچەکانی دارن.. پاشان گەڕامەوە پارک. نیوەی پارەکەشم دا بە فندەق. ئەو فندەقەی کە دەیلێم منداڵێکی حەوت هەشت ساڵەیە؛ لەو قەرەجانەیە. دایک و باوکی مردوون، واتە خۆی وا دەڵێت. هەر ئێسک و پێستە. قەدیشی هەر ئەوەندەیە. بۆیە پێی دەڵێن فندەق. منداڵێکی زۆر شەرمن و غەریبۆکەشە. زۆربەی ڕۆژەکان ناتوانێت هیچ بفرۆشێت. بۆیەشە هەمیشە و هەمیشە لە برسان قۆڕەی زگی دێت. چ جلوبەرگێکی وایشی لەبەردا نییە. کە زستان دادێت لە سەرما هەڵدەلەرزێت. چت پێ بڵێم زۆر دڵم پێی دەسووتا. هەڵبەتە ئەوەش بڵێم ها، فندەق منداڵێکی زۆر ڕەسەن و سەنگینیشە. واتە ئەگەر کەسێک پارەی بداتێ لێی

وەرناگرێت، نە. ئێ هەقیشیەتی، خۆ سواڵکەر نییە. فندەقیش... فندەقیش وەکو ئەو پیرەمێردە کەسایەتییێکە بۆ خۆی. بۆیە من لە جیاتی پارەی بدەمێ هەموو بەستەی دانەکانیم لەسەر یەک لێ کڕی. لێم کڕی بۆ کۆترەکانم هەڵڕشت. پێکەنیناوی بوو، من کە خۆم کارم دانفرۆشییە، خەریک بووم دانم بۆ کۆترەکانی پارک هەڵدەڕشت، ئەویش بە خۆڕایی."

"وەک دەبینم ئەم پارکەت لە هەموو جێگایەکی دیکە پێ خۆشترە، وا نییە؟ هەمان ئەو پارکەی کە..."

"نە. باشترین جێگای ئەم شارە بەردەم یاریگایە. یاریگای بەشیکتاش؛ ئەمین ئونو. لەوێ هەمیشە دەڵێی جەژنە. ئەگەر کەمێک سروەیەکیش هەڵ بکات چی دەبێت. دەستگێڕەکان خەت لە لێوارەکە دەکێشن. هەموو شتێکیش دەفرۆشن. لە منەوە بگرە کە هەرزن دەفرۆشم تا مام حوسێن کە 'پیراشەکی'[1] دەفرۆشێت. بووکەڵە، کاتژمێر، جومگەی مار، پوولی کۆن، جلی دەستیدوو، قاپوماپی کۆنینە، ئاونەبات، شەربەتی ئاولیمۆ، دەبدەبە... دەبدەبەی ڕەنگاوڕەنگت بینیوە بە دەست ئەو دەستگێڕانەوە؟ بینیوتە چۆن تێک دەئاڵێن؟ بینیوتە بەو ڕەنگە جۆراوجۆرانەیانەوە چۆن لەبەر تیشکی خۆر دەبریسکێنەوە؟ سەرت نەئێشێنم سەری مار و مێروو لەوێدا دەفرۆشن. شتی خواردن هەر مەپرسە و باس مەکە. هەندێکیان کە وەکو مام حوسێن بە پایسکل پیراشەکی دەفرۆشن. ئەوبەری شەقامیش کە پڕ کەبابفرۆشی و خواردنگەیە، ئەمبەرەی لێواری دەریاش ماسیفرۆشەکان لە سەر بەلەماکانیاندا کەبابی ماسی لێ

[1] پیراشەکی، جۆرە کێکێک کە لە ئارد، شەکر، شیر، هێلکە، وانیل و بکنیک پۆدر دروست دەکرێت و لە ڕۆن سوور دەکرێتەوە.

دەدەن. ڕۆژانی سێشەممەش ڕۆژی حەشرە. سێشەممە بازاڕە ئیدی. وای ئەو ژنە پۆزاوییانەی باڵاشاریت بینیون، کە دێن بەو بازاڕە وەردەبن؟ چەند پێیان پێ دەکەنین. هەر ئەو تازە خواپێداوانە دەڵێم ئیدی. بەو جلوبەرگە بە باقوبریقانەی دەیپۆشن، بەو دوو سێ کیلۆ زێڕەی کە بە خۆیانی هەڵدەواسن، بەو قسەکردن و فیزلێدانەیان، بەو خۆلەنگاندنەیان لە کاتی ڕێکردندا، بە کورتی پێت بڵێم زۆریان پێ پێدەکەنین. هەڵبەتە با ئەوەش بڵێم ها، لە بارەی شتکڕینیان بۆ خوای بڵێم قسەیان لەسەر نییە. هەر ئەو هەفتەیەی پێشتر بوو یەکێکیان هەموو هەرزنەکانی منی یەکجێ کڕین و پێی گوتم هەر خۆم بۆ کۆترەکانی هەڵڕێژم. خاتوون دەعیەی نەدەهات ئەو کارانە بکات!"

"چەند ساڵە دان دەفرۆشیت؟ هەر ئەمە، هەرزنە چییە، ئەمە دەڵێم."

"پێنج ساڵ دەبێت."

"پێنج ساڵ پێشتر خۆ تۆ هەر حەوت ساڵ دەبوویت. واتە تۆ لە حەوت ساڵییەوە لەو قەراغەی شارەوە بە تەنیا بە پێیان دەهاتیە ئەم پارکە؟"

"نە. سەری سپێدە، بەر لەوەی زڕدایکم لە خەو هەستێت، بە تەنیا لە ماڵ دەردەکەوتم و تا ڕۆخ ئەسکەلە پیادە دەهاتم. پاشان لەوێ چاوەڕێم دەکرد تا خانمەکە لە پاسی دەریایی دادەبەزێت."

"خانمەکە کێیە؟"

"نازانم."

"نازانی؟"

واتە بە باشی نەمدەناسی. ئەو دەهات. کەلوپەلەکانی خۆی دادەنان. پاشان ئێمە، واتە من و منداڵەکانی دیکە دەستمان بە کار دەکرد."

"مەگەر دانەکان هی خۆت نەبوون؟"

"با، با هی خۆم بوون."

"ئەی ئەو خانمە چ کارە بوو لەو نێوەدا؟ مەبەستمە کاری تۆ چ پەیوەندیی بەوەوە هەبوو؟"

"هەر کارێک خۆ ڕێوشوێنی خۆی هەیە. ئەگەر ئەو خانمە ڕێی نەدابا ئێمە خۆ بۆمان نەبوو لەوێ کار بکەین."

"ئەو خۆیشی شتی دەفرۆشت؟"

"بەڵێ. ئەویش دانی دەفرۆشت. مێردی و کچەکەی و دوو کوڕیشی لەوێ بوون."

"پارەشت دەدایێ؟"

"بەڵێ، ئەی چۆن. ئەگەر بەشی ئەوانمان نەدابا شەلوکوتیان دەکردین. تەنانەت ئەگەر هیچیشمان نەفرۆشتبا، ئەوان بەشی خۆیان هەر دەویست. ڕۆژێکیان من هیچم نەفرۆشتبوو. پێم گوت: 'پووریێ من خۆ ئەمڕۆ هیچم نەفرۆشتووە. واتە کاتێک کە هیچم بۆ خۆم دەست نەکەوتبێت، چۆن بەشی ئێوە بدەم.' گوێچکەی گرتم و گوتی: 'یان کار دەکەیت، یان لەم ناوەدا نەتبینم.' بە پاژنەی پێم کێشام بە پەنجەکانی قاچی و پاڵم پێوەنایە سەر شتەکانی. کەوتە سەر گونیەی هەرزنەکان و لەو گۆڕە پان بووەوە. تا ویستی خۆی کۆ بکاتەوە و مێرد و منداڵەکانی ئاگادار بکاتەوە، پەنجەی گەورەی خۆمم دانایە سەر کەپووم و پێم گوت: 'ئاااا یە یە یە یە.' پاشان ڕامکرد و چوومە لای پارکی لێوار و چەند دانە گوێچکەماسیم لەنێو بەردەکان

گرتن و ئاگرێکم کردەوە و بە نانی برژاو، کە لە نانەواکەی پارک کڕیم...، واتە کڕیمان خواردنێکی خۆشمان دروست کرد."

"لەگەڵ کێ؟ واتە کێت لەگەڵدا بوو؟"

"لەگەڵ کوڕە مامەکەم ئیدی. پێم گوت وەرە با بچینە فلۆریا، بەڵام ئەو گوتی ئەوێ هەمیشە قەرەباڵغە، باشترە بچینە پارکی لێوار."

"مەگەر تۆ بە فلۆریات دەزانی؟'

"نە. تەنیا لە منداڵەکان ناویم بیستبوو. هەر ئەو تەمسەرانەی[1] کە باسم کردن."

پاشان چی؟ بە ڕاستی قەت چوویتە فلۆریا؟"

"بەڵێ. جارێک بە شەمەندەفەر ڕۆیشتم. زۆر گرانمان لەسەر کەوت. بلیتی چوون و هاتن دوو لیرە، چوونە ناو پارک و جلگۆڕین و یاری و مەلەکردن و هەموو ئەمانەش لەسەر یەک پێنج لیرەی کرد. دۆندرمەیەک و بابۆڵەیەکیشمان خوارد، هەمووی لەسەر یەک دە لیرەمان چوو."

"ئەو هەموو پارەیەت لە کوێ هێنابوو؟"

"خانمەکە هەموو ڕۆژێ بەیانیان یەکی دە لیرەی دەداینێ، ئەرێ بۆ ئەوەی کارەکەمان لەنگ نەبێت. جگە لەوە خۆیشم چوار لیرەم هەبوون. دوای فلۆریا چوومە بەردەم یاریگە. کابرای کەبابی ماسی دەفرۆشت، دانەی بە شەش لیرە بوو. پێم گوت 'مامە من لە چوار لیرەم زیاتر پێ نییە.' پێم گوت 'دەکرێت بایی چوار لیرەم بدەیتێ؟' گوتی: 'بۆ نابێت'، کەسێکی باش بوو. چوار لیرەی لێ وەرگرتم،

[1] تەمسەر، لامل، لاسار.

بەڵام کەبابێکی تەواوی دامێ، بایی شەش لیرە. هەڵبەتە من هەموویم نەخوارد، تەنیا یەک دوو پاروو."

"بۆ نەتخوارد؟"

"نەمخوارد ئیدی."

"ئاخر بۆچی؟'

"ڕاستییەکەی من کەمێک نەوسنم، واتە هەر شتێک ببینم حەزم دەچێتێ، بەڵام دواتر ناتوانم بیخۆم. هەر لەوێم دانایەوە، لەسەر شتەکانی کابراکە. تەنیا دوو سێ پارووم لێ خواردبوو."

"ئەوەی لەگەڵت بوو چی؟"

"کوڕە مامەکەم؟"

"بەڵێ، ئەو."

"ئەویش نەیخوارد."

"دەی، دواتر."

"دواتر سواری پاس بووین. ئەو پاسەی کە تا نزیکیماڵمان دەهات. بە شوفێرەکەم گوت: 'مامە ئێمە پارەمان پێ نییە، لێ دەگەڕێی سوار بین؟' ئەویش گوتی: 'ئەم جارە سوار بن، بەڵام جارێکی دیکە لێ ناگەڕێم سوار بن ها.' ئەوە بوو سوار بووین و چووینە وێستگەیەکی دیکە. لەو سەری وێستگەکە کوڕە مامەکەم گوتی کە سینەمای نیل فیلمەکەی گۆڕاوە، بەڵام ئێمە پارەمان پێ نەبوو."

"ئێ."

"هیچ ئیدی چووینە ژێرزەمینی ماڵی ئێمە، هەرچی فلز و ئاسنەواڵەی لێ بوو هەڵمان گرت و بردمان فرۆشتمان."

"فلزی چی؟"

"سینییێکی ئاسن بوو، کە هەندێک شتی لەسەر هەڵکۆڵدرابوون. دوو سێ قاپی مسی و زەنگێکی زەردە و دوو سێ پارچە ئاسنی دیکە، ئەو شتانە."

"پارچە ئاسنی دیکە، مەبەستت چییە؟ ئەمانەتان لە کوێ هێنابوون؟ دۆزیبوونتانەوە؟ دزیبووتان؟"

"دزی کە... لەو باڵەخانەیە هێنابوومانن."

"کام باڵەخانە؟"

"هەر ئەو باڵەخانە گەورەیە، کە زەنگێکی گەورۆنەشی لەسەر بانی داندراوە ماڵتا."

"کلێسا دەڵێی؟"

"بەڵێ، بەڵێ."

کەواتە ئەو پارچە ئاسنانەی دیکە خاچ بوون و ئەو زەنگە زەردەیەی باسیشی دەکەیت ناقووسی کلێساکە بووە."

"ئێ؟ ئەو شتانە ئەوەیان پێ دەڵێن؟ زڕدایکەکەم دەیگوت لەوێ هەر شتێک ببەن کێشە نییە، چونکە ئەوان موسڵمان نین خۆ، بەڵام باوکم دەیگوت دزی هەر دزییە و هیچ پەیوەندیی بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە نییە."

وەک ئەوەی زیلۆ دەیگوت هەموو منداڵە خزم و ناسیاوەکان لێیان هەڵبکەوێت وەکو ئاوخواردنەوە دزی دەکەن. دەیگوت دزی لە گەڕەکەکەی ئەواندا کارێکی

هێندەش خراپ نییە. دەیگوت لەنێو منداڵانی خزم و ناسیاودا کوڕە مامەکەی ئەو لە هەموویان زیاتر دزی دەکات.

هەر ئەو کوڕە مامەی کە زیلۆ باسی کردبوو. زیلۆ ڕووی نەدەهات بڵێت خۆیشی ئەو کارەیە، بەڵام خۆ لە قسەکانیدا دیار بوو، کە لێی هەڵبکەوێت خۆیشی دزی دەکات. لێم پرسی: 'ئێوەی منداڵان ئەو هەموو دزییەش دەکەن، کەچی هێشتا هیچتان نییە، باشە ئەی ئەو پارانەی لە دزی دەستتان دەکەوێت چییان لێ دێت؟' گوتی کوڕە مامەکەی دەیانداتە دایک و باوکی، خۆیشی دەیانداتە زڕدایک و پووری. وەک خۆی دەیگوت ئەو پوورە زۆر چاکەی بەسەرەوە هەیە. دەیگوت کە لە هیچ جێگایەک پەنایەکی بۆ نامێنێتەوە، لە ژێرزەمینەکەی ماڵی ئەواندا دەخەوێت. دەیگوت ڕایەخی تەنیا پارچە حەسیرێکە، کە لە سەد نوێن باشترە. دەیگوت ئەگەر کوڕە پوورەکەی میزی کردبێت و پووری ژێرەندازەکەی شوشتبێت و لەسەر داوەڕستی جلکان هەڵیخستبێت، ئەمە زۆر باش دەبێت. دەیگوت ئەگەر ئەو ژێرەندازە بە دزی پووری ڕابکێشێتە ژێرزەمینەکە زۆر باش دەبێت. دەیگوت کە لەسەر ئەو ژێرەندازە دەخەوێت هەمیشە خەون دەبینێت. دەیگوت باشترین ساتی ژیانی، ئەو ساتانەیە کە خەون دەبینێت. زیلۆ لەبارەی دزییەکانی، شەڕەکانی و تەنانەت لێدانخواردنەکانی زۆر ئاسایی قسەی بۆ دەکردم، بەڵام کە قسە دەهاتە سەر خەونەکانی زمانی کلۆم دەبوو. هەر چەندی پرسیارپێچم دەکرد، باسی خەونەکانی بۆ نەدەکردم. لەبارەی فەرمانبەرانی بنکەی چاکسازی پرسیارم لێ کرد، لەو پۆلیسانەی کە گرتبوویان، بەڵکو شتێکی بەوان گوتبێت، بەڵام ئەوان هەرگیز شتێکیان لێی نەپرسیوە تا وەڵامی دابنەوە، یان نا. هەڵبەتە دەکرا هەست بەوە بکەین

کە زیلۆ لانی کەم لەو بارەیەوە هیچ شتێکی بەوان نەگوتبێت، تەنیا جارێک بە پێداگریی من ئەوەی گوت کە هەمیشە لە خەونەکانیدا لەبەردەم یاریگایە، دواتر کۆترەکان دێنە لای و لەگەڵ خۆیدا دەیبەنە باغێکی پڕ لە گوڵ و ڕێحان، هەر ئەوە.

"تۆش، لە دزییەکانی ئەواندا ڕۆڵێکت هەبووە؟ واتە هاودەستیت لەگەڵدا دەکردن؟"

"نە."

"خۆت گوتت جارێک لەگەڵ کوڕە مامەکەت جزدانی کابرایەکتان دزیوە."

"ئاها کوڕە مامەکەم دەڵێیت؟ لەگەڵ ویدا بەڵێ. یەکەم جار دزیمان نەدەکرد، کەڵەگاییمان دەکرد."

"کەڵەگایی چییە ماڵتا؟"

"وەکو ئەوەی فیلمەکان ئیدی. دەچووینە گەڕەکەکانی سەرەوەی شار. ئەو گەڕەکانەی کە منداڵەکانیان بۆ قەڵەم و دەفتەرەکانیان جانتایان هەیە، لەو جۆرە جانتا ڕەنگاوڕەنگانە. بۆ خوێندنگە جلی تایبەتیان هەیە، کچان پەمەیی؛ کوڕانیش شینی ئاسمانی. دایکیان بۆ نیوەڕۆ بابۆڵەیان بۆ دەخاتە نێو جانتا، بە شووشەیەک ئاولیمۆشەوە. جگە لەوە پارەی ڕۆژانەشیان دەدەنێ. هەر ئەو گەڕەکانەی کە منداڵەکانی جگە لە گوڵەکەم و بەندی دڵەکەم و ئازیزەکەم بترازێت هیچ قسەیەکی دیکە لە دایکیان نابیستن. دەچووینە ئەو گەڕەکانە و منداڵەکانمان دەستنیشان دەکرد. ئینجا بە نۆرە، من، یان کوڕە مامەکەم لێیان دەچووینە پێش و منداڵەکەمان

بە قسە دەهێنا و کە دەگەیشتینە ئەو سەری کۆڵانەکە هەرچی پارەی پێیان بوو بە خورتی لێمان دەستاندن. هەندێک جار بابۆڵە و ئاولیمۆکەشمان لێ دەستاندن."

"نەدەترسان منداڵەکان بقیژێنن و هاوار بکەن؟"

"بقیژێنن؟ لە هیچ جێگایەک لەو منداڵانەم ترسنۆکتر نەبینیوە. لە ترسان خۆیان پیس دەکرد. ئەگەر ئەوان بوێری قیژاندنیان هەبایە خۆ... مامە حوسێن هەمیشە دەڵێت ئەگەر کەسانی هەقدار لانی کەم بە ئەندازەی کەسانی ناهەق ئازایەتیان هەبایە، دونیا دەبووە شامی شەریف. تازە ئەگەر بشیانقیژاندبا خۆ نەدەگیراین. تۆ ڕاکردنی منت نەبینیوە. ڕامدەکرد وەکو چی. ئەگەر پێڵاوەکانم دابکەنم هەموو ئستەنبولم بکەوێتە دوو..."

"ئەی پێڵاوەکانت چییان لێ دێت؟"

"ماڵتا هەر خۆت بەناو قسەکانمدا دەدەیت. ئەگەر جارێکی دیکە قسەم پێ ببڕیت، یان هیچ ناڵێم، یان بەس درۆیانت بۆ دەکەم. درۆکردنی من نموونەیان نییە ها. دەتوانیت لە پۆلیسەکان بپرسیت. وا بەلاڕێیاندا دەبەم هەر مەپرسە. لەدەستدانی پێڵاوێک هەر هیچ نییە. دەچیە بازاڕی مەحموودپاشا، کۆڵانی پێڵاوفرۆشان. کابرای پێڵاوفرۆش تا ئاوڕ بداتەوە، پێڵاوێکم لەبن هەنگڵە، تا بیەوێت هاوار بکات دزە، من وا لەسەر ئەسکەلە خەریکم پێلاوەکان دەکەمە پێم."

زیلۆ دەڵێت یەکەمین جار کە بە زۆر پارەی لە یەکێک ستاند، تەمەنی هەر حەوت هەشتساڵ دەبوو. دەڵێت لەسەر ئەسکەلە بۆ خۆی دەخولایەوە، کاتێک بینی وا منداڵێکی شەش حەوت ساڵە پەنجاییێکی بە دەستەوەیە و بەرەو دوکانەکەی لای لێوار دەچێت. دەڵێت هەرکە منداڵەکەی بینیوە، خۆی گەیاندووەتێ. دەڵێت بە

دەنگێکی دۆستانە بە منداڵەکەی گوتوە: "پارەکەت چەند باییە؟" منداڵەکە دەڵێت: "چی؟" زیلۆ پێی دەڵێت: "بێنە بزانم پارەکەت چەند لیرەیە؟" دەڵێت منداڵەکە هەروا بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردووە و ئەو لەپڕ پارەکەی لە دەستی ڕفاندووە و ڕاکە و ئاوڕ مەدەوە. دەڵێت منداڵەکە هەروا لە شوێنی خۆی تاساوە و تەنانەت نەیتوانیوە بشقیژێنێت. دەڵێت یەکەم جار بەو پارەیە دونیایەک هێلکەی کڕیوە، کە زۆر حەزی لێیە. پاشان لەو ئاونەباتە جەڵیانە کە شێوەیان وەکو هەرمێیە. ئینجا چووەتە دوای کوڕە مامەکەی تا پێکەوە بچنە سینەما. زیلۆ گوتویە بچینە هەمان سینەما گەورەکەی گەڕەکی بەی ئۆغلو، بەڵام کوڕە مامەکەی گوتویە ئەوێ پڕی لاتوپاتە و مەترسیدارە، بەڵام زیلۆ خۆ گوێ ناداتە ئەو قسانە. دواجار دەچنە گەڕەکی بەی ئۆغلو. لە سینەما وەژوور دەکەون و کوڕە مامەکە 'لەوێش دەستەگوڵی خۆی دەوەشێنێت'. زیلۆ بەردەوام دەڵێت کوڕە مامەکەی لە جزدانڕفاندن کەس تۆزی لەدو ناکات. هێشتا فیلمەکە تەواو نابێت، کە ئەوان سینەما جێدێڵن. جزدانی کابرا پڕی پێنجسەدی بووە. بیست سی دانە. زیلۆ دەڵێت ئەوان ترساون ئەو هەموو پارەیە چی لێ بکەن. کوڕە مامەکەی دەڵێت با بیدەینە دەستی باوکی و پێی بڵێین لە کۆڵان دۆزیومانەتەوە، زیلۆش قبوڵ دەکات. باوکی، واتە مامەی زیلۆ پارەکەیان لێ وەردەگرێت، بەڵام خۆ کەر نییە، دەزانێت ئەو جزدانەیان قاپاندووە. کوڕەکەی دەداتە بەر مست و پێلەقان و زیلۆش دەداتە بەر جنێوان. بە کورتی کابرا منداڵەکان باش تەمێ دەکات. پاشانیش پارەکە دەژمێرێت و دەیخاتە گیرفانی. زیلۆ دەڵێت مامەم خەریک بوو لە خەنیخۆشیان باڵ بگرێت،

بەڵام بە ڕووی خۆی نەدەهێنا. دەڵێت هەموو ئەو هاتوهاوارەشی فشە بووە. تەنانەت لێدانەکانیشی.

"بە خوا هەندێک کەس هەقیانە دزیان لێ بکەیت. بۆ نموونە هەر ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو، لە ڕۆخ لێوار لای ئەسکەلە زۆر برسی بووم. پارەش، ئای پارە!، فلسەک چییە کە هیچ، قرۆشەکی ڕەشیشم پێ نەبوو. چوومە لای ئەو پیرەمێردەی کە هەمیشە لەوێ بە عارەبانەکەی پیراشەکی دەفرۆشێت. پێم گوت: 'پیراشەکییێکم بدەرێ، سبەینێ پارەکەت دەدەمێ.' کابرای کەلەبۆر پیراشەکییەکە نادەیت مەدە، بۆچی جنێو دەدەیت؟ گوتی: 'لێرە فنکێ[1] دەبیت، یان هەر لێرە....' کاتێک ئەمەی پێ گوتم چاوم چووە پشتی سەرم. یەکەم جار کژوکۆی خۆم پێ ڕشت هێندەم جنێو پێ دا، هەر جنێوێک بۆ حەوت پشتی... پاشان عارەبانەکەیم بۆ لای دەریا پاڵ پێوەنا. ئەوێ لێژاییە خۆ دەزانیت. ئینجا تا ویستی عارەبانەکەی بوەستێنێت، حەوت هەشت پیراشەکیم هەڵگرتن و پێم پێوەنا و هەڵاتم. دەم و لچیشم لێ خوار کردنەوە، بەڵام حەیف هەردوو دەستم پڕی پیراشەکی بوون. ئاخر کاتێک بە کابرا دەڵێیت 'ئا یە یە یە یە' ئەگەر پەنجەی گەورەت بە سەری لووتتەوە نەبێت خۆش نابێت."

"کابرا چی کرد؟"

"بەدبەختەی نەیدەتوانی عارەبانەکەی جێبهێڵێت، چونکە هەموو پیراشەکییەکانی دەڕژانە ناو دەریا. هەر داد و هاواری بوو: 'دز، دز، بیگرن، بیگرن.' پاشان پۆلیسێک کەوتە دوام. بینیم ڕەوش باش نییە، ئاخر خەریک بوو بمگاتێ. چیم کرد؟ بەڵێ

---

[1] فنکێ بە، ون بە.. ئەم دەربڕینە لە ناوچەی ڕواندز بە شێوەیەکی نیگەتیف بەکار دێت، واتە وەک جنێو، یان هەڕەشە.

ئیدی پێڵاوەکانمم داکەندن و خستمنە بن هەنگڵم و ڕاکە، بەڵام چ ڕاکردنێک. پۆلیسەکەش خۆ دەستهەڵگر نەبوو. خەریک بوو بمگاتێ و خۆم بە ناو دەرکەی تراموادا دا. تا پۆلیسەکە ویستی بگات، دەرکەی ترامواکە داخرا و منیش دەستە پڕ لە پیراشەکییەکانم بە لووتمەوە نان و گوتم 'ئاااا یە یە یە یە."

"ئەو ئاسنانەی کە لە کلێساتان دەدزین چی؟ ئەوانیش هەقیان بوو؟"

"ئەگەر بە قسەی زڕدایکەکەم بێت بەڵێ. پێم گوتی کە ئەو دەڵێت هەقی خۆیانە، بەڵام ئەگەر بە قسەی باوکم بێت نەخێر. ڕاستییەکەی من لای ئەوان هیچ شتێکم نەبردووە. واتە کوڕەکان دەچوون و من هەر تەنیا چاودێریم دەکرد، بەڵام هەمیشە مەدامەکە دوای من دەکەوت."

"تۆ دزی لە کێ فێر بوویت؟"

"لە کوڕە مامەکەم ئیدی."

"ئەی ئەو؟ ئەو لە کێ فێر بووە؟"

"ئەو لە کوڕێک کە پێی دەڵێن مەیموون. ئاخر قۆڵی زۆر درێژن، دەگەنە ئەژنۆکانی. من ئیدی دزی ناکەم. سوێندم خواردووە. سوێندم خواردووە، کە چیدی دزی نەکەم. کوڕە مامەکەشم سوێندی خواردووە، ئیدی دزی نەکات. هەردووکمان دەستمان دانایە سەر قورئان و سوێندمان خوارد و پاشان ماچمان کرد و داماننایە سەر سەرمان."

"کێ ئەمانەی فێری تۆ کردووە؟"

"ئەمانە خۆ هەمووان دەیزانن. بە ناخێری گیانمان خۆ منداڵە موسڵمانین وانییە؟ ڕاستییەکەی ژنە دراوسێکەمان کە تازە لە زیندان ئازاد بووبوو، ڕۆژێک منی بردە

گۆشەیەک و باسی زیندانی بۆ کردم. ئەو بەڵا و نەهامەتیانەی لەوێدا بەسەری هاتبوون باس ناکرێن. پاشان پێی گوتم کە ئەگەر من بەم تەمەنە بکەومە ئەوێ، ئیدی ماڵم وێرانە. ڕاستییەکەی ترسم ڕێ نیشت. دواتر پێی گوتم کە چۆن تۆبە بکەم. منیش چوومە مزگەوت، هەر ئەو مزگەوتەی تەنیشت یاریگە. قورئانێکم هەڵگرت و چوومە دوای کوڕە مامەکەم تا لە حەوشەی مزگەوتەکەدا هەردووکمان تۆبە بکەین."

"دوای ئەوەی کە تۆبەتان کرد ئیدی هیچ کات..."

"من لەوسا بە دواوە هیچ کات دزیم نەکردووە. هەڵبەتە هەندێک هەن هەرچی لێیان بکڕێنییەوە هەر باشە، ئاخر بەخوا ئەوانە جیاوازن. واتە تۆبە و مۆبە ئەوانە ناگرێتەوە. بۆ نموونە، کابرا، ئەو زمانپیسە دەڵێم. لە پارک دانیشتووم وا بۆ خۆم دان دەفرۆشم، هاتووە بەرامبەرم وەستاوە و پێم دەڵێت تۆ گران دەفرۆشی. گوتم چی دەکەم؟ گوتی بایی ئەو پارەیەی لە خەڵکی وەردەگریت دانیان نادەیتێ. واتە دەیگوت بۆ نموونە من پەنجاییێک وەردەگرم هەر بایی بیستباییێک هەرزنیان دەدەمێ. هەر جنێویشی دەدان."

"ئێ."

"ئێ هیچ ئیدی. یارۆ جنێوی خۆی دان و ڕۆیشت، منیش کەوتمە دوای. چووە لێوارەکە و جلەکانی داکەند و چووە نێو ئاوەکە. ئەوەندە لە پەنا نیوتەختەکە وەستام تا کابرا لە لێوارەکە دوور کەوتەوە. خۆم گەیاندە جلەکانی. گیرفانی شەلوارەکەی لە دوو سکەی پێنجبایی زیاتری تێدا نەبوو، بەڵام گیرفانی چاکەتەکەی یەک سەفتەی ئا ئەمەندە پارەی تێدابوو، هەمووش سەدبایی. هەموویم هەڵگرت و گەڕامەوە لای

پارکەکە. لە ڕێگا هەر سواڵکەرێکم بینی سەدبایییێکم خستە دەستیەوە. باوەڕ دەکەیت کە گەیشتمەوە پارکەکە تەنیا هەر پارە سکەکانم بۆ مابوونەوە، دوو دانە سکەی پێنجبایی."

"باشە باش بۆچی پارەکانت بۆ خۆت هەڵنەگرتن؟"

"بۆ خۆم؟ من پارەم بۆ چییە؟ کوڕە مامەکەم گوتی ئەدی بۆ من؟ سەدبایییێکیشم دایە ئەو. دواتر عەسرەکەی بەو پارەیە چووینە سینەما. یەکەم جار سینەمای مەهتاب، دواتر سینەمای گوڵان، دوای ئەوێش سینەمای کراوە. لەوانەی هاوینی. من زۆر دەچوومە ئەو سینەمایە. دەرگایەکی لە پشتەوە هەبوو، من لەو دەرگایەوە خۆم بەنێو خەڵکەکەدا دەسمی. ڕاستییەکەی بلیتم نەدەکڕی. کابرا، هەر ئەوەی بلیتی دەفرۆشتن، منی ناسیبوو. هەر جارێک کە دەچووینە ژوور خۆی دەگەیاندە سەرمان. ئەی ئەم جارە چی؟ بە بلیتەوە چووبووین ئیدی. کابرا بەو خەیاڵەی کە وەکو جاران پشتی ملم دەگرێت و فڕێم دەداتە دەرەوە، ئەویش لەبەر چاوی ئەو هەموو خەڵکە، هاتە وێزەم. تا ویستی دەم بکاتەوە بلیتەکانم بە ناو چاویدا دان. پاشانیش پەنجەی گەورەم خستە سەری لووتم و گوتم 'ئا یە یە یە یە'. کابرا دەنگی لێوە نەهات. قولماتی نەکرد. سەری لەبەر خۆی نایەوە و کلکی نایەوە گەڵی چووە دوای کاری خۆی."

"بە ڕاست کوڕە مامەکەت ئێستا لە کوێیە؟ چ کارەیە؟ واتە چی دەکات؟"

"کاری دزیکردنە. هەرچی بڵێی دەدزێت. لەو کاتەوەی لەو کلێسا وێرانبووە هیچ پارچە ئاسنێک نەماوە، زۆربەی کاتەکان گیرفانبڕی دەکات، ئەویش لە سینەما. ئاخر ئەوێ تاریکە ئیدی. کەس نایبینێت. هەندێک جاریش جزدان

دەڕفێنێت. کەمێک پێش ئێستا لە پارک بووم، بە پایسکل هاتە دوام. پایسکلەکەی لە بازاڕ ڕفاندبوو. منیشی لە پشت خۆی سوار کرد و پێکەوە چووینە لێوار دەریا. پاشان فلۆریا. دواتریش بەردەم یاریگە. بە کورتی تا شەو داهات هەر لێمان خوڕی. یەکەمین جار بوو سواری پایسکل ببم، بەڵام ئەو نا. دوایێ پایسکلەکەمان هەڵدایە تەنیشت ئەسکەلە و چووینەوە ماڵێ. من پێم گوت با بیبەین بیدەینە دەستی پۆلیس، بەڵام ئەو گوتی: 'کەر مەبە'. دەیگوت ئەگەر بیدەینە دەستی پۆلیس تێدەگەن دزیومانە. خۆ ڕاستیشی دەکرد، بەڵام ئەو خاوەنە بەدبەختەی چی؟ ئەو شوێنەی ئێمە لێمان فڕێ دا تا ماوە چاوی پێناکەوێتەوە. ئەو شوێنە جێی خڕبوونەوەی منداڵان بوو. تازە ئەگەر منداڵێکیش هەڵیگرتبایەوە و بیبردبا، ئەوا ڕەنگە پۆلیس بیگرتبایە. جا ئەو بەدبەختە تا ئێوارە بیگوتبا بە پیر بە پێغەمبەر دۆزیومەتەوە، مەگەر باوەڕیان پێدەکرد؟ ئەوەندەیان لێ دەدا تا دانی پێدادەنا. ئێ خۆ ئەوانیش بە جۆرێک هەقیانە. منداڵێکی سواڵکەریان گرتووە بە پایسکلێکی دزراوەوە، تۆ بای چیت دەکرد؟"

"تۆ مەگەر تۆبەت نەکردووە؟ مەگەر سوێندت نەخواردووە ئیدی دزی نەکەیت؟"

"با، بەڵام ئێ چی بکەم؟ ئاخر ئەگەر دزی نەکەم بە برسێتی دەمێنمەوە."

زیلۆ بێپسانەوە قسەی دەکرد. کەیفی بە قسەکردن دەهات. باسی دزییەکانی خۆیانی دەکرد، باسی تێکگیرانەکانیان، باسی شەڕەکانیان، باسی ماڵەوەیان. ڕاستی و درۆی بە ملی خۆی، ئاخر هەمووان دەیانزانی زیلۆ فشەچییێکە تاکی نییە. هەمووان دەیانزانی نیوەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی دەیانگێڕێتەوە، ڕاست نین و لە گیرفانی خۆی دەریان دێنێت. ڕاستییەکەی خۆیشی دەیزانی، کە هەمووان ئەوە دەزانن. جارێک لە گەرمەی قسەکانیدا گوتی: "تۆش کەسێکی زۆر سادەی ها."

گوتم: "چۆن مەگەر؟"

گوتی: "واتە تۆ بە هەموو قسەکانی من باوەڕ دەکەیت؟"

گوتم: "بەڵێ، ئەی چۆن، بۆ باوەڕ نەکەم؟"

پاشان کەمێک سەیری دەرودیوارەکانی کرد و گوتی: "دەزانی بۆ هەمووان پێیان وایە من فیشاڵچی و خۆهەڵکێشم؟ لەبەر ئەوەی ئەوان بوێریی ئەو کارانەیان نییە کە من کردوومن. واتە ئەگەر باسی ئەو کارانە بکەیت کە ئەوان کردوویانە، ئەوا بە کەسێکی سەرڕاستت دەزانن، بەڵام هەرکە باسی ئەو کارانەت کرد، کە ئەوان ناوێرن بەلایدا بچن، ئەو کات دەبیتە کەسێکی لافلێدەر و فشەچی." پاشان چەند ساتێک چاوی بڕیە ناو چاوی من و گوتی: "من ناوم زولێخایە."

زیلۆ پاشەملە زەمی هیچ کەسی نەدەکرد، تەنانەت زڕدایکەکەشی. نە زەمی پۆلیسەکانی دەکرد، نە فەرمانبەر و خزمەتکارەکانی بنکەی چاکسازی، نە هیچ کەسێکی دی، بەڵام هەرکە دەگەیشتە بەقاڵەکەی سەری کۆڵانی خۆیان، چاوی دەنووقاندن و هەرچی بەسەر زاریدا دەهات پێی دەگوت. واتە هەرچی جنێوێکی دەیزانی نەیدەگێڕایەوە. بەو هەموو جنێوانەش دڵی دانەدەکەوت و دواجار دەیگوت: "با لەنێو دوو نانی گەرم بۆی بمێنێت. خۆی دەیبینێت چ بەڵایەکی بەسەر دێنم، دەیبینێت... با جارێ وەبێت."

یەکەم جار نەیدەویست پرسەکە بگێڕێتەوە، بەڵام بە پێداگریی من دواجار پێی گوتم کە چی ڕووی داوە. گوتی دوای هەفتەیەک ترس و دڵەڕاوکێ و بەرنامەدانان، دواجار توانی لە بازاڕی زێڕینگەران، گەردەنبەندێک لەوانەی گەورەن، ئەوانەی سەر سنگ دادەپۆشن بڕفێنێت. گوتی چەند ڕۆژێک تێدامابووم

چۆن چۆنی بیکەمەوە پارە. ئێ خۆ ناتوانێت بیباتە لای زێڕفرۆشەکان. ئاشکرایان دەکرد و بەگرتنیان دەدا. دواجار ئەوەی بە مێشکدا دێت، کە بیباتە لای بەقاڵەکەی سەری کۆڵانی گەڕەکەکەی خۆیان. دەیگوت لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئێ کابرا ناسیاوە، نە ئاشکرام دەکات و نە لێشم دەستێنێت. سەرتان نەئێشێنم، گەردەنبەندەکە دەباتە لای کابرای بەقاڵ. تۆمەز کابرا لەو قرچۆک و فێلبازانەیە، لەو نەدیتکانە، لەو... گەردەبندەکەی لێ وەردەگرێت، هەڵگێڕ و وەرگێڕی پێ دەکات و دەڵێت پەنجایی، نە زیاتر نە کەمتر. زیلۆ دەڵێت پیاوی باش بە، من پارچە ئاسنی هێندە بە سەدبایی دەفرۆشم، ئەمە زێڕە، بەڵام کابرا لە قسەی خۆی ناهێتە خوار. زیلۆ دەڵێت هەر نامەوێت، بەڵام کابرا بەو پەنجاییەی نێو دەستییەوە پێی دەڵێت یان ئەوەندە وەردەگریت و بە دوای کاری خۆتدا دەڕۆیت، یان ئەمەشت نادەمێ. زیلۆ هەرچەندی خۆی دەبات و دێنێت کە گەردەنبەندەکە هی خۆیەتی، نایەوێت بیفرۆشێت و لەو قسانە، کابرا هەر گوێشی ناداتێ. دەڵێت یان ئەم پەنجاییە، یان هیچ. بە کورتی کابرا گەردەنبەندەکەی لێ زەوت دەکات. زیلۆش کە کچێکی لەخۆباییە، پەنجاییەکەشی لێوەرناگرێت و لەوێ دەڕوات. دەڵێت ئەمە دوو ساڵە کە هەموو ڕۆژێک شتێک لە کابرای بەقاڵ دەبات، بەڵام دڵی ئارام ناگرێت و ناگرێت. دەیگوت ئەگەر نیوەی دوکانی کابراش چۆڵ بکات هێشتا پارەی گەردەنبەندەکە ناکات. دەیگوت تا گەورەتر دەبێت و بەهای زێڕ و گەردەنبەندەکەی باشتر بۆ دەردەکەوێت، ڕق و تووڕەییەکەی بەرامبەر کابرا زیاتر دەبێت.

"بەڵام بۆم هەڵگرتووە. بە کوڕە مامەکەمم گوتووە. تەنانەت بەو کوڕە مەیموونەشم گوتووە، کە لە دزیکردندا کەس تۆزی لە دوو ناکات. ئەویش بە ئیسماعیل و عەلی

گوتووە. بۆمان هەڵگرتووە. بە شێوەیەک پێیەوە دەدەین، کە لە ڕۆژنامەکاندا بینووسن. لە تەلەڤزیۆن پیشانی بدەن. با بۆی بمێنێت."

"گەورەترین دزی کە کردبێتت چی بوو؟"

گیرفانی یەکێکم لەناو تراموا بڕی. جزدانەکەی پێنج هەزاری تەواوی تێدابوو، هەمووش پێنجسەدبایی بوون."

"چما تۆ گیرفانبڕینیش شارەزایت؟!"

"خۆ کارێکی زەحمەت نییە، خۆت بەم لایەی کابرادا دەدەیت دواتریش..."

"واتە ئێستا دەتوانی گیرفانی من ببڕیت؟ دەمەوێت بزانم چۆن گیرفان دەبڕیت. واتە دەبڕن."

کارەکەی قسەی تێدا نەبوو. دەستی بەلەز و خێرا بوون. چاوی تیژ و گوێکانی تیژتر. بە شێوەیەک گیرفانەکانی خاڵی کردم، کە لە واقوڕماویاندا دەمم لێ بەش بووەوە. جا سەیر لەوەدابوو هەردوو گیرفانەکانمی پێکەوە لە یەک کاتدا بڕین.

"بەڵێ. تەنیشتێکم لە کابرا دا و گوتم 'سەیری پێشە خۆت بکە ناجسن.' کابرا هەڵچوو و یاخەی گرتم. ترامواکە پڕاوپڕی خەڵک بوو. کابرا دەستی بەرز کردەوە کە بکێشێ بە بناگوێمدا، بەڵام یەکێک دەستی گرت و گوتی منداڵە، بەستەزمانە، ئێستا قسەیەکی کرد، تۆ لێی خۆش بە و لەو جۆرە قسانە ئیدی. پاشان کە هەمووان گوتیان سڵاواتێک لێدە و دواتریش کە سڵاوات و وێستگەی دواتر و خواحافیز کابرا، بەڵام من لە سەدباییێک زیاترم نەبرد."

"ئەی ئەوەی دیکە؟"

"دامە دەستی کوڕە مامەکەم."

"ئەو سەدبابییەی کە بۆ خۆت هەڵگرت چیت لێ کرد؟"

"گوڵەبەڕۆژەم کڕین، پستەشم کڕین، واتە لەو تێکەڵانەم کڕین، چیی پێ دەڵێن؟"

"چەرەز؟"

"بەڵێ، چەرەز. زیلۆ تۆ کە هێندە توندوبەند و چووست و چالاکی، وەکو نازانم چی ڕادەکەیت، چۆن بوو گیرایت؟ واتە چۆنیان گرتیت؟"

"باوکم دەیویست بمنێرێتە شارەکەی خۆمان لای خوشکم، ئەو خوشکەم کە مێردی کردووە. دەیگوت لە دەستم بە تەنگ هاتووە. من کە دەمزانی ئەمانە قسەی زڕدایکەکەمن، باوکم و ئەو قسانە! بە کورتی بیبڕمەوە، باوکم ئینکێر[1] بووبوو کە سبەینێ لەگەڵ کازێوەدا دەچینە تێرمینال و لەوێشەوە بۆ لای خوشکەکەم."

"ئێ."

"ئێ ئەوەبوو شەو داهات و لە ماڵ دەرکەوتم. کەمێک هەر بۆ خۆشی بەملاو بەولادا خولامەوە، پاشان چوومە وێستگەی شەمەندەفەر. دەزانیت کە تا بەیانی وێستگەی سەرەکی کراوەیە. ئەو شەوە هەوا گەرم بوو. چوومە ئەوێ کە لە ژێر شەمەندەفەرەکەدا بخەوم. خەوتن لەژێر شەمەندەفەر زۆر خۆشە. چوومە لای ئەو شەمەندەفەرەی لەوسەر بوو. چووم کە لەژێریدا ڕاکشێم و بخەوم، سەیرم کرد دەرگای کراوەیە. شانست هەیە؟ هەڵبەتە شانس کە نا، گوتم خوا منی خۆش دەوێت، واتە هەموو ئێمەمانانی خۆش دەوێت، بەڵام منی کەمێک زیاتر. ئەو شەمەندەفەرەم دەناسییەوە. لە ئێکسپرێسەکان بوو. ڕێڕەوەکەییم دەزانی. دەچووە

[1] ئینکیر، ئینکار، پیداگر.

باتمان، ئەویش دوای سێ ڕۆژی دیکە.. شەمەندەفەری ئستەنبول-باتمان تەنیا کۆتایی هەفتە دەڕوات. تۆ تا ئێستا چوویتە باتمان؟"

"بەڵێ ڕۆیشتووم."

ڕۆژی دواتر برا بچوکەکەم و کوڕە مامەکەشم هاتن. خەوتن لەسەر تەختی شەمەندەفەر حاڵێکی سەیری هەیە ها، جا شەمەندەفەری ئێکسپرێسیش بێت، بەڵام بەیانی کە بەئاگا هاتین، بینیمان شەمەندەفەر بە ڕێگاوەیە. بەرنامەی شەمەندەفەرەکە گۆڕابوو و شەمەندەفەری ئستەنبول-باتمان هەر لەو نێوەڕاستەی هەفتەدا لەگەڵ بانگی کەڵەشێران بەڕێ کەتبوو. نازانم بۆ لەو فارگۆنەی کە ئێمەی لێ بووین هیچ ڕێبوارێکی دیکەی لێ نەبوو. هەڵبەت فارگۆنەکانی دیکەش هەروابوون، زۆربەیان چۆڵ بوون. ئاخر کێ دەچێتە باتمان، ئەویش لە ئستەنبولەوە. بە کوڕەکانم گوت وەرن خۆمان فڕێ بدەینە خوار، بەڵام ئەوان گوتیان مەترسیدارە. من گوتم ئەی بۆ لە فیلمەکاندا خۆیان فڕێ دەدەن. کوڕە مامەکەم گوتی: 'ئەوانە فیلمن گێلە.' براکەشم ئینکاری دەکرد کە بچین ئیستۆپکەی ڕابکێشین. لەو فیکرانەدا بووین کە لە هیکەوە شەمەندەفەرەکە هێواشی کردەوە. نازانم بۆ. من سەیری خوارەوەم کرد بینیم کێڵگەیەکە. ئینجا سێ و دووم لێ نەکرد و خۆم فڕێ دایە سەر گیاکان."

"ئەی ئەوان چییان لێ هات؟"

"گوتم کە ئەوان دەترسان. کوڕ هەر ئاوان خۆ. خۆ گێف دەکەنەوە، بەڵام کە گەیشتە سەر جێبەجێکردن فش دەبنەوە. واتە زات ناکەن."

"دەی، دواییەکەی؟"

داوییەکەی لەپڕ خۆم لە کەنار شارۆچکەیەکدا بینییەوە، شوێنێک وەک شارەدێیەک، یان گوندێکی گەورە. ناوی ئەو شارۆچکەیەم لە خاتوونێک پرسی. ناوی کورتولان بوو."

"دەزانیت کورتولان نێوانی لەگەڵ ئستەنبول چەندە؟ تۆ دڵنیایت ئەو شارە کورتولان بووە؟ ئەنقەرە نەبێت؟ یان ڕەنگە ئەدەنە بوو‌بێت؟"

"بەڵێ، بەڵێ وابزانم ئەنقەرە بوو. چوزانم کاولەندەرێک[1] بوو ئیدی."

"ئێ، دواتر چیت کرد؟"

"سۆراغی تێرمینالم گرت. کابرایەک لەوێ بوو وەکو هیندییەکان. لەو ڕەشانەی دەڵێی لەبەر هەتاو هەڵقرچاون. لە فیلمەکاندا بینیوتن؟ هەمووشیان خاڵێکیان هەیە، ئا لێرە. لێم پرسی ئۆتوبوسەکانی ئستەنبول لە کوێ دەوەستن. گوتی هەر لەم نزیکانە، بەڵام شەو دابێت بەڕێ دەکەون، تا سەر لە بەیانی بگەنە ئستەنبول. پاشان لێی پرسیم داخۆ پارەم پێیە، یان نا. منیش گوتم پارەی چی... پاشان کابرا گوتی: 'دەتەوێت بتبەمە لای پۆلیس بڵێم ون بووە؟' گوتم: 'بڕۆ بابە، ڕەشوبرش.' کابرا بەم قسەیەم تووڕە بوو. خراپ تووڕە بوو. ڕوومەتی سوور هەڵگەڕان. بە خۆی ڕەش بوو، ئێستا سوور هەڵگەڕا. ڕەش و سوور ڕێک وەکو ڕەژوو. دواتر چاوی بچوک کردنەوە و جنێوی دان و تاوی دامێ. منیش دەم و لچم لێ خوار کردنەوە و پێم پێوەنا و ڕاکە و ئاوڕ مەدەوە. پاشان ئەوەندە لەملا و ئەولا خولامەوە کاتێک بینیم شەو داهات. ناونیشانی تێرمینالەکەشم وەرگرتبوو ئیدی. چوومە لای ئۆتوبوسەکانی ئستەنبول. ئۆتوبوسێک نیوە پڕ بوو. شوفێرەکەی لەوێ نەبوو، شاگرد

---

[1] کاولەندەر، کاولبوو، وێرانە.

شوفێرەکە خەریک بوو هەندێک شتوموکی لەسەر میچی ئوتوبوسەکە لەوێ بۆ ئەوێ دەگواستەوە و جێی بۆ دەکردنەوە. پێم گوت: 'مامە من پارەم پێ نییە، چاکەیەکم لەگەڵدا بکە بمگەیەنەوە ئستەنبول.'

گوتی: 'مامە؟' گوتم: 'ببوورە کاکە گیان.' پاشان کوڕەکە پێکەنی و گوتی: 'وەرە سەرەوە کوێت پێ خۆش بوو لەوێ دانیشە.' تا ئێرە هەموو شتێک باش دەڕۆیشتە پێش، تا ئەوەی کە..."

"تا ئەوەی کە چی؟"

"تۆبڵێی شوفێرەکە کێ بێت."

"نەکا هەمان کابرا بووبێت."

"خودی خۆی بوو."

"ئەوجا؟"

ئەوجا چی. چەند شەق و شەپەلۆخ و جنێو و زمانشڕی، پاشانیش بۆ بنکەی پۆلیس. لەوێشەوە ڕەوانەی ئستەنبولیان کردمەوە، بە شەمەندەفەر. دوای ئەوەش هاتینە ئێرە ئیدی."

"ئێستا ئەگەر بەرەڵلات بکەن چی دەکەیت؟، دەچیە کوێ؟"

"باسی کابرام بۆ دەکردی. هەستا کە لێم بدات. ڕووبەڕووی بوومە چاوم بڕیە ناو چاوی، گوتم: 'ها چییە؟ دەتەوێت لێم بدەیت؟ بەڵێ نارەسەن. لێمدە، دەی لێمدە'."

"نەتگوت ئەگەر لێتگەڕێن دەچیە کوێ؟"

"پۆلیسەکانی ئێرە باشن. خواردنی ئێرەش باشە."

زیلۆ خۆی لە پرسیارەکانم دەدزییەوە. ئەو ئاوایە ئیدی. ئەگەر خۆی نەیەوێت وەڵام بداتەوە، هەرچی لێی بپرسی ئەو هەر قسە و ورتەورتی خۆی دەکات.

"زیلۆ لەگەڵ تۆمە. دەڵێم ئەگەر بەرت دەن ..."

"ئای دەرد و ژەهرەمار. دەچمە پێش یاریگە و دان دەفرۆشم. دەچمە ناو تراموا گیرفان دەبڕم. دەچمە ڕۆخ شەقامی لای کەنداوەکە جزدان دەڕفێنم. دەچمەوە ماڵ لای زڕدایکەکەم، ئا زۆر چاوەڕێمە، دۆزەخێک هەر دەبێت بۆی بچم ئیدی. چوزانم ئاخر. کوێم هەیە بۆی بچم."

من زمانم لە گۆ کەوتبوو. لە دەرودیوارم دەڕوانی و هیچم پێ نەدەگوترا. حەوت هەشت خولەکێک تێنەپەڕیبوو، کە زیلۆ هاتە قسە و گوتی: "تۆش بێکاری ها. گوێت داوەتە ئەم قسە بێسەروبەرانە کە چی ببێت؟ واتە تۆ تێناگەیت هەمووی چیرۆکە؟ نیوەی زیاتر لە خۆمەوە هەڵدەبەستم؟ دەی واز لەمانە هەر بێنە. تۆ ژنت هەیە؟ منداڵت هەن؟"

"بەڵێ، بۆچی دەپرسیت؟"

"هەروا. گوتم با منیش پرسیارێک بکەم. خۆ ناکرێت هەمووی هەر تۆ بپرسیت."

زیلۆ ئەمەی گوت و دایە قاقای پێکەنین و دواتریش" "ئاااا یە یە یە یە."

"یەکەم جار دەچمە لای پوورم. واتە دەچمە ژێرزەمینەکەیان. پاشانیش دەبێت کوڕە مامەکەم بدۆزمەوە."

"ئەی باوکت؟ ناتەوێت ببینیت؟ هیچ ئاگات لێی هەیە؟"

"با، بیستم چووەتە شارەکەی خۆمان. ئەم وەختەی ساڵ هەمیشە سەرێکی ئەوێ دەدات."

"زڕدایەکەکەت چی؟"

"بیستوومە نەخۆشە و لە کونجێکیماڵەوە کەوتووە. ئەو منداڵەی دراوسێمان دەیگوت کاتێک باوکم ڕۆیشتوە بۆ شارەکەمان، هیچ پارەی پێ نەداوە. دەیگوت ئەگەر دەرودراوسێ قەرزیان نەدابایێ بە برسێتی دەمایەوە."

"بۆ پێی نەداوە؟"

"لەبەر ئەوەی زمانپیسە، هەر خەریکی جنێودانە."

"باوکت کەی دەگەڕێتەوە؟"

"دیار نییە. کوڕەکە دەیگوت باوکم ئەم جارە تەواو لە دەستی دایکم دەهری بووە. دەیگوت گوتویە ئیدی قەت ناگەڕێتەوە."

"ئەی ئەو کات ؟ ئێوەش دەچنە لای ئەو؟ واتە دەچنەوە شارەکەی خۆتان؟"

"نازانم. ئەم لایە زڕدایکەکەم و ئەولاش کە... لەوێ کوڕێکی کەریش هەیە جەنەی[1] لێ گرتووم. جارێک مستێکی وام لە زگی دا وەکو کەر کەوتە زۆڕەزۆڕ. جاشکەکەر. دەتگوت ورچە دەستی دایکی گرتووە و هاتووەتە لای زڕدایکەکەم کە چی؟ کچەکەت لێی داوم. منیش لە دواوە پەنجەم خستبووە سەر لووتم، بەڵام نەمدەتوانی بڵێم 'ئا یە یە یە' بۆیە زۆر کەیفی ساز نەدەکردم، بەڵام ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی تەواو تووڕەی بکەم. جارێکیش لەگەڵ کوڕە مامەکەم لەناو ڕەزان خۆمان گەیاندێ، ئەوەندەمان تێهەڵدا تا جارێکی دیکە زات نەکات بهێتە سەر ڕێی من. توولەسەگ."

---

[1] جەنەگرتن، گرووگرتن.

"گوتت براکەشت لەگەڵ باوکتان چووەتە شارەکەتان. ئەی خوشکەکەت چی؟"

"خوشکم لای زڕدایکم ماوەتەوە."

"ئەویان خوشکی خۆتە ئیدی، واتە لەو..."

"نە لەو چوار دانەیە نییە، ئەو واڵێی[٢] خۆمە."

"زیلۆ، مەگەر ئێمە دوو هاوڕێ نین؟ مرۆڤ خۆ درۆ لەگەڵ هاوڕێی خۆی ناکات وایە؟"

"درۆی چی؟ من کەی درۆم لەگەڵ تۆدا کردووە؟"

"باوکت هەر لێرەیە. لە ئستەنبول. تۆش قەت سواری شەمەندەفەر نەبوویت. هەر لێرە لە ماڵ هەڵاتوویت و هەر لە بەردەم ئەم پارکەش دەستگیریان کردوویت."

"بڕۆ بابە تۆش دڵت خۆشە. من سواری شەمەندەفەر بوو..."

"ئەگەر درۆ بکەیت، دەڕۆم ها."

"زۆر باشە بابە، من دەمویست سواری شەمەندەفەر ببم لەو کاتەدا بەڕێ کەوت و منیش دوای..."

"دەڕۆم ها."

"زۆر باشە. زۆر باشە."

"ئەوانەی پێشتریش هەر درۆ بوون وایە؟ واتە هەرچی گوتوتە هەمووی درۆ بوون، وایە؟"

"نا، بەو ڕادەیەش نا. من خێراخێرا قسە دەکەم، لەم باس بۆ ئەو باس دەچم، بۆیە تۆ وا هەست دەکەیت درۆ دەکەم."

---

[٢] واڵێ، خوشک، بە شێوەزاری هەورامی.

"سەیرکە، من پەڕاوەکەتم خوێندووەتەوە، هەر هەمووی."

"هەر هەمووی؟"

"بەڵی هەر هەمووی. ئێستا وەک کچێکی باش... واتە وەکو هاوڕێ ئەگەر قسە بکەیت، لەگەڵتدام، ئەگەرنا کە..."

زۆر باشە بابە. تۆش هێندە منجڕ[1] مەبە. ئەو هەموو هاوڕێ هاوڕێییە دەکەیت و ئەو هەموو شتەشت زانیوە و... بڵێ ئێمەت بە لاڕێدا بردبوو وایە؟ نەکا تۆش بوویتە پۆلیس ئێمە ئاگامان لێ نەبێت، وایە؟"

"ئەو پارەیەی دەتان دزی چیتان لێ دەکرد؟"

"ئەمەیانم لێ مەپرسە ئیدی."

"باشە. هەرچی خۆت پێت خۆشە ئەوەم بۆ باس بکە، تەنیا درۆ مەکە."

"کچەکە، ژنی خاوەن خانووەکەی خراپ دایە بەر چەقۆیان. تۆ ئەو پیرەژنە دەناسیت؟ خاوەن خانووەکە دەڵێم. لە تۆش پیرترە. قاچێکیشی شەلە. واتە ناتوانێت بڕوات. شەوێک..."

"کام کچە دەڵێیت؟"

"وا خەریکم باسی دەکەم ماڵتا. ئەگەر لێ بگەڕێیت. شەوێک لە ژێرزەمینەکەی پوورم و ئەوان بووم، کاتێک بینیم وا دەنگی پێ دێت. لە خەو ڕاپەڕیم و ڕوانیم وا کچە پوورەکەمە دەچێتە وێزەی خاوەن خانووەکە. نەرم نەرم، وەکو پشیلە، دەچووە ژووری پیرەژنەکە. پاشانیش بە مستێک پارەوە..."

"ئاخر پوورت دەڵێت کاری تۆ بووە."

---

[1] منجڕ، لامل، عیناد.

"ئاشکرایە ئیدی. منداڵی خۆیەتی خۆ. کچە پوورەکەم خۆی دزە ها. واتە دزی دز. بووکی پیرەژنەکە لەسەر پلیکانەکان دانیشتبوو هۆڕهۆڕ دەگریا. دەیگوت پارەکەش چش. کاتژمێرە بەرباخەڵییەکەی پیرێژن، واتە هی خەسووی، ئەویشیان دزیوە. دەیگوت زێڕ بووە. دەیگوت ئەگەر خەسووی بزانێت بەر لە هەمووان پێستی سەری ئەو دەگروێنێت. سەری بە هەوزینگان[1] هەڵدەقەنا. دواجار کچە پوورەکەم دڵی پێ سووتا. کاتژمێرەکەی دایە من و گوتی بڕۆ بیدەرەوە و پێی بڵێ لەسەر قادرمەکان دۆزیومەتەوە. منیش دڵم بەو بەدبەختە دەسووتا و قبوڵم کرد، بەڵام هەر کاتژمێرەکەم، کاتژمێرەکەم دایەوە، ئەمانیان نەدام ڕوونی بکەمەوە چۆنم دۆزیەوە. هەموویان ڕژانە سەرم و دامیانە بەر نەقیزان و دەیانگوت بڵێ ئەوەی دیکە لە کوێیە؟"

"زۆر باشە، واز لەمانە بێنە. پێم بڵێ کە گەورە بوویت دەتەوێت ببیت بە چی؟"

زیلۆ کە لە وەڵامدانەوە دانەدەما، ئەم جارە لەپڕ بێدەنگ بوو. چاوی بچوک کردبوونەوە، پەنجەی بە گوڵیلکەکانی مافوورەکەدا دەهێنا. کڕ و بێدەنگ متەقی نەدەکرد. دە بیست خولەکێک ئاوا تێپەڕی. نە ئەو قسەیەکی دەکرد و نە من، تا ئەوەی لەپڕ سەری هەڵبڕی و گوتی: "دکتۆر."

"بەڵام خۆ تۆ دەرس ناخوێنیت؟"

"ناخوێنم با نەخوێنم. بەو قسەیە بێت من نابێت ببمە هیچ."

"نا، بەو شێوەیەش نییە، زۆر کار هەن کە..."

"ئەرێ، بۆ نموونە کرێکاری کارخانە."

"گاڵتە دەکەیت؟"

---

[1] هەوزینگ، هەنسک

"نا بابە. ڕاستی دەڵێم. پێم خۆشە."

"واتە دەتەوێت ببیە کرێکاری کارخانە؟'

"ئێ بەڵێ. مەگەر چیەتی؟"

"هیچ. زۆریش باشە. ئێستا ئەگەر بوویتە کرێکاری کارخانە و پارەیەکی باشت پاشەکەوت کرد، دەتەوێت چی بکڕیت؟ هەر کەسە شتێکی پێ خۆشە وانییە؟ هەندێکیان خانوو، هەندێک جلوبەرگ، هەندێکی دیکە..."

"ملوانکەیەکی زێڕ، لەوانەی سینگ دادەپۆشن. کاتژمێرێکی زێر، ئەوانەی گیرفانی. ئەنگوستیلەیەکی زێڕیش، لەو... لەو نقێمدارانە."

'ئەمانە خۆ شتێک نین. واتە ئێستاش دەتوانیت ئەمانەت هەبن. بۆ تۆ خۆ شتێکی زەحمەت نییە، دەڕفێنیت و تەواو."

"خۆ پێم گوتیت کە سوێندم خواردووە. من ئیدی دزی ناکەم."

"واتە لەوساوە هیچ شتێکت نەدزیوە، وایە؟"

"ئەرێ بابە، ئێستا ئەوە دەبێتەساڵێک."

"ئەدی بڕیار نەبوو چیدی درۆیان نەکەیت؟"

"هەر ئەوەی کە گوتم. ملوانکەیەک، کاتژمێرێک، ئەنگوستیلەیەک."

"دیسان خەریکی خۆ لە پرسیارەکە دەدزییەوە؟ ئەی قورئانەکەت چی لێ کرد؟"

"هەر هەمە، قورئان خۆ نابێت بفرۆشرێت، گوناحە."

کە بۆ زیلۆم گێڕایەوە کاتێک بە منداڵی چەقۆیەکی ماڵە دراوسێکەمانم دزی بوو، حەوت هەشت خولەک لەسەر یەک پێکەنی. کاتێک پێم گوت دایکم لەژێر

دۆشەکەکەمی دۆزیبووە و بۆی گەڕاندبوونەوە، گوتی: "تۆ هی ئەو کارە نیت. یەکێک شتێک بدزێت خۆ نایباتەوە ماڵی خۆیان."

"تۆ تا ئێستا پێوە نەبوویت؟ مەبەسەتم لە دزی..."

"من؟ لە ژیانمدا هەرگیز، لە گەڕەکی ئێمە مەگەر کەس لە دزیدا شان لە شانی من دەدات؟"

"پوورت خۆ سەڵت نییە، وایە؟ واتە هاوسەری..."

"بەڵێ. ماسیگرە. لە کەشتیدا کار دەکات."

"پوورت ژنێکی باشە وانییە؟ جێت دەکاتەوە، خۆشتدەو..."

"نا، هیچیش ژنێکی باش نییە. ئەگەر بزانێت لەسەر ژێرەندازەکەی ئەو خەوتووم پارچەی گەورەم گوێچکەم دەبێت. ئەگەر کچە پوورەکەم نەبایە خۆ نەمدەتوانی لەوێدا بخەوم. ئەویش ماکەرە ها. بۆ ئەمە پارە وەردەگرێت. وەک ئەوەی هوتێل بێت ئەو ژێرزەمینە شێدارەیان."

"پارە وەردەگرێت؟ شەوی چەند؟"

"هەرچی ئەو شەوە دزیبێتم."

"هەمووی؟"

"بەڵێ ئیدی. پێم گوتی کە ماکەرە. پارەی نەدەیتێ جێت ناکاتەوە."

"ئەگەر هەموو پارەکەت دەخەیتە دەستی ئەو ئەی چی دەخۆیت؟ واتە هیچ پارەی دیکەت پێ نامێنێت کە شتێک بۆ خواردن بکڕیت."

"شەو کە داهات سەرێک دەچمە لای پوورم. ئەگەر شتێکی دامێ بخۆم، دەنا هیچ، نا ئیدی."

"ئەگەر ئێستا پارەیەکت بێتە دەست، بۆ نموونە من بتدەمێ، هەمووی دەدەیتە کچە پوورەکەت؟'

"من ئێستا چوومەتە ئەوێ؟ ئێستا لە ژێرزەمینەکەی ئەواندا خەوتووم؟ چما گێلم کە پارەی خۆم ئاوا موفت و خۆڕایی بدەمە ئەوان. هەر دوێنێ بوو پەنجاییێکم پێبوو، چووم هەموو شتی خۆمم پێ کڕی. شوکولات، گوڵەبەڕۆژە."

"باشە من ئێستا پارەیەکت دەدەمێ لە شوێنێکی باش هەڵیگرە. شوێنێکی تەقەت شک دەبەیت لێرە؟"

"بەڵێ ژێرباڵم."

"باشە. هەر ئەو ژێرباڵە باشە...ئەگەر بەرت بدەن دیسان دزی دەکەیتەوە؟'

"ئەی بابە، چەند جارە دەپرسیت؟ خۆ پێم گوتی من سوێندم خواردووە. تۆبەم کردووە. دەزانی لەو کاتەوەی تۆبەم کردووە جۆرێکم. واتە دڵم ئاسوودەیە. خۆی هەر کاتێک دڵم تەنگ ببێت تۆبە دەکەم. بە قورئان، یان بە بێ قورئان."

"ئێستا ئەگەر بچیتەوە ماڵ، دیسان زڕدایکەکەت لێت دەدات؟"

"نازانم."

"تەمەنی چەندە؟"

"بیست و حەوت ساڵ."

"بیست و حەوت؟"

"بەڵێ. مەگەر چییە؟"

"ئەگەر ئەمانە بەریان دایت، باشتر نییە لە جیاتی دزیکردن بچیتە بەردەم یاریگە دان بفرۆشیت؟"

"دان؟"

"دان."

"خۆ بیرۆکەیەکی خراپیش نییە. ئەگەر دوو سێ مانگ باش بفرۆشم، دەتوانم ملوانکەیەک بکڕم، کاتژمێریک، ئەنگوستیلەیەک، جانتایەکی دەستییش، لەوانەی ژنانە. بینیوتن؟'

"بەڵێ. تا ئێستا هیچ کات جانتای دەستیت هەبووە؟"

"بەڵێ. یەکێکم هەبوو، شاز."

"لە کوێت هێنابوو؟ واتە چۆن چۆنی..."

"لە... لە..."

"لە؟"

"لە بازاڕ ئیدی. ڕۆژێك چوومە ئەوێ، هەروا. بینیم کابرایەک دە بیست دانەی لەو جانتا دەستیانە هەڵڕشتووەتە بەردەم خۆی و هاوار دەکات: 'هەڕاج، هۆی خەڵکینە هەڕاج، هەڕاج. چوومە پێشی گوتم ئەمەیان بە چەندە؟ گوتی بڕۆ لێرە مەوەستە. گوتم پرسیارم کرد بە چەندە؟ دیسان گوتی: 'دەڵێم بڕۆ دوای کاری خۆت.' گوتم: 'وا پیت دەڵێم ئەمە بە چەندە؟' گوتی: 'بڕۆ دوای کاری خۆت.' پێم گوت: 'خۆت ویستت ها.' گوتی: 'چی؟' دەستم دایە یەکێک لە جانتاکان و پێڵاوەکانم داکەندن، جا ڕاکە ئەمما ڕاکە، بەڵام حەیف نەکرا لچێکی لێ خوار بکەمەوە، ئا بەم شێوەیە" ئا یە یە یە یە."

"چیت لێ کرد؟"

"چەند ڕۆژ دواتر چووبووینە شارەکەی خۆمان لای خوشکە گەورەکەم، دامە ئەو."

"چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە؟ لای خوشکەکەت."

"ڕۆژێک. شەوێکی نەبرد تاقەتم نەما، گەڕامەوە."

"بە تەنیا؟"

"بەڵێ، ئەی چی. نا نا لەگەڵ خزم و کەس."

"ئەی پارە؟ هەتبوو؟"

" نا بابە. چوومە وێستگەی شەمەندەفەر. خۆم تێکەڵی ناو ڕێبوارەکانی دیکە کرد، تێبزر بووم. چوومە دەستشۆری شەمەندەفەرەکە و تا ناو ئستەنبول نەهاتمە دەر. دەزانی لەوێ دەرکەکەیان لە ژوورەوە کلیل دەدرێت، بەڵام بۆنی لێ دەهات ها. هیچ نەمتوانی بخەوم. بۆنەکەی زۆر ناخۆش بوو."

"لەو هەموو ڕێگا دوورە هیچ کەسیش، هیچ کارمەندیکی شەمەندەفەر، سەرۆکی شەمەندەفەر هیچ کەس نەهات؟"

"نە، نەهاتن ئیدی."

"ئێستا ئەگەر من بمەوێت شتێکت بۆ بکڕم چیت دەوێت؟"

"نایکڕیت نا. زۆر گرانە."

"ئێستا پێم بڵی بزانم چییە؟ بیڵێ."

"ئەو کاتژمێرانە زۆر گرانن بابە، لێیگەڕێ."

"کاتژمێر؟ چما تۆ ژمارەکان دەزانیت؟ واتە دەتوانیت بخوێنیتەوە؟"

"نا. زۆرم پێ خۆش بوو بتوانم بخوێنمەوە، بەڵام نەکرا ئیدی."

"ئێوە بەیانیان لە ماڵی خۆتان چی دەخۆن؟"

"ئەوان، واتە زڕدایکم لەگەڵ ئەو چوارەی دیکە، نان و پەنیر و زەیتوون و چای زەقن دەکەن، بەڵام خۆ نایدەنە من."

"واتە بە خۆیان دەخۆن و هیچیش نادەنە تۆ، ئاوا؟"

"ئەگەر باوکم لەوێ بێت شتێکیش دادەنێنە پێش من، بەڵام ئەگەر ئەو نەبێت هیچ."

"چ خواردنێکت لە هەموو خواردنەکان پێ خۆشترە؟"

"من هەموو خواردنەکانم پێ خۆشن."

"نا ئاوا نابێت، لە هەموویان زیاتر."

"ئێ... چوزانم، من حەزم لە هەموویانە خۆ... لۆبیا، پڵاو، ماست... هەرچی خوا بیدات."

"کەواتە حەزت لە لۆبیایە؟"

"بەڵێ. ئەگەر گۆشتیشی تێدابێت..."

"ئەی کەباب؟"

"کەباب؟ ئێ... نا، هەر لۆبیاکە. ماستیش باشە."

لە زیلۆم پرسی داخۆ لە خواردنەکانی بنکەی چاکسازی ڕازییە، یان نا. گوتی لەوێ نیوەڕۆیان خواردنیان نادەنێ. خەریک بوو درۆی دەکرد، چونکە من خۆم چەند ڕۆژ پێشتر لەوێ بووم و بینیم کە نانی نیوەڕۆیان دەدەنێ. پێم گوت: خۆ دوێنێ پێتانیان دا. گوتی: "هەندێک ڕۆژ دەیدەن، هەندێک ڕۆژیش نایدەن." پاشان گوتی پێشتر، واتە ئەو کاتەی کە زیلۆیان گرتبوو هیچیان نەدەدا. دیسان خەریک

بوو درۆی دەکرد. ئێ ئەویش هۆکاری خۆی هەبوو. دەیگوت ئەو کات منداڵەکانی بنکەی چاکسازی یەکجار زۆر بوون، هەمووشیان، لە دەستی زڕدایکەکانیان ڕایان کردبوو. بۆیە بنکەکانی چاکسازی، واتە حکومەت پارەی نەبوو بۆ هەر سێ ژەمەکە خواردن دابین بکات. واتە تەنیا نانی بەیانیان دەدا لەگەڵ ژەمی ئێوارە.

نەیاندەتوانی زیلۆ لە دوو سێ ڕۆژ زیاتر لەوێ بهێڵنەوە، واتە دەبا بەری بدەن. هیچ تاوانێکی نەکردبوو. هیچ کارێکی نایاساییشی نەکردبوو. لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە لەو ناوە خولاوەتەوە، پاسەوانێک ڕێی پێگرتووە. زیلۆش ئەوەی خراپە پێی کردووە. بەرپرسانی بنکەی چاکسازی دەیانگوت لانی زۆر هەر دوو سێ ڕۆژی دیکەیە دەبێ بەرەڵڵای بکەن. دەیانگوت بەرپرسیارەتی تێدایە بۆ ئەوان. ئەوەیان بە خۆیشی گوتبوو. واتە خۆیشی دەیزانی لە دوو سێ ڕۆژ زیاتر لەوێ نابێت. ڕاستییەکەی زیلۆ دونیایەک بەرنامەی بۆ خۆی هەبوون. واتە بۆ دوو سێ ڕۆژی دیکە، کە ئازادی دەکەن، بەڵام بەڵێنی لێ وەرگرتم، کە ئەمانە بە کەس نەڵێم. هیچ شتێکی تایبەتیش نەبوو، بەڵام بەڵێنی لێ وەرگرتم ئیدی. زیلۆ باسی هەموو شتێکی دەکرد و زۆر ئازادانە و بە دڵنیاییەوە باسی دەکرد، بەڵام کاتێک دەگەیشتە خەون و ئارەزووەکانی، لەهیکڕا تۆنی دەنگی دەگۆڕا. نەیدەویست بڵێت. زۆر ڕای لە من بوو، کە چەند دانەیەکی بۆ من باس کردن، بەڵام لە جیاتی ئەوە بەڵێنی لێ وەرگرتم کە ئەمانە بۆ هیچ کەس باس نەکەم. زیلۆ وەک ئەوەی شەرمی لە ئارەزووەکانی خۆی دەکرد. بۆیە وەکو ڕاستی باسی دەکردن. واتە بە

شێوەیەک باسی دەکردن کە لە ڕابردوودا بە ڕاستی ڕوویان دابێت، لە کاتێکدا ئەو تەنیا ئارەزووی بوو کەوا لە ئایندەدا ڕوو بدەن.

"یەک دوو ساڵ پێش ئێستا کە دوو سێ مانگ دانم فرۆشت و پارەکانم کۆکردبووەوە، خانووێکم بۆ خۆم دروست کرد. واتە ژوورێک. هەر تاقە ژوورێک. ژوورێکی بچووک. ئا ئەمەندە، بە ئەندازەی هێلانەیەک، یان کەمێک گەورەتر."

"لە کوێ؟"

"لە کوێ؟ ئێ... واتە لە گەڕەکی... نزیکی..."

"لە تەختە و دار، یان لەو چیمەنتۆییانە؟"

"تەختەودار تەختەودار."

"حەوشەکەی چی؟ تەختەوداری، گوڵ و ڕێحانی..."

"بەردەمی دار هەنارێکی لێ بوو، لەو گەورۆنانە. لە دواوەش سێ دار چناری بڵند هەبوون."

زیلۆ ئەمانەی دەگوت، بەڵام بە گومان و دوودڵییەوە. دوودڵ بوو کە ئەگەر خانووێکی سەربەخۆی هەبێت، پێی خۆشە لە کوێی ئەم شارە وێرانبووەدا بێت. دوودڵ بوو، لەوە دەترسا من بزانم دیسان وا پێوەدەنێ. دوودڵ بوو لەوەی کە مەحاڵ بوو... مەحاڵ بوو کە...

"قەنەفە... واتە کەلوپەلی ماڵەوە چیت هەبوو؟"

"دوو دانە کورسی، لەوانەی لە دار دروست دەکرێن. چرایەکی سەر مێزی، لەو ملدرێژانە، دانەیەکیش... دانەیەکیش..."

"هێشتا بیرت نەهاتووەتەوە لە کوێ بوو؟"

"ئێ... لە ناو باخچە... نزیک قەڵا... بەڵێ، بەڵێ نزیک قەڵا بوو، لێواری دەریا، ناو دارستانەکە."

"نزیک قەڵا، لێوار دەریا، نێو دارستان؟"

"بەڵێ ئیدی."

"چەندی تێدا ژیایت؟ واتە ئێستا ئیدی..."

"حەوت هەفتە."

"ئێ دوای ئەوە؟"

"دوای ئەوە ئیدی... دوای ئەوە... دوای ئەوە ئیدی هیچ، لەژێر شەمەندەفەرەکەدا خەوتوبووم، پاسەوانەکە هات و وازی لێ نەهێنام لێ نەهێنام..."

هەر کاتێک بیویستبا بە لایەکی دیکەیدا دەبرد. ئەگەر لە من دەپرسن زیلۆ لە هەموو شتێک زیاتر لەو پێچ و دەورانە وەستا بوو.

"دەزانیت من هەرگیز نەخۆش نەکەوتووم. واتە قەت نەچوومەتە نەخۆشخانە."

"واتە جارێکیش؟"

"هەرگیز."

"دەنا بەڕێوەبەری بنەکەکە دەڵێت..."

"ئەرێ قژت پێشتریش هەر ئاوا بوو؟"

"کابرا دەڵێت کە..."

"خۆ یەکەم جار سپی نەبوو، سپی بوو؟"

"ئای... نە، سپی نەبوو."

"چەند ساڵە لێرە دەژیت؟"

"بیست ساڵێک دەبێت."

"ئێیی ئەم هەمووە. ئەوکات هێشتا من لە دایک نەبووبووم. واتە هەر هێشتا... تۆ پێشتر هیچ هاتوویتە پارکەکەی ئێمە؟"

"نازانم. ڕەنگە بشهاتبم. بۆچی دەپرسیت؟"

"ڕوخسارت زۆر ئاشنایە ئاخر. پێم وایە لە شوێنێک تۆم بینیوە."

دەیپێچا و دەیهێنا و دەیبرد، باشیش دەیهێنا و دەیبرد."

"دەزانی ئەگەر ئێستا دوو هەزارم هەبایە... نە بابە تەنیا پێنجسەدم هەبایە بە خوا خانووێکم بۆ خۆم دروست دەکرد."

"بە پێنجسەد؟'

"بەڵی ئیدی. سەدی بۆ تەختەکانی، سەدیشی بو سێ دانە کورسی، سەدی دیکەش بۆ مێزێک، سەدیش بۆ دۆشەک و لێف و سەرین، سەدی دیکەش بۆ چرایەکی سەرمێزی لەو ملدرێژانە."

"پێت خۆشە لەوێ لەگەڵ کێدا بژیت؟"

"لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ کەس نا. تەنیا. بەڵێ من پێم خۆشە بە تەنیایی بژیم. تەنیای تەنیا."

"دەتەوێت لە کوێ دروستی بکەیت؟ خانووەکە دەڵێم."

"هەر جێیەک بێت."

"تەنانەت گەڕەکی خۆشتان بێت؟"

"هەر جێیەک بێت."

"تا ئێستا ئەوەندە پارەیەت پێکەوە نەهاتووەتە دەست کە بتوانیت دروستی بکەیت؟ خانووەکە؟"

"با، بەڵام هەموو جارێک کێشەیەک دێتە پێش. جارێک دانە دانە کۆم کردەوە، شەشسەد دانە. دەزانی لە لێواری کەنداوەکە پارکێکی بچوک هەیە، هەر خاک و خۆڵە. لەوێ لە پشت دارهەنارەکە، ئەوەی کە زۆر گەورەیە، ئەو پارانەی کە ڕۆژانە دانە دانە لە دانفرۆشییەکەم دەست دەکەوتن، لەوێ خستمنە ژێر گڵ. دوای بووە شەشسەد دانە کە..."

"ڕاستییەکە بڵێ لە دانفرۆشییەکە دەستت کەوتبوو، یان لە دزی؟"

"نە، نە. لە دانفرۆشیی بوو، بە گیانی خۆم..."

"زۆر باشە، زۆر باشە. قبوڵ."

"ئێ بەڵام، ئەوانەشم... بۆ منداڵەکان خەرج کرد ئیدی."

"بۆ کام منداڵ؟"

"هەر ئەو دوو کچانە ئیدی. ئەوانەی کە..."

ئەها، تێگەیشتم. بە ڕاست تۆ بۆ هاوڕێی ئەوان بوویت؟ مەگەر نەتدەزانی کە ئەوانە..."

"نە بابە. ئاخر چۆن بزانم."

"تۆ کوێی ئستەنبول شارەزایت؟"

"بڵێ کوێی شارەزا نیم؟ بەردەم یاریگە، لێوار کەنداو، کەنار دەریا، پارکی لێوارەکە، فلۆریا، پارکەکەی خۆمان، باخی ئاژەڵان، پارکی دارستان..."

"منداڵەکان زیاتر لە کوێ کۆدەبنەوە؟ واتە قۆناغیان..."

"پشت وێستگەی شەمەندەفەر. ئەو شوێنەی کە فارگۆنە سیکرابەکانی لێ فڕێ دراون. زۆربەیان شەو لەوێ دەخەون."

"کەی لەوێن؟"

"هەمیشە. هەمیشە لەوێن. زۆربەشیان کوڕن."

"ئەی تۆ بۆ لەژێر فارگۆنەکاندا دەخەویت؟ واتە خۆ ناوەوەی خۆشترە."

"ئاخر..."

"ببوورە کاک کەمال، جەنابی بەڕێوەبەر فەرمانی داوە کە لەمڕۆ بە دواوە هیچ کەس مافی نییە لەگەڵ هیچ منداڵێک قسە بکات، تەنیا لە بەردەم خۆی نەبێت."

"چی؟"

"واتە یان دەبێت ئەوانیش لەوێ بن، یان ئەوەی کە..."

"بەڵام من ناسنامەم پێیە."

"من وام پێ گوتراوە. باشترە لەگەڵ خۆیان قسە بکەن."

"بەڵام خۆ ئەم منداڵانە لەبەردەم ئەودا قسە ناکەن."

"عەرزم کردیت، بە دەست من نییە." "ئێستا پێتان وایە زیلۆ لە کوێ بێت؟ پێتان وایە دەبێت چی بکات؟ لای کی بێت؟ چی بخوات؟ لە کوێ بخەوێت؟ من وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە دەزانم. ئێستا زیلۆ لەگەڵ کوڕە مامەکەیدا... وا دەزانن پێتان دەڵێم؟ نا، ئەگەر حەزتان لێیە بە نووسراو بۆ جەنابی بەڕێوەبەری دەنێرم، جەنابی بەڕێوەبەر بەو ورگە... بەڵێ من دەزانم و پێتانی ناڵێم.

وەک زیلۆ واتەنی: "ئا یە یە یە."

## خۆزگە لە زەرافەیان نەدەدا

"ئەگەر دەیانبردمە سەربازی... هەر ئەگەر دەیانبردمە سەربازی... چی دەبوو؟" هیچ گومانی تێدا نییە کێشی لە سەد کیلۆش زیاترە. خۆی دەڵێت سەد و دە کیلۆم. ئەوەی ڕاستی بێت بە ئاسانی سەد و دە دەبێت. تەمەنی بیست ساڵە، کێشیشی سەد و بیست کیلۆیە. هەموو کێشەی ئەوەیە کە بۆچی نایبەنە سەربازی.

پاڵتۆیەکی سەربازی بەو قرچەی گەرمایەدا لەبەردابوو. پانتۆڕەکەشی هەر سەربازی بوو. هەر کە منی ناسی، پرسی داخۆ دەتوانم کراسێکی سەربازی بۆ پەیدا بکەم؟ چونکە دەیگوت بەو گەرمایە پاڵتۆ زۆر ئەزیەتی دەدا.

ئەو و دوو لە هاوڕێکانی هەمیشە لە پارکی مەولانا بوون. لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، کە لەسەر چیمەنەکاندا ڕایاندەخستن دادەنیشتن، ڕادەکشان، دەخەوتن...

تۆ بڵێی ناوی چی بووبێت؟ قەڵەو بوو و خۆشەویست، لەو خرپنە ژیکەلانە، لەو خاوەن پێداویستیانە... واتە لەو مەن... ئەگەر بە من بایە ناوم لێ دەنا خەلیل، بەڵام لەم دەوروزەمانە وا دیارە ئەو ناوە مۆدێلی نەماوە. ڕاستییەکەی هەر تێناگەم ئەمە چ گرنگییێکە، کە ئێمەی نووسەر لە کارەکانماندا بە ناوی کەسایەتییەکانی دەدەین. مەگەر چ جیاوازییێکی هەیە ناویان هەرچی بێت؟ نازانم ڕەنگە ئەمە هەر خوویێک بێت، یان ڕەنگبێت جیاوازیشی هەبێت. ئێ هەر سەردەمێک ناوی خۆی هەیە. واتە لە هەر سەردەمێکدا هەندێک ناوی تایبەت دەبنە مۆدێل. دڵنیام ئەو هاوڕێ قەڵەوەی ئێمەش یەکێک لەو ناوانەی مۆدێلی ڕۆژی لێیە، واتە مۆدێلی ئەم سەردەمە؛ ئەحمەد، محەمەد، عوسمان... یان بەڵکو لەو ناوە ڕەسەنانەی تورکی وەکو کایا، ییلدیرای... بەڵام نا، ئەمانە ئیدی کۆن بوونە و هیچ باویان نەماوە. ئەگەرچی ئەو ناوانە لە مۆدێل کەوتوون، بەڵام من زۆر پێم خۆشن، نازانم بۆ. ڕاستیەکەی پێم وایە لە هەموو کەس دێن. بۆ نموونە ئەگەر بە من بێت ناوی ئەو هاوڕێیەمان دەنێین خەلیل، یان ئۆغوز، بەڵام ئۆغوز باشترە، ئێ ڕەسەنتریشە. نازانم بۆ وا بیر دەکەمەوە کە ئەویش ئەو ناوەی پێ خۆشە. ڕەنگبێت ئەو جلە سەربازیانەی کە هەمیشە لەبەریدان، ئەو ناوەی بە بیری مندا هێنابێت. دەتوانین ناوێکی لەو جۆرە زبر و مەزاجساردانەی وەکو 'بۆزکۆرت'یشی لێ بنێین، بەڵام ئاخر ئەو جۆرە ناوانەش، بە سیما خرپن و هەمیشە بە پێکەنینەکەیەوە نایەت. هەر ئەو ئۆغوزە باشترە. خۆی مەگەر ناوەکانیش واتایان هەیە؟ مەگەر هەر کەسە و بە کەسایەتییەکەیەوە ناناسرێت؟ مەگەر ناوەکان دەتوانن ناسنامە بە مرۆڤەکان ببەخشن؟ واتە یەک تاقە وشە، گۆکردنێکی ڕووت دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەسایەتیی مرۆڤدا هەبێت؟ چما وشەیەکی ڕووت واتایەکی بۆ خۆی هەیە؟

واتە... باشە واتای با هەبێت، ئاشکرایە کە هەیەتی، تەنانەت خودی وشەی واتاش واتای هەیە، واتە هەر وشەیەک و هەر دەربڕینێک واتای هەیە، بەڵام... بەڵام... نازانم.

بەڵام ئەی ئەگەر خۆی حەزی لەو ناوە، لە ئۆغوز، نەبێت چی؟

ماڵۆچکەیەکی بچووک لە گەڕەکی ئەیوبی. باوک دەریاوان، دایک ژنی ماڵ. کەلوپەلەکانی ماڵ... بە دڵنیابوونەوە دەتوانین بڵێین هیچ. ماڵێکی تەختەبەندی دوو نهۆمی، کە نهۆمی سەرەوەی چەندین ساڵ پێش ئێستا سووتاوە و بەهیچ شێوەیەک بۆ تێدامانەوە نابێت. هەموو پەنجەرەکانی نهۆمی یەکەم یان بە نایلۆن، یان بەتەواوی بە تەختە گیراون، خۆزگە بۆ پەنجەرەیەکی شووشەبەند. جگە لە ماڵی ئۆغوز، دوو ماڵی دیکەش لەوێدا دەژین. ڕۆژانە منداڵەکان ئاوقای یەک دەبن و سەروگوێلاکی یەکدی دادەپاچن، هەندێ جار گەورەکانیش. هەڵبەت ئەمە لەو گەڕەکە هیچ سەیر نییە. کۆڵانەکەیان تەنگ، خۆڵ، ئەگەر باران ببارێت، تا چۆکان دەکەویە قوڕ و لیتە، ئەگەر کەسێک جل بشوات چڵکاوەکە بەو گۆڕە وەردەبێت و ئەگەر بەفریش ببارێت هەر مەپرسە. میچ و بانی خانووەکە داڕزاوە. ئەگەر باران ببارێت هەمووی دەبێتە دڵۆپە و شوڕەشوڕی ئاو بەسەر خەڵکەکەدا دێتە خوار. هەموو دیوارەکان داشۆراون و بوونەتە لانەی کرم و مێروولان. ناوکەوەکەی هەموو قۆڵت و بەرزی و نزمییە.

"باوکم چیدیکە دەریاوان نییە. ئاخر خۆ پارەیان نادەنێ."

"ئیدی دەریاوان نییە؟ واتە ئێستا کارەکەی..."

"دەریان کرد. مانگی تەنیا سەدوپەنجا لیرەیان دەدایێ بەو هەموو کارەی کە بۆشیانی دەکرد. لەو کاتەوەی دەریان کردووە من زۆر کەم دەیبینم. هەمووی هەر لە

چاخانەیە. زۆر درەنگ دەگەڕێتەوە ماڵ، دوو و سێی شەو، تەنانەت هەندێ جار بەیانی دێتەوە. ڕۆژێکیش کە چووە ئەدەنە و ئیدی هیچ هەواڵێکی نییە. دایکم کە لەو ڕۆیشتنەی باوکم ناڕازی بوو و تینی بۆ هات و خانووەکەی فرۆشت. وابزانم هەر ئەوکات بوو لێی جیابووەوە. من باش بە بیرم نییە. ئەوسا زۆر منداڵ بووم. منیشیان دابووە دایەنگەیەک، لەوانەی حکومەت. واتە باوکم بردمیە ئەوێ. ساڵێک دواتر کە دایکم پێی زانی هێنامیە دەر. بردمیە لای خۆی. دواتر دایکم دیسان هاوسەرگیری کردەوە. پاشان زڕباوکەکەم منداڵیان بوو. کچێک. ساڵێکی نەبرد دووبارە منیان دایەوە دایەنگە. ڕەوشیشی باش بوو ها. لە نووسینگەی هوتێلێک بەڕێوەبەر بوو. مووچەکەشی باش بوو، بەڵام ئیدی... لەو دایەنگەیەدا تا پۆلی پێنجەمم خوێند. دواتر... دواتر... دواتر..."

"کەواتە باوکتیان دەرکرد؟"

"بەڵێ بابە، وەدەریان نا."

"گوتت سەدوپەنجا لیرەی وەردەگرت، وایە؟"

"بەڵی بابە، سەدوپەنجای تەواو."

"دوای ئەوەی باوکتیان لە کارەکە دەرکرد، ئیدی لەگەڵ دایکت باش نەبوو، نە؟"

"ئەرێ بابە، نە."

"منداڵ چی؟ جگە لە تۆ ئیدی... واتە دوای تۆ دایکت هیچ منداڵی دیکەی نەبوون؟"

"نە، بەڵێ.. نە."

"ئەی بەر لە تۆ؟"

"بەر لەمن؟ نە، هەڵبەتە، هەر تەنیا منیان هەبوو."

"واتە تۆ تاقانەیت؟"

"چی؟ من تاقانەم؟ منداڵ؟"

"گوتت دایکت دووبارە مێردی کردەوە، وانییە؟"

"بەڵێ بابە، منداڵیشی بووەوە، کچێک."

"ئێستا لە کوێیە؟ هەواڵیت هەیە؟"

"دایکم..."

"دایکت نا، ئەو منداڵە، کچەکە دەڵێم، خوشکت."

"هەر لێرەیە، لە ئستەنبول."

"بارودۆخی چۆنە؟ ئاگات لێی هەیە؟"

"بەڵێ بابە. وا دەخوێنێت. تا پۆلی پێنجەم، پۆلی پێنجەم، پێنجەم."

"ئەی باوکت چی؟ ئەویش دووبارە هاوسەرگیری کردەوە؟"

"باوکم؟ ئەرێ بابە."

"دوای ئەوەی کە باوکت دەرکرا..."

"ئیدی کارێکی پەیدا نەکرد. بێ کار مایەوە. ئیدی پارەی نەبوو کە. هەموو دەمێ شەڕ و دەمەقاڵێی بوو لەگەڵ دایکم. لێی دەدا ها، ئاوا ئاوا، هەر لێی دەدا و لێی دەدا. دەچووە چاخانە، یاریی دەکرد. ڕۆژێک لە چاخانەکەوە هاتەوە ماڵ. هیچ جلی لەبەر نەبوون. هیچ هیچ، هیچی لەبەردا نەبوو. دەستی دانابوونە ئێرەی، واتە ئێرەی. هەمووی دۆڕاندبوون. دایکم دیسان تووڕە بوو. باوکم دیسان لێی دا. کاتێک شەڕیان دەکرد من ئەو شوێنەیم بینی. واتە هەموو جێیەکیم بینی. ئێرەشیم بینی."

"دەی دواتر؟"

"دواتر ئەوە بوو دایکمماڵەکەی فرۆشت."

"باوکت فرۆشتی، یان دایکت؟"

"ئەرێ بابە، دایکم فرۆشتی. ئاخر خۆ خانووەکە هی دایکم بوو. واتە هەموو شتێک هی دایکم بوو. تەنانەت منیش. باوکم خۆ هیچی نەبوو. پێم گوتی خۆ هەموو شتێکی دۆڕاندبوو. جلەکانی بەریشی. دایکم ماڵەکەی فرۆشت و ڕۆیشت لەگەڵ یەکێکی دیکە هاوسەرگیری کرد، بەڵام منی لەگەڵ خۆی نەبرد. من هی ئەو بووم ها، بەڵام لەگەڵ خۆی نەیبردم. منی لای باوکم بەجێهێشت. تەنیا من. شتەکانی دیکەی فرۆشت. دواتر باوکیشم هاوسەرگیری کردەوە. ئەویش منی نەدەویست. ئاخر خۆ هی ئەو نەبووم."

"پارەی خانووەکەتان چی لێ کرد؟"

"بە تۆ چی؟ هی خۆمان بوو و فرۆشتمان."

"نە، نە. مەبەستم ئەوە نەبوو. دەمویست بزانم پارەکەی چی لێ هات؟ بە چی خەرجتان کرد؟ کێ خەرجی کرد؟"

"چوزانم. من لە کوێ بزانم؟ من نازانم. نازانم من، من..."

"دەی، ئەی دواتر چی؟"

"دواتر، من چوومە خوێندنگە ئیدی."

"خوێندنگە؟ کام خوێندنگە؟"

"ئێ خوێندنگەی حکومەتی. خۆ ئێمە پارەمان نەبوو. دایکم دەیگوت خوێندنگە ئەهلییەکان هی لە ئێمە چێترەکانن. باوکیشم دەیگوت لەمەچێترەکان[1] نە، عەلەیهی سەلام."

---

[1] لەمەچێتر، جنۆکە.

"تۆ دەزانیت ئەمانەی دەیانڵێیت واتایان چییە؟"

"ئەمانە کامەیان؟"

"لەمەچێتران، عەلەیهی سەلام."

"ئێ خۆ ئاشکرایە، نە."

"خوێندنگەی دەوڵەتی لە کوێ؟ کام شوێن؟"

"خوێندنگەی دەوڵەتی، ئەنقەرە."

"هەموو ئەم شتانەی کە باست کرد لە ئستەنبول بوو، یان ئەنقەرە؟"

"ئستەنبول، واتە ئەنقەرە، نە، هەر ئستەنبول. خانوومان فرۆشت چووینە ئەنقەرە ئیدی. ئیدی لە ئستەنبول هیچ کارێکمان نەبوو خۆ."

"دایکت لەوێ کارێکی دەست کەوت؟"

"ئەرێ بابە. لە هوتێل. بەڕێوەبەری هوتێل بوو. دەیگوت هەمەکارەی ئەوێیە."

"بەڕێوەبەری هوتێل؟"

"ئەرێ بابە. بەڕێوەبەری هوتێل. هەمەکارەی هوتێل بوو دایکم."

"کام هوتێل؟"

"تونا پالاس."

"دایکت بەڕێوەبەری تونا پالاس بوو؟"

"بەڵێێ. هەمەکارەی ئەوێ بوو. هەر کاتێک دەچووە هوتێل منی بە خاتوونێک دەسپارد. ژنێکی زۆر گەورە بوو. وەکو ئێستای من. هەر کاتێک بێعارییێکم کردبا منی بە بنمیچەکەوە هەڵدەواسی. قاچەکانی لەیەک گرێ دەدام و سەراوبن هەڵیدەواسیم. هەموو دەم دەمویست بێعاری نەکەم، بەڵام لەبیرم دەچوو. کە

هەڵیدەواسیم ژانەسەر دەیگرتم. چاوم دەردەپەڕین. چاوم لە هەمووی زیاتر دەئێشان."

"بە میچدا هەڵیدەواسیت؟"

"ئەری بابە. زۆریشم دەئێشا. ڕۆژێک لای ئەو ژنە قەڵەوە هەڵاتم. پۆلیس بردمیە لای دایکم. دایکم گوتی ئەگەر جارێکی دیکە ڕابکەیت لێت دەدەم. پاشان لێشی دام. من ڕام نەکرد ها، بەڵام ئەو هەر لێی دام. ئەو گوتی ئەگەر جارێکی دیکە ڕابکەیت لێت دەدەم، بەڵام هەر لەوێ لێی دام."

"تەمەنت چەندە؟"

"ئێستا بیست."

"ئەوکات چەندساڵی بوویت؟"

"ئێستا حەوت ساڵ."

"واتە ئەوکات حەوت ساڵە بوویت؟"

"ئەرێ بابە. حەوت ساڵە بووم."

"حەوت ساڵە بوویت. ئەی بۆ نەدەچوویتە قوتابخانە؟"

"ئەمەیان! من نەدەچوومە قوتابخانە؟ ئاشکرایە کە دەچووم. باشیش دەچووم. تازە شەوانیش لەوێ دەمامەوە."

"واتە قوتابخانەکە شەوانە ڕۆژی بوو؟"

"چی بوو؟"

"واتە لەوێ دەخەوتی، دەتخوارد، چاویان لێت بوو، پێت ڕادەگەیشتن..."

"ئەری بابە پێم ڕادەگەیشتن. دایکم پارەی دەدانێ. ڕۆژی ئا ئەمەندە، بەڵام ئەوێش... ئەوێش..."

"ئەوێ چی؟"

"لەوێشدا منیان بە بنمیچەکەدا هەڵدەواسی. بۆیە لەوێ ڕامکرد، بەڵام دیسان پۆلیس منی بردەوە لای دایکم. مامۆستاکە بە دایکمی گوتبوو وا باشترە ئەمە بدەینە خانەی چاکسازی. واتە منیان... مامۆستاکە بە منی گوت: 'وەرە با سواری پاس بین بڕۆین لە پارک بۆ خۆمان بگەڕێین'، بەڵام کاتێکم بینی گەیشتینە بنکەی چاکسازی، گوتی: 'تۆ خولەکێک لێرەدا بمێنەوە تا من دەگەڕێمەوە'، بەڵام خۆ ئەو نەگەڕایەوە. من هەر چاوەڕێم کرد و چاوەڕێم کرد، دیسان هەروا چاوەڕێم کرد، بەڵام ئەو نەگەڕایەوە. ئەوەندە چاوەڕێم کرد، بەڵام هەر نەهاتەوە. چوار ساڵ چاوەڕێم کرد، بەڵام ئیدی ئەو نەگەڕایەوە. من... من... من ئەوم زۆر خۆشدەویست، لە دایکیشم زیاتر."

ئەو خانەیەی چاکسازییە لە کوێی ئستەنبول بوو؟ دەزانیت؟"

"ئەرێ بابە، لە کادی کوی."

"کادی کوی؟ مەگەر نەتگوت لە ئەنقەرە؟ خۆ کادی کوی لە ئستەنبولە."

"بێگومان لە ئستەنبولە. من پێنج ساڵ لەوێ بووم. ئەمەندە ساڵە. پەنجەکانم دەبینیت؟ دایکم هاتە دوام. پاشان دایکم مێردی بەو کابرایە کرد. دوای زەماوەند دوو هەفتە منی بردەوە لای ئەو، بەڵام کابرا نەیهێشت. هەر دەیخواردەوە و مەست دەبوو. هەر مەست دەبوو دەیکێشا بە پشت ملی مندا. هەر جنێوی دەدان. هەر دەیگوت من حەڵاڵ نیم. مێشکی لە سەریدا نەبوو. چما من خواردەمەنیم تا حەڵاڵ بم، یان حەرام؟ دەیگوت من حەرامم... حەرامیم... هەر نازانم چی دەگوت.

بێمێشکێک بوو تاکی نەبوو. منیش ڕامکرد و هاتمە بنکەی چاکسازی، بەڵام ئیدی نەچوومە قوتابخانە. بەخێوکەرەکان دەیانگوت ئیدی بۆ تۆ بەسە."

"چەند ساڵ خوێندت؟ واتە تا پۆلی چەند خوێندت؟"

"تا پۆلی پەنجا. نە نە پێنج. پێنجەم."

"ئێ، ئەی دوایی؟"

"دوایی؟ دوای ئەوە منیان نارده بنکەیەکی چاکسازیی دیکە کە کار بکەم. دەیانگوت ئیدی من بوومەتە پیاو. دەیانگوت ئیدی دەرس بەسە. دەیانگوت دەبێت کار بکەم. وەستاکە هەر دەیگوت پارەکەت دەدەمێ، پارەکەت دەدەمێ، بەڵام نەیدا خۆ. هیچ پارەیەکی پێنەدەدام. مانگ تەواو بوو پێم گوت من پارەم دەوێت. گوتی با ماسی بکڕم ئینجا دەتدەمێ، بەڵام ڕۆیشت و نەگەڕایەوە. هەڵات. منیش... منیش، گریام. زۆر ها، هاوارم دەکرد و دەگریام. پاشان ڕۆژنامەم فرۆشت. دواتر یەکێک گوتی تۆ لێرە لەبەر ئەم سێبەرە دانیشە من ڕۆژنامەکەت بۆ دەفرۆشم و پارەکەت بۆ دێنمەوە، بەڵام پارەی چی، نەیدا. ڕۆژنامەکانی بردن و تێی تەقاند. هەموو ڕۆژنامەکانمی بردن. ناسنامەکەشی بردم. ئاشکرایە کە پارەکە نەداتەوە خۆ ناسنامەکەشم ناداتەوە. پاشان بەخێوکەر لێی دام، هەر کێشای بە سەروگوێلاکمدا و هەر دەیگوت بێکەڵک، بێکەڵک. دەیگوت ئەگەر ناسنامەی کەسێک بدزن ئەوا زۆر خراپ دەبێت، بەڵام خۆ ئەو کابرایە ناسنامەی منی نەدزی. دزی؟"

"ئێستا هەر لەو بنکەیەی چاکسازی پشت پارکەکەیت؟"

"ئەرێ بابە. لەوێم."

"کەی هاتیە ئێرە؟"

**خۆزگە لە زەرافەیان نەدەدا**

"ئێرە؟ ئێرە... ئێرە... ئێرە..."

پشت پارکی مەولانا بنکەیەکی چاکسازی لێیە هەر بەم ناوە، بنکەی چاکسازی مەولانا. هەڵبەت لەودیو پارکەوەیە. واتە لە ڕیزی گۆڕستانەکە. پێشان ئەویَ مەولەوی خانە[1] بووە. حەوشەیەکی خۆڵی گەورەی هەیە. باڵەخانەکەی زۆر کۆنە و دیوارەکانی ڕەنگوڕوویان پێوە نەماوە. میچەکەی بڵندە و پڕە لە نەخش و نیگاری ئەسلیمی و خەتایی[2]. شوێنەکە چەندین ساڵ بوو وێرانە بوو، تا ئەوە کاتەی فەرمانگەی پەروەردەی ناوچەکە، بە هاوکاریی فەرمانگەی تەندروستی و ئەنجومەنی منداڵانی بێسەرپەرشت کردیانە قوتابخانە. هەڵبەت ئەگەر بکرێت پێی بڵێین قوتابخانە. پێم وایە ئێستا دووسەد خوێندکاری لیَ دەبن، هەمووشیان لەو ناتەوا... لەوانەی وەکو ئۆغوزن ئیدی. هەندێک شتیان فێر دەکەن، بەڵام جا ناکرێت پێی بگوترێت قوتابخانە. لە وڵاتی ئێمەدا ڕەوشی توێژی مامۆستایان ئاشکرایە کە چۆنە. ئێستا بیر بکەرەوە لە شوێنێکی ئاوا و بۆ ئەو جۆرە منداڵانە ببیە مامۆستا، بە خوا دەبێت بڵێین خوا خێریان بنووسێت. ڕاستییەکەی من یەک لە باڵی خۆم لە خۆم ڕانابینم. لەگەڵ یەکێک لەو مامۆستایانە بوومە هاوڕیَ. ناوی مامۆستا گوڵ محەمەدی بوو. بە ڕاستی کارەکەیان زۆر سەختە. قوتابخانەیەکی پەڕپووتی وەک کەلاوە، مووچە مەمرە مەژی، منداڵەکانیش کە... مامۆستا گوڵ محەمەدی دەیگوت باشترین شێواز بۆ فێرکردن و پەروەردەی ئەو منداڵانە ئەوەیە کە تێکەڵی خەڵکیان بکەن، بەتایبەت ئەگەر فێری کارێک بکرێن. دەیگوت کاری سەرەکیی ئەم

[1] هەر مەبەست خانەقای دەروێشانە.

[2] دوو جۆر نەخش و نیگارن کە لەسەر گۆزە و قاپ و هیربار و بنمیچی خانوو و گومبەتی مزگەوتان دەنەخشێندرێن.

قوتابخانەیە ئەوەیە کە شوێنێک بۆ کارکردنی ئەو منداڵانە پەیدا بکات. دەیناڵاند و دەیگوت منداڵەکان دەنێرینە لای هەر کەسێک ئازاریان دەدەن دەیگوت ڕاستە ئەو منداڵانە چاویان لە هەقدەست و شتی وا نییە، بەڵام ئەو نامەردانە نەک هەر پارەیان پێ نادەن، بەڵکو لێشیان دەدەن، تەشقەڵەیان پێ دەکەن و تەنانەت جاری وا بووە دەستدرێژیشیان دەکەنە سەر. بێنە بەرچاوی خۆت دەستدرێژیکردنە سەر منداڵێک، ئەویش منداڵێکی ئاوا.

'ئەوێ دەبینیت؟ ئەوێ. ئەوێ مەیدانی شووتییەکانە ها."

"مەیدانی شووتی؟"

"ئەرێ بابە. هەرچی شووتی و کاڵەکە دێتە ئستەنبول، یەکەمجار دێتە ئەوێ. ڕۆژانە ئا ئەمەندە لۆری شووتی دێننە ئەوێ. شووتی دێنن هەر یەکێک ئا ئەمەندە. تا ئێستا شووتی ئەمەندەت بینیوە؟ ماوەیەک بەر لە ئێستا چوومە ئەوێ. یەکێک پێی گوتم دەتوانی شووتی لە لۆرییەکە دابگریت؟ منیش گوتم ئەرێ بابە."

"ئەو شووتیانە لە کوێ دێنن؟"

"لە هەموو جێگایەک."

"ئێ دواتر؟ دواتر لەوێ کارت کرد؟"

"ئەرێ بابە. هەموو ڕۆژێ دەچمە ئەوێ کار دەکەم. شووتییەکان لە لۆری دادەگرم، ئەوانیش دەیگرنەوە. هەموو ڕۆژێ شووتییێکم دەدەنێ و بیست لیرەش. پارەکەش هەموو ئاسنە، پارەی ئاسن باشە وانییە؟"

"بەڵێ باشە. کەواتە کارەکەت ئەوەیە کە شووتی لە لۆری دابگریت، وایە؟"

"ئێستا ئیدی نا. ئاخر پارەکەیان نەدامێ. یەکەم جار دەیان دا ها، بەڵام دواتر پێیان گوتم لە مەخزەن شووتیت بۆ منداڵەکانی بنکە بردوون. ئاشکرایە کە دەیان

بەم. ئاخر منداڵەکانی ئەوێ هاوڕێی منن. ئێ خۆ بنکەی چاکسازی... بنکەی چاکسازی... ماڵی منە."

بە چاودێرەکانی خۆتت نەگوت پارەکەت بۆ بسەنن؟"

"پێم گوتن."

"ئێ ئەوان چیان کرد؟"

"منیان لە بنکەی چاکسازی دەرکرد."

"دەریان کردی؟"

"ئەرێ بابە. گوتیان تۆ تەمەنت بووەتە هەژدە ساڵ. گوتیان ئیدی ناتوانیت لێرە بمێنیتەوە."

"باشە ئەی ئێستا لە کوێیت؟ چ کارێک دەکەیت؟"

"ئێستا وا لێرە. وا لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم."

"نا، مەبەستم ئەوەیە چ کارێک دەکەیت؟"

"هەر لێرەدا کار دەکەم ئیدی. لەوێ هاوینان شووتی، زستانان پرتەقاڵ، بەهار و پایزیش کار لەوێ دەست ناکەوێت."

"لە کوێ دەخەویت؟"

"هەر لێرە ئیدی."

"لەو بیست ساڵەی ڕابردوو... گوتت تەمەنت بیست ساڵە، وایە؟"

"بەڵێ بابە، بیست ساڵیمە."

"لەو بیست ساڵەدا چی لە هەموو شتێک زیاتر هەراسانی کردوویت؟ ئازاری داویت؟"

"من بنکەی چاکسازیم پێ خۆشە. هەر ئەو بنکەیە، بەڵام ئەوان منیان لەوێ وەدەرنا... ئەوان... ئەوان..."

"ئەوان چی؟"

"ئەوان خۆ منیان خۆش ناوێت. ئەگەر منیان خۆشویستایە دەیانبردمە لای خۆیان. دایکم پێم دەڵێت نەخۆشم، بۆیە دەبێ بچیتە بنکەی چاکسازی. دەڵێت ناتوانم بەخێوت بکەم."

"بۆ مەگەر تۆ نەخۆشیت؟"

"ئەرێ بابە. من هەر میز لە بنەخۆم دەکەم. لە هەر جێیەک بێت. لەناو جێ و لە ناو شەرواڵ. لە هەر جێیەک بێت میز دەکەم. دایکیشم قەڵەوە، ئا ئەوەندەیە، ناتوانێت من بشوات. باوکیشم دەترسێتماڵەکەی لێ بسووتێنم."

"بسووتێنیت؟"

"ئەرێ بابە، ئاخر من هەموو دەم جگەرەم بە دەمەوەیە. هەموو شەوێ دەیکێشم. هەموو شەوێک دە دانە جگەرە دەکێشم. باوکم ئێژێ ئەدی ئەگەر جگەرەکەت کەوتە نێو نوێنان. ئێستا ئیدی هیچ جیگایەکم نییە لێی بخەوم."

"ئەی ئەوێ؟ عەمباری شووتییەکان و..."

"لەگەڵیان بەشەڕ هاتم. ئەوانیش گوتیان بڕۆ نەتبینینەوە."

"شەڕ بۆ؟"

منداڵەکان لەوێ دزیان کرد. منداڵە قژزەردەکان دزیان کرد ئیدی. ئەو قژزەردانە هەر هەموویان دزن."

"قژزەردەکان کێن؟"

"ئێ هەموویان قژیان زەردە. ئەوان لە یۆ... یۆ... یۆگسلاڤیا هاتوون."

"یۆگسلاڤیا؟"

"بەڵێ بابە."

"چەندن؟، تەمەنیان چەندە؟"

دە دانەیەک دەبن. ئەمەندە. یەکێکیان دوازدە ساڵەیە. یەکێک چواردە ساڵ. یەکێکیشیان... یەکێکیان دزە. هەموویان دزن. قژزەردەکان هەر هەموویان دزن. ئەوان گوتیان و منیش دزیم، بەڵام خۆ من دزیم نەکرد. تەنیا قژزەردەکان دزیان کرد. هەموویان دزیان کرد. من ترسام. ڕامکردە ئەوێ. چوومە ماڵی نەنەم. دوو مانگان لای ئەوان بووم. ئامۆژنم زۆر باشە، بەڵام شەوێک... شەوێک میزم لەبن خۆم کرد. هەرچی دەکەم میز لەبن خۆم نەکەم ناکریت کە. هەر میز لەبن خۆم دەکەم. مامەم گوتی بڕۆ ون بە، بەڵام من خۆ نەگریام، نە. دواتر هاتمە ئەوێ. ئەوێ، دەیبینیت؟ بە خۆمم گوت ئەگەر لێشم بدرێت ئیدی لێرە ڕاناکەم. مامەم زۆر خراپە. وا دەزانێت کاتێک من میز لەبن خۆم دەکەم پێم خۆشە، بەڵام خۆ من پێم خۆش نییە. من پێم خۆش نییە و ئەویش پێم دەڵێت بڕۆ ون بە. جارێکی دیکە ناچمەوە لای مامەم. ئەگەر لە عەمباری شووتییەکان بشمرم چیدی ناچمەوە لای ئەو. پرتەقاڵ لە شووتی سووکترە. من زۆر حەز لە پرتەقاڵ دەکەم."

"ئێستا لەوێ دەخەویت؟"

"ئێستا؟ زستان لەوێ بووم. باش کارم کرد. شەشسەد لیرەم پاشەکەوت کردبوو، بەڵام بەهارێ هەموویم خەرج کرد ئیدی. ئاخر خۆ بە بەهاران لەوێ کار نییە."

"گوتت ئەو منداڵانەی ئەوێ هەموویان دز بوون، وایە؟"

"ئەرێ بابە."

"ئێ بزانم چییان دزیبوو؟"

"ژنێك."

"چی؟ ژنێک؟"

"ئەرێ بابە. ئەوان هەموویان دزن. قژزەردەکان هەموویان دزن."

"لە کوێیان دزیبوو؟"

"لەو حەوشانەی ئەوێ. خانووەکانی ئەوێ."

"مەگەر لە یەکێک زیاتریان دزیبوو؟"

"ئەرێ بابە. دە دانە. بیست دانە. هەمووشیان سوور بوون."

"ژنی سوور؟"

"ئەرێ بابە، هەموو کراسەکان سوور بوون."

"کراس؟ ئەوان جلی ژنانەیان دزیبوو، یان خودی..."

"ئەرێ بابە. ئاوەڵکراسیشیان دزیبوون. ئەوان هەموویان دزن."

"ئەوان چ کارێکیان بە جلی ژنان هەیە. مەگەر ئەوان کوڕ نەبوون؟"

"هەر تەنیا هی ژنان نەبوو جلی پیاوانیشیان دزیبوو. پاسەوانی یەکێک لەو خانووانە..."

"دەرگەوان."

"بەڵێ بەڵێ. دەرگەوان، بینیبوونی. پاشان پۆلیس هات هەموو قژزەردەکانی لەگەڵ خۆی بردن."

"ئی باشە، خۆ تۆ لەگەڵ ئەواندا نەبوویت؟"

"ئەرێ بابە، من نەبووم."

"واتە دەرگەوان ناوی تۆی نەدابووە پۆلیس؟"

"ئەرێ بابە، نەیدابوو."

"ئەدی کەوایە تۆ بۆ لەوێ ڕاتکرد؟"

"ئاخر من هاوڕێی ئەو منداڵانە بووم. من لەگەڵ قژزەردەکان هاوڕێ بووم. من لەگەڵ هەمووان هاوڕێم. من هەر کەسێکی تازە ببینم دەبمە هاوڕێی. ئێستا تۆشم خۆش دەوێت، بەڵام باوکم منی خۆش ناوێت. هەر پێم نایەماڵەکەی، دەڵێت تۆ دواجار ئەم ماڵە دەسووتێنیت. ئێ خۆ منیش ناتوانم ئەم جگەرە نەفرەتییە تەرک بکەم. پاییزی ڕابردوو هەموو پاشکەوتەکەمم دایە زڕدایکەکەم تا لێنەگەڕێت چیدی باوکم پێم بڵێ بڕۆ لەبەر چاوم ون بە، بەڵام نەیتوانی. ئەویش منی خۆش ناوێت. بەڵێ زڕدایکەکەشم منی خۆش ناوێت. ئەرێ ئەویش جنێو بە دایکم دەدات. جنێوی زۆر پیس. من خۆ لە جنێوەکانی ناگەم، بەڵام دەزانم ئەو جنێوانە پیسن. دایکیشم سەری زمان و بنی زمانی هەر باسی میزکردنەکەی منە. هەر میز لەبن خۆم بکەم پێم دەڵێت بڕۆ بنکەی حەوانەوە. هەرچەندە پێی دەڵێم من بیست ساڵەمە، هەر دەڵێت بڕۆ بنکەی حەوانەوە. ئەرێ بابە من بیست ساڵەمە. ئەوێ باشە. نە کەس هەقی بە جگەرەکێشانەکەمە و نە بە میزکردنەکەم. ئەرێ بابە، ئەوێ زۆر باشە."

"کە گەڕایتەوە ئەوێ ئازاریان نەدایت؟"

"با ئازاریان دام. یەکێک گوتی نە باوکت دەتحەوێنێتەوە و نە دایکت، بەدبەخت. شوفێرێکی لۆرییش گوتی: عەمرت نەمێنێ زرتە زەلام.' ئەو پیرەمێردەش گوتی: 'ماڵی خەراپ سەروە ساحێبییە."

"پێستە هەر دەچێتەوە دەباغخانە."

"ئەرێ بابە، گوتی: 'دەباغخانە'."

"لەوێ هیچ هاوڕێت هەبوون، وەکو خۆت؟ واتە وەکو تۆ..."

"ئەرێ بابە، شەش حەوتێک. هەمووشیان لە بنکەکە دەرکرابوون. ئاخر ئەوانیش تەمەنیان بیست ساڵە. سێیانیان چوونە سەربازی... ئاخر ئەگەر منیشیان ببردایەتە سەربازی چییان لێ کەم دەبوو."

"کەواتە ئێستا بێکاریت؟"

"ئەرێ بابە. تازە لەگەڵ یەکێک لەو شوفێرانەی لۆرییش بە شەڕ هاتووم."

"بۆچی؟"

"ئەو پێی گوتم بچم 'مەواد'[1]ی بۆ بفرۆشم، بەڵام من نەچووم. پێم گوت..."

"مەواد؟"

"بەڵێ بابە گوتی مەوادی بۆ بفرۆشم، بەڵام من ڕقم لە مەوادە. ئەو جگەرە نەفرەتییەش ئەگەر نەبایە ئێستا بۆ خۆم لای باوکم دەبووم. میزەکە هیچی لەگەڵ ناکرێت، بەڵام جگەرە خۆ دەکرا نەیکێشم. زۆربەی ئەو منداڵانەی لەوێ دەردەکرێن دەچن مەواد دەفرۆشن، گیرفانی خەڵک دەبڕن، جزدان دەڕفێنن، هەمووشیان دەبنە چەقۆکێش. هەموو ئەوانەی بۆ ئەو شوفێرەی لۆری کار دەکەن، چەقۆیان پێیە. یارۆ گوتی: 'ئەگەر جارێکی دیکە لەم ناوە بتبینم بەم منداڵانە دەڵێم بە چەقۆ ئەنجنئەنجنت کەن..."

"ئەنجنئەنجن."

"ئەرێ بابە. گوتی: 'ئەنجنئەنجنت دەکەن."

"دایک و باوکت... واتە دایکت... ئەگەر ئێستا بچیتە لای دایکت ناتحەوێنێتەوە؟"

---

[1] مەبەست لە مەواد، مادەی هۆشبەرە..

"ئەری بابە، نا ڕەنگە بشمحەوێنێتەوە، بەڵام من ناونیشانی نازانم خۆ."

"نازانیت؟"

"ئەریٚ بابە، پێی نازانم. تەلەفۆنم بۆی کرد، بەڵام خانمەکە گوتی: 'لێرە نییە.' خۆی ژمارە تەلەفۆنەکەی دامیٚ، کەچی خانمەکە گوتی: 'ئەو کوا لێرە نییە.' جارێک تەلەفۆنم بۆ کرد، بەڵام خانمەکە گوتی... خانمەکە جنێوی پێدام. دایکم ئیدی منی ناوێت. من هی ئەوم ها، بەڵام ئەو خۆ منی ناوێت. چیدیکە بە دوایدا ناگەڕێم. ئەگەر ئەم دنیایەم بدەنیٚ جارێکی دیکە ناچمە لای. ئەگەر میزم لەبن خۆم نەدەکرد..."

"ئەی دایکت؟ دایکیشت نایەتە لات؟"

"ئەو کاتەی لە بنکەکە بووم جارێک هات. پۆلی سێیەم بووم. ئەمەندە."

"تۆ دەزانیت ئەو منداڵانە بۆچی دزی دەکەن؟"

"قژزەردەکان؟"

"هەم ئەوان، هەم ئەوانی دیکەش، واتە گشتیان."

"ئەریٚ بابە. لەبەر ئەوەی هەژارن. بۆ نموونە دایکی دەبێتە هەڵسووڕێنەری هوتێل، کەچی هیچ یارمەتیی منداڵەکەی نادات، یان ڕەنگە بیخاتە بەردەستی ژنێکی بەدڕەفتار بۆ نموونە، ئەو ژنەش هیچ شتێک ناداتە منداڵەکە، نە خواردنێک، نە یاریچەیەک بۆ خۆی یاری پیٚ بکات، هیچ شتێک، تازە بەڵکو دایکەکە بەڕێوەبەری هوتێلیش نەبێت، بەڵکو... بەڵکو لە هوتێل کاری دیکە بکات، لەگەڵ هەر کەسێک کە پارەی بداتیٚ، یان ڕەنگە هەقدەستیشی پیٚ نەدەن لەویٚ، ئەویٚ دەبینیت؟ یان ڕەنگە لەو منداڵانە بدەن، یان تەنانەت... تەنانەت دەستدرێژیشیان بکەنە سەر،

ڕەنگە یەکێک هەڕەشەیان لێ بکات، پێیان بڵێ ئەنجنئەنجنت دەکەم، یان ڕەنگە خەریک بن لە برسان بمرن... یان بەڵکو..."

"لەو عەمبارەی شووتیان نوێنیشت هەیە؟"

"ئەرێ بابە. حەسیرێک کە شوفێری لۆرییەکە دای پێم. ئەوەی کە سمێڵی ئا ئەمەندەیە. پیاوێکی زۆر باشە. خۆشم دوو لێفەم لە زبڵدانەکە دۆزینەوە. بەرگی یەکێکیان هەمووی وێنەی ئاژەڵانە و ئەوەی دیکەش گوڵگوڵییە."

"واتە بەو شێوەیە نەخشێندراون؟"

"بەڵێ، ئا بەو شێوەیە."

"پیسن، وا نییە؟"

"ئەرێ بابە. زۆر پیسن."

"تۆ هیچ کات دەچیتە حەمام؟"

"ئەرێ بابە، ئەگەر پارەم هەبێت بەردەوام دەچمە حەمام."

"جگە لەوانەی لەبەرتن جلی دیکەشت هەن؟"

"نا."

"باشە بۆ ئەو کاتەی پارەت هەیە جل بۆ خۆت ناکڕیت؟"

"ئاخر کوا خۆ پارەم نییە. سێ مانگە ئیشم نەکردووە."

"باشە ئێستا کە کار دەست ناکەوێت دەتەوێت چی بکەیت؟"

"کۆنە کۆ دەکەمەوە و دەیفرۆشم."

"کۆنەش دەفرۆشرێت مەگەر؟"

"ئەرێ بابە. بوتڵی کۆلا، قوتی میوە، قوتی ماسی و..."

"ئەمانە لە کوێ دەفرۆشیت؟"

"لەوێ. هەر کیلۆی بە سێ قرۆش.""ڕۆژانە چەند کیلۆ کۆ دەکەیتەوە؟"

"ئێمە سێ کەسین، پێکەوە ڕۆژی بیست کیلۆ، یان ڕەنگە بیستوپێنج کیلۆ، بەڵام هەموو ڕۆژێ خۆ نایانفرۆشین. هەر دوو سێ ڕۆژ جارێک. هەر کاتێک برسیمان بوو، دەیانفرۆشین."

"تۆ هەر لە سەرەتاوە، واتە لە منداڵییەوە هەر ئاوا قەڵەو بوویت؟"

"نا بابە. یەکەم جار قەڵەو نەبووم. هەر ئەمەندە بووم ئەها. لەو کاتەی چوومە بنکەی حەوانەوە لەوێ قەڵەو بووم."

"بۆ؟ مەگەر لەو بنکەی حەوانەوەیە چیتان دەخوارد؟"

"هەموو شتێکمان دەخوارد. هەموویشی چەور چەور. برنج بە ڕۆن، گۆشت بە ڕۆن، ماسی بە ڕۆن، پەتاتە بە ڕۆن، ئەوەندەمان ڕۆن خوارد کە ئاوا قەڵەو بووین ئیدی. لە بنکەی حەوانەوەی پێشوو خۆ هیچیان نەدەداینێ. تەنیا نان و پەنیر. ئەویش ئەوەندۆکە، بەڵام لێرە هەموو شتێکیان دەداینێ. هەموویشی چەور چەور."

"لەو منداڵانەی کە دەڵێی دزن، هیچیان هاوڕێتن؟ واتە تا ئێستا لەگەڵ منداڵانی دز هاوڕێ بوویت؟"

"ئەرێ بابە. خۆ زۆربەی ئەو منداڵانە دزن. هەمووشیان مەعلانن. دزی وا دەکەن سەرت سوڕ بمێنێت. جا یەکێکیان لەو قژزەردانە هەموو شتێک دەدزێت. هەر شتێکی بیری لێ بکەیتەوە. ناوی... ناوی... ناوەکەیم بیر چووەتەوە، بەڵام لە دزیکردندا کەس شانی لە شان نادات. هەر چییەکی بتەوێت بۆت دەدزێت."

"وەک بڵێی زۆرت بە دڵە، وانییە؟"

"ئەرێ بابە. کارەکەی قسەی لەسەر نییە. هەرچیت گەرەک بێت بۆت دەدزێت."

"دەتوانی بە منی بناسێنیت؟"

"بۆچی؟"

"ئێستا لە کوێیە؟"

"ئێستا چاوەڕێیە کە لۆریی شووتییەکان..."

ئۆغوز وەک ئەوەی نهێنییێکی درکاندبێت، یەکسەر دەستی دانایە سەر دەمی و هیچی نەگوت. لە ئاسمان ڕامابوو و هیچی نەدەگوت.

دە پازدە خولەکێک ئاوا تێپەڕی، کە لەناکاو ئۆغوز دەستی کردەوە بە قسە.

"ئەو شووتیانیش دەدزێت ها. هەموو شتێک دەدزێت، بەڵام لە هەموو شتێک زیاتر بووکەڵەی یاری. ئەوەندە حەزی لە بووکەڵەیە. ئاخر بە منداڵی هیچ کات بووکەڵەی نەبووە. ئەگەر لە جیاتی بووکەڵە شتی دیکەی بدزیایە، ئێستا دونیایەک پارەی هەبوو، بەڵام ئەو تەنیا بووکەڵان دەدزێت. تەنیا."

"زۆر باشە، ئەگەر پێت خۆش نییە من بەو هاوڕێیەت بناسێنێت قەیناکات وازی لێ بێنە. هەر باسی خۆتم بۆ بکە."

"لە بارەی خۆم؟ ئەگەر ئەمڕۆکەش چەند کیلۆ شڕەوبڕە کۆ بکەینەوە دەبێتە پەنجا شەست کیلۆ. سبەی دەیانفرۆشین."

"دەڵێن تۆ، لەسەر هیچ کارێکدا بەردەوام نابیت. واتە مانگێک درێژە ناکێشێت و جێی دێڵیت و دەڕۆیت. ڕاست دەڵێن؟"

"ئەرێ بابە. وەی ئەگەر دەچوومە سەربازی..."

"لەوێ چی دەکەیت جا؟ دەزانیت کە سەربازی لە مانگێک زیاترە؟"

"ئەوە جیاوازە. ئەگەر بمبەنە سەربازی لەوێ دە ساڵ دەمێنمەوە. ئا ئەمەندە. ئەمانە خۆ پارە نادەن. هەر جنێو دەدەن. پارە نادەن، بەڵام جنێو دەدەن. دواتریش... دواتریش لێدەدەن، لێدان."

"لە تۆشیان داوە؟"

"ئەرێ بابە. خۆ هەر لێ دەدەن."

"کێ؟ ئاخر بۆ؟"

"بەر لە هەموویان دایکم. هەر دەیگوت: 'ئەوەندەت لێ دەدەم تا دەبیتە بنیادەم.' دایکم زۆری لێ دەدام."

"ئێ دایکت بۆ؟ مەگەر تۆ چیت دەکرد کە دایکت ئاوا لێی دەدایت؟'

"جارێک دونیایەک شیرینی بۆ دروست کردبووم. خۆی گوتی هەمووی بۆ تۆیە. منیش بردمە بەردەم سینەما هەموویم فرۆشت. ئەویش لێی دام. زۆری لێ دام. خۆیشی گوتبووی هەمووی هی تۆیە..."

"هەمووی دابوو بە تۆ کە بیانخۆیت، نەک بیانفرۆشیت."

"ئەرێ بابە. جگە لەوە ئێوارە میوانیشمان هەبوون. دونایەک میوان، بەڵام ئیدی شیرینیمان نەبوو کە..."

"باشە ئاخر بۆ فرۆشتنت؟"

"ئاخر هەردووکمان دەمانویست بچینە سینەما."

"هەردووکتان؟"

"ئەرێ بابە. لەگەڵ براکەم ئیدی."

"بۆ چما تۆ برات هەیە؟"

"برا؟ نیمە. واتە هەمە، بەڵام نیمە. کوڕی دایکمە ئێ. واتە کوڕی باوکمە. ئەو باوکەکەی دیکەم ها. مێردی دایکم."

"زڕباوکت."

"ئەرێ بابە."

"کەواتە ئەوە زڕبرات بووە؟"

"ئەرێ بابە."

"ئێ؟"

"ئێ چی؟"

"دەتانویست بچنە سینەما."

"ئەرێ بابە. هەموو شیرینییەکانمان دایە ئەو کابرایە کە ڕووناکی لە ڕوخساری خەڵکەکە دەدات. ئەویش لێ گەڕا بچینە ژوورەوە."

"ئێستا ئەو برایەت لە کوێیە؟"

"لەوێ، لە بنکەی حەوانەوە."

"ئەویشیان دایە بنکەی حەوانەوە؟"

"ئەرێ بابە. دایکم هێنایە لای من و پێی گوتم چاوم لێی بێت. من خۆم ئەوکات ئەمەندە بووم. ئاخر چۆن دەمتوانی ئاگام لەو بێت!"

"قەت سەری لێ دەدەیت؟"

"ئەرێ بابە. ئەگەر پارەم هەبێت زوو زوو دەچم. ئاخر ئەویش هەر پارەی دەوێت. خۆ منیش نیمە. خۆم ڕۆژانە تەنیا سێ پاکەت جگەرە دەکێشم، ئێ خۆ نانێکیش بکڕیت دەکاتە بیست لیرە، بەڵام ئەگەر پارەم هەبێت زوو زوو دەچمە

لای. منداڵێکی زۆر باشە. جگە لەوە... جگە لەوە خۆ ئەو میزیش بە خۆیدا ناکات."

"لە کوێ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەت ئاشنا بوویت؟"

"لە بنکەی حەوانەوە ئیدی. لەوێدا بووینە هاوڕێی یەکدی. واتە هەم ئاشنا بووین و هەم بووینە هاوڕێش. لە بنکەی حەوانەوە پێکەوە بێعاریمان دەکرد."

"بێعاریتان دەکرد؟"

"ئەرێ بابە. جارێک جەژنی قوربان بوو..."

"جەژنی قوربان."

"ئەرێ بابە. مەڕێکیان لە بنکەی حەوانەوە سەر بڕی. ئێمە سەرەکەیمان دز... واتە هەڵمانگرت و بردمان فرۆشتمان. سێ لیرە. ئەوەندە. ئێمە سێ بووین هەر یەکەو لیرەیەک."

"شتی دیکەشتان لە بنکەی حەوانەوە دەدزی؟"

"ئەرێ بابە. دەفتەر، قەڵەم، کتێب، مەسینە، دەمپایی، کورسی..."

"ئێ بەڵام خۆ تۆ دەزانیت دزی کارێکی باش نییە."

"ئەرێ بابە، بەڵام ئاخر من پارەم دەویست. ئێ ئەوانیش پارەیان نەدەدا. دایکیشم نەیدەدا. من هی دایکم بوو ها، بەڵام پارەی نەدەدا. ئەگەر 'واژێربازی'یمان بکردبایە ئیدی پێویست نەبوو کە دزی..."

"واژێربازی چییە؟"

"واژێر ئیدی. پارە ئاسنەکان لەسەر یەک هەڵدەچنیت. پێنج لیرە، دوو لیرە، یەک لیرە، تەنانەت بە قرۆشیش دەکرێت. پێنج هەنگاو لێی دوور دەکەویەوە. ئەمەندە.

هەر کەسێکیش دوو دانە، یان سێ دانە سکە دەهاوێت، تەنیا هەر ئەوەندە. ئینجا ئەو سکەیەی بە دەستتەوەیە بۆی هەڵدەدەیت. ئەگەر پێی کەوت ئەوا هەموو سکەکان دەبنە هی تۆ. ئەگەر سکەی کەسیشی پێ نەکەوت، هی کێ لە هەموان نزیکتر بوو دەست پێ دەکات. لە سکەکان دەدات هەر سکەیەک هەڵگەڕایەوە دەبێتە هی تۆ. ئەگەر سکەکە کەوتە خوارەوە دەدۆڕێیت. ئەگەر هیچ سکەیەکیش هەڵنەگڕایەوە دیسان هەر دۆڕاویت."

"کەواتە جۆرە قومارێکە."

"ئەرێ بابە. تەنانەت هەندێ ڕۆژ دەتتوانی... واتە هەندێکیان دە لیرەشیان دەبردنەوە. ئائەمەندە."

"ئەی تۆ؟ دەتبردەوە، یان دەتدۆڕاند؟"

"من؟ من خۆم یاریم نەدەکرد، بەڵام کوڕێک هەبوو کە هەر دەیبردەوە. کوڕێک بوو هەموو جارێک هەر ئەو دەیبردەوە."

هەرچی هەوڵم دا ئۆغوز ناوی ئەو کوڕەی پێ نەگوتم و نەگوتم. تەنیا دەیگوت قەڵەوێکە، باوکی خۆشی ناوێت. دایکیشی خۆشی ناوێت، ئەگەرچی کوڕی ئەویشە!...

"ئەگەر هەموو ڕۆژێ یارییان دەکرد کە... هەفتەیەک دوو هەفتە جارێک. تازە خۆ ئیدی کەس لەگەڵ ئەو کوڕەدا یاری ناکات."

"بۆ؟"

"ئاخر تەمەنی بووەتە بیستساڵ ئیدی. منداڵەکان پێیان خۆشە لەگەڵ منداڵان یاری بکەن نەک لەگەڵ گەورەکان."

"پرسیارێک بکەم دڵگیر نابیت؟"

## خۆزگە لە زەرافەیان نەدەدا

"نە بابە دڵگیر نابم. بپرسە."

"تۆ زیاتر، لە کارکردن پارەت بەدەست دەهێنا، یان لە دزیکردن، یاخود لە واژێر؟"

"ئێ واژێر. مەگەر ئەمە تاکە یاریی منداڵان نەبوو... ئەگەر هەموو ڕۆژێ یارییان بکردایە، من ئێستا ئەمەندەم پارە دەبوو."

ئەمەش جۆرە بەدبەختییێکە بۆ خۆی. کارێک، پیشەیەک بزانیت کە تەنیا بە کەڵکی قۆناغی منداڵیت بێت. واتە کاتێک کە گەورە بوویت ئیدی ئەو کارە بە دەردت نەخوات. هەموو کارێک پەیوەندیی بە ئەزموون و بەردەوامییەوە هەیە، جگە لەو کار و پیشەیەی کە ئۆغوزی بەدبەخت دەیزانی.

"من بە چاو بەستراوییەوە یاریی واژێر دەکەم. بەم شێوەیە. هەمووی دەبەمەوە، بەڵام حەیف هەموو ڕۆژێ یارییەکە ناکەن. ئەگەر ئەوەندە گوشتم نەبایە دیسان ڕەنگ بوو منداڵەکان یارییان لەگەڵدا کردبام، بەڵام بەمشێوەیە هیچ منداڵێک ئامادە نییە یاریم لەگەڵدا بکات."

ئۆغوز ئەوەندە باسی واژێری بۆ کردم و بۆ کردم تا هەمووی خستە دەستمەوە و گوتی: 'دەزانیت لە واژێردا کێن ئەوانەی هەمیشە دەیبەنەوە؟ تەنیا ئەوانەن کە خوا خۆشی دەوێن. ئەرێ بابە ئەگەر خوا خۆشی نەوێیت خۆ ناتوانیت هەر ببەیتەوە و ببەیتەوە."

پاشان لەپڕ حەوت هەشت وێنەی لە گیرفانی شەلوارەکەی دەرهێنان. سەرەتا خۆی سەیرێکی کردن و ئینجا یەکە یەکە لە پێش چاوی منیشی ڕاگرتن و گوتی: "وەرە. وەرە تۆش بیانبینە. ئەمەیان دەبینیت؟ ئەمە هەمان ئەو شوێنەیە کە کاری تێدا دەکەم. شووتییەکان دەبینی؟ سەیرکە ئەمەشیان بنکەی حەوانەوەیە. دەیبینیت؟

خەریکی یاریی واژێرین. ئەمەشیان... ئەمەشیان لەناو زیندانە. دزیم نەکردبوو ها. من هیچ کات دزی ناکەم. ئەمەشیان..."

"تۆ هەمیشە جلی سەربازی لەبەر دەکەیت، وایە؟"

"ئەرێ بابە."

"حەزت لە جلی سەربازییە وایە؟"

"ئەرێ بابە. لە منداڵییەوە حەزم لێیەتی. ئەگەر دەیانبردمە سەربازی..."

"بۆچی ناتبەن؟ لەبەر قەڵەوییەکەتە؟"

"ئەرێ بابە. دەڵێن زۆر گۆشتت هەیە."

"ئێ دە تۆش کەم بخۆ. خۆت لاواز کە."

" من ئاویش بخۆمەوە قەڵەو دەبم. خۆ ناشتوانم ئاو نەخۆمەوە. دەتوانم؟"

"شتێک بپرسم ڕاستیم پێ دەڵێیت؟"

"ئەرێ بابە."

"لە واژێردا چەندت دەبردەوە؟"

" زۆر. جارێک نۆسەد. جارێکیش دوو هەزار دانە. ئەرێ بابە."

"ئەو هەمووە؟ ئەو هەمووەت لە چەند کەس بردەوە؟"

"منداڵەکان هەیان بوو، هەموویان. لەو پارەدارانە بوون، هەموویان. لە هەموویانم بردەوە. یەک یەک لە هەر هەموویان."

"کەواتە هی بنکەی حەوانەوە نەبوون؟"

"نە بابە. منداڵانی بنکەی حەوانەوە ئەو هەموو پارەیان لە کوێ بوو. ئەوان هەموویان دەوڵەمەند بوون. ئەم قەڵەوییەش لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد ئیدی. بەو دوو هەزار دانەیە چەند ڕۆژ خواردنی هەموو منداڵانی بنکەی حەوانەوەم کڕی.

بۆی دانیشتم بە تەنیا هەر هەموویم خوارد. خواردنی بیست کەسم بە تەنیا خوارد. ئێ ئاخر برسیم بوو."

"ئەو برایەت، مەبەستم زڕبراکەتە، ئێستا تەمەنی چەند ساڵە؟"

"من لوتفیم زۆر خۆش دەوێت، بەڵام ئەو منی خۆش ناوێت. منداڵێکی باشە ها، بەڵام منی خۆش ناوێت."

"کەواتە ناوی لوتفییە."

"ئەرێ بابە."

"ئەی ئێستا؟ سەردانی دەکەیت؟ واتە لەو کاتەوە کە لە بنکەی حەوانەوە دەرکراویت دەچیتە لای؟ دیارییەک، پارە و پوولێک شتێکی بۆ دەبەیت؟"

"ئەرێ بابە. ئەگەر هەمبێت بۆ نەیبەم. خۆ برامە. ئەو منی خۆش ناوێت، بەڵام خۆ من ئەوم خۆش دەوێت. بەداخەوە ئێستاکە پارەم نییە. چی بۆ ببەم؟ خۆ ئێستا من هیچ پارەیەکم نییە. ئەگەر پارەم هەبایە هەموو ڕۆژێ دەچوومە لای. ئەویش وەکو منە. چاوەکانی، لچ و لێوی، ئێرەی. هەموو شتێکی وەکو منە، بەڵام قەڵەو نییە. ئەگەر ئەو واژێرە نەفرەتیە نەبایە و ئەو دوو هەزارەم نەبردبایەتەوە منیش ئێستا ئاوا قەڵە نەدەبووم. ئەو سێزدە ساڵەیە. ئەمەندە. ئەگەر پارەم هەبایە هەر ئێستا دەچوومە لای، بەڵام خۆ پارەم نییە. ئەگەر بە بێ پارەش بچم لوتفی عاجز دەبێت ئیدی."

"گوتت ئەو کوڕە کە لە دزیکردندا تاکی نەبوو، هەر بووکەڵەی دەدزین، وایە؟"

"ئەرێ بابە. تەنیا بووکەڵە."

"منداڵەکان دەڵێن تۆش زۆر حەزت لە بووکەڵە بووە. ڕاست دەکەن؟"

"ئەرێ بابە. ئەم سەگە دەبینیت؟ ئەمەیانم لە هەمووان زیاتر خۆش دەوێت، تەنانەت لە سەربازییش زیاتر. لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە هەمە. ئەگەر ون ببێت... نا ئەمە هیچ کات ون نابێت نا."

"کێ بۆی کڕیویت؟"

"هیچ کەس. ئەو کاتەی تەمەنم حەوت ساڵان بوو لە گەڕەکەکەمان، لەبەردەم ئەو هوتێلەی کە دایکم کاری تێدا دەکرد، بووکەڵەفرۆشێک هەبوو کە هەموو شتێکی هەبوو؛ تفەنگ، ترومبێل، بووکۆکە، ئاژەڵیش هەرچی بڵێی. سەگی هەبوو، پشیلەی هەبوو، مانگای هەبوو، دانەیەکیش... دانەیەکیش... بەڵێ دانەیەکیش زەرافەی هەبوو. ئەوەندە گەورۆنە. درێژ بوو. پنک پنک بوو. زۆر حەزم لێی بوو. هەموو ڕۆژێ دەچوومە پێش مینابەندەکە و ڕادەوەستام و سەیرم دەکرد. شەوان هەر خەونم پێوە دەبینی. بەیانییێک چووم کە بیبینم، سەیرم کرد کابرا لەوێ نییە. نە فرۆشیارەکە و نە شاگردەکە. منیش چوومە ژوورێ. چوومە لای زەرافەکە. ملیم گرت و خەریک بووم بڕۆم، لەپڕ یەکێک لە دوامەوە هاواری کرد. من هەڵاتم، زەرافەکەشم بە دەستەوە بوو. هێشتا نەگەیشتبوومە دەرکەی دووکانەکە کە خاوەن دوکان هاتە ژوورەوە. ئیدی شاگردەکەش لە دواوە گەیشتبووە سەرم. زەرافەکەیان لە دەست دەرهێنام و تێروپڕیشیان لێ دام. زۆر خراپیش لێیان دام. زۆر خراپ."

"ئێ پاشان؟"

"پاشان پیرەمێردێک لەبەر دەستی ئەوانی دەرباز کردم. منیش ڕامکرد و چوومە پارکی لێوار دەریا. لەبن دارێک دانیشتم و ئەوەندە گریام تا خەوم لێ کەوت.

دواتر خاتوونێک کە خۆی وەکو مەترسەک[1] هەڵخستبوو، خەبەری کردمەوە. پەرداخە شەربەتێکیشی بۆ کڕیم. ئەو زۆر باش بوو. لە پارکەکەدا کاری دەکرد. دونیایەک بووکەڵەی ئاژەڵ لە پشت سەری بوو، تفەنگێکیش بەرامبەری. خەڵکەکە پارەی دەدایێ و نیشانەیان لە بووکەڵەکان دەگرت. هەر دانەیەکیان بپێکابا دەبووە هی خۆیان. وەکو من کە هی دایکم بووم. تا من شەربەتەکەم خواردەوە منداڵێک هاواری کرد زەرافە. ئاوڕم دایەوە بینیم خاتوونەکە لەنێو شتەکانیدا زەرافەیەکی هەبوو ڕێک وەکو ئەو دانەیەی دوکانەکە."

"ئێ."

"پاشان پیاوێک هات کە هەر سەیری خاتوونەکەی دەکرد و پێدەکەنی. خاتوونەکە پارەی لێ وەرنەدەگرت. ئەو کابرایەش هیچ تەقەی نەدەکرد. تەنیا تەماشای یەکدیان دەکرد و پێدەکەنین. ئینجا پیاوەکە پێی گوتم کامە لەو ئاژەڵانەم دەوێ تا بۆمی بپێکێت. منیش خێرا گوتم زەرافە. ئینجا پیاوەکە تەقەی لێ هەستاند بەم سەگە کەوت. ئەم سەگەی دایە من. من سەگەکەم خۆش دەویست، بەڵام زەرافە شتێکی دیکەیە ئیدی. پاشان پیاوەکە پێی گوتم سبەینێ بێمەوە ئەوێ تا زەرافەکەم بۆ بپێکێت."

"چوویت؟"

(ئەرێ بابە. من سەرلەبەیانییەکەی چوومە ئەوێ. هێشتا پیاوەکە نەهاتبوو. ئەو خاتوونەش لەوێ نەبوو. خاتوونێکی دیکە لە شوێنی ئەو لەوێ بوو، کە هیچیش جوان نەبوو. چەند کەسێکی دیکەش لەوێ بوون، خەریکی تەقەکردن بوون.

[1] مەترسەک، داوەڵ، دۆلقەک.

هەمووشیان دەیانویست ئەو زەرافەیە بپێکن. پیاوەکەش هەر دیار نەبوو. من لەو گۆشەیە ڕاوەستابووم و هەر لەبەر خۆمەوە دەمگوت: 'خوایە بۆیان نەکرێت زەرافەکە بپێکن. خوایە هیچ کامیان نەتوانن زەرافەکە بپێکن.' پیاوەکەش هەر نەدەهات. پاشان پیاوێک هات و لەو خاتوونەی پرسی: 'ئەی ئامینە لە کوێیە؟' ئەویش گوتی: 'هەر مەپرسە و باسی مەکە.' پاشان گوتی ئامینە ڕەدوو کابرایەک کەوتووە و چوونەتە ئانتالیا. من خۆ ئامینەم نەدەناسی. ئەو پیاوەشم نەدەناسی کە ئامینە بەدووی کەوتبوو. ئەو قسانەی ئەمانەم هەر بەلاوە گرنگ نەبوون. تەنیا لە دڵی خۆمدا دەمگوت: 'خۆزگە زەرافەکە نەپێکن. خۆزگە زەرافەکە نەپێکن.' کە... کە لەهیکەوە... کە دواجار یەکێک... یەکێک گوتی... یەکێک گوتی... ئەرێ بەخوا دواجار پێکام.')

## شەوێکی زۆر گەرم

کاتژمێر سێی نیوەشەو بوو و من وەک هەمیشە لەنێو چیمەنە ڕووەو لێوارەکانی پارکی فلۆریا پیاسەم دەکرد. ئاوی دەریا هەڵنەکشابوو و ئەو شنەیەی کە شەماڵ دەیهێنا، بۆنی خوێی دەدا و قوڕ و لیتەی لێوار لەم وەرزەی ساڵدا ئاسایی بوو. تاریکایی شەو هێواش هێواش ڕەنگی خۆی لە دەست دەدا و لە لای 'عەمبارلی'یەوە چەند چرایەک بە کزی داییسان. ئەگەر ڕووەو دارکاجەکانیش وەستابایت چرای بورجەکانی فرۆشگای 'یشیل کوی' سەرەدیقانەیان لەگەڵدا دەکردی و لامپە ڕووناکیپژێنەکانی ئەو فڕۆکانەی کە نیشتبوونەوە، یان خەریک بوو بفڕن، بەتایبەت ئەو فڕۆکانەی لەلای دەریاوە دەهاتن و ڕوویان لە من بوو، هەندێک جار تیسمارێک لە ڕووناکییەکەیان لە ئاوی دەریاکە ڕەنگی دەدایەوە. کەشتییێکی گواستنەوەی خەڵکیش لە تەنگەبەرەکەوە ڕەت دەبوو، کە بە گلۆپی

گەورە گەورە ڕازاندرابووەوە و دەریای بە هەموو وردەکارییەکانییەوە پەنجا شەست مەترێک کردبووە نوێژی نیوەڕۆ. هەڵبەت وردەکاری بڵێم چییە. ئاو کە لە هەڵکشاندا نییە و لە خوارەوەیە، دەریا وەکو دەشتێک وایە، تاریک و کاکی بە کاکی. کە کەشتییەکە ئاژێری لێدا، ئینجا تێبینی ئەو بەلەمەم کرد کە ڕەنگە هی ماسیگرەکان بووبێت. فڕۆکەیەکی ئیرباس کە خەریک بوو بەرز دەبووەوە، چەند سەگێک لەو دەوروبەرە دەحەپین و بایێک کە لە گوێمدا گڤەگڤی دەهات، من ئیدی بۆم دەرکەوت و سەرنجم دا کە ئیدی شەوەکانیش ئەو کپی و کشوماتییەی جارانیان نییە.

لە دەنگی کەوشە چەرمییەکانم و پانتۆڕە کاوبۆییەکەم کە بەسەر چیمەنەکەدا دەڕۆیشتم، جیرجیرۆک و کرمی گوڵەستێرە لە چەپ و ڕاستمەوە هەڵدەفڕین و بەملا و ئەولادا دەڕۆیشتن و لە چاوقوچانێکدا ون دەبوون. کاتێک لەژێر دارتێلێک تێدەپەڕیم، لەپڕدا شەمشەمەکوێرەیەک بەسەر سەرمەوە هەڵفڕی و زەندەقی بردم. بەرەو ناوەڕاستی پارکەکە، کە لەو دیو لێوارەکەوە بوو، شۆڕم کردەوە، لەناکاو بایەکە وەستا و هەوایەکی گەرم ئەو ناوەی داگرت، بایەکی هوڕە وەک ئەوەی کەسێک دەموچاوت بلێسێتەوە، ناوەڕاستی پارکەکە، کە بەرزاییەکەی لە هەموو جێگاکانی دیکەی ئەوێ نزمترە، هەم سەروسەدای کەمتر بوو و هەم ڕووناکی. کە کەمێک چوومە پێشتر، لەژێر داربییێکدا تروسکاییێک دای لە چاوم، یەکەم جار وامزانی کرمی گوڵەستێرەیە، بەڵام کە باشتر لێی وردبوومەوە، بینیم زیاتر بە ئاگری جگەرە دەچێت تا کرمی گوڵەستێرە، چونکە هەر گەش دەبوو و کز دەبووەوە.

دەنگی بەرز و لێککشاوەی ئەو فڕۆکەیە کە خەریک بوو لە فڕۆکەخانەی یشیل کویدا دەنیشتەوە نەما، هەستم کرد گوێم لە چپەیەک دەبێت. هێشتا زیاتر

نەچووبوومە پێش کە بینیم بەڵێ، دەنگی چپەچپە و ترووسکاییەکەش تروسکایی جگەرەیە.

یەک دوو مەترێک چوومە پێشتر و گوتم: "سڵاو." حەوت هەشت سێبەری نارێک لێک ئاڵان، بەڵام هیچ دەنگێکیان لێوە نەهات، بۆیە دووبارە و ئەم جارەیان بە دەنگێکی بەرزتر گوتم: "سڵاو." ئەم جارە هەموویان هەستان، بەڵام دیسان هیچ وەڵامێکیان نەدامەوە. ئیدی بە باشی دەکرا بیانبینم. چەند هەنگاوێکیان لێ چوومە پێش و گوتم: "سڵاو، بەم درەنگانەی شەو لێرە چی دەکەن؟" یەکێکیان گوتی: "هیچ."

یەکێکی دیکەش لێی وەرگرتەوە کە دەنگی قەبەتر و گڕتر بوو وەک ئەوەی لەبنی قورگییەوە دەری ببڕێت گوتی: "بە تۆ چی؟" لەگەڵ ئەوەیدا جەسوور و بەهێز دەینواند، کەچی دەتتوانی ترس لە چاوەکانیدا بەدی بکەیت. گوتم: "هیچ. بێرەدا تێدەپەڕیم، ئاگری جگەرەکانتانم بینی و ..." یەکێکیان کە لە هەموویان کورتەباڵاتر بوو، کەمێک لێم نزیک بووەوە و گوتی: "من ئەمە دەناسم."

"من دەناسیت؟ لە کوێ دەمناسیت؟"

"هەر لێرە. زۆربەی شەوان لێرەیت. بە خۆم چەند جارم بینیویت."

"ڕاستە من زۆربەی شەوان لێرە پیاسە دەکەم. ئەی تۆ؟ تۆ بۆچی لێرەیت؟"

بزەیەکی هاتێ، یان ڕەنگە من وام هەست کردبێت، چونکە ئەودەم سەیری سیمای ئەوم نەدەکرد. کەمێک منەمنی کرد و گوتی: "ئێرە ماڵی منە. من هەموو شەوێک لەژێر ئەم درەختەدا دەخەوم، تۆش هەموو شەوێک بە بەر چاوی مندا

بێرەدا تێدەپەڕیت. گۆچانێکیشت بە دەستەوەیە هەندێ جار. شەوێک تا بەرەبەیان چاودێریم کردیت، بەڵام تۆ هیچ تێبینیت نەکرد."

"ئێ، بۆچی چاودێریت دەکردم؟"

"هەر ئاوا. ئەو شەوە هیچ یەک لە کوڕەکان نەهاتبوون، گوتم بەڵکو دوو قسە پێکەوە بکەین کەچی تۆ..."

"ئەی بۆ قسەت لەگەڵ نەکردم؟"

"نازانم. شەرمم کرد، یان ڕەنگە ترسابم. تۆش بە شێوەیەک پیاسەت دەکرد دەتگوت یەکێک بە دواتەوەیە. تا بەردەم شێرەی ئاوەکەی لای پاسەوانەکان بەدواتەوە بووم، لەوێ ئاوت خواردەوە و چوویتە لێواری دەریا، لەوێ دەست و دەموچاوت شوشت، پاشان دووبارە گەڕایتەوە بەرەو پارک و بە تەنیشتمدا تێپەڕیت، لێ وەک بڵێی تێبینیت نەکردم. وابزانم خەیاڵاوی بوویت. واتە سەیر چووبوویتە نێو خەیاڵەوە. تا 'باسێن کوی' بەدواتدا هاتم. تا بەردەم دەرگای باڵەخانەکەت. تا چوویتە ژوورەوە و منیش گەڕامەوە ئێرە. بیرمە ئەو شەوە لەبەر خۆمەوە دەمگوت ئەم بابایەش گرفتێکی هەیە وەکو ئێمە."

"ئەگەر ئێستاش حەزت لە قسانە با بچینە خوارەوە، ڕۆخی لێوارەکە."

"بابچین."

هەمووومان پێکەوە بەڕێ کەوتین. کاتێک گەیشتینە نیوتەختێک کە لەژێر دار چنارێک داندرابوو، وەک ئەوەی پێشتر هەماهەنگیمان کردبێت، هەمووومان ڕاوەستاین و من و ئەو کوڕەی چاودێری کردبووم لەسەر نیوتەختەکە دانیشتین، ئەوانی دیکەش لەسەر چینچکان ڕوو لە چیمەنەکە بەدیارمانەوە دانیشتن. من نەبێت

ئەوان گشتیان جگەرەیان بەدەستەوە بوو، بۆیە منیش خێرا دانەیەکم پێچایەوە و خستمە کونجی لێومەوە. ئیدی ڕوخساری هەموویانم بە باشی دەبینی، کە پڕ لۆچ و دەبۆی خەم و کۆڤان بوون. لێویان قەڵشیو بوون و قژیان پیس و ئاڵۆز. باس لە جلەکانیان هەر ناکرێت، چ بۆنێکیان لێ دەهات. بۆ ئەوەی بێدەنگییەکە بشکێنم و بە شێوەیەک سەری قسان بکەمەوە گوتم: "ئێوە کێن؟ چ کارەن؟"

ئەوەی لە هەموویان گەورەتر بوو، لاوازێکی باڵابەرز بوو، سمێڵێکی قەیتانیشی هەبوو، پاژنەی پێڵاوەکەی کە پێڵاوێکی گالشی سپی لە پێ بوو، چەقاندبوویە عەرزەکە و چاوە گەورە و ڕەشەکانی کە دەتگوت دوو بڵێسەی ئاگرن دەبریسکانەوە، بە فیزێکەوە نیگایەکی کردم و گوتی: "ئێمە ئێمەین ئیدی." پاشان ئەوەی دیکە هەر ئەوەی کە چاودێریی منی کردبوو، گوتی: "ئێمە کەسوکارمان نییە. هەروا ماڵ و ژیانیش. چوزانم هەڵاتووین، ئاوارەین، دەربەدەرین..."

هەر یازدە ساڵێک دەبوو و واپێدەچوو لە هەموویان بچوکتر بێت. ئەوەی لەو گۆڕە بەرامبەرم دانیشتبوو و پێڵاویشی لە پێ نەبوو، گوتی: "جگەرەیەکی دیکەم دەدەیتێ؟" هەر بە مژی یەکەم نیوەی جگەرەکەی هەڵمژی. بە جۆرێک مژی لێ دەدا دەتگوت هەناسەی قووڵ هەڵدەمژێت.

گوتم: "هەمووتان؟"

سمێڵ قەیتانییەکە سنگی ساف کردەوە و گوتی: "بەڵێ هەموومان."

بە شێوەیەک سەیری دەکردم دەتگوت بکوژێکی بابەکوشتەی بم، یان دوژمنێکی نامووسی.

یەکێک لە دواوە گوتی: "خۆ پۆلیس نیت؟"

ئەوەی کە چاودێری کردبووم، وەک ئەوەی لایەنگرییێک لە هاوڕێ کۆنەکەی بکات، گوتی: "دەبەنگ پۆلیس کەی ئاوان؟ تۆ تا ئێستا پۆلیست بینیوە تا نیوەی شەو لێرە بخولێتەوە؟ لێرە لەگەڵ ئێمە دابنیشێت؟"

"نەمبینیەوە، بەڵام ئەمە بەس نییە."

"دە هەستە لێرە پیسی بۆگەنی، دیسان نازانیت چ دەڵێیت."

"خۆت پیسی بۆگەنیوی. ئەمە هەر دیارە کە پۆلیسە، ئەگەرنا لەم وەختەی شەوەدا لێرە چی دەکات. ئاشکرایە کە چاودێریی ئێمەی کردووە."

"من؟ ئاخر بۆ دەبێت چاودێری ئێوە بکەم؟"

"ئێستا چی دەڵێیت بۆگەنی؟ ئاخر چاودێری چ شتێکی تۆ بکات بەدبەخت؟"

"ئێوە هەمیشە هەر لێرەن؟"

سمێڵ قەیتانییەکە گوتی: "ئێمە ماسیگرین. هەمیشەش کارپ ڕاو دەکەین، لەوانەی پوولەکەزەرد. وەستاکەم خوای ماسیگرەکانە."

"وەستات کێیە؟ من هەموو ماسیگرەکانی ئەم دەوروبەرانە دەناسم."

"ئێ... ئێ.. عەلی. وەستا عەلی."

هیچ ماسیگرێک بە ناوی عەلی لەم دەوروبەرە نەبوو. تەنانەت لە دانیشتوانی لێوارەکەش کەسم بە ناوی عەلی نەدەناسی. دڵنیابووم نە لەنێو ماسیگرەکانی کەنداوەکە، نە لەنێو ماسیگرەکانی تەنگە کەس بە ناوی عەلی نەبوو.

"ئێ... دەبێت وەستای من ببینیت. ئەوە کارەکەیەتی ها. سێ دانە بەلەمی هەن. خۆ نووری دەناسیت؟ سەرۆکی بەندەری پارک دەڵێم. ئەوەی کە خۆی بە کەسێک دەزانێت. لە بەرامبەر وەستای ئێمە هیچ نییە. وەستام جگە لەوەی کە پارەیەکی باشم

دەداتێ، لە هەر تۆڕێکیش حەوت هەشت ماسی پشکی منن. هەمووشیان کاڕپ، لەو پوولەکەزەردانە. من لەبەر خاتری تۆغرۆل لێرەم. یەکێکە لە هاوڕێ دێرینەکانم. شەش ساڵ دەبێت دەیناسم. ئەگەرنا من لە ماڵی وەستام دەژیم."

تا بەیانی دا لەوێ ماینەوە و جگەرەمان کێشا و قسەمان کرد. کە هەتاو لێی دان ئەوسا پیس و پۆخڵییەکەیان دەرکەوت. پیس و پۆخڵ بوون و بۆنێکی ناخۆشیان لێ دەهات. گشتیان ئەزموونی زیندان، یان لانی کەم دەستبەسەری کاتییان هەبوو. هەموویان دزییان کردبوو و دوو دانەیان گیرفانبڕی کارامە بوون. وەک خۆیان دەیانگوت کەسێکی دروستیان لەنێودا نەبوو. هەموویان پیر محەمەدیان دەناسی کە سەردەستەی هەرچی دز و گیرفانبڕ و جزدانڕفێن و ئەو شتانە بوو، یەکێکیان تەنانەت دەیگوت ماوەیەک بەردەستیشیم کردووە. بە کورتی لە دزی و گیرفانبڕییەوە بگرە تا قومار و لۆتیگەری، هەر کارێکی کە کردبوویان لە سیر تا پیاز هەموویان بۆ باس کردم و بە قسەی خۆیان بووینە هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکدی. تەنانەت باسیان لە خەیاڵات و ئارەزووە دوور و درێژەکانیشیان کرد و بۆیان باس کردم کە دەیانەوێت ببن بە چی. باسیان لەو شوێنانە دەکرد کە شەویان لێ ڕۆژ دەکردەوە و ئەو خواردنانەی کە دەیخۆن. لەژێر درەخت و نێو کارتۆن و ڕۆخ جۆگە و ژێر پرد و کەلاوەکان و هەر شوێنێکی دەستیان کەوتبا و هەر شتێکی لە بەرد نەرمتریان وەگیر هاتبا خواردنی بەیانیان بووە.

هەموو شەوان دەمبینین. لە پارک، یان لە لێوار لەدەم تەنکاودا دادەنیشتین و یەک دوو کاتژمێر بەرمان دەدایە قسان. گشتیان جگەرەکێش بوون، چەند دانەیەکیشیان ئاڵوودە بوون. شەراب و عەرەق و کحولیش ئەوا خواردنەوەی

هەموو وەخت بێوەختیان بوو و هەموویان حەزیان لێی بوو. هەر نهێنییێکی هەیانبوو بە سادەییەوە بۆیان باس دەکردم. بووبوومە ڕازگر و بەردی سەبووریی ئێش و ئازارەکانیان. بەکورتی زۆریان متمانە پێ هەبووم و لە هەمووان زیاتر لێیانەوە نزیک بووم. لە هەمووان باشتر دەمناسین. لە هەمووان کە دەڵێم... چما کێ ئەم بەندانەی خوا دەناسێت؟ پۆلیس؟ ڕۆژنامەوان؟ نووسەران؟ بەخێوکەرانی بێسەرپەرشتان؟ کێ؟

"ئەم منداڵانە هەر شتێکیان بەسەر بێت زۆر ئاسایی وەریدەگرن، بەڵێ تەواو ئاسایی. بۆ ئەوان تەنانەت درۆکردنیش شتێکی ئاساییە، واتە درۆکردن بۆ ئەوان وەکو یارییێک وایە. ئەم منداڵانە برسی دەمێننەوە، تینوو دەمێننەوە، هەر بەڵایەک کە بیری لێ بکەیتەوە بەسەریان دێت، بەڵام بابەتەکە ئەوەیە کە هەمووی بە شتێکی ئاسایی دەزانن. ڕاستییەکەی جۆرە چیژێکیش لەو ڕەوشەیان وەردەگرن. چوزانم ڕەنگە بشێت بڵێین خۆشبەختیشن. بە کورتی خوویان بەو ژیانەوە گرتووە و نایانەوێت دەستبەرداری ببن. ئەوانە ئەم جۆرە ژیانەیان پێ خۆشە و هیچ نایانەوێت دەستی لێ هەڵبگرن. دەستێکی میهرەبان کە بۆیان درێژ بکرێت، گازی لێ دەگرن. ڕازی نابن. دەڵێی تووک و جادوویان لێ کراوە کە بەو ژیانەیانەوە پابەند بمێننەوە. حەزیان لە پیسی و پۆخڵییە. ژیان بۆ ئەمانە بووەتە جۆرێک یاری. ئەمانە بەرگەی هیچ ژیانێکی دیکە ناگرن. گەر لە من بپرسن ئەمانە گشتیان نەفرەتیان لێ کراوە. هیچ کەس ناتوانێت یارمەتیان بدات. مەگەر ڕۆژنامە ناخوێننەوە؟ مەگەر تەلەڤزیۆن نابینن؟ ئەمانە لە ماڵ ڕادەکەن. لە بنکەکانی چاکسازی ڕادەکەن. لە بنکەکانی پەروەردە و ڕاهێنان ڕادەکەن. بە قەولی خۆیان دەیانەوێت ئازاد بن. هەر ئەوەندە مابوو ئەمانە

پێناسەی ئازادیمان بۆ بکەن. بیانکەیتە جێنشینی پاشا، دیسان بۆ ئەم ژیانە پیسەیان دەگەڕێنەوە. هەموو شتێکیان بەلایەکەوە، چ بۆنێکی گەنیویان لێ دێت لامەزەبانە؟ پیس، کاکە پیس. هەر ئەوەی کە گوتم ئەمانە دوعایان لێ کراوە و هیچیان لەگەڵ ناکرێت."

"هەر چەپەڵکارییەک بیرت بۆی بچێت، لێیان دەوەشێتەوە. گیرفانبڕی، جزدانڕفێنی، دزی، تاوان... بەڵێ کاکە، ئەمانە پیاویش دەکوژن. نێربازی و چاوحیزی و ئەو جۆرە شتانەش هەر پیشەی خۆیانە. هیچ نازاندرێت ئەمانە چ جۆرە پەیوەندییێکیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە. بە کورتی پێت بڵێم ئەمانە مایەی شەرمن بۆ مرۆڤایەتی."

"ئەم جۆرە خەڵکە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەن. لەژێر پرد و نێو جۆگە و کەندڕ و ئەو شوێنانە دێنە دونیا و هەر لەو شوێنانەش کۆتایی بە ژیانیان دێت. ئەمانەش بۆ خۆیان جۆرە نەژادێکن. نەژادێکی جیاواز لە خەڵکی ئاسایی. ئەگەر بڵێین شەڕانگێزی لەگەڵ بوونیاندایە زیادەڕەوییمان نەکردووە. ئەمانە بەو پۆخڵەواتانەیانەوە لە دایك دەبن. یارمەتیدانی ئەمانە خەیاڵێکی خاوە و هیچی دیکە نا."

سێ مانگ بوو دەرگیری ژیان و کێشەی ئەو منداڵانە و منداڵانی وەکو ئەوان بووم. بوومە هاوڕێیان. متمانەیان پێ دەکردم. ئەگەر ویستبام هەموو جۆرە فرتوفێڵی گیرفانبڕین و جزدانڕفێنییان لێ فێر دەبووم، بەڵام خۆ تازە من بە کەڵکی ئەو شتانە نەدەهاتم. کاتێک ئەمایانم پێ گوتن دایانە قاقای پێکەنین، هەڵبەتە جگە لە دووانیان نەبێت، کە کەوتنە بیرکردنەوە. ژیانیان هەموو کارەسات و ڕووداو بوو.

سەرەڕۆ و یاخی بوون. دەتگوت سەرەڕۆیی و یاخیبوون تێکەڵی خوێنیان بووە. لەگەڵ ئەمەشدا شاد و کەیفساز بوون. لەگەڵ هەموو سەختی و ئاستەنگەکاندا هەڵیان دەکرد و هەر چی ڕووی دابا ئەوان کاتەکانی خۆیان بە خۆشی ڕادەبوارد.

زۆربەیان خەڵکی خودی ئستەنبول نەبوون. سەر بە خێزانە ئاوارە و گەڕەکە لاپەڕگەکان بوون. لەو جۆرە خێزانانەی بە هیوای ژیانێکی باشتر، لە شار و زێدی خۆیان هەڵقەنابوون و هاتبوونە ئستەنبول و ئێستا وەیلان و سەرگەردانن. لەوێ ڕاونراو لێرە داماو. دەربەدەر مشەختی. نە شوێنێکیان هەبوو بۆی بچن و نە جێگایەک بۆ مانەوە.

گشت شەڕانگێز و دزە گەورەکان و قاچاغچی و ساختەچییەکان لەوانە بوون. هەموو زیندانەکان پڕ بوون لەمانە، یان لێیان پڕ دەکران. لەو تەمەنەیاندا دزی و دەستدرێژی و کوشتن و تاوان بۆ ئەوان لە یارییێک زیاتر نەبوو، ئەوان لەگەڵ هەموو تاڵییەکاندا لەوە ئاگادار بوون. خۆیان باشیان دەزانی کە چی دەکەن.

هەر یەکێکت بگرتبا چیرۆکێکی خۆی هەبوو، ئەگەرچی چیرۆکەکانیان هاوشێوەی یەک بوون، بەڵام یەکیش نەبوون. ئەوانەیش کە هیچ چیرۆک و بەسەرهاتێکیان نەبایە، شتێکیان بۆ خۆیان هەڵدەبەست، جا درۆ بایە، یان ڕاست. لە ماڵێک کە هەرگیز نەیانبینیبوو، لە دایبابێک کە قەت نەیانبووە، لە هەر شتێک کە بیریان بۆ چووبا، چیرۆکێکیان بۆ خۆیان دروست دەکرد.

هەموو شتێکیان بە لایەکەوە، ئەو دڵسۆزی و میهرەبانییەیان بە لایەک. گشتیان میهرەبان بوون. یەک کەسم نەبینی لەنێویاندا میهرەبان نەبێت. چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە بنکەیەکی چاکسازییەوە نامەیەکم بەدەست گەیشت. نامەکە لە لای تۆغرۆلەوە

نێردرابوو. بۆی نووسیبووم لەو شەش مانگەی ڕابردوودا کە لەوێ بووە، قسەکانی منی بیر کەوتوونەتەوە و لە ماوەی سێ مانگدا فێری خوێندن و نووسین بووە. نووسیبووی کە لە ڕۆژی بیست و نۆیەمدا، کاتژمێر دەی دانی بەیانی دادگاییەکەیەتی، بەڵام کام دادگا؟ نەینووسیبوو. سەرەتا بڕیارم دا تەلەفۆنی بۆ بکەم، بەڵام دواتر گوتم ئێستا کە تا بیست و نۆی مانگ دوو هەفتە ماوە، دەتوانم چەند ڕۆژێکی دیکە سەرێکی لێ بدەم کە هەر واشم کرد.

## لە قەدیری شاگردی ئاسنگەرییەکە دەچوو

لە دوکانی ئاسنگەرییەکە لەگەڵ یەکێکدا ئاشنا بووم ناوی قەدیر بوو. دوکانەکە لە پشت کارخانەی جیبالی لە خوار ئەو خانووە کۆنانەوە بوو و کوڕەکەش چاوشینێک بوو. لەبەر گەرمای سووتێنەری کوورە و نێو ئاسنی ژەنگاویدا ئارەقە و چەوری لە سەروڕووی دەچۆڕایەوە، ئەمەش بریسکەی چاوەکانیی دوو ئەوەندە دەکرد. زۆر زۆر دابنێین تەمەنی هەر دوازدە ساڵێک دەبوو، ڕەنگە کەمتریش. باوکی بێکارەیەکی لاسار بوو و دایکیشی زەمینگیر و شەپرەلێدراو بوو، بەڵام چ خەم، قەدیر فریشتەئاسا بە دەوریدا دەسووڕایەوە و وەکو گوڵ ئاگای لێ دەبوو. لەوەتەی بیریەتی کاری کردووە و نیازمەندی دەستی کەس نەبووە. لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بە فرۆشتنی بنێشت و شخاتە و کولیچە دەستی پێکردووە و بە هەر نرخێک بووبێت، خەرجی ماڵەوەی دەرهێناوە. پەنجەکانی بچوک بوون، یەک یەک ئیسقانی قەفەسەی سینگی بە دەرەوە بوون و زۆر باریک و وردیلە بوو.

هەموو هەست و هۆشی لەسەر کارەکەی خۆی بوو. دەسکی ماکینەی کوورەکەی کە هێندەی باڵای خۆی درێژ دەبوو، بێپسانەوە بادەدا و بەرزونزمی دەکرد و هەر پڕوشکی ئاگر بوو لە چەپ و ڕاستییەوە بەنێو دوکانەکەدا پەرش و بڵاو دەبوون و لەملا و ئەولایدا دەنیشتنەوە. ئاماژەیەکی وەستاکەی بەس بوو تا پارچە ئاسنێکی سووربووەوە دابنێتە سەر سندان و ئەوەندە بە چەکوش لێی بدات تا سوورایيەکەی نامێنێت و وای لێ بکات کە وەستا دەیەوێت. پاشان دەسکی ماکینەی کوورەکەی دەگرتەوە دەست و زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی پێدا دەهاتە خوار. نە دەنگی گڕەگڕی ئۆتوبوسی شارەوانی کە بە بەردەم دوکاندا ڕەت دەبوو زەینی قەدیری پەرت دەکرد و نە هەراوزەنای گەڕەک، کە گەڕەکی ئاسنگەرەکان بوو و هەمیشە پڕ بوو لە ژاوەژاو.

ئا لەو کاتەی دەسکی ماکینەکەی بەرز کردبووەوە، ڕووم تێ کرد و گوتم: "ماندوو نەبیت وەستا، ماندوو نەبیت."

ڕەنگ و ڕووی کەمێک کرایەوە، سووریی لێوی و ڕەشیی ڕوخساری وەک کەسێکی خۆمانە هاتە بەرچاوم، چاوە شینەکانی بۆ لای من وەرسووڕان و لەژێر لێوەوە گوتی: "سوپاس."

تەنانەت کاتێک دەستیشم بۆ تۆقەکردن بۆ درێژ کرد دەستی لە دەسکی ماکینەکە نەکردەوە و ئەوەش دڵنیای کردمەوە کە بەڵێ قەدیر سەرقاڵە و پێویستە وازی لێ بێنم.

لەودیو ئەو چاوە خەمگینانەیەوە هەر دەبێت شتگەلێک هەبێت کە بۆ ساتێکی کورتیش بێت دڵی خۆش بکەن؛ کاتێک خوشکە بچکۆلەکەی ڕاکێش ڕاکێش مەسینەی ئاوەکە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت تا کاکی ئەو دەستە ناسک و وردیلانەی بشوات، کاتێک کە دایکی بەو دەستە نیوە فەلەجانەیەوە ڕووەو ئاسمان دەستی بەرز

کردوونەتەوە نزا بۆ هەموو دایکێک دەکات کە خوا کوڕێکی وەکو قەدیری بە نسیب بکات، کاتێکی ئەو نانە برژاوەی کە خوشکە بچکۆلەکەی بە گەرمیی حەزی لێیە، بەو چەقۆیەی کە خۆی بە تەنیا و تەنانەت بە بێ یارمەتی وەستاکەی دروستی کردووە، بکاتە سێ بەشی وەک یەک، کاتێک لەو لۆبیا و پەتاتەیەی سووری کردوونەتەوە پاروو بۆ دایکی چێ دەکات و هەمووانیش ئەوە دەزانن کە دەستەوای قەدیر قسەی لەسەر نییە، کاتێک یەکەمین جار خوشکە بچکۆلەکەی دەباتە سینەما، یان شتێکی بۆ دەکڕێت... چوزانم لانی کەم ئارەزوویەکی خۆش، خەیاڵێکی شیرین، کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانە، هەوای دوکانەکە پڕ دەکات لەو پروشکانە. زۆرم پێخۆشە بە دڵی خۆم تێر قسەی لەگەڵدا بکەم، لەبارەی هەموو شتێک و هەموو شوێنێکەوە، بە کورتی هەرچییەک ئەو بیەوێت.

لەنێو پارکی فلۆریا تووشی یەکێک هاتم دەتگوت قەدیرە. بە موو جیاوازیت پێ نەدەکرد، نە قەد و باڵای، نە سەر و ڕوخساری، چاوی شین بوو، شین وەک چاوە گەشەکانی قەدیر. تەمەنیشیان وەکو یەک بوو، یان ڕەنگە ئەویان بە چەند مانگێک لە قەدیر بچوکتر بووبێت، چونکە دەیگوت تازە ئەمساڵ دەیەوێت بچێتە پۆلی چوارەم. هەر لە هەمان ئەو یەکەمین دیدارەدا، بە گەرموگوڕییەوە کەوتینە گفتوگۆ، درێژەی نەدەمێ باش بووینە برادەر.

لەژێر درەختێک دانیشتبوو و خەریک بوو پارەکانی دەژمارد. دەبدەبەکانیشی بە درەختێکی تەنیشتییەوە گرێ دابوون، کە پێدەچوو نەمامی درەختێکی دیکە بێت. دەبدەبەکان سەوز، شین، زەرد، سوور و لە هەموو جۆرە ڕەنگەکان بوون و پازدە بیست دانەیەک، ڕەنگە زیاتریش دەبوون کە تێکدەئاڵان و لەگەڵ ئەوەشدا کە بای

نەدەهات، بەڵام هەر دەشەکانەوە. قەدیر خەریک بوو- نا نا ناوی قەدیر نەبوو، خۆشم نازانم چی بوو، من بە پێداگرییەوە هەر بە قەدیر بانگم دەکرد- پارەکانیی دەژماردن و زەینی لە هیچ شتێکی دیکە نەبوو. پارەکانی وا دەژماردن دەتگوت سەفتە سەفتەن. مەگەر بە فرۆشتنی دەبدەبە، ئەویش لە پارکی فلۆریا، کە هێندەی ئەو خەڵکانەی دێنە ئەوێ، دەستگێڕی لێن و زۆربەشیان دەبدەبەفرۆشن، دەتوانی چەند کاسبی بکەیت؟ دەیژماردن و لێکی دەدانەوە. چاوی وێکدەهێنانەوە و هەندێک جاریش بزەیەکی دەکەوتە سەر لێوان. هەر سکە و ئەسکناس بوون لەبەردەمی خۆی هەڵڕشتبوون؛ پێنجبایی، دەبایی، تەنانەت پەنجابایی و سەدبایی کە هەڵبەتە زەینی لەسەر هەموویان بوو و هیچ کەس نەیدەتوانی چاو ببڕێتە یەک دانە سکەش.

کاتێک گەیشتمە سەری، چڵە درەختێک کە بە دەستمەوە بوو شکاندنمەوە و هەمەهمێکیشم کرد، بەڵام خۆ نە خشەخشی گەڵاوەریوەکانی ژێر پێم و نە هانکەهانکی هەناسەم و نە دەنگی شکاندنی چڵە درەختەکە زەینی ئەویان بۆ خۆیان ڕانەکێشا و نەکێشا، بۆیە کەمێک داهاتمەوە وبە هێمنییێکەوە گوتم: "سڵاو."

سەری هەڵبڕی. ڕوخساری تۆزاوی و بە قرێژ بوو. بۆ ساتێک لە ڕووی کونجکۆڵیشەوە بووبێت بە وردییەوە لێم ڕاما و نازانم بۆ لەپڕێکەوە لێوە خونچەییەکانی بە بزەیەکەوە پشکوتن.

"هەر چەندی دەیانژمێریت دەڵێی تەواو نابن؟ خوا بەرەکەتیان تێخا."

"سوپاس."

"پێویستیت بە یارمەتی نییە؟'

"بۆ نا. وەرە دانیشە."

جێگای بۆ کردمەوە و دیسان دەستی پێ کردەوە؛ پەنجاوپێنج، شەست، شەستویەک... ئەگەر حیسابەکەی تەواو بێت سکەکان تەواو سەدوهەشتا دانە بوون.

دەبدەبەکانی کە بە درەختەکەوە بوون و ئەوانەیش کە لەناو عەلاگە لە بەردەم خۆی دانابوون و هێشتا فوو نەدرابوون، پیشانی دام و گوتی: "ئەگەر ئەمانەش بفرۆشم... ئەمڕۆ پارک زۆر قەرەباڵغە، هەموویان دەفرۆشم."

کە حیساب و کتابی تەواو بوو پەتی دەبدەبەکانی لە درەختەکە کردەوە و هەستا.

"نەترسایت؟"

"لەچی؟"

"لە من. شەقازلـلەیەکت لێ بدەم و..."

"پێت وایە ناتناسم؟ پار کە لەگەڵ منداڵەکانی باسێن کوی کۆلارەتان هەڵدەدان، پێت وایە یەک چرکەش توانیم چاو لەسەر ئەو کۆلارە جوانەت هەڵگرم؟ زۆر جوان بوو. زۆریش بەرز بووەوە."

"ئەی بۆ نەهاتیتە لای ئێمە؟"

"نەهاتم ئیدی... شەرمم دەکرد."

"شەرم؟ ئاخر لەچی؟"

"ئەی مامۆستا، منداڵانی باسێن کوی لە کوێ و ئێمەمانان لە کوێ؟ خۆیان و ئەو خوێندنگە تایبەتیانەیان."

"ئەگەر ئەوەندە دڵت بە کۆلارە خۆشە. بۆچی دانەیەکت بۆ خۆت دروست نەکردووە؟"

"کردم. واتە ویستم دروستی بکەم، بەڵام نەکرا. بچوک. شل و خاو. خواروخێچ دەرچوو، ئەوەی تۆ شتێکی دیکە بوو."

"ئێ، بهاتبایت من دانەیەکم بۆ دروست دەکردیت."

"گوتم خۆ، شەرمم کرد. ڕاستی باوکیشم تۆ دەناسێت."

"باوکت؟"

"باوکم کرێکاری کارخانەیە، هەر ئەم کارخانەیەی ئەودیو جەنگەڵ و هەر ڕۆژە و ڕووداوێکی لێ دەقەومێت. لەم دواییانەش هەر باسی مەکە و مەپرسە."

"دواییانە؟"

"وازی لێ بێنە، تەنیا بە کورتی پێت بڵێم کە هەموو شەیەکە لە سەری ئێمەدا شکایەوە. بۆ کۆلارەیەکی وەک ئەوەی تۆ ئامادەم دە لیرە بدەم. دانەیەکم بۆ دروست دەکەیت؟ نە وازی لێ بێنە، نە من کاتی هەڵدانی کۆلارەم هەیە نە تۆ... بەڵام یەکێکی وەکو ئەوەی تۆ، ئای ئەگەر هەڵمدەدا. تۆش باش دروستی دەکەیت ها."

"بەڵێ، باشیش دروستی دەکەم."

"بۆ منیش دروستی دەکەیت؟ هەموو شتەکانیشی خۆم دەیانکڕم و تەنانەت بۆ تۆشی..."

"نە. نایەوێت تۆ هیچ بکڕیت. سبەی دانەیەکت بۆ دروست دەکەم. گەورە و ڕەنگاوڕەنگ، لەو جوانانەی کە..."

"نە بابە، وازی لێ بێنە. چونکە بۆ تۆ ئەرکە، پاشان دونیایەک خەرجی دەوێت خۆ. ئەگەر ڕازی بایت خۆم شتەکان بکڕم شتێکی دیکە بوو. من پارەکەیم هەیە. واتە ئێستا پارەم هەیە..."

"ئەریٚ تۆ ڕاست دەکەیت. ئێستا کە پارەت هەیە... تۆ داو و قوماشەکەی بکڕە ئەوەی دیش لەسەر خۆم."

"ئەگەر گەورە بێت و ڕەنگاوڕەنگ بێت لە گەڕەک چ پۆزێک لیٚ دەدەم."

پارکەکە جمەی دەهات. نیوتەخت و کورسییەکان هیچ، سەر چیمەنەکانیش هیچ جێیەکت نەدەبینی خاڵی بێت. دەستگێڕەکان کە بە هاتوهاواری بەردەوامیان پارکیان کردبووە ڕۆژی حەشر، هەر پەنجا شەست مەترێک یەکێک شتێکی دانابوو، لە میوە و شەربەت و کۆلاوە بگرە، تا کەباب و کولێرە و گەنمەشامی، هەرچی بیری لیٚ بکەیتەوە هەبوو. وەک ئەوەی قەدیر دەیگوت 'قیامەتێک بوو نە سەری دیار بوو نە بن.' هەر فرۆشیارێک شتەکانی خۆی لەو ناوە هەڵدەڕشتن و دەیکردە ڕۆژی خۆی، بەڵام دووکەڵ و بۆنی کەباب شتێکی دیکە بوو. نێو چیمەنەکان ئەگەر هێشتا جێگایەکی خاڵی پەیدا بایە، پڕ دەبوو لە بتڵی بەتاڵ و کیسەی نایلۆن و ڕۆژنامەی دڕاو. وەک ئەوەی هەمووان لەسەر ئەوە ڕێککەوتبن کە ئەویٚ زبڵدان بێت نەک پارک و شتێکی دیکە. ئەگەر چاو لە دووکەڵ و هەراوزەناش بپۆشین هەر شوێنێکی پیس و پۆخڵە. بە قەولی قەدیر خۆ "ئەگەر پیرە پاککەرەوەیەکیش هەبایە بەس بوو بۆ خاوێنکردنەوە و ڕێکخستنەوەی پارکەکە، بەڵام کیٚ گویٚ لەوە دەگرێت."

قەدیر لە کارەکەی خۆیدا شارەزا بوو. تەنانەت بە بیٚ هیچ هەڵەیەکیش یەکسەر دەچووە لای ئەو منداڵانەی کە لانی کەم دانەیەک لەو دەبدەبانەیان هەر لیٚ دەکڕی. وەک بڵێی دەیانناسی. دەتگوت لێکگەیشتنێک، ڕێککەوتنێک،

هاوپشکییێک شتێکی لەگەڵدا هەبوون. هەر چووبایەتە لایان بێ فرۆشتن نەدەگەڕایەوە.

"ئێمە ئیدی بووینەتە وەستای ئەم کارە. وەستای دەبدەبەفرۆشتن. من لە چاوی باوکی منداڵەکان دەخوێنمەوە داخۆ گوێ دەداتە داوای منداڵەکەی، یان نا. ئەگەر گوێی دەداتێ پارەی پێیە، یان نا. ئەگەر پارەی پێیە چەند دانە دەکڕێت، تەنانەت چ ڕەنگێکیش. هەموو کارێک فەندوفێڵی خۆی هەیە، دەبدەبە فرۆشتنیش هەروایە، کە من لە هەموو فەندوفێڵەکانی شارەزام. لە منداڵانی گەڕەک زۆریان چاویان لە من کرد، بەڵام هەموویان کەمیان هێنا و سەرکەوتوو نەبوون. کێشەشیان بۆ دروست کردم. خۆ هەوەنتە نییە، هەر کارێک فەندوفێڵی خۆی هەیە. ئەوانە دەبینیت؟ هەر ئەوانەی لەژێر ئەو درختە لەسەر نیمدەردا دانیشتوون. هەر ئەوانەی کە کەیفیان سازە. ئەو منداڵانەی کە لە پشت درەختەکە تۆپانێ دەکەن، هەموویان هی ئەو خێزانەن، چەند دانەن؟ یازدەی تەواو. حەوتیان لانی کەم یەک دوو دانەم لێ دەکڕن، چوارەکەی دیکە ڕەنگە. هەندێک لە گەورەکانیش دەبدەبەم لێ دەکڕن. کڕیاری لەو تەمەنەی تۆشم هەن و کەمیش نین. زۆربەی ئەوانەی گەورەن، لە منداڵیدا دەبدەبەیان نەبووە. ئەرێ بە ڕاست تۆ چی؟"

"چۆن؟"

"نە، تۆ کەیفت بە کۆلارە دێت، گوتم ڕەنگە کەیفت بە دەبدەبە نەیەت. هەموو ئەوانەی کە لە منداڵیدا دەبدەبەیان نەبووە، ئێستا دێن گرێی دڵییان خاڵی دەکەن."

"تۆ ئەم قسانە لە کێ فێر بوویت؟"

"لە مامۆستاکەمان."

"بەڵام من لە منداڵییەوە دەبدەبەم هەڵداونەتە ئاسمان، کەچی هێشتا گرێی دڵم خاڵی نەبووە."

"راستە. سەیرە ها."

"چی سەیرە؟"

"تا ئێستا قەت قسەی مامۆستاکەمان ناڕاست دەرنەچووە."

"ڕەنگە ئەمەیان هی خۆی نەبووبێت."

"هی خۆی نەبووبێت؟"

"لە کەسێکی بیستبێت، لە کتێبێکدا خوێندبێتیەوە."

"لە ناو کتێب، ها؟"

"بەڵێ ئیدی، نابێت؟ دەی واز لەم قسانە بێنە. بڕۆ بزانم لەگەڵ ئەو یازدە منداڵە چی دەکەیت."

داوی دەبدەبەکانی کەمێک شل کرد تا بە باشی بەسەر سەرییەوە بشەکێنەوە. دەتگوت با و هەتاوەکەش هاوپشکیین. هەتاو ڕەنگ و ورشەی پێ دەدان و بایەکەش کە بە چەپ و ڕاستدا دەیهێنان و دەیبردن؛ هەر دەبدەبەی زەرد بوو لە دانەیەکی شین دەخشا، سوورت دەبینی بە پێش سەوزێک دەکەوتەوە، پەمەیی پاڵی بە نارنجییەوە دەنا و وەنەوشەییەکەی دەخستە ژێرەوە.

هێشتا بە تەواوی لێیان نزیک نەبووبووینەوە، کە تۆپانەیان لە بیر کرد و لە دەورمان خڕ بوونەوە. دەبدەبەکانی داگرتنە خوار تا منداڵەکان ڕەنگی دڵخوازی خۆیان هەڵببژێرن. ئەو حەوتەی دیاری کردبوون، شازدە دەبدەبەیان کڕی و چوارەکەی دیکە هیچیان نەکڕی.

یەکێکی بچکۆلەش کە هەر چوار پێنج ساڵە دەبوو، لەو لا وەستابوو و شتێکی دەگوت کە من هیچی لێ تێنەدەگەیشتم. هەوڵم دەدا زەینی خۆم باش ڕاگرم بزانم کێشەکەی چییە، کە لەپڕێکدا قەدیر گوتی: "ئەو سەرخڕە مافی خۆیەتی دەبدەبەیەکی خۆڕایی دەست بکەوێت، کە دایبابی پارەی کڕینەکەیان نییە."

من هێشتا لە بابەتەکە نەگەیشتبووم کە قەدیر دانەیەکی سووری دایە دەست و دەستێکی بە سەریدا هێنا و گوتی: "سەرخڕەکان هەمیشە حەزیان لە دەبدەبەی سوورە. سەرمازوولەکانیش ڕەنگی سەوز. سەرخڕی تایین هەر دەبدەبەکەی وەرگرت، ڕەنگ و ڕووی کرایەوە و گەشایەوە و ڕاکە ئەمما ڕاکە.

وەک بڵێی دەتناسی، ها؟"

"لە کوێ بیناسم؟ ئێرە پڕە لەو سەرخڕانە. هەمووشیان حەزیان لە دەبدەبەیە و هیچ کامێکیشیان پارەیان پێ نییە."

خۆر هێشتا ئاوا نەبووبوو، هەموو دەبدەبەکانی فرۆشتبوون. گاڵتە بە کارەکەی نەدەکرا، وەک خۆی گوتەنی وەستای ئەو کارە بوو.

"ئەو پیرەمێردە پشتکووڕە دەبینیت، ئەوەی ئەودیو درەختەکە؟"

"بەڵێ، بۆ ئەوە کێیە؟'

"نازانم، یەکەم جارە بیبینم. گرەو دەکەم کە ئەو پیرەمێردە لانی کەم دانەیەکم لێ دەکڕێت."

"چۆن دەزانیت ئاخر؟ خۆ لە نێوچاوانییەوە نەنووسراوە؟"

"بۆ نا. سەیری ڕوخساری بکە."

"ئێ."

"لە پانایی نێوچاوانی نووسراوە. باوەڕ ناکەیت، ئێستا دەیبینیت."

من هێشتا هەر سەیری پیرەمێردەکەم دەکرد، کە قەدیر ڕایکردە لای، دووجاران بە پێشیدا ڕەت بوو، بەڵام پیرەمێردەکە لە جێی خۆی نەجووڵا، تەنانەت سەیرێکیشی نەکرد. زیاتر لێی چووە پێش، هێشتا لێی نزیکتر بووەوە، ئیدی هەر مەترێکیان بەین بوو کە پیرەمێرد سەری هەڵبڕی و لە سەروچاوی قەدیریدا ڕوانی و هیچی نەگوت. من هەناسەم ڕاگرتبوو و لێیان ورد بووبوومەوە، کە لە هێکڕا پیرەمێرد دەستی لە گیرفانی دەرهێنا و پارەیەکی خستە سەر لەپی دەستی قەدیر و گوتی: "پێنج دانە، با هەموویان شین بن."

"ئێستا بینیت."

"بەڵێ، بینیم. بینیم، بەڵام من بە چی بزانم کە تۆ پێشتر ئەوت نەناسیوە؟ کێ دەڵێت ڕەنگە ئەو پیرەمێردە هەموو ڕۆژێ پێنج دانەت لێ بکڕێت، پێنج دانە ئەویش هەموویان شین!"

"هیچ وا نییە و ئەمە یەکەم جارە ببینم."

"سەیرە! بەڵام ئەگەر وا بێت، بە ڕاستی سەیرە."

"هەمووان پێیان سەیرە، هەر تۆ وا نیت."

ئەم جارەیان بۆ ژماردنی پارەکانی، نیوتەختێکی نێو پارکەکەی هەڵبژارد و چوو لە سەر نیوتەختە دارینەکە دانیشت، کە لەژێر دارچنارێکەوە داندرابوو، پێدەچوو زۆر جاران هەر لەوێ دابنیشێت. پارەکانی ژماردن و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "دووسەت و شەش دانەی تەواو."

"خوا بە زیادی بکات. ئێستاچییان لێ دەکەیت؟'

"سەدوپەنجای دەدەمەوە باوکم، پەنجا دانەشی دەخەمە سەر حیسابەکەی خۆم، کە بەم پەنجا دانەیەوە ڕێک دەبێتە سێ هەزار. شەش دانەشی خەرج دەکەم. ڕەنگە بچمە سینەما، یان ڕەنگە... ئاااى خەریک بوو لەبیرم بچێت ها، ئەدی دەبدەبە چی؟ پێم وایە بەو شەش دانەیە دەبدەبە بکڕم باشتر بێت. من خەرجێکی ئەوتۆم نییە. واتە حەز لە خەرجکردن ناکەم. ڕەنگە لەبەر ئەوەی بە سەختی پەیدای دەکەم، کەیفم بە خەرجکردن نایەت، وا نییە؟ هەر کەسێک شتێکی پێ خۆشە ئیدی. یەکێک کەیفی بە خەرجکردن دێت و یەکێک بە پەیداکردن. هەر کەسە و زەوق و سەلیقەیەکی هەیە ئیدی."

"تۆ چی؟ تۆ کەیفت بە چی دێت؟ زەوق و سەلیقەی تۆ لە چییە؟"

"من؟ ئێ... لێگەڕێ."

سەری دانەواند و کەمێک منەمنی لێوەهات و ئینجا گوتی: "من و زەوق؟ منداڵێکی وەکو من دەتوانێت چ زەوقێکی هەبێت؟"

"چما منداڵەکان زەوقیان نییە؟ ئەمەیان ئیدی لە کێ فێر بوویت؟ مامۆستاکەت؟"

"نە ئەمە هەمووان وا دەڵێن. ئەی تۆ؟ تۆش پێت وایە منداڵان هیچ زەوقێکیان نەبێت؟"

"من؟ نا... دەبێت هەیانبێت، چۆن."

"دەبێت؟"

"واتە من وای بۆ دەچم دەبێت هەیانبێت. واتە هەیانە."

"ئێمە پێنج دانە منداڵین. دایە و بابە کەیفیان بە گەورەکە بچوکەکە دێت. خوشکەکەشم هەروا. لە کورتیدا بیبڕمەوە هیچ کەس حسێبی سەگێکیشیان بۆ ئێمە نەدەکرد، تا ئەوەی کە..."

"تا ئەوەی کە چی؟"

"تا ئەوەی کە چی؟... تا ئەوەی کە باوکم لە کارخانە دەرکرا."

"بۆچی درکرا؟"

"نازانم، دەڵێن باوکم و ئەوان مانیان گرتووە و خاوەن کارخانەش ئاوا وەدەری ناون. دایکم دەڵێت باوکم و ئەوانی دیکە ویستوویانە ببنە هاوپشک لە کارخانەکە و خاوەن کارخانەش ئەوە چۆن قبووڵ دەکات!. بە کورتی دوای ئەوەی باوکم دەرکرا و هەرچی پاشەکەوتێکمان هەبوو خەرج کرا، ئەوەی دیش ئاشکرایە، بێ پارەیی بوو و برسێتی. دەشزانیت برسێتی واتای چییە؟"

"بەڵێ دەزانم."

"دەزانیت من بۆچی بوومە وەستای ئەم کارە؟"

"نا، ئەوە نازانم."

"ئێمە لە گەڕەکەکەماندا 'عەلی'ێکمان هەیە، کە حەوت هەشت ساڵ لە من گەورەترە و دەبدەبە دەفرۆشێت، هەڵبەت نەک وەکو من. کەمتر، زۆر کەمتر. من دەبدەبەفرۆشیی لە عەلی فێر بووم. کاتێک باوکم بێ کار مایەوە، شەوێک تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت. لە بەر خۆمەوە دەمگوت چۆن بتوانم پارە پەیدا بکەم؟ ئەو ڕۆژە تا سپێدەی دا ئاوا هێنام و بردم، سپێدە بوو لەپڕ عەلیم بیر کەوتەوە و زانیم کە دەبێت چی بکەم. کەڵەشێر خوێندی و نەیخوێند خۆم گەیاندە بازاڕ، کاتژمێرە

دەستییەکەی خۆمم کە لە قوتابخانە بە دیاری وەرمگرتبوو، فرۆشت و بەڵێنم بە خۆم دا، کە بەو پارەیەی کە یەکەم جار دەستم دەکەوێت دانەیەکی باشتر بۆ خۆم بکڕمەوە. کڕیشمەوە، سەیر کە. ئینجا چووم عەلیم دۆزیەوە. عەلی پێی گوتم دەبێت دەبدەبە لە کوێ بکڕم و داوەکان لەوێ. لە چاوقوچانێکدا هەردووکیانم کڕین. دەستم بە فوودانی دەبدەبەکان کرد، لە هەر ڕەنگێک تەنیا دانەیەکم فوو دا. کە هەموویانم فوو دان لە ماڵ دەرکەوتم. ڕۆژی یەکەم زۆرم شەرم دەکرد و سەیری چاوی کەسم نەدەکرد. یەکەم ڕۆژ هیچم نەفرۆشتن، ڕۆژی دووەم تەنیا دانەیەک و ڕۆژی سێیەمیش دیسان هیچم نەفرۆشتن. لە ڕۆژی چوارەمەوە ئیدی لێ ڕاهاتم و کارم بووە دەبدەبەفرۆشی. ئیدی لە خەو و بێداریدا هەر دەبدەبەم دەفرۆشتن و شەرمیشم لە هیچ کەس نەدەکرد. بە کورتی ئەوەندەم فرۆشتن تا بوومە وەستای ئەم کارە و هەموو فەند و فێڵەکانی فێر بووم. ئێستا کڕیار لە پازدە بیست مەترییەوە دەناسمەوە. شتێکت پێ بڵێم؟"

"بڵێ."

"ئەمە هی پێشترە ها، واتە بەر لەوەی دەبدەبە بفرۆشم، بەر لەوەی پارە پەیدا بکەم، لە ماڵدا کەس حسابی سەرکە توورێکی بۆ نەدەکردم. پێم گوتی حسابی سەگێکیان بۆ ئێمە نەدەکرد. زۆر داوای بوردن دەکەم ها، بەڵای وای لە گیانی ئەم دنیایە، کە دنیای پارەیە. یەکەمین دەستکەوتم کە خستمە دەستی دایکم، بەرهەمەکەی دڵنەوایی ماچێک بوو و پاشان بۆ جاری دواتر سەرگۆناشی بۆ زیاد بوو. دوای ئەویش نۆرەی باوکم بوو و ئینجا خوشکەکەم. باوەڕ دەکەیت؟ خوشکم کە منی بە مێروولەیەکیش دانەدەنا، ئەم جارە جلەکانی بۆ دەشوشتم، جێگای بۆ ڕادەخستم، نازی هەڵدەگرتم.

بە کورتی تا پارەکە زیاتر بایە، ڕێز و ستایشیش زیاتر دەبوو. باوکم پێڵاوی بۆ کڕیم، پێڵاو لە جۆرە چەرمییەکان، پاشان کراس و شەلوار و تەنانەت کراواتیش. لەسەر خوانیشدا جێگای من لە تەنیشت باوکمەوە بوو و پشکەگۆشتە گەورەکانیش لەسەر قاپی من دادەندران. دایکم هەموو ڕۆژێ قژی بۆ دادەهێنام و خۆی، یان خوشکەکەم نوێنەکانیان هەڵدەگرتم و جێگایان ڕێک دەخستمەوە. براکانم خەریک بوون لە بەخیلییان بتەقن. وەکو ڕۆژی ڕووناک لێم دیار بوو کە ئەگەر لە جێگایەکی چۆڵ بکەومە بەردەستیان، هەلاهەلام دەکەن. بۆیە کات و ساتم بووبووە دەبدەبەفرۆشتن، چونکە دەمزانی هەرچی هەمە بە سایەی ئەو کارەوەیە. باوکم دەیگوت دەرامەتم تەنانەت لەو مووچەیەش زیاترە کە ئەو کاتی خۆی لە کارخانە وەریدەگرت. ئێستا حاڵ و ڕەوشی ماڵەوەمان شوکر بۆ خوا باشە و لە هیچ شتێکمان کەم نییە. ڕۆژ بە ڕۆژ داهاتەکەم زیاتر دەبێت و ڕێزگرتنیشم هەر مەپرسە. ئیدی تەنانەت لە گەڕەکیشدا ناووناوبانگێکم هەیە بۆ خۆم."

دەتوانم بڵێم هەموو ڕۆژێ قەدیرم دەبینی. تا دەهات داهاتەکەی زیاد دەکرد و پاشەکەوتی بانکیشی ئیدی باش زیادی کردبوو. لەو کۆلارانەی ئەو بە دڵی بوون دانەیەکم بۆ دروست کرد. هەموو ڕۆژێ ئێوارە کە هەموو دەبدەبەکانی دەفرۆشت، کاتژمێرێک پێکەوە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد و ئەو لەبارەی ماڵی خۆیان و ئەو ڕێز و حورمەتەی لێی دەگرن، قسەی بۆ دەکردم. دەیگوت دەبێت کار بکات و پارە پەیدا بکات دەنا باری لەنگ دەبێت. دەیگوت ئیدی زۆر لەمێژە کەس پێی نەگوتوە سەرمازوولە، چاوزەق، یان مێردەزمە و چاوسپی. دەیگوت زۆر لەمێژە کەس نوقرچەی لێ نەداوە، چاویان لێ زەق نەکردووەتەوە و هاواریان بەسەردا

نەکردووە. دەیگوت قەدیر ئیدی تاقانە خۆشتڤییەکەی دایک و بینایی چاوی بابە و کاکی براکان و خوشکەکەیەتی.

جارێک چوومە ماڵیان. باوکی نیگایەکی وردی هەبوو. خوشکەکەشی کچێکی قژ بۆر و کەزی درێژ بوو. براکانی پاکوخاوێن و کڕ و بەئەدەب بوون. دایکیشی وەک خاتوونێک وابوو و ماڵەکەیان ڕێکوپێک بوو. لەو ماڵە دوو ژوورییەدا هەموو شتێک پاک و ڕێکوپێک بوو. ڕێزێکیان لە قەدیر دەنا هەر ببینە و مەپرسە. منیش کە هاوڕێی قەدیر بووم ڕێزگرتن لە منیش وەک ئەرکێک سەیر دادەنرا.

باش لە بیرم نییە بۆچی ماوەیەک بوو ئاگام لە قەدیر نەما. تەنیا ئەوەم بە بیرە نە من بە دوای ئەودا دەگەڕام، نە ئەو هەواڵی منی دەپرسی. تا ئەوەی ڕۆژێکی ئاخیری هەفتە بیرم کرد و یەکسەر چوومە پارکی فلۆریا. هەموو شتێک وەک خۆی وا بوو، تەنیا قەدیر نەبێت. فرۆشیارەکان، دەستگێڕەکان، ڕێبوارەکان، هەموویان لەوێ بوون، بەڵام هیچ هەواڵێکی قەدیر نەبوو کە نەبوو.هەر جێیەکی پارک کە بە زەینمدا هاتبێت سەرم پێدا گرت. لە هەر کەسێکی بکرابا بپرسم پرسیم. نا، بووە دڵۆپێک ئاو و بە عەرزیدا چووە خوار. تا ئەوەی شەوداهات چوومە بەر دەرگای ماڵیان. باوکی دەرگای کردەوە. تازە کاری پەیدا کردبوو، پێدەچوو ڕەوشی باش بێت. خوشکەکەشی چووە سەر کار و ڕەوشیان لە هەموو کاتێک باشتر بووبوو. برا بچکۆلەکەی لە گۆشەیەکی حەوشەدا خەریکی فوودانی دەبدەبەیەک بوو.

گوتم: "ئەدی قەدیر لە کوێیە؟'

باوکی گوتی: "قەدیر لێرە نییە. واتە ... ڕۆیشتووە."

"ڕۆیشتووە؟ بۆ کوێ؟"

"قەدیر ماڵی جێهێشتووە و هەموو پارەکانی لە بانک ڕاکێشاوە و ڕۆیشتووە."

"چی؟ ئێستا لە کوێیە؟ تۆ دڵنیایت بەڵایەکی بەسەر نەهاتووە؟"

"سێ مانگ دوای ڕۆیشتنی، نامەیەکی هات. نووسیبووی لە ئانتالیایە و ڕەوشی باشە. دوای ئەوە هیچ هەواڵێکی دیکەی نەبووە. چوومە لای پۆلیس. براکەم تا ئانتالیا بە دوایدا چوو، بەڵام هیچ سەر و سۆراغێکی نەبوو."

"لە نامەکەدا هیچ شتی دیکەی نەنووسیبوو؟"

"نووسیبووی... کێ باوەڕی دەکرد قەدیر ئەوەی لێ بوەشێتەوە؟ منداڵی ئەم زەمانە ئاوان ئیدی، لاسار و نابەرپرس."

"قەدیر و لاساری؟"

"لەم دواییانەدا زۆر دەمڕەپ بووبوو، هەتیوە سەگەیە."

لەو شەوەوە بەردەوام بە دوایدا دەگەڕێم. هەر پارکێک بڵێن خۆی دەگەیەنمێ. لە هەر فرۆشیار و دەستگێڕێک سۆراغی دەپرسم. سەری گشت بنکەکانی پۆلیسم داوە، تەنانەت چوومەتە پزیشکی یاساییش. دەڵێی بووەتە دڵۆپێک ئاو و بە عەرزیدا چووەتە خوار، نییە کە نییە.

هەرگیز ڕوخساری باوکیم کە دەیگوت "ئەم جۆرە منداڵانە ئاوان ئیدی"، لەبیر ناچێت. نازانم مەبەستی لە 'لەم جۆرە منداڵانە' کام منداڵ بوو، بەڵام قەدیر نە خەمسارد بوو نە لاسار.

باوکی دەیگوت: "کاتێک چوومە سەر کار، هەموومان خۆشحاڵ بووین، تەنیا قەدیر نەبێت. کە یەکەمین مووچەم وەرگرت، ئیدی لەگەڵ هیچمان قسەی نەدەکرد. کاتێکیش خوشکەکەی کاری دۆزیەوە و چووە سەر کاری خۆی، ئیدی

قەدیر قەدیر نەبوو. هەر دوو سێ ڕۆژی پێنەچوو کە ون بوو، تا ئەو کاتەی نامەکەی هات. هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەو منداڵە دڵخوازە نییە کە ئێمە دامانانابوو."

دەمویست پێی بڵێم کە قەدیر کوڕێکی زۆر باش بوو و لە دڵخوازیش دڵخوازتر بوو، کە نیگام کەوتە سەر ئەو کۆلارەیەی کە من بۆم چی کردبوو. لە قوژبنێکی ژوورەکە کەوتبوو تۆزی لێ نیشتبوو.

"ئێوە بۆتان دروست کردبوو، وانییە؟"

"بەڵێ، من دروستم کردووە."

"جارێکیش هەڵینەدا. ئەو شەوەی هێنایەوە ماڵ، لەبەردەم خۆی داینا و لێی نز بووەوە. پێم وابێت تا بەیانی دا ئاوا هەر لێی ڕامابوو و لە جێی خۆی نەبزووت. من نووستم و هۆشیار بوومەوە، کەچی قەدیر هەروا وەکو پەیکەرێک بەرامبەر کۆلارەکە دانیشتبوو و لە جێی خۆی نەدەجوولا. تەنانەت یەک جاریش هەڵینەفڕاند."

"کێ دەزانێت بۆچی؟ کەی؟"

## سەربازانی خوا، هەموو شتێکیان لە کەسانی دیکە جیایە

سەروبەندی نیوەڕۆ بوو کە سەرێکم بە پارکی وەنەوشەدا گرت. هەتاو بوو و دەریا ئارام. لەسەر چیمەنەکان دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساند. ئاوی دەریا هەر ڕەنگێکی دەهێنا و ڕەنگێکی دەبرد، یان لانی کەم بە لای منەوە وا بوو؛ لە ڕەنگی وەنەوشەییەوە بۆ سەوزی، لە سەوزییەوە بۆ شینی ئاسمانی، لە شینییەوە بۆ ئەرخەوانی... هیچ پێلێکت بەسەر دەریاوە نەدەبینی. بایەکیشی نەدەهات. تا چاوت بڕی دەکرد دەریا پڕ بوو لە بەلەم و بەلەمی ماتۆڕدار و کەشتی. تەنانەت کەشتییەکی جەنگییش لە دوور دوورەوە دیار بوو. ڕەنگی ئاوەکە، کە شین دەبوو هەندێک لەو بەلەمانە بە ڕەنگدانەوەیان لەنێو ئاوەکە زیاتر بە فڕۆکە دەچوون تا بەلەم، لەو جۆرە فڕۆکە باڵکولـلەییە کۆنانە.

"وەستا قاوەی بۆ ناردوون."

"دەستی خۆش، دەستی تۆش خۆش بێت."

هەر سینی قاوەکەیم لێوەرگرت، لەو گۆڕە بەرامبەرم لێی دانیشت و کەمێک سەری بەملا و بەولادا وەرسووڕاند و گوتی: "منت نەناسییەوە؟ کایام. ئەو شەوە، لە پارکی فلۆریا..."

"ئەو شەوە تاریک بوو و منیش کەمێک چاوم کزن، بەڵام دەنگەکەتم هەر لەبیرە."

"دەنگم؟ من خۆ ئەو شەوە جگە لە سڵاو و خواحافیزی قسەیەکی دیکەم نەکرد."

"بڵێم چی، ڕەنگە..."

لەپڕدا بێئەوەی من هیچ بڵێم دەستی بە خۆناساندن کرد: "من لە یەکێک لە گوندەکانی تراکیا لە دایک بووم. هەر لەبەر ئەوەشە ناویان لێ ناوم کایا. بێگومان دەزانن کایا واتا زنار. ئاخر ئەو ناوچەیە هەموو زنار و بەردەڵانە. واتە ناوچەیەکی شاخاوییە ئیدی. کاتێک کە منداڵ بووم..."

ئێستا وەستاکەشی هاتبووە لامان.

"ئەی چی تۆی گەیاندە ئێرە؟"

"ئۆییی، ئەمەیان هەر مەپرسە."

لەبەر خۆیەوە هەر منگەمنگی بوو، کە وەستاکەی گوتی: "ڕەوش و گوزەرانیان، کاکە گوزەرانیان هیچ باش نەبوو."

وەستاکەی هاوڕێیەکی دێرینی خۆم بوو. ناوی عەلی قازی بوو و زۆر دەمێک بوو دەمناسی. خانەنشین بوو و لانی کەم تەمەنی حەفتاساڵ دەبوو. دوو سێ ساڵ پێشتر کاتێک کە ژنەکەی مرد، ئەم قاوەخانەیەی لەم لێواری دەریایە کردەوە. کاتی خۆی ماسیگری دەکرد. بە تایبەت پایز و زستانان هەر لەناو دەریا بوو. کوڕێکیشی لە تافی گەنجیدا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بوو و کۆچی دوایی کرد. کوڕەکەی دیکەی لای خۆی کاری دەکرد. لە لێواری دەریا چەند بەلەمێکی سەوڵداری هەن کە بە

کاتژمێر بەکرێیان دەدا. وەک دیارە هاوینان کاسبییەکەی خراپ نییە. قەت بە زستانان لێرەم نەبینیوە. تەنیا هاوینان لێرەیە و هەندێک جاریش تا ناوەڕاستی پایز هەر لێرە دەمێنێتەوە.

"نەتگوت کایا."

"لەگەڵ پاڵەواندا هاتین."

"پاڵەوان؟ پاڵەوان کێیە ئیدی؟ ناوی چییە؟"

"ناویشی نازانم. پاڵەوانە ئیدی، یان ڕەنگە بۆکسەری پێ بڵێین باشتر بێت."

"بۆکسەر؟"

"بەڵێ بابە. ئەگەر پێی لە گە نەچووبا، لەسەر ئاستی وڵاتدا دەبووە قارەمان. لە دوا پێشبڕکێدا پێی لە گە چوو و وەک خۆی دەڵێت نۆکئاوت بوو. ئەگەر نۆکئاوت نەدەبوو دەبووە یەکەمی ئستەنبول، پاشانیش هی هەموو جیهان."

وەستاکەی گوتی: "ناجسنەی خەریکە گاڵتە بە پاڵەوان دەکات."

"نە بە خوا."

"سوێند مەخۆ. ئەو توولەسەیە کاری ڕابواردنە بەم و بەو. وا گاڵتە بەو خەڵکە دەکات هەر ببینی و کەیف بکەیت. ئەوەندەش ئەو فەقیرەی ئەزیەت دا تا وای لێ کرد سەری خۆی هەڵبگرێت و لێرە بڕوات."

"من؟ نا بە خوا. خۆی ڕۆیشت. دەیگوت لێرە بێزار بووم. ڕاستییەکەی ئەو هەمیشە بێزار و بێئۆقرەیە. دەیگوت تا نەبێتە قارەمانی جیهانی، هەدا نادات. دەیگوت لێرە خەریکە ژیانی بە فیڕۆ دەچێت. کەس قەدری نازانێت. دەیگوت ئەگەر من نەبمە قارەمان، دەمرم. واتە بەو خەیاڵەیەوەی گرتبوو ئیدی."

"تۆ لە کوێوە دەتناسی؟"

"ڕۆژێک چووبوومە یاریگە. پێشبڕکێ کۆتایی هاتبوو و خەڵکی خەریک بوون دەچوونەوە ماڵ. برسیم بوو. دوو ڕۆژ بوو لە بنکەی چاکسازی ڕامکردبوو و لەو دوو ڕۆژەدا هیچم نەخواردبوو. هیچ هەواڵێکیش لە منداڵانی پارکی دارستانەوە نەبوو. پێم وایە یان پۆلیس گرتبوونی، یان لە ترسی پۆلیس نەدەهاتنە ئەوێ. ئیدی وازیشم لە دزیکردن هێنابوو. نازانم بۆ، بەڵام ئیدی دەستم لێ هەڵگرتبوو. پێم وایە لە ترسان، یان لەبەر شتێکی دیکە بووبێت. لە پێش یاریگە پاڵم بە درەختێکەوە دابوو و هەروا چاوم بە چەپ و ڕاستمدا دەگێڕا."

"چاوەڕێی شتێک، یان کەسێکت دەکرد؟"

"نازانم. لەو جۆرە کاتانەدا، وەک بڵێی هەموومان چاوەڕێی شتێکین. لە شوێنێک ڕادەوەستین و لە دەرودیوار و ئاسمان ڕادەمێنین، چوزانم. هەر منداڵێکت لەو ڕەوشەدا بینی، ئەوە بزانە کە لە ئێمەیە."

"لە ئێمەیە؟ ئەو 'ئێمەیە'ی کە دەیڵێیت کێن؟"

"ئێمە؟ ئێمە ئێمەین ئیدی، ئێمەی منداڵانی دەربەدەر."

"ئێستا تۆ منداڵێکی دەربەدەریت؟"

"وا دیارە."

خەریک بوو لاسایی منی دەکردەوە کاتێک وەستاکەی گوتی: 'بینیت جاشکەکەر. هەر خەریکی لاساییکردنەوە و گاڵتەکردنە بە خەڵکی.' کایا لەپڕ خۆی کۆکردەوە و ڕووی کردە وەستا و زۆر لێبڕاوانە گوتی: "من هەرگیز گاڵتە بەم ناکەم، چونکە ئەویش لە خۆمانە."

"ئێ؟ کەواتە منیش لە ئێوەم. دەی دەتگوت."

"دەتەوێت هەموو ژیانی خۆمت بۆ باس بکەم؟"

"بۆ دەتەوێت هەموو ژیانی خۆتم بۆ باس بکەیت؟"

ئاوڕێکی لە وەستاکەی دایەوە و لە دوڕ چاوی نز بووەوە. وەستاش بە ڕوویدا پێکەنی و ڕوو لە من گوتی: "تا پێم گوت چ کارەیت، ئەو قاوەیەکی دروست کرد و ڕای کردە لات."

"ئێ؟ زۆر باشە، کەواتە باس بکە بزانم."

"نازانم لە کوێ لەدایک بوویم. ساڵ و ڕۆژەکەشی هەر نازانم. تەنیا ئەوەندە دەزانم دوو خوشک و برایەکم هەن."

وەستا وەک ئەوەی لاسایی کەسێک بکاتەوە، گوتی: "بە بەڵگەوبەند."

لە پێکەنینی کایاوە تێگەیشتم کە وەستا لاسایی ئەو دەکاتەوە. پێکەنی و گوتی: "باشە. کەواتە بە بێ بەڵگەوبەند."

"تۆ ئەم چەمکانە لە کێ فێر دەبیت؟"

"ئێمەش لەگەڵ کاغەز و قەڵەمدا سەروسەودایەکمان هەیە هە. نەچووینەتە بەر خوێندن، بەڵام خۆ لە بنکەی پەروەردە بووین."

"تا پۆلی چەندت خوێندووە؟"

"ناوەڕاستەکانی سەرەتایی وابزانم."

"باسی بۆکسەرت دەکرد."

"بەڵێ، باسی ئەوم دەکرد."

تەمەنی لە یازدە ساڵ زیاتر نەدەبوو، بەڵام وەکو کەسێک قسەی دەکرد دەتگوت کۆڵەبارێک ئەزموونی هەڵگرتووە. دونیادیدە و بەئەزموون بوو. هێڵکارییەکانی ڕوخساری قووڵ بوون و هەر هێڵێک نیشانەی دەرد و ئازارێکی قووڵتر بوو. ڕوخساری خەمگین بوو. نیگای تیژ و سەنگین بوو. بزەی زۆر ناسک و شیرین بوو. ئەگەر چاوم

داخستبان و گوێم لێ گرتبا، دەتگوت لەگەڵ کەسێکی هاوتەمەنی خۆمدا قسە دەکەم، بەڵام خۆ ئەو منداڵێک بوو، وەک منداڵیی خۆم.

کاتێک ئاخی هەڵدەکێشان، بەندی دڵ و هەناوی مرۆی دەپساند. ئازار و خەفەتێکی هەبوو کە لە باسکردن نایەت.

"لەژێر هەمان ئەو درەختەی بەردەم یاریگەدا ئاشنای بووم. هەر لە یەکەم نیگادا، واتە هەر بینیم زۆر دڵم پێی خۆش بوو."

"مەگەر دەتناسی؟"

" نە بابە. لە کوێ بیناسم؟ هەر منی بینی گوتی: 'وەرە بزانم کوڕیژگە، چەند ڕۆژە هیچت نەخواردووە؟ ها؟' گوتم تەنیا دوو ڕۆژە، زۆریش نییە."

"ئەو چۆنی زانی تۆ کێیت؟ برسیتە، یان نا؟"

"سەیرە وانییە؟ ئێمە یەکدی دەناسین. هەموو منداڵانی دەربەدەر یەکدی دەناسن. لە تروسکاییی چاوانمان، لە دەنگمان، لە بۆنمان... چوزانم. ئێمە لە هەموو خەڵکی جیاوازین. ئێمەمانان جۆرێکی دیکەین. ئێمە... ئێمە سەربازانی خواین. سەربازانی خوا جۆرێکی دیکەن، جۆرێکی دیکە."

کەیفی بەو چەمکەی (سەربازانی خوا) هاتبوو و پەیتا پەیتا دووپاتەی دەکردەوە. دیار بوو هەر ئەو دەم و لەخۆوە بەسەر زاریدا هاتبوو، بەڵام وازی لێ نەدەهێنا و زۆر کەیفی بە دووبارەکردنەوەی دەهات.

"سەربازانی خوا هەموو شتێکیان لەگەڵ خەڵکی دیکە جیاوازە. بە کورتی لێی ببڕمەوە؛ دەستی گرتم و بردمیە ساندویچییێک و گوتی: 'تا دەتوانی بخۆ'. منیش نەمکردە نامەردی و تا توانیم خواردم. هەر ئەو کاتیش پێی گوتم کە بۆکسەرە. دواتریش کە چووینە پارکەکە گوتی ئەگەر پێی وەرنەدەگەڕا دەبووە قارەمان، یەکەمی

ئستەنبول، پاشان تورکیا، دوای ئەوەش هەموو جیهان. تا دوانیوەڕۆ بێپسانەوە قسەی کردن. باشیش قسەی دەکرد. دەتگوت خەریکم فیلم دەبینم. بەڵێ ڕێک وەک فیلمێک بوو. دەزانیت؟... من، من هیچ کات لێرە ناڕۆم. ئەم وەستایە دەبینیت؟ تا ئێستا کەسی وا باشم نەبینیوە. پاڵەوانیش کەسێکی باش بوو، بەڵام ئەم وەستایە، وەستایە بە خوا. واتە، وااااتە باوکە، باوک، دەزانیت؟ مرۆڤە، مرۆڤ. پاڵەوان نانی ئێوارەشی بۆ کڕیم. شەویشمان هەر لەو پارکە بەڕێ کرد. تا بەیانی دا قسەمان کرد. واتە زیاتر ئەو قسەی کرد. لەگەڵ قسەکردنیشدا تەنانەت دەیدایە پڕمەی گریان. دەیگوت مافیان خواردووە. دەیگوت داوەرەکان هەقییان خواردووە. دەزانیت بۆ هەقیان خواردبوو؟ چونکە ئەویش لە ئێمەمانان بوو. زۆر تووڕە بوو و دەیگوت: 'لە ڕقی ئەوانیش بێت ببمە قارەمان'. بە خوای غەدریان لێ کردبوو."

ئەم ڕستەیەی دوایی ڕووەو وەستاکەی گوتبوو کە وەستاکەشی گوتی: "کوڕە بیبڕەوە. بەو قەد و قیافە لاواز و بنێسەیەوە چۆن دەبێتە قارەمانی جیهان؟ بڕۆ بابە، تۆش دڵت خۆشە."

کایا زۆر پەرێشان بووبوو. ڕەنگ و ڕوویشی پەڕیبوو و تۆنی دەنگیشی گۆڕابوو: "لاوازی بنێس؟ تۆ بەو دەڵێیت لاواز و بنێس؟ خۆ تۆ نەتبینیوە. خۆ تۆ ئەو ماسولکانەیت نەبینیوە. قۆڵ و مەچەکێکی هەبوون ئا ئەمەندە. مستی دەوەشاند بڵێم وەکو چی. لە سەری بازاڕی سرکەفرۆشان وای لە یەکێک دا تێکی شکاند. لێی دا ئەمما چ لێدان. بۆرە پیاو لەبەر ئازار دەیبۆڕاند دەتگوت مانگایە."

"لێی هەڵمەکێشە هەتیوە. ئەو پاڵەوانەی تۆش نەیدەتوانی لێیدا تا بگات بە..."

"لێهەڵکێشانی چی وەستا. بە خوا خۆم بینیم بەم چاوانەی خۆم. بە کورتی باش بووینە هاوڕێی یەکدی. سێ چوار ڕۆژێکیش لە پارک بووین، تا ئەوەی من پێم گوت بێینە

ئێرە. من پێشتر ئێرەم پێ دەزانی. پێم گوت با بچینە پارکی لێواری وەنەوشە، لەوێ ببینە ماسیگر. مەگەر ئێمە چیمان لە ماسیگران کەمترە؟ بەڵام شانسی ئێمە خۆ شانس نییە بە قوربانی خوا بم. گەیشتینە ئێرە و زریانێک هەڵیکرد، تۆ بڵێ تۆفان. لەو کەشەشدا خۆ کەس ناتوانێت ماسی بگرێت. دەتوانێت وەستا؟ یەک دوو ڕۆژ بوو لێرە دەخولاینەوە کە وەستامان بینی. شتێک بڵێم؟ وەستا لە خۆمانە."

"ون بە لەبەر چاوم هەتیوە. من کەی لە ئێوەی دەربەدەر دەچم؟"

"لە چاوتروکانێکدا لەبەر چاوی بووم. سەرەتا لێگەڕام تێر سەیرم بکات، سەیرکردنێکی ورد. پاشان بە هێمنی و بەسەروبەری لێم پرسی: 'ببورە وەستا لەم دەوروبەرانەدا نانەواییێک نییە؟' وەستا کە هێشتا بە وردی تەماشای دەکردم، گوتی: "نانەوایی هەیە هەیە، هەر لە سەری لەم پێچە بسووڕێیتەوە هەیە، بەڵام تۆ پێناچێت پارە و پوولێکت پێ بێت. بۆ کڕینی نان دەڵێم."

لەپڕ بینیم هەر ئەو هاوڕێیەی، پاڵەوان، بۆکسەر، چوزانم هەر ئەو لەڕ و لاوازە ئیدی، لەو گۆڕە پان بووەوە، چوارپەلی وەکو بۆق."

"ئێ بەڕاستی هەقی بووە، بەستەزمانەی. دوو ڕۆژ بوو کە هیچمان نەخواردبوو. تۆ بڵێ چەنگە گیایەکیش چییە، هیچ هیچ. جا پاڵەوانیش ئاغازادە بوو. خواردنی ناو سەتڵی زبڵی نەدەخوارد خۆ. لە سیستەمی ئێمەدا یەکەمین بەند ئەوەیە کە بە برسێتی نەمێنیەوە، بڕگەکانی دیکە لاوەکین. واتە هەرچی دەستت کەوت دەبێت بیخۆیت و تەماشای ڕەشی و سپی نەکەیت. پاڵەوان هی ئەو کارە نەبوو. ناشارەزا بوو. تازەکار بوو. هی دزیکردنیش نەبوو. ئەو شتانەی هیچ لە دەست نەدەهات. ئەوەندە لە بەردەم نانەواییەکەدا هاتین و چووین، دواجاریش هەر نەیتوانی چەند نانێک بڕفێنێت. منیش خۆ پێم گوتی دزیم بە لاوە نابوو. وازم لێ هینابوو. تەنانەت لێ نەدەگەڕا منیش لە

زبڵخانەکان هیچ بخۆم. دەیگوت نەخۆش دەکەویت! گوتم خۆ تازەکارە بوو. خوشکم دەیگوت هەر ڕۆژێکی برسێتی لانی کەم ساڵێک لە تەمەنی مرۆڤ کەم دەکاتەوە. خوشکم منی زۆر خۆش دەوێت. دەزانیت؟ ئەوەندە فرمێسکی بۆ هەڵڕشتووم چاوەکانی ئاوا لێ هاتوون، بوونەتە گۆمی خوێن. دڵنیام ئێستاش زۆر غەریبی کردووم و دڵی بۆم تەنگ بووە. دڵی نییە خوشکم. ئۆۆۆۆی... ئەوەندە. سوێند دەخۆم هیچ خوشکێک ئەوەندە براکەی خۆی خۆش ناوێت. هەر ئەوەندە بەسە داوایەکی لێ بکەم، ئامادەیە گیانی خۆیم بۆ بخاتە سەر لەپی دەستی. بۆم دەمرێت. ئێ خوشکە ئیدی. وەستاش منی زۆر خۆش دەوێت. ئەم وەستایە دەبینیت؟ منی لە منداڵی خۆیشی زیاتر خۆش دەوێت."

"جاشکەکەر ڕاست دەکات. خۆشم دەوێت."

"ئیدی من لێرە مامەوە. ناچمە هیچ جێگایەکی دیکە. چما شێتم. شوێن بەو جوانییە. وەستا بەو دلۆڤانییەی خۆیەوە. من دەڵێم وەستا تۆ بلێ باوک. مەردە، مەرد. ئێوە کە هاوڕێین ئەوە بڵێن. مەگەر وانییە؟'

"با وایە. پاشان؟"

"پاشان وەستا، پاڵەوانی دانیشاندە سەر کورسییێک. هەندێک ئاوی پڕشاندە سەر دەموچاوی و زلـلەیەکی لێ دا. ئەویش خێرا بە هۆش هاتەوە. ئێ خۆ هیچی نەبوو، تەنیا برسیی بوو. پاشانیش قاپێک ئۆملێتی بە دوو نانی برژاوی ئەوەندە گەورەوە لەپێش دانایین."

"تا من چووم ئاو بێنم، بینیم وا خەریکن بنی قاپەکە دەلێسنەوە، توتکەسەگانە."

"هەرچەندی پێم دەگوت ئارامتر ئارامتر، تێنەدەگەیشت. تازەکارە بوو ئیدی. ئاخر دوای دوو ڕۆژ برسێتی ئەگەر بەم شێوەیە بخۆیت، لێت دەدات و نەخۆش دەکەویت. مەگەر وانییە وەستا؟ کورتی بکەمەوە، لە دوو سێ خولەکدا گەسکمان بە قاپەکەدا هێنا."

"ئۆباڵ بە ملم ڕاست دەکات. من زۆرم کەسانی برسی بینیون، بەڵام ئەم دووانە بە جۆرێکی دیکە دەیانخوارد."

'کاکە هەر نانمان خوارد ئیدی لەوێ لەو گۆڕە تخێل بووین، چما دەمانتوانی لە جێی خۆمان بجووڵێین. چاوم هەڵێنان بینیم بەیانی داوە و تاو هەڵاتووە. ئێمە هەمووومان واین، هەرکە هەتاو هەڵات بە ئاگا دێین. ئەگەر هەتاو هەڵات و تۆش هێشتا هەر لە خەودا بیت، لە کوێش، لەو شوێنانەی ئێمەی لێ دەخەوین، هەر خوا دەزانێت چیت بەسەر دێت. هەڵبەتە من لە منداڵەکانم بیستووە ها. ئەگەر بڕیار بێت باسی هەموو ژیانی خۆمت بۆ بکەم، باسی ئەو شوێنانەت بۆ بکەم؟ ڕاستی پێم بڵێ ئەو شتانەی لە قسەکانی منەوە یاداشتیان دەکەیت دەتەوێت چییان لێ بکەیت؟"

"هیچ، واتە هەر ئاوا..."

"ئاخر وەستا گوتی کە..."

"مەگەر من چیم گوت؟ نەکا بتەوێت لەو وڕێنانەی شتێکت بۆ پێکەوە بنێیت؟ ها؟ لە دزی، گیرفانبڕین، جزدانڕفاندن، ها؟ ئیدی چی قوربان؟"

"ئێ بۆ نا؟ مەگەر منیش لەو... کۆمەڵگەیە نیم، چی پێ دەڵێن، ئێ... ئەها، قوربانیی کۆمەڵگە."

"قوربانیی کۆمەڵگە تۆخوا دە سەیری کە سەیر."

"قوربانییش مەگەر باش و خراپی هەیە وەستا؟ قوربانی قوربانی ئیدی، وانییە مامۆستا؟"

"بەڵێ، بەڵێ وایە. وەستا دەیەوێت گاڵتە بکات. تۆ دڵگران مەبە."

"خۆم ئەوە دەزانم. ئەگەر ئەم قسانەی هەر بە گاڵتە نەبان و بە ڕاستی بیویستابا پێم ڕاببوێرێت، یەک خولەک چییە لێرە نەدەمامەوە."

"بە تۆ ڕاببوێرم؟ هەی جاشک تۆ خۆ بە هەموو خەڵک ڕادەبوێریت. چما کەس دەتوانێت بە تۆ ڕاببوێرێت؟"

"ڕادەبوێرن وەستا، ڕادەبوێرن. وای کە باش ڕادەبوێرن."

"تۆ تەمەنت چەندە، کایا؟"

"چواردە، سێزدە، یان ڕەنگە دوازدە بم."

"چەند ساڵە سەربازی خوای؟"

"ئۆهۆی. سەربازی خوا. لەو کاتەی بیرم بێت."

باشە، دەتگێڕایەوە."

"هیچ، کاتێک کە چاوم هەڵێنان بینیم پاڵەوان دیار نییە. بەملا و بەولادا خولامەوە تا شەو داهات. نەمدۆزیەوە و نەمدۆزیەوە. چیدیکەش نەمبینیەوە. ئەو بێماریفەتە ڕایکردبوو."

"بۆ ڕایکرد؟ وەستا ڕاست دەکات؟ لە دەستی تۆ ڕایکرد؟"

"چوزانم. خۆ نەمبینیوە تا لێی بپرسم."

"چەند مانگ دەبێت لێرەیت؟"

"دوو، سێ، چوار، چوزانم."

"مانگ و نیوێکە، بەدیاریکراویەوە مانگێک و شازدە ڕۆژە."

"وا دیارە خەریکی ڕۆژەکانیش دەژمێریت، وایە؟ گوتم خۆ زۆری خۆش دەوێم. ئەوەندە دەمێنمەوە تا حیسابی ڕۆژ و مانگی لێ تێکدەچێت پیرەمێرد."

"تۆ بمێنەوە حیساب و کیتاب لەسەر من."

وەستا ئەمەی گوت و سینی چای لە پێش من هەڵگرت و بەرەو لای چاخانەکەی چوو، کە پێم وایە یەکێک بانگی کردبوو.

"ئێ، ئێستا ڕەوش و کاروبار چۆنە؟ لێرە ڕازیت؟"

"ئەری، ئەرێ. خواردن هەیە، جێگا هەیە... دوێنێ دنیایەک ماسیم گرتن. چوار پێنج کیلۆ دەبوون. هەرچی خواردمان هەر تەواو نەدەبوون. دوو دانەشم بردنە بازاڕ و فرۆشتنم. پارەکەشم دایە وەستا. دەزانی؟ وەستا ڕەوشی هیچ باش نییە. موشتەری نین. لەم دوو سێ هەفتەیەی ڕابردوو کە کەشوهەوا باشتر بووە، نزیک سەدوپەنجا لیرەم بە ماسیفرۆشتن دەست کەوتووە، کە هەموویم داوەتە وەستا. ئەم وەستایە پیاوێکی زۆر باشە. هەرچی هەیەتی لەگەڵ مندا دەیکاتە نیوە. بۆ من لە باوکیش باشترە. قەت لە لای ناڕۆم. وەستام منی زۆر خۆش دەوێت. خوشکەکەشم منی زۆر خۆش دەوێت. لە وەستا زیاتر. خوشکە ئیدی. دەزانم ئێستا دڵی زۆر تەنگ بووە بۆم. خوشکەکەم پەرستارە. نا نا سەرۆکی پەرستارانە. بەڵکو ئێستا بووشبێتە دکتۆر. ئەوەندە ناچمە لای تا زۆر تاسەم بکات و بۆم بمرێت. زۆری پێ خۆشە بچمە لای. جارێکیش چووم. لە بەیانییەوە تا شەو داهات هیچم نەخوارد، تەنانەت یەک جاریش نەیپرسی ئەری برسیت نەبووە؟ چما منیش پێی دەڵێم برسیمە، چۆن شتی وا دەکەم. لە برسان لاکەم دەکرد، بەڵام بەوم نەدەگوت برسیمە. بۆ یەک تاکە نان ئامادە بووم دە ساڵ بچمە زیندان، بەڵام داوا لەو نەکەم. شەو داهاتبوو کە کابرا زانی هەموو ئەو ڕۆژە بە برسێتی ماومەتەوە، دە چەپەرۆکی پێدادام و زلـلەیەکیشی بۆ زیاد کرد، بۆچی؟

کوڕی باش بۆ نەتگوت؟ کوڕی باش؟ ئەو دانە خوشکەم وەکو میکرۆب وایە. ئەو خۆیشی خۆش ناوێت تا بگات بە من، بەڵام ئەو خوشکەی دیکەم زۆر منی خۆش دەوێت. ناچمە لای تا لە هەژمەتان دەمرێت ناچم، بەڵام کە بیەوێت بمرێت ئەوسا دەچمە لای. بیری لێ بکەرەوە، خەریک بێت بمرێت و چاو هەڵدێنێت دەبینێت کێ هاتووە؟ کایا. پاشان باوەشم پێدا دەکات. دەمداتە بەر ماچان. دەملاوێنێتەوە. خۆ دەزانیت لاواندنەوەی خوشکەکەم چۆنە؟ شتێکی جیاوازە. لێی دەپرسم. دەڵێت هەرکە تۆم بینی باشتر بووم. دەڵێت نەخۆشییەکەم هەمووی دووری تۆ بوو، کە تۆ هاتی ئیدی من زۆر باشم، ئەوەی ئێش و ئازارە نەم ما. پاشان باشتر دەبێت. جل دەپۆشین و دەچینە دەرەوە.. من و خوشکەکەم. پێکەوە. دوو بە دوو. لە خۆشحاڵییان پێدەکەنێت. تێهەڵدەکاتە گۆرانیان. خوشکە ئیدی. ئینجا دەستی دەگرم دەیبەم تا لای دەرکەی ئۆتۆمبێلەکەم، وەکو ئارتیستەکانی سینەما. بە خۆم دەرکەی ئۆتۆمبێلەکەمی بۆ دەکەمەوە. خوشکم پێدەکەنێت. ئەو قەت فیلمی نەدیون، بەڵام هەر چاوی بە ئۆتۆمبێل دەکەوێت، چاوی دەبریسکێنەوە. زەق دەبنەوە. لە خۆ دەچێت. ئا بەم شێوەیە، بڕوانە."

چاوی سپی هەڵگەڕابوون و سەری بە چەپ و ڕاستدا دەسووڕاند.

"ناوچەی ئێمە شووتی زۆر باشی هەن. دەتزانی؟ ساڵێک لە بێستانێک کارم کرد. بێستانی شووتییان. ساڵێکی ڕەبەق، بەڵام ئەو ناکەس بەچەیە، هەرکە شووتییەکان پێگەیشتن، هەمووی هەر بە بڕکەوە فرۆشتنە کڕیارێک، کە لە ئستەنبولەوە هاتبوو. نیوەی کرێیەکەی منیشی نەدا. کاتێکیش پێم گوت کە : 'من مافی خۆمم دەوێت' منی دایە بەر مست و پێلەقان و گوتی: 'ها ئەمەش هەقدەستی تۆ'. سمێڵی ئا ئەمەندە بوون. من دەڵێم سمێڵ تۆ بڵێ کلکی ڕێوی. ئا، ئەمەندە. کاتێک کە هاتمە ئێرە ناونیشانەکەیم پەیدا کرد.

کە گەورە بووم دەچمە وێزەی. چما وازی لێ دێنم. ئەگەر ئەو سمێڵەیم نەسووتاندن. تۆ بوەستە دەیبینیت. دەتەوێت باسی دایبابی خۆمت بۆ بکەم؟"

"نا."

"ئاخر هەمووان دەیانەوێت باسی ئەوانیان بۆ بکەم. بە پێچەوانەی خەڵکی کاتێک من لە دایک بووم باوکم دەمرێت. مایەی پێکەنینە وانییە؟ ئەوەیە پێ و قەدەم. دایک دووبارە مێردی کردەوە. من لای نەنکم بووم، ئەویش زۆر نەژیا و تەمەنی بە ئێوە دا. پاشانیش بنکەی حەوانەوە و دواتریش..."

"دواتریش چی؟"

"لێی گەڕێ. باسی خوشکەکەمم دەکرد. لە تاوی من شەو و ڕۆژی نییە. خوشکم جوانیشە ها. زۆر جوان. ئەو خوشکەی دیکەم لەبەر جوانی ئەم خوشکەم لە ئێرەییان خەریکە شەق بەرێت. ئەویان زۆر بەخیلە. خوشکم ئەگەر کەسوکاری هەبایە، دەیتوانی لەو پێشبڕکێیانەی جوانییە چییە، بەشداری بکات. بە خوا یەکەم دەبوو. زۆر جوانە خوشکم. من لە سەگ نەبێت لە هیچ شتێک ناترسم. براکەم دەلاڵە. خۆ بۆ خۆی کار ناکات. نۆکەری یەکێکی وەکو خۆیەتی. ئەویش ڕۆژێک بە دوامدا دێت. هەر ببینە ڕۆژێک بەدەر کەوت. تۆ تا ئێستا چوویتە ئزمیر؟ من جارێک چووم. پیشانگا بوو. پیشانگای چی نازانم. ئەو کات تەمەنم تەنیا حەوت ساڵان بوو. هەموو پیشانگاکە پڕ بوو لە منداڵ. لە سەرتاسەری وڵاتەوە هاتبوون. دەزانیت؟ جزدانڕفاندنم نەکردووە. گیرفانبڕیش. ئەگەر نەنکم نەمردبا، من خۆ ئاوام لێ نەدەهات. تۆ سەمیعت دەناسی؟"

"نا."

"ئۆو. کەواتە لە دەستت چوو. کەسێک بوو ئەو سەمیعە، پیاوی ناو پیاوان. لە دزیکردندا تاکی نەبوو. چوست و خێرا. وەستایەک بوو بۆ خۆی. دەڵێن شاگردی پیر محەمەد بووە. خۆ پیر محەمەد دەناسیت؟"

"بەڵێ، هەندێک شتم لەبارەیەوە بیستووە."

"پیر محەمەد وەستای هەموو منداڵانی جزدانڕفێن و گیرافانبڕ بوو. سەمیع کارامەییەکەی بریتی بوو لە دزیکردنی ماڵان. کارەکەی نایاب بوو. شوێنپەنجەی جێنەدەهێشت. لە فەرمانگەی پۆلیسدا پەڕاوەکەی ئا ئەمەندەیە. دەڵێن لە داداگادا سی و دوو پەڕاوی هەن. ئێستا بیری لێ بکەرەوە، دەبێت چەند دزی کردبن کەوا تەنیا سی و دوو جار پێوە بووبێت. گوتم وەستای ئەو کارە بوو. من ماوەیەکی زۆر بە دوایدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزیەوە. ڕەنگە ئەوکات لە زیندان بووبێت. دەزانیت چۆن چۆنی پێوە دەبوو؟ زۆر دەنووست. هەمیشە خەواڵوو بوو. زۆربەی جاران لە ماڵان، واتە ئەو ماڵانەی دەچوو دزیان لێ بکات، دەخەوت. دەتگوت پشیلەی خەواڵووە، بەڵام چوست و چالاک بوو ها. زۆریش بێدەنگ و هێمن. خەڵکەکە نە گوێیان لە چرپەی پێی و نە تەنانەت گوێیان لە هەناسەشی دەبوو، بەڵام ئەو کێماسیەی هەبوو ئیدی. لێوە ژوور دەکەوت و هەموو شتەکانی کۆ دەکردەوە، کە دەیویست بۆی دەرچێت، چی ڕووی دەدا؟ خەوی بەسەردا زاڵ دەبوو. خۆی دەیگوت کێشەی سەرەکیی ئەو خەو نییە، بەڵکو برسێتییە. دەیگوت زوو زوو برسی دەبێت، هەر شتێکیشی خوارد، خەوی بەسەر چاواندا دێت. لە ماڵانیش بەردەوام برسێتی تینی بۆ هێناوە و چووەتە زگ بەفرگرەکان. هەرکە شتێکی خواردووە و سکی پڕ کردووە، هۆپ، خەوی هاتووە. هەمیشە لە چێشتخانەکان گیراوە. لە کاتی هۆشیاریدا یەک جاریش چییە پێوە نەبووە. تەنانەت یەک

جاریش. دەیگوت: 'ئەگەر ئەو کێماسیەم نەدەبوو، لە ماوەی یەک مانگدا گسکم بەم ئستەنبولەدا دەهێنا'. ئێ هەر جوانێک کێماسییێکی هەیە. وانییە؟"

کایا لە سیرەوە تا پیاز هەموو ژیانی خۆی بۆ باس کردم و وەک خۆی گوتەنی باش بووینە هاوڕێی یەکدی. باسی ئارەزوو و خەیاڵەکانی خۆشی بۆ کردم و هەروەها ئەو کارانەی کە پێی خۆشە بیانکات و ئەوانەیش کە هەرگیز نایانکات. باسی هاوڕێکانی و برا و خوشکەکانی کرد. ساتێک شاد دەبوو و ساتێک خەمبار. باش دەمزانی زۆربەی ئەو شتانەی بۆی باس دەکردم هەر ئەو دەم لە خۆیەوە دروستیان دەکات و هیچ ڕاست نین، بەڵام لە لایەکیشەوە لە پشت ئەو شتانەی کە بە دڵنیاییەوە هیچ ڕاستیشیان تێدا نەبوو، شتگەلێک هەن کەوا لە سەد ڕاستی بەهادارتر بوون، لانی کەم بۆ من. جاری وا هەبوو کاتێک باسی ئەو ڕووداوانەی دەکرد کە لەبارەی هاوڕێکانییەوە بوون، بە دانیشتنێک تەواو نەدەبوون، ئەوەی دەمایەوە هەڵمان دەگرت بۆ سبەینێ، کەچی لە بیری دەچوون، هیچ بە لایانەوە نەدەچوو و بابەتێکی دیکەی بۆ باس دەکردم. بە کورتی باسی هەموو شتێک و هەموو شوێنێکی دەکرد ئیدی؛ خوشکەکەی، ئەو خوشکەی دیکەی، وەستاکەی، ئەو کارانەی کە کردبوونی، ئەوانەی نەیکردبوون، ئەو کارانەی کە دەیویست بیانکات، ئەوانەی کە نەیدەویست بیانکات... دوای هەموو قسە و چیرۆکەکانیشی لێرەدا کۆتاییان دەهات کە یەکێک- براکەی، خوشکەکەی، وەستاکەی...- زۆریان خۆش دەوێت و زۆر دڵیان بۆ تەنگ دەبێت و ئامادەن گیانی خۆیانی بە قوربان بکەن و لەو جۆرە قسانە.

بە کارێکەوە ناچار بووم بۆ ماوەی مانگێک بچمە گەشت. دوانیوەڕۆکەی ڕۆژی پێش گەشتکردنەکەم چوومە قاوەخانەی وەستا و پرسیاری کایام کرد. لە لێواری دەریا

دانیشتبوو و پلوکەبەردی دەهاوێشتنە ناو ئاو. دەیگوت زۆر حەزی لەو کارەیە و هەمیشە خۆی بەم کارەوە سەرگەرم دەکات.

"کایا، من سبەی سەفەر دەکەم و مانگێکم پێ دەچێت. هیواردارم کە گەڕامەوە لە ئستەنبول بتبینمەوە."

"ئینشاڵلا."

ئەو ڕۆژەی کە گەڕامەوە ئستەنبول، یەکسەر چوومە پارکی وەنەوشە و قاوەخانەکەی وەستا. کایا لەوێ نەبوو. لە وەستام پرسی، گوتی: 'مەپرسە. دوو پاکەت جگەرە، شخارتەیەک، سەدوپەنجا لیرەی کاش و هەندێک وردکەوپرتکەی دیکەی بردوون و لێی داوە ڕۆیشتووە."

"ڕۆیشتووە؟"

"رایکردووە."

لە جێی خۆم مات مام. ئاخر ئەو ئێرەی پێ خۆش بوو و بە قەولی خۆی جگە لە وەستا هیچ کەسی دیکەی نەبوو. دەیگوت لە باوکیش باشترە بۆی. دەیگوت...

"ئەمانە نابنە مرۆڤ. شیری باڵندەشیان بدەیتێ، لەناو ئاوریشمیشدا بیانخەوێنیت، هەر نابنە مرۆڤ. ئەمانە کێشە لە بوونیاندایە. شیری ناپاکیان خواردووە."

لە هەموو منداڵانی -وەک کایا گوتەنی سەربازانی خوا-، سۆراغم پرسی. چوومە لای پۆلیسیش. هیچ کەس هەواڵێکی لێ نەدەزانی. منداڵەکان گوتیان: 'ئەو خۆ بەشەر نەبوو، مێشکی لە سەردا نەبوو.' بەڕێوەبەری پۆلیسیش گوتی: 'تۆش بە دوای چییەوەیت؟ دەڵێی پێت وایە هیچ کارێکمان نییە؟"

هیچ باوەڕم نەدەکرد. هەر یەک لە منداڵەکان قسەیەکیان لەبارەی ڕۆیشتن و چۆنێتیی ڕۆیشتنەکەیەوە دەکرد، کە هیچ لەو قسانەیان نە ڕاست بوون و نە پەیوەندیان بە کایاوە

هەبوو. ماستەکە مووییێکی تێدابوو، ئەمە تەنیا کایا بوو دەیتوانی هۆکارەکەیم بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەگەر دەمدۆزیەوە... واتە... واااتە دواجار هەر دەیدۆزمەوە.

## سەری بڕاو

مەتینم لەم ناوەدا زۆر دەبینی، بە تایبەت لە پارکی لێوارییی فلۆریا. زۆر کز و لاواز بوو. قژی زەرد بوو، لەوانەی کە وەک پەڕی ژیژک ڕوو لە سەرەوەن، داوداون. شەلوارەکەی هەمیشە کۆن و ڕەنگڕۆیشتوو و هەموو جێیەکی بە تایبەت سەرئەژنۆکانی پینەی پێوە بوو. دەرلینگەکانیشی کە هەمیشە تا ئەژنووی ڕیشاڵ ڕیشاڵ بوون. کەچە پێڵاوکانیشی کە هەردەم دوو سێ ژمارە لە قاچی خۆی گەورەتر بوون و هەر دوو سێ هەنگاو جارێک لە پێی دەبوون. تەنانەت ڕەنگی شینی چاویشی تایبەت بوو، مات و ژاکاو، وشک، شینێکی سپیپاتی کز.

دەرەبەهار و وەرزی کۆچی باڵندەکان بوو. منداڵان لە گۆشە و کەناری پارکدا خۆیان لە بۆسە ناوە و تەپکەیان بۆ ڕاوکردنی ئەو باڵندانە داناونەتەوە، کە بەهار و هاوینان لە پارکی فلۆریا دەمانەوە. هەندێک لە منداڵەکان قەفەسەکانیان پڕ بوون، واتە ئەو ڕۆژە ڕاوێکی باشیان کردووە. قەفەسەکانیان پڕ بوون لە باڵندەی ورد و

درشت و بەسەر یەکدا دەکەوتن و خۆیان بەملا و ئەولای قەفەسدا دەکێشا و تا دەهات زیاتر دەشڵەژان. ئەو ڕۆژە بای دەهات. هەتاو بوو، لێ باشی دەهات. دەریا شەپۆلی دەدا، بەڵام تۆفانییش نەبوو. زۆربەی منداڵەکانم دەناسین. واتە لانی کەم سڵاو و چاکوچۆنییێکم لەگەڵیاندا هەبوو. لەگەڵ مەتینیش. هیچ بیرم نایە کەی بوو یەکەم جار بینیم. لە کوێ و چۆن لەگەڵیدا ئاشنا بووم، ئەویش ئەو ڕۆژە لە پارک بوو. دیسان دەستی لەنێو گیرفانی شەلوارەکەی بوون و کەمێک بۆ پێشەوە کووڕ بووبووەوە و وەک ئەوەی لە سەرمان هەڵبلەرزێت، لەنێو خۆیدا گرمۆڵە بووبوو. دەتوانم بڵێم ئەو هەمیشە بەو شێوەیە بوو. هیچ پەیوەندی بە وەرز و ڕۆژەکەشەوە نەبوو. ئەو ڕۆژە ئەویش وەکو من لەو ناوە خەریکی پیاسە و خولانەوە بوو. دەچووە سەرێ و دەهاتەوە خوارێ. تاوێک لای ئەو منداڵانە ڕادەوەستا، کە بە دەستی بە تۆڕەوە بۆ ڕاوە باڵندە خۆیان لە خواشە[1] نابوو، ئینجا دەچووە لای ئەوانەی کە تەپکەیان دانابووەوە، پاشان بای دەدایەوە لای ئەوانەی بڤەکانیان جێگیر کردبوو و ئینجا دووبارە... واتە بێداکاسان ئاوا بۆ خۆی دەخولایەوە. منداڵەکان هەندێکیان چوارچمکی دانیشتبوون، هەندێکی دیکە لەسەر چیمەنەکان ڕاکشابوون، هەندێکیش خۆیان بە قاپۆری درەختێک، شتێک هەڵنابوو، بەڵام مەتین زیاتر هەر بە پێوە بوو. مەتین زەینی لەوە نەبوو کە خەریکم چاودێریی دەکەم. ڕاستییەکەی خۆشم زەینم لەسەر ئەوە نەبوو کەوا خەریکم چاودێریی مەتین دەکەم. واتە ئەو بۆ خۆی دەخولایەوە و منیش بۆ خۆم، تەنیا ڕێڕەوەکانمان یەک بوو. پێدەچوو لەگەڵ هیچ یەک لە منداڵەکان پەیوەندییێکی نەبێت. وەک ئەوەی بەڵایەکیان بەسەر هێنابووبێت.

---

[1] خۆلەخواشەنان، خۆمەڵاسدان.

مانگێک ئاوا چاوم لەسەر هەڵنەگرت. هەنگاو بە هەنگاو چاودێرییم دەکرد. تاکە جارێک نەمبینی لەگەڵ یەکیان تەنانەت سڵاوێکیش بکات، قسەیەک بکات، پێبکەنێت...

لەمسەری جادە خۆڵییەکەی کە لە 'باسێن کوی'ەوە تا فلۆریا دەچێت، تۆڕێکیان ڕاچاندبوو، تۆڕێکی گەورە و شین. نازانم بۆ تۆڕە گەورەکان زۆربەیان شینن. دەتگوت تۆڕەکە بۆ شەش کەسانە. واتە شەش منداڵ پێیەوە خەریک بوون. ئیشەکەیان قسەی تێدا نەبوو. تا بڵێی یەکودوو تۆڕیان ڕاچاند. پێنج دانە قەفەسیشیان لە بن درەختێک لەسەر یەک دانابوون. شەش باڵندەی دەستکردیشیان لەژێر تۆڕەکە دانابوون. لەوانەی کە قورمیش دەکرێن تا وەکو باڵندە بخوێنن و سەر و باڵیان بجووڵێنن بۆ ئەوەی باڵندە ڕاستەقینەکان فریو بدەن و بۆ لای تۆڕ و تەپکەکان بێن. سەیرە کە باڵندە دەستکردەکانیان لە شێوەی بولبول دروست کردبوو، واتە من تا ئەو کات لەو جۆرە باڵندە قورمیشکراوانەم، کە لە شێوەی بولبول دروستکرابن نەبینیبوون. هەڵبەت ئەمە لۆژیکیانەتر بوو ها، ئاخر چونکە ئەم پارکە ناوی فلۆریا بوو. ئێوە دەزانن کە فلۆریا ناوی جۆرە بولبولێکە. تەنیا یەکێک لەو منداڵانەم دەناسی. دەمناسی واتە پێشتریش بینیبووم. لە منداڵانی دیکەم بیستبوو، کە ئەوە لە پێنج شەشساڵییەوە خەریکی ڕاوە باڵندەیە و زۆریش لە کارەکەیدا شارەزایە. یەکێک لە منداڵەکان چوو کە قەفەسەکان بێنێت. گوتم کە پێنج دانە قەفەسیان پێبوو و لەژێر دار چنارێکی ئەو لا لەسەر یەکیان دانابوون... هەی هەی بڕوانە کێ لێرەیە؟ مەتین!. من هیچ زەینم لەوە نەبووە کە مەتین کەی هاتووەتە ئەوێ و لە کەیەوە لای ئەو قەفەسانە وەستاوە. ڕەنگە هەر پێشتریش

لەوێ بوویێت، یان ڕەنگبێت ئەویش خەریکی چاودێریکردنی من بوویێت. وەکو هەمیشە بە بێدەنگی لە گۆشەیەکدا وەستا بوو و لە تۆڕ و قەفەس و کاری منداڵەکان نز بووبووەوە. تائێستا نەمبینیوە ڕاستەوخۆ سەیری چاوی کەسی کردبێت. چاوی لەسەر تۆڕ بووە، یان لەسەر قەفەسەکان، یان ئەوەتا لەسەر ئەو باڵندانەی بە تۆڕەکانەوە بووبوون، یان خرابوونە نێو قەفەسەکانەوە. ئێستا ئیدی هەموو شتێک ئامادە بوو. منداڵەکان لە قوژبنێکدا خۆیان مەڵاس دابوو و چاوەڕێ بوون کە باڵندەکان بگەنە ئەوێ. مەتینیش لە لایەک وەستا بوو و ڕێک بە ئەندازەی ئەوان وروژاو و چاوەڕوان بوو. مەتین و منداڵەکان چاوەڕێ بوون، بەڵام هیچ باڵندەیەک بە ئاسمانەوە نەبوو. ئەو ڕۆژە بە خۆمم گوت چاوی لەسەر هەڵناگرم. زۆری کونجکۆڵ کردبووم. لەبەر خۆمەوە گوتم ئەگەر تا دوندی بورجەکەش پێویست بێت بە دوایدا دەچم و چاودێری دەکەم و تا لە سەر و بنی کارەکەی نەگەم دەست هەڵناگرم. لەبن دار بەهێکەی ئەوێ، لە ڕۆخ کانییەکە دانیشتم. لای ئەو درەختەم زۆر پێ خۆش بوو. قەت بەرەکەیم نەبینیوە. واتە هەر نازانم میوە دەگرێت، یان نا، بەڵام لە وەرزی خۆیدا شکۆفە دەکات، شکۆفەی ئا ئەوەندە. ئەوەندە شکۆفە دەدا کە تا دوو سێ مانگان لک و پۆپەکانی نابیندرێن. گشتیشیان سپی و پەمەیی. نازانم من میوەم پێوەی نەبینیوە، یان لە بنەڕەتەوە میوە ناگرێت. ڕەنگبێت منداڵەکانیش هەر بە شکۆفەیی بیڕننەوە. ئاخر ئەوێ جێی خڕبوونەی منداڵانە. دەبێت لە منداڵەکان بپرسین. پاڵم بەو درەختەوە دا و لە مەتین ڕامام. مەتین هەر سەیری تۆڕی دەکرد و سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی، سەیری تۆڕ و سەیری ئاسمان، ئاسمان، تۆڕ...

منداڵان ڕوو لە ئاسمان چاوەڕێی باڵندە بوون و مەتین ڕوو لە تۆڕ و من ڕوو لە مەتین. کاتژمێرێک دەبوو کە نە منداڵەکان و نە مەتین و نە منیش هیچ کارێکمان نەکردبوو و هەروا لە شوێنی خۆمان دانیشتبووین، کە لەپڕ مەتین، لە کاتێکدا هەمیشە هەر بە پێوە دەبوو، لەسەر پشت ڕوو لە ئاسمان لەو گۆڕە لێی ڕاکشا. لەسەر پشتڕاکشانی مەتین و دەرکەوتنی پۆلێک باڵندە هاوکات بوو. باوەڕ ناکەن هێشتا خولەکێکی پێ نەچووبوو کە ئەو ئاسمانە پڕ بوو لە باڵندە. دەتگوت چاوەڕێی مەتینن. واتە هەرکە مەتین لەسەر پشت ڕاکشا و لە ئاسمان نز بووەوە، لەپڕ هەموو ئەو باڵندانەش دەرکەوتن. منداڵەکان کەوتنە جووڵەجووڵ. هەموویان لە فیکەیان دەدا. لاسایی باڵندەکانیان دەکردەوە. ئەو باڵندە دەستکردانەش لە ژێر تۆڕەکە بێپسانەوە دەیانجریواند و هەڵدەبەزینەوە. لە ڕوخساری پەشۆکاوی منداڵەکانەوە تێگەیشتم کەوا باڵندەکان بەسەر ئاسمانی بان سەرماندا تێپەڕین و هیچ گوێیان بە ئێمە و لە ئێمەش گرنگتر بە تۆڕی منداڵەکان نەداوە. هەموویان خەریکبوون نائومێد دەبوون کە لەناکاو... لەناکاو بینیمان مەتین دەستی بە فیکەلێدان کرد. لەو فیکە بولبولیانەی لێ دەدا، باشیش لێی دەدا. منداڵەکان حەپەسابوون لەوەی کە باڵندەکان ئێستا کەوا ڕۆیشتوون، ئەو بۆچی... هەر بە ڕاستی ئەو بابەتە چ پەیوەندیی بەوەوە هەیە، مەگەر ئەو کێ بوو. گوتم کە مەتین لەگەڵ هیچ منداڵێکدا برادەرایەتی نەبوو. منداڵەکان لە مەتین و منیش لە منداڵەکان کەوا جیکەجیک و سەروسەدای بەڵندەکان هۆش و زەینیان بردبووم، نزبووبووینەوە. ڕەوە باڵندەیەکی گەورە بەرەو لای ئێمە دەهاتن. منداڵەکان خێرا خۆیان خزاندە بن دەوەنەکانەوە. ئیدی هیچ کەس فیکەی لێ نەدەدا. مەتینیش. باڵندەکان یەکەم جار چوونە سەر

کانییەکە و ئینجا ئاغر ئاغر چوونە ژێر تۆڕی منداڵەکان. ئێستا کاتی ئەوە بوو کەوا منداڵەکان تۆڕەکەیان دابگرن. هەموو باڵندەکان کەوتنە ژێر تۆڕ و پێوەبوون. تەنانەت یەک دانەشیان نەیتوانی بفڕێت و خۆی دەرباز بکات. منداڵەکان بە پێکەنین و خۆشحاڵییەوە لەژێر دەوەنەکان هاتنە دەر و بۆ لای تۆڕەکە ڕایان کرد. مەتینیش یەک دوو هەنگاو بۆ لای تۆڕەکە هات، بەڵام لەناکاو نازانم بۆ ڕاوەستا. وەک بڵێی دودڵ بوو کە بهێت، یان نا. خولەکێک ئاوا لە شوێنی خۆی مایەوە تا ئەوەی کە دووبارە گەڕایەوە و پاڵی بە قەدی ئەو درەختەوە نا کە پێشتر لەژێری وەستابوو.

منداڵەکان یەکە یەکە باڵندەکانیان لەژێر تۆڕەکە دەردەهێنان و دەیانخستنە نێو قەفەسەکانەوە. من زەینم دابووە منداڵەکان، بینیم وا مەتین بەرەو لای من دێت، واتە لای کانییەکە. ئێستا ئیدی هەرا و دەنگەدەنگی منداڵان ئەم ناوەی تەواو داگرتبوو. هاواریان دەکرد. دەیانقیژاند. قاقا پێدەکەنین، لێ مەتین ئارام و بێدەنگ چووە ڕۆخ کانییەکە. تا ئەنیشکی دەستی خستنە نێو ئاوەکە و هێنانیە دەر. پاشانیش کەمێک لەمبەر و ئەوبەری خۆی ڕاما. دەتگوت نازانێت ئایا بڕوات، یان بمێنێتەوە، یان ڕەنگە بە ڕاستی تێدا مابووبێت بچێتە کوێ. دواجار ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت. خەریک بوو بەرەو لای پارک دەچوو. بە ڕێگادا دەڕۆیشت، بەڵام بە لۆژەلۆژ. دەتگوت هیچ پێی خۆش نییە بڕوات. وەک ئەوەی بە زۆر هەنگاو هەڵبێنێت. هێشتا زۆر لە کانییەکە دوور نەکەوتبووەوە کە لەپڕ دانیشت. من دەڵێم دانیشت...ئێ، وەک بڵێی لەو گۆڕە پان بووبێتەوە. دەتگوت گالۆنێک ئاو بووە و لە هیکەوە بەو ناوە وەرکرابێت، بەو گۆڕە وەربوو.

دوو سێ هەفتە چاوم لەسەر هەڵنەگرت. نەمدەزانی لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت. هەر ئەوە بوو لەگەڵ کەڵەشێری بەیانی دەیخوێند، دەگەیشتە پارک. تا دوانیوەڕۆ، تەنانەت هەندێک جار تا تاریک دادەهات، لەناو پارکدا دەخولایەوە، لێ دەشچووە سۆراغی ئەو منداڵانەی خەریکی کاری ڕاوە باڵندە بوون. لە تۆڕ و قەفەس و چەپەرەکانیان نز دەبووەوە. قسەی لەگەڵ نەدەکردن. کاری بە کاری ئەوانەوە نەبوو. هیچی لە کەسیان نەدەپرسی. هەر تەنیا سەیری دەکردن، هەر ئەوەندە.

لەم دواییانەدا دڵنیا بووم کە دەزانێت وا چاودێری دەکەم. واتە بە دڵنیاییەوە دەیزانی لەژێر چاودێریمدایە. تەنانەت جارێکیان کە ڕووبەڕووی یەکدی بووینەوە چاوی بڕیە دوڕ چاوم. گوتم کە مەتین هەرگیز ڕاستەوخۆ سەیری چاوی کەس ناکات، بۆیە ئێستا کەوا چاوی لەناو چاوم بڕیوە، مسۆگەر ئاگاداری هەموو شتێکە. واتە گومانی تێدا نییە کە دوو سێ مانگ دەبێت چاوی لەسەر هەڵناگرم، بەڵام ئەو بەسەر خۆیدا ناهێنێت، یان لانی کەم من تێبینیم نەکردووە.

کەینێ و چۆن ئاشنای یەکدی بووین، هیچم بە بیر نییە. تەنیا ئەوە دەزانم ڕۆژێک کەوا دیسان وەک هەمیشە مەتین لە لایەک دانیشتبوو و لە تۆڕی یەکێک لە کوڕەکان ڕامابوو، چووم لە تەنیشتی دانیشتم. هیچ قسەیەکمان لەگەڵ یەک نەکرد. تەنانەت سڵاویشمان لە یەک نەکرد. هەر تەنیا لە تۆڕەکە نز بووینەوە. دواتریش ڕاوچییەکان هاتن و تۆڕەکەیان کۆکردەوە و هەڵیانگرت و... تەنانەت خواحافیزیشمان لە یەکدی نەکرد.

ڕۆژی دواتر من هەمدیسان ڕۆیشتم و لە تەنیشتییەوە دانیشتم. ئەو دیسان وا نوقمی نێو تۆڕ و قەفەس و باڵندان بوو، وابزانم منی هەر نەبینی، یان ڕەنگە بشیبینیبم و بە ڕووی خۆی نەهێنابێت. دیسان باڵندە کەوتنە نێو تۆڕ و پێوەبوون و خرانە نێو قەفەسان و هەراکە دامرکایەوە، بەڵام ئەم جارە بەر لەوەی لە یەکدی جیاببینەوە لەپڕ مەتین هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەژێر لێوەوە گوتی: "هێییییێ زەمانە." پاشان وەک بڵێی مەتین تازە تێبینی منی لەوێ کردبێت، زمانی کەوتە تنەتن: "ها؟ نا... واتە هیچ هیچ."

"شتێک ڕووی داوە؟"

"ڕووداو؟ نا، چ ڕووداوێک؟ نا نا."

"دیارە شتێک ڕووی داوە ئیدی، وانییە؟"

"من دەمەوێت بچمە لێواری دەریا و تا خۆر ئاوا دەبێت لە سەر بەردە شەپۆلشکێنەکانی قەراغ دەریا دابنیشم. ئەگەر تۆش پێت خۆش بێت... واتە ئەگەر دەتانەوێت..."

بە شێوەیەک قسەی دەکرد وەک ئەوەی چەندین ساڵ بێت یەکدی بناسین، لەوەش زیاتر زۆریش هاوڕێ بین. ڕاستییەکەی زۆرم بەلاوە سەیر بوو. هەم بەو بێدەنگییەی و هەم بەو جۆرە قسەکردنەشی. بەهەرحاڵ من خوا خوام بوو کەمێک بیدوێنم، گوتم: "دێم، بەڵێ، بەڵێ، دێم."

بەردەکان لەو تەنیشتەوە بوون. واتە ئەوەی ڕاستی بێت بەشێک بوون لە پارک. بۆیە لە ڕێگا، واتە ئەو پێنج خولەکەی بە ڕێگاوە بووین، هیچ قسەیەکمان نەکرد.

مەتین بە جۆرێک لە سەر بەردێک دانیشت وەک بڵێی جێی دانیشتنی هەمیشەیی خۆی بوو بێت.

"سوپاس بۆ خوا کەس ڕاوی ئەم مەلانەی دەریا ناکات، وانییە؟ گوشتیان حەرامە ئیدی، دەنگیشیان دڵگیر نییە، هێندەش جوان نین. ئاشکرایە کەس بەدوایانەوە نییە. ئاخر خۆ کەس نایان کڕێت. ئەگەر کەسێک پارەی پێ دابان، ڕەنگە... بەڵێ من پێم وایە، چونکە جوان نین کەس هەقی پێدانین. هەندێک جار ئەگەر جوان نەبیت بە قازانجتە ها، وانییە؟"

"تۆ مندالی کوێیت؟ وەک بڵێی شێوەی ئاخاوتنیشت جیاوازە، وایە؟"

"من؟"

"بەڵێ، بەڵێ."

"مندالی کوێ بم باشە؟ مەگەر چ جیاوازی هەیە؟ ئەم مەلە دەریاییانە لە کوێ هێلانە چێ دەکەن؟ هەر بە ڕاست ئەمانە لانە و ئاشیانەیەکیان هەیە؟"

"دیارە کە هەیانە."

"بە چی دەزانیت؟ تۆ بینیوتن؟"

"نا نەمبینیون، بەڵام خۆ..."

تا من ویستم ڕستەکە تەواو بکەم، مەتین دەستی بە قسان کردەوە. یەکبێن قسەی دەکرد و ناوبڕی نەدەدایێ، کە وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە. باسی هێلانەی بولبولەکانی پارکی فلۆریا و ئەو لەکلەکانەی بۆ کردم، کە لە مەیدانی سوڵتان ئەحمەددا بینیبوونی. باسی هێلانەی مەلی دەریایی دەکرد، کە قەت نەیبینیبوون و ئەو باڵندانەی کە لە باغی ئاژەڵان هەبوون و مەلە کۆچەرییەکان و... لەپڕێکەوە

نازانم چی بوو کە تێکەڵی کرد. بە پێوە وەستابوو و ڕوو لە بەردە شەپۆلشکێنەکان، ڕووەو دەریا، زاری بەردابوو، چ جنێوی ناخۆش هەبوو حەواڵەی ئەو خەڵکەی دەکرد، لە ڕاوچیی باڵندانەوە بگرە، تا بەرپرسانی باغی ئاژەڵان، لە کرێکارەکانی پارکەوە بگرە، تا ئەو خەڵکەی دەهاتنە ئەوێ. بە کورتی هیچ کەس لە جنێوەکانی مەتین دەربازی نەدەبوو. چاوی داخستبوون و دەمی کردبووەوە و دەیگوت و دەیگوت. دەتگوت ئاگرە لە قسەکانی دەبارێت. من ئاوا حەپەسابووم. چ جانەوەرێک بوو ئەو مەتینە. دوو سێ مانگ بوو هەنگاو بە دوایەوە بووم، کەچی ورتەم لێ نەبیستبوو، ئێستاش... وابزانم هیچ لەسەر خۆی نەمابوو. واتە پێم وایە ئاگای لەوە نەبوو کە خەریکە چی دەڵێت، بە کێ دەڵێت، بۆچی وا دەمی بەرداوە، ئەو تەنیا دەیگوت. خراپیش دەیگوت. لە ناوەڕاستی قسەکانیدا بەلەمێکی ماسیگران تێپەڕی، لەو بەلەمە ماتۆڕدارانە، هەرچی هاتە بەر زاری نەیگێڕایەوە؛ جنێو بە ماسیگران، بەو پیاوە گەنجەی کە بەلەمەکەی لێ دەخوڕی، بەو ماسییانەی کە گرتبوونیان، بەو ماسییانەی نەیان گرتبوون، بە خودی بەلەمەکە... بە کورتی هەمووی دابوونە بەرێ.

من خەریک بوو وردەوردە ترس دایدەگرتم و ڕاستیت بووێت بە هێواشی هەستام کە ئەگەر بتوانم بە خشکەیی بقوچێنم، بەڵام لە هەمان کاتدا لە پیادەڕۆکەی ئەودیومان ژنێک تێپەڕی، ژنێک کە من دەمناسی. ژنێکی ناوبانگ باش نەبوو. تۆمەز مەتینیش دەیناسی. تا من بە خۆم هاتمەوە بینیم مەتین پێشی لە ژنەکە گرت و هەرچی بە دەمیدا هات پێی گوت. جا ئەو جنێوانەی پێی دەدان چ جنێوێک بوون! لەو جنێوانە، کە من زۆریانم یەکەمین جار بوو گوێ لێ دەبوون. ڕاستییەکەی

نیوەیان زیاتر هەر تێنەگەیشتم. واتە تا من دەمویست لێکی بدەمەوە جنێوەکە چۆنە و چییە، یەکێکی دیکەی پێ دەدا و شتەکەی لێ ئاڵۆز دەکردم. ئەو ژنەش کە باسم کرد، خۆی سەری لەو بەزمە دەخورا، تیچاوێکی دایە من و ڕووی کردە مەتین و گوتی: "فنکێ[1] بە لەبەر چاوم توتکەسەی بێکەسوکار. برسێتی هۆشی بردوویت، وایە؟ جاشکەکەر. کەسێک نییە پشکەگۆشتێک، نانێک شتێکی هەڵداتە بەر و بێدەنگی بکات، پیسکەی بۆگەنی."

"بێدەنگ دەبیت، یان ئەوەتا..."

"سەیرکە گوجیلەسەگی بۆگەنی، بێم دەتخنکێنم و... وات لێ دەکەم دوولەتت بکەن ها. ون بە لەبەر چاوم. چیت لە گیانی من دەوێت؟ سەیری شانسی ئێمە بکەن توخوا تووشمان بە تووشی کێ بووە!"

ژنەکە ئەم قسانەی کردن و ڕۆیشت. زانی دەرەقەتی مەتین نایە و کلکی نایەوە گەڵی و ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت، بەڵام جا خۆ مەتین وازی نەدەهێنا. ئەوەندە جنێوی ڕیز کردن و نەڕاندی تا دەنگی نووسا. ئیدی قسەکانی، واتە جنێوەکانی، هی ئەوە نەبوون تێیان بگەیت. شاکەشاک[2] و بۆڵەبۆڵێکی بوو کە لە تاکوتەرای ئەو وشانەی من تێیاندەگەیشتم دیار بوو هێشتا هەر جنێو دەدات. بەکێ؟ دیار نەبوو. بە هەمووان، ڕەنگە تەنانەت بە منیش. ئیدی دەنگی تەواو گیرابوو و دەستوقاچی دەلەرزین، یان ڕەنگبێت خۆی ئاوا پەلی دەکوتان. لە بن ئارەقە هەڵاتبوو. دەم و لچی دەجووڵاندن، بەڵام ئیدی هیچ دەنگێکی لەبەر نەدەهاتە

---

[1] فنکێ بە، ون بە، سکتر بە، لاچۆ لەبەر چاوان، دەربڕینێکە بە هەڕەشە و سووکگرتن و لە حاڵەتی تووڕەییدا دەردەبڕێت.

[2] شاکەشاک، هەڕەشەکردن و خۆسوورکردنەوە و مەیدانخواستن.

دەر. نیو کاتژمێرێکیش ئاوا بوو، تا ئەوەی لەپڕ لەسەر تاتەبەردێکی ڕۆخ دەریا دانیشت. هەڵبەت دانیشت! چۆن بڵێم؟ لەسەر تاتەبەردەکە تخێل بوو.

ئیدی قسەی نەدەکرد. لە دەریا نز بووبووەوە و هیچ قولماتی نەدەکرد. منیش هەر وەک ئەو. نە ئەو قسەیەکی دەکرد و نە من. هەوڵی دەدا چاو نەبڕێتە چاوی من و نیگامان تێک هەڵنەنگون. وەک بڵێی شەرمی دەکرد، نازانم لەبەر ئەوەی کە چما ئەو بەزمەی نایەوە، یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە لەو نێوەدا منیشی لە جنێوەکانی بێبەش نەکردووە. من داڵغەم بە دەوری ئەو شتانەدا دەخولایەوە، کە مەتین دووبارە تێهەڵچووەوە.

"داوای بوردن دەکەم. واتە زۆر زۆر داوای لێبوردن دەکەم. دەزانی؟ تۆ... واتە ئێوە... یەکەمین کەسن کە سڵاوتان لە من کردووە. واتە بەر لە ئێوە تا من ڕووبەڕووی کەسێک نەبووبامەوە، کەس خۆی تێنەدەگەیاندم. واتە تا ئێستا نەبووە هیچ کەس تەنانەت من بە بنیادەمیش دابنێت، سڵاوم لێ بکات، ئینجا... ئینجا منیش ئاوا... ئاوا بێئەدەبیم کرد لەبەرامبەریدا، وانییە؟"

"نە نە. واتە ئاخر کارێکی... واتە ... واتە بێئەدەبیت بەرامبەر بە من نەکردووە."

"با کردم. بمبوورە توخوا. ئێوە چۆن بوون لەگەڵ من و من چۆن؟ واتە..."

ئێستا چیدی دەست و پێی نەدەلەرزین. ڕەنگ و ڕوویشی خەریک بوو بۆ دەگەڕایەوە. دەنگیشی وردەوردە بەهێز دەبووەوە.

"لەبارەی ئەو ژنەشەوە... واتە... کێ دەزانێت بەستەزمانەی چ کێشە و دەرد و بەڵای هەن، ئینجا ئێمەش، واتە منیش، ئاوا دامگرتە بەر جنێوان. ژنانی ئاوا لەم شارەدا چ بەڵایەک هەیە بەسەریان نەهاتبێت. بەو شێوەیە سەیری مەکە، کە پێت

وابێت هیچ خەمی نەبێت ها، دەیویست بە ڕووی خۆی نەهێنێت. من دەیناسم. بەندەی خوایە هەمیشە نیگەرانە، تەنانەت... بەردەوام دێتە ئێرە دەگرییێت."

تا زیاتر بیری دەکردەوە، زیاتر نیگەران دەبوو. داخی دەخوارد. زۆر پەشیمان بووبووەوە. داوای لێبوردنی لە هەموو ئەوانە دەکرد، کە ڕۆژێک چاکەیەکیان لەگەڵدا کردووە. لەو ژنە، ماسیگرەکان، بەلەمەوانەکان، داوای بوردنی لە هەمووان دەکرد، نەک جارێک دە جار، بیست جار. ئەگەر دەربڕینەکە گونجاو بێت وەکو سەگ پەشیمان بووبووەوە. ئەوەندە پەشیمانی دەربڕی تا دووبارە تووڕە بووەوە، بەڵام ئەم جارە لە دەست خۆی. دەیگوت ئاخر مەگەر مرۆڤ دەبێت چەند جار هەڵەیەک دووبارە بکاتەوە. ئێستا ئیدی نەدەکرا بزاندرێت داخۆ تووڕەیە؟ نیگەرانە؟ واتە من نەمدەتوانی تێی بگەم.

"هەمووان دەگرن. ئەو بچکۆلانەت بینیون؟ هەر ئەوەندۆکەن. کاتێک لەنێو قەفەسەکان هەناسەبڕکێیان پێ دەکەوێت، دڵم بۆیان پارچە پارچە دەبێت. شێت دەبم. سەیری چاویانت کردووە؟ هەندۆکە. باڵەفڕکەیانە، خۆیان بە قەفەسەکاندا دەکێشن، تێکدەقژقژێن و خۆیان پێکدادەدەن... دەناڵێنن، ئەو بچکۆلانە... ئەو منداڵانە چۆن دڵیان دێت؟ نازانم. واتە هیچ سەیری ئەو چاوە بچکۆلانەیان ناکەن؟ ئەو هەناسانەیان نابینن؟ زۆر حەز دەکەم بزانم ئەوانە، ئەو باڵندانە، لە کوێوە دێن؟ بۆ کوێ دەچن؟ هێلانەیان لە کوێیە؟ ئایا هێلانەیان هەر هەیە؟ لە کوێ هێلکە دەکەن؟ هێلکە دەکەن ئیدی؟ چی لە فەرخەکانیان دەکەن؟ دەزانی ڕۆژێک ژماردم، هەموو ئەو باڵندانەم ژماردن کە لە گۆشە و کەناری ئەم پارکەدا ڕاو کرابوون. دەزانیت چەند بوون؟ نزیکەی دوو هەزار باڵندە. دوو هەزار! ئەمە

جگە لەوەی کە زۆریشیان هەر لە ڕێگادا دەمرن، وا نییە؟ دیار نییە کە لە کوێوە دێن؟ چەند ڕۆژ بە ڕێگاوە دەبن؟ خواردنێک پەیدا دەکەن؟ نایکەن؟ ئەمانە ناترسن؟ لەو هەموو ڕێگایەی کە تەی دەکەن، ناترسن؟ ئێ تەنانەت هەندێکیان دەشترسن، وانییە؟ وەکو سەلیم. سەلیم دەناسیت؟ هاوڕێی من، سەلیم بچکۆلەیە. ئەو زۆر دەترسێت. لە هەموو شتێک دەترسێت. تەنانەت لەو باڵندانەش دەترسێت. شەوان هەر زەندەقی دەچێت. کەسی وەکو ئەوم ترسنۆک نەبینیوە. نازانم بۆ هەرکە ئەو باڵندانە دەبینم سەلیمم دەکەوێتەوە یاد. ئەویش دیار نییە کە منداڵی کوێیە؟ لە کوێوە هاتووە؟ هەر بۆچی هاتووە؟ تەنانەت خۆیشی نازانێت لە کوێوە هاتووە. لە هەموو شتێک دەترسێت، لە بەرزایی، لە تاریکی، لە سەگ، لە تەنیایی، تەنانەت لە باڵندەکانیش دەترسێت. لە هەموو شتێک دەترسێت، بەڵام بە خوا درۆ دەکات، گیرفانبڕێکە نەبێتەوە، جزدانڕفاندن، دزی، هەرچی بیرت بۆی ناچێت. ئینجا دەشڵێت ئەمانە هەمووی لە ترسان دەکات، ئاخر ئەمە دەبێت؟ کاتێک ترس دایدەگرێت ئەو کارانە دەکات. کاتێک ترس بەسەریدا زاڵ دەبێت کاری وا دەکات بە کەس نەکرێت، تەنانەت بە گەورەکانیش. پار کەسێکی لەم تەمەنەی تۆم بینی. جا چ هەیکەلێکی هەبوو. سمێڵی ئا ئەمەندە بوون. هەموو جەستەی خۆی کوتابوو، سەر قۆڵی، سەر سنگی. هەموو کوتانەکانیشی شین بوون. زۆربەشیان وێنەی شمشێر بوون. واتە شمشێر، یان خەنجەر و ساتۆر و شتی لەو بابەتە بوون. سەلیم هەر چاوی بە کابرا کەوت زەندەقی چوو. چاوی لە ترسان زەق بوونەوە. ئا بەم شێوەیە. دەزانی چاوەکانی سەلیم دوای ئەو ڕۆژە هەرگیز وەک خۆیان لێ نەهاتەوە. واتە وەک خۆیان مانەوە. دوو چاوی دەرپەڕیو و تۆقیو. جگە لەوە، دەیگوت پێشتریش

کەسێک، نازانم بۆ، ویستویە بیخنکێنێت، کە ئەوکاتیش چاوەکانی وایان لێ هاتووە. چۆن دڵیان دێت ئاخر؟ چاوەکانی سەلیم، چاوەکانی ئەو باڵندانە. بینیت چۆن چاویان لێ زەق بووبوونەوە؟ بینیت چۆن ئاوا دەرپەڕیون؟ بەم شێوەیە. گوناح نییە توخوا؟ سەلیم گوناح نییە؟"

مەتین هەر باسی باڵندە و سەلیمی کرد و کرد تا ئەوەی کە دیسان... بەڵێ دیسان تووڕە و دەهری بووەوە. تووڕە بووەوە و ئەم جارە هەرچی هاتە سەر زاری بە باڵندەکانی دا و هیچی نەگێڕایەوە. ئاخر بۆچی دێنە ئەم لایە و بۆچی پێوە دەبن و بۆچی هێندە بچوکن و... بە ڕاستی من سەرم لە کاریان دەرناچێت. تەنانەت بە بۆچوونی من هەندێ لە هەڵسوکەوتەکانی بە نواندن دەچوون. ئێستا وازی لە باڵندەکان هێناوە و ئەو منداڵانەی داوەتە بەر جنێو و نەفرەت کە ڕاویان دەکەن. جنێوەکانیشی کە... خوشک، دایک، خێزان، کوڕە تۆ بڵێ عێل و عەشرەت، حەوت پشتی ئەو منداڵانەی تەڕ دەکردنەوە. کە نیگای لە نیگای من گیر دەبوو، شێوەی جنێوەکانی بۆ: بەو بێبەزەییانە، بەو بکوژانە، بەو چەپەڵانە، بەو بێئابڕوو و ئەو جۆرە دەسەتەواژانە دەگۆڕا، بەڵام هەرکە نیگای لە نیگای من لا دەدا، دووبارە...

دووبارە دەنگی لە قورگیدا گیرا و کەوتەوە لەرزین.

"وەک بڵێی سەرماتە، وایە؟"

"من؟ من هەمیشە سەرمامە. وەکو باڵندەکان. ئەوانیش هەمیشە سەرمایانە. نەتبینی چۆن هەڵدەلەرزین؟ هەمیشە هەڵدەلەرزن. هەم لە ترسان هەڵدەلەرزن، هەم لە سەرما، بەڵام من تەنیا لە سەرما هەڵدەلەرزم. من خۆ لە هیچ شتێک

ناترسم. واتە لە هیچ شتێک ناترسم. بۆ نموونە... بۆ نموونە ئەو ئۆتۆمبێلە دەبینیت؟ دەتەوێت بچم هەر چوار تایەی ونجڕونجڕ بکەم؟ ئەگەر دەتەوێت بڵێ ها، با هێندەی بڵێی یەک و دوو بچم. ئەو گەنجە دەبینیت؟ هەر ئەوەی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشتووە دەڵێم. پێت وایە من لێی دەترسم؟ سەیری ئەو قەڵافەتە گەورەیەی مەکە. بەو خوایە ئەگەر پیاوە با بێتە بەرامبەرم. چاوی بە من بکەوێت شەلواری پیس دەکات. لێرە هەمووان حیسابم بۆ دەکەن. هەر منیان بینی هووپ، خۆیان پیس کردووە."

"بەڵام... دەنا من لە تۆ ناترسم."

"بەڵێ ئەوە دەزانم. دەزانیت بۆ؟ چونکە تۆش وەکو منیت. تۆش لە هیچ ناترسیت. دەزانیت، هەندێک هەن لە هیچ شتێک ناترسن. وەکو من و تۆ. واتە خوا ئێمەی بەم چەشنە دروست کردووە ئیدی، مەگەر وانییە؟ واتە ئەگەر خوا ئێمەی خۆش نەویستبا خۆ ئاوا ئازا نەدەبووین، وانییە؟'

"من لە تۆ ناترسم، بەڵام تۆ بۆ لە من... مەگەر نا؟ دەترسیت ئیدی، جاشکەکەر."

"ئێیی. ئەمە لە تۆ ناوەشێتەوە. بۆچی جنێو دەدەیت؟ مرۆڤ خۆ جنێو بە هاوڕێی خۆی نادات."

"ئێ؟ ئەدی بۆ تۆ هەرچی هاتە بەر دەمت بە منت گوت؟"

"ئەوە... ئەوانە خۆ... ئەوانە خۆ حیساب نین."

"بۆچی حیساب نین؟"

"لەبەر ئەوەی کە... لەبەر ئەوەی کە..."

مەتین کەوتبووە نێو فکران. ئەبرۆی وێک هاتبووەوە و چاوی تا دەهات بچوکتر دەبوونەوە. نێوچاوانی لۆچاوی بووبوو و ئەبرۆی گەیشتبوونەوە یەک. هەر بە ڕاستی کەوتبووە بیرکردنەوەوە. من تەنیا سەیریم دەکرد. واتە نەمدەویست ڕستەی بیرکردنەوەکانی بپچڕێنم. ئەوەی ڕاستی بێت لە لایەکیشەوە زۆرم حەز دەکرد بزانم بیر لە چی دەکاتەوە؟ هەر بە ڕاست بیر دەکاتەوە، یان نا؟ تا ئەوەی پێم وابێت مەتین تێبینی منی کرد و دووبارە چووەوە سەر باسی باڵندەکان. دیسان سەرەتا دڵی پێ سووتان، پاشان لێیان تووڕە بوو، دوای ئەوەش دەستی بە تووک[1] و جنێوان کردەوە. دەیگوت لە حەلەزوونیش خاووخلیچترن. دەیگوت تەنانەت کیسەڵیش لەوان خێراترە. دەیگوت لە کەر کەرترن. دەیگوت وەکو گاڕان ملی ڕێ دەگرن یەکسەر بۆ ناو تۆڕەکان. دەیگوت بە بەرچاوی هاوڕێکانیان دەچنە ناو قەفەسان، وەک ئەوەی نە بایان دیبێت و نە باران. دەیگوت هیچ بوونەوەرێکی وەک ئەوان دەبەنگم نەبینیوە. دەیگوت هەقەمستیانە ئیدی. هەر بوونەوەرێک هێندە گێل و دەبەنگ بێت پێوە دەبێت، ئەوە ڕوونە ئیدی. نازانم بۆچی قسەکانی ئەم جارەیانی بە نواندن تێدەگەیشتم. وەک ئەوەی درۆم لەگەڵدا بکات و هەڵمخەڵەتێنێت. بۆیە هەستام و گوتم: "باشترە بڕۆین. درەنگە، وانییە؟"

هیچی نەگوت و پێشم کەوت. ساڵدانە ساڵدانە دەڕۆیشت. پشتی کەمێک کووڕ بوو و بەردەوام قاچی بەر یەک دەکەوتنەوە. لە هەر هەنگاوێکیدا دەتگوت ئێستا قاچی تێک دەئاڵێن و دەکەوێتە ئەو گۆڕە. تووڕەیی هیچ هێز و بڕستی بۆ نەهێشتبووەوە. ئیدی بەرگەی هیچی نەدەگرت. تەنانەت ڕۆیشتنێکی ئاساییش.

---

[1] تووک، نزای خراپ.

کاتێک بە بەردەم چاخانەکەی فەیزیدا تێپەڕین، من چوومە ژووری، ئەویش بە دوای مندا هاتە ژووری. هیچی نەدەگوت. کەوتبووە دوای من و من بچووبامە هەر کوێیەک ئەویش دەهات. من وەک خووێکی خۆم تا بنەبانی چاخانەکە ڕانەوەستام، مێزی ئاخیری کە چۆڵ بوو هەمیشە هەر لەوێ دادەنیشتم. دانیشتم و ئاماژەم بۆ مەتینیش کرد، کە بێت دابنیشێت، بەڵام ئەو وەک ئەوەی تازە تێبینی کردبێت لە کوێیە، شڵەژا. سەیرێکی دەرودیواری چاخانەکەی کرد و بۆ لای دەرگا گەڕایەوە. تێمابوو کە بڕوات، یان نا. ڕووی بە لای دەرگاکەوە بوو، بەڵام نیگای لەسەر من بوو. یەک دوو جار ئاوی دەمی قووت دایەوە و دواجار هاتە قسە: "من... من کە... من کە هیچ پارەم پێ نییە."

"کێشە نییە، مەتین، ئەم جارە میوانی من بە."

"ئەم جارە؟ میوانی تۆ؟"

"ئەرێ ئیدی، وەرە دانیشە شتێک بخۆین، برسیت نییە؟'

"برسی؟ با، واتە کەمێک. واتە من هەمیشە کەم دەخۆم. واتە ناخۆم. واتە زۆر کەم دەخۆم. واتە هەر کاتێک هەبوو دەخۆم. واتە من... من... تۆ بە ڕاستی پارەت پێیە؟'

"ئەرێ بابە، وەرە دانیشە."

"کەواتە... کەواتە تۆ... ئەها کەواتە تۆ... تۆ..."

"وەرە دانیشە ئیدی."

هات لە تەنیشتم دانیشت. دیسان دەست و پێی دەلەرزین. دیسان دەنگی گیرابوو. دیسان زمانی تێک دەئاڵا. هەر لەملا و ئەولای دەڕوانی و ئاوی دەمی قووت دەدایەوە.

"تۆ باشیت؟ لەگەڵ تۆمە مەتین. تۆ حاڵت باشە؟"

"من؟ من... تۆش دڵت بە باڵندەکان دەسووتێت، وانییە؟"

"ئەدی چۆن. کێ هەیە دڵی پێ نەسووتێن؟"

"ئەرێ، ئەرێ. کێ هەیە دڵی بەو بەستەزمانانە نەسووتێت؟ واتە هەمووان دڵیان پێ دەسووتێن. ئاشکرایە کە دڵیان پێ دەسووتێن. منیش دڵم پێ دەسووتێن. واتە هەموو کەسێک دڵی پێ دەسووتێن."

ئێستا دڵنیا بوومەوە کە مەتین هەر کاتێک ویستی باسەکە بە لارێدا ببات، هەر کاتێک نیگەران بوو، هەر کاتێک تێکەڵی کرد، هەر کاتێک تووڕە بوو، هەر کاتێک... دەچێتە سۆراغی باڵندەکان. دەتگوت بە باسکردنی باڵندەکان، بە جۆرێک ئارامی بە خۆی دەبەخشێت.

مەتین هێشتا هەر خەریک بوو باسی باڵندەکانی دەکرد، کە سەڵاحەدین، شاگردی چاخانە، سەروکەلـلەی بە دەرکەوتن. چاکوچۆنییێکی لەگەڵ کردم و گوتی: "ئەمڕۆ کەبابی گوێرەکەمان هەیە. گۆشتەکەی تازەیە و زۆر باشە." تا من ویستم وەڵامی بدەمەوە، مەتین بە سەرسوڕمانەوە پرسیی: 'کەبابی گوێرەکە؟' پاشان کەمێک لەسەرخۆتر دووبارەی کردەوە: 'کەبابی گوێرەکە؟' بە دواشیدا: 'نانی برژاو؟ خواردنی لۆبیا؟'..."

"بۆ منیش لەوانەی مەتین ناوی هێنان، بێنە. زەلاتەش بێنە. لیمۆش."

"منیش زەلاتەم پێ خۆشە، لیمۆش، بەڵام... بەڵام من... من هیچ کات زەلاتەم نەخواردووە، نە."

ئەمەی دوایی بە شێوەیەک دەربڕی وەک ئەوەی لە دەمی دەرچووبێت. واتە نەیویستووە بیڵێت. وەک ئەوەی دانی پێدانابێت. بۆیە منیش خێرا گوتم: "ئێ، باشتر. واتە ئێستا دەیخۆیت ئیدی. واتە، دەیخۆین ئیدی."

سەڵاحەدین یەکەم جار نان و پیازی هێنا. واتە تا خواردنەکە ئامادە دەبێت، نان و پیاز و ئاو و خوێ و ئەو شتانەی هێنا و لەسەر مێزی ڕیز کردن، بەڵام تا خواردنەکە هات مەتین نانەکەی تەواو کرد. من ئاوا خۆم بە دۆلکەی ئاوەکە مژول کردبوو تا تەریق نەبێتەوە، بەڵام ئەو هەر هیچ باکی نەبوو. بۆیە بە هێمنی نانەکەی منیشی ڕاکێشایە بەر خۆی و دەستی بە خواردن کرد. کە نانەکەی منیشی تەواو کرد، چاوی بریسکانەوە. ڕەنگوڕووی هاتەوە بەر. ئێستا تێدەگەیشتیت کە مەتین منداڵێکە. منداڵێک کە لانی زۆر هەر یازدە دوازدە ساڵە دەبێت. تا سەڵاحەدین زەلاتەکەی دانایە سەر مێز، مەتین دەستی پێکرد، بەڵام ئەم جارە لە ژێرەوە تیچاوێکی دایە من و ئینجا دەستی پێکرد. منیش وەک ئەوەی ئاگام لێی نەبێت و وا سەیری دەریا دەکەم، بەڵام هەڵبەتە تیەچاوێکم هەر لەسەری بوو. لەوەی کە من زەینم لەسەری نییە، پێم وایە خۆشحاڵ بوو. سەڵاحەدین کەبابی گوێرەکەی هێنا. فەیزی دەیزانی من حەزم لە تکەی پشتە. بۆی دانابووین. تا ویستم زەلاتەکەم بخۆم، مەتین کەبابەکەیشی تەواو کرد. ئێستا مەتین ئیشتیای باش کرابووەوە. شەرمیشی نەدەکرد. من خەریکی خواردنی کەباب بووم، کە مەتین گوتی: "هێشتاش پارەت پێیە؟" گوتم: "چۆن مەگەر؟" گوتی: "ئاخر من دیسان نانم دەوێت. نانی برژاو. پەنیریشم دەوێت. کاڵەک، یان شووتی، شوتیشم دەوێت." بە کورتی مەتین تا ورگی گرتی خواردی. لە هەرچییێک کە حەزی لێ بوو و پێی خۆش بوو خواردی. کە خواردنەکەمان تەواو

بوو دووباره گەڕاینەوە لای پارک. ئیدی مەتین نە کاری بە باڵندەکان بوو و نە بەو منداڵانەی سەرقاڵی ڕاوکردنیان بوون. من گوتم با لەسەر چیمەنەکانی ژێر داربییەکەی ئەملا دابنیشین و مەتینیش ڕازی بوو. واتە هیچی نەگوت و تەنیا دانیشت. من هێشتا تەواو دانەنیشتبووم، کە مەتین خەوی لێ کەوت. نەدەبۆرژا، نە، یەکسەر خەوی لێ کەوت. سەرەتا ویستم بە ئاگای بێنمەوە، بەڵام دواتر گوتم لێگەڕێ با بخەوێت. نیو سەعاتێک ئاوا بە دیارییەوە دانیشتم بەو خەیاڵەی کە ئێستا نا ئێستا بە ئاگا دێت، بەڵام خۆ نا. بێتاقەت بووبووم، بۆیە چوومە لای منداڵانی دیکە. قسەم لەگەڵ منداڵەکانی دیکە دەکرد، لێ زەینێکم هەر لەسەر مەتین بوو. ئیدی خۆر لە ئاوابووندا بوو، بەڵام مەتین هیچ نیازی هەستانی نەبوو کە نەبوو. گەڕامەوە لای. نازانم چۆن، بەڵام دڵنیابووم کە وا خەریکە خەون دەبینێت. ئیدی شەوداهاتبوو کە مەتین لە خەو هەستا. یەکەم جار پێم وایە منی نەناسیەوە. واتە من وای بۆ چووم، بەڵام خولەکێکی پێنەچوو لەپر پێکەنی و گوتی: "باش خەوتم ها هاوڕێ، وانییە؟" نازانم بۆ لەو ڕۆژە بە دواوە مەتین منی هەر بە هاوڕێ بانگ دەکرد. چووینە لای لێواری دەریا تا ئەو ئاوێک بە دەموچاویدا بکات. کە لە تەنیشت جادەکە تێدەپەڕین، ئۆتۆمبێلێک بە خێراییێکی زۆر بە تەنیشتماندا ڕەت بوو و تەواوێک ترساندمانی. من بێدەستی خۆم گوتم: "ناکەس بەچەی بێعەقڵ"، بەڵام مەتین هەر گوێی پێ نەدا. وەک ئەوەی هەر لەوێ نەبووبێت. دەتگوت بووەتە کەسێکی دیکە. ئەوەی کە تا کەمێک پێش ئێستا جنێوی بە دنیا و بنیا دەدا، جنێویش بێ هۆکار، ئێستا متەقی نەدەکرد. لە دەریا نز

بووبووەوە و مسکەی دەهات. تەنانەت پێم وایە هەر زەینی لە منیش نەمابوو. نازانم بەڵکو من وام بیر دەکردەوە.

مەتین خەریک بوو وردەوردە دەهاتەوە سەرخۆی، کە کۆمەڵێک منداڵ هاتنە تەنیشت ئێمەوە، واتە لێواری دەریا. چوار کەس بوون بە چوار قەفەسەوە، کە هەر چوار قەفەسەکە پڕ بوون لە باڵندە. قەفەسەکان بچوک بوون و باڵندەکانیش زۆر. مەتین لە باڵندەکان ڕامابوو و هیچی نەدەگوت. باڵندەکان، جگە لە یەک دووانێک، هەموویان بچوک و ڕەنگاوڕەنگ بوون. لە هەموو ڕەنگێکیان تێدا بوو؛ زەرد، شین، ڕەش، سەوز، تەنانەت سوور.

منداڵەکان خەریک بوون دەموچاوی خۆیان دەشوشت. باڵندەکان تێکدەقژقژان. مەتین بەرەو لای قەفەسەکان دەچوو و منیش سەیری مەتینم دەکرد، کە دیسان وەک بلێی وروژابوو و خەریک بوو لێی بگۆڕێت. هێشتا دەستی مەتین بە باڵندەکان، واتە بە قەفەسەکان نەکەوتبوو، کە یەکێک لە منداڵەکان ئەوی تێبینی کرد. تێبینیی کرد و بەزمێکی نایەوە ئەسکووی تێنەدەگەڕا. لە دواوە پاڵێکی بە مەتینەوە نا و خستی و گوتی: "خەریکی چیت پیسکەی ناڕەسەن؟ بڕۆ فنکێ بە دەنا بەڵایەکت بەسەر دێنم کە... کە..."

"ئێ. بۆچی جنێوان دەدەیت؟ خۆ ئەو بەستەزمانە هیچی نەکردووە."

"تۆ چی دەڵێیت پیرەپیاو؟"

من هێشتا پێڕانەگەیشتبووم وەڵامی بدەمەوە، یەکێک لە منداڵەکان دیار بوو منی دەناسی، داوای بوردنی لێ کردم و ئەو دووانەی دیکەش دەستی هاوڕێیەکەی خۆیانیان گرت و بردیانە ئەو لاوە. من هێشتا لەوەی یەکەمیان دەهری بووم، کە لەپڕ

مەتین هەستایەوە، جلەکانی کە تەواو تۆزاوی بووبوون، تەکاندنی و گوتی: "وازیان لێ بێنە هاوڕێ. ئەمانە گشتیان لاسار و منجڕن. چەند دانە باڵندەیەکتان گرتووە، پێتان وایە چ گوێکن؟ هێییی ڕۆژگار، ئەگەر منیش تۆڕێکم هەبایە."

مەتین ئەمەی گوت و بێدەنگ بوو. وابزانم دیسان شتێکی گوتبوو، کە نەیویستووە بیڵێت، واتە دیسان لە دەمی دەرچووبوو. چەند خولەکێک هەموومان بێدەنگ بووین، ئینجا هەمان ئەو کوڕیژگەیەی کە منی دەناسی، دیسان داوای لێبوردنی کرد و دەستی دایە قەفەسەکەی هەڵیگرت و ڕۆیشت، ئەو سێ کوڕانەی دیکەش کەوتنە دوای. مەتین سەری لەبەر خۆی نابووەوە و هیچی نەدەگوت.

"دەکرێت بە سەلیمم بناسێنیت؟"

"بەڵێ. بەڵام..."

"بەڵام چی؟"

"گوتم ئەو لە هەموو شتێک دەترسێت. لە مرۆڤەکانیش دەترسێت. واتە دڵنیام لە تۆش دەترسێت. ئینجا گوتم کاتێک کە ئەو دەترسێت هەموو شتێک دەکات. ئێستا ئەگەر هاتوو لە تۆش ترسا و..."

"ناترسێت بابە. ئاخر بۆ دەبێت لە من بترسێت. تۆ منی پێ بناسێنە، ئەوەی دیکە لەسەر خۆم."

"باشە، لەسەر ئێمە گوتنە. دەنا من هاوڕێی خۆم نەک هەر بە سەلیم، بەڵکو بە هەر فریشتەیەکیش بیەوێت دەناسێنم. تۆ هاوڕێی خۆمی. من بۆ هاوڕێی خۆم هەرچی پێویست بێت دەیکەم. مرۆڤ دەبێت بەهای هاوڕێ و هاوڕێیەتی بزانێت.

بۆ من هاوڕێ لە هەموو شتێک بەهادارترە. لە هەموو شتێک. لەگەڵ سەلیمیشت ئاشنا دەکەم هاوڕێ. ئێمە زۆر دڵسۆزتین."

کە قسە دەهاتە سەر هاوڕێیەتی، مەتین نواندنێکی وای دەکرد و بە جۆرێک باسی برادەرایەتی دەکرد و ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیی خۆی دەردەبڕی و دەستی ڕاستی لەسەر لای چەپی سنگی دادەنا و... بە کورتی ئەو هاوڕێیەی ئێمە تا بڵێی پابەندی هاوڕێیەتی بوو، یان لانی کەم دەیویست وا خۆی نیشان بدات.

مەتین بە جۆرێک باسی هاوڕێیەتی دەکرد، کە نەدەکرا وەڵامی نەدەیتەوە. بۆیە منیش گوتم کە هاوڕێیەتی بۆ منیش زۆر گرنگە و ئەویش هاوڕێی منە و لەو جۆرە قسانە. کاتێک ئەو قسانەم کرد لە خۆشیان دەمی بەش بووەوە. بزیەکی کرد و گوتی: "بڕوانە هاوڕێ، منیش وەکو ئەم باڵندانەم. ناوم مەتینە، بەڵام ڕاستییەکەی نازانم کێ و بۆچی ئەم ناوەی لێ ناوم. هیچ زانیارییم لەسەر ئەسڵ و ڕەچەڵەکی خۆم نییە. نازانم تەمەنم چەندە. نازانم خەڵکی کوێم. هیچ زانیاریم لەسەر دایبابم نییە. خوشک و براش هەروا. ئەگەر بە من بێت هەموو مرۆڤەکان خوشک و بران، هەر هەموو. ئەم قسانەم کردن تا بزانیت هاوڕێکەت کێیە. چییە. دەتوانیت متمانەی پێ بکەیت، یان نا. دەتوانی لێی دڵنیا بیت، یان نا. با بە کورتی لێی ببڕمەوە، من هەر ئەمەم کە هەم، دەربەدەرێک. ئاوارەیەکی بێنەوا. ئێستا ئیدی کەیفی خۆتە. لەسەر ئێمە گوتن. ئەگەر هێشتاش دەتەوێت سەلیم ببینیت با ناوی خوای لێ بێنین. ئەو وەکو من نییە ها. ئەو لە حەوت پشتان زانیاری هەیە. دایباب و خوشک و برا کە هیچ، هەموو عێل و ڕەچەڵەکیشی دەناسێت. شار و مەملەکەتی خۆی وەکو لەپی دەستی شارەزایە. بڵێ شارەکەیان چەند دانە مانگا و مەڕ و گوێدرێژ و مێرووڵەی

هەیە؟ هەموویت بۆ دەخاتە سەر لەپی دەست. جگە لەوە ئەو خۆ وەکو من توورە و شێتوویتیش نییە، وا قسەت بۆ دەکات دەڵێی بولبولە. تەنیا ئەو بەدبەختە ئەوەی هەیە کە دەترسێت. لە هەموو کەس و هەموو شتێک. هیچ ڕۆژێک نییە لەو گۆڕە زراوی نەڕژێت. لە هەموو شتێکیش زیاتر لە تاریکی زەندەقی دەچێت. چلەی زستان بێت، بەفر و کرێوە ببارێت، ئەو تەنیا لەژێر ڕووناکی گلۆپی دارتێلەکان نەبێت ناتوانێت بخەوێت. بیکوژی بە تاریکی هەنگاوێک هەڵنانێت. هەر ئەم زستانەی ڕابردوو بوو چوار پێنج جار زۆری نەمابوو لە سەرمان ڕەق ببێتەوە. قبوڵ ناکات وەکو ئێمە بهێتە ژێر پردێک، نێو کەندرێک، تونێلێک، شتێک. پار زستان شەوێک لە خەو ڕاپەڕیم. لە ناو تونێلی ئاوەڕۆیەکدا خەوتبووم. پیسە، بۆگەنە، بەڵام بۆ زستانان شوێنێکە تاکی نییە، واتە هیچ نەبێت گەرمە. نازانم بۆ بیری سەلیمم کرد. ساتێک هێنام و بردم. دواجار خۆم پێنەگیرا و بە دوایدا چووم. گوتم خۆ هەمیشە لەژێر ڕووناکیی دارتێلدا دەخەوێت، هاوین و زستان. نیوەشەو بوو. بەفرێکی باش باریبوو. هەوا سارد بوو ئەمما سارد. خوایە قەت ئەوە بە چاوی خۆت نەبینی. سەیرم کرد سەلیم ڕەق بووەتەوە. بووبووە مرۆڤەبەفرینە. هەناسەی دەدا، بەڵام ڕەنگی بە ڕووانەوە نەمابوو و هەموو گیانی بەژێر بەفر و زوقمەوە بوو. نەمدەزانی چی بکەم؟ بیبەمە نەخۆشخانەیەک، جێگایەک؟ نەدەکرا خۆ، تا پێیان دەڵێیت کێیت و بۆ وا ڕەق بووەتەوە و ... ئۆۆوو سەلیم نەماوە ئیدی. بیبەمە نێو تونێلی ئاوەڕۆ؟ لەوێش لە ترسان هەترەشی دەچێت. بیبەمە ماڵی کەسێک؟ خۆ کافرستانی نییە؟ دەبینن منداڵە لە سەرما ڕەق بووەتەوە، شتێکی هەر بۆ دەکەن، بەڵام خۆ ناتوانین کەسەکان لە ڕوخساریانەوە بناسین. سەد نەهامەتی بە سەر

مرۆڤ دێنن. منداڵ بیت، بێکەسوکار بیت، وێڵ و سەرگەردان بیت، چی خراپ هەیە بەسەرت نەهێنن؟"

مەتین دواتر پێی گوتم کە لە هەمان شەو بەدواوە بڕیاری داوە هەر جۆرێک بێت خەڵکەکە لە ڕوخساریانەوە بناسێت. دەیگوت ئێستا لەو کارەدا وەستایە. دەیگوت کابرا یەک خولەک بەرامبەری بوەستێت، مەتین دەڵێت ئەو کابرایە چۆنە و چەند دێنێت. دەیگوت پۆلیسەکان ئیدی هەر لە دووری دوو فرسەخ ببینێت دەیانناسێتەوە. دەیگوت پۆلیس ئەگەر چ جلی پۆلیسیان لەبەردا بێت، چ جلی ئاسایی هەر وەک یەکن. دەیگوت پۆلیسێک تەنانەت بچێتە کەوڵی ورچ و ڕێوی و کەروێشکیشەوە بە نیگایەک دەتوانێت بیناسێتەوە. دەیگوت پۆلیسەکان هەموویان یەک شێوەن. دەیگوت ئەگەر قسەی منت دەوێت پۆلیس هەموویان لە یەک دایبابن. دەیگوت لە هەموو تەمەنیدا هیچ جانەوەرێکی لە پۆلیس بەدتر نەبینیوە. دەیگوت چۆن دەشێت مرۆڤێک چێژ لە دارکاریی مرۆڤێکی دیکە، ئەویش لە منداڵێک، وەربگرێت؟

"عەرد یەکپارچە سەهۆڵبەندانە، هەموو جێیەک بەستوویەتی. هەواساردە، بەفر باریوە ئیدی. ئێ سەلیمیش قورسە. بیرم کەوتەوە لەولاتر، هەر لەو دیوە مزگەوتێک هەیە، لەوانەی زۆر گەورەن. پاشان زانیم کە ناوەکەی مزگەوتی حەزرەتی پێغەمبەرە. سەلیمم خستووەتە سەر شانم و بەرەو لای مزگەوتەکە چووم. نوێژی شێوان تازە تەواو بووبوو و نوێژخوێنان خەریک بوون لە مزگەوت دەردەچوون. لەو هەموو بەچکە موسڵمانە، بڵێ یەکێکیان لێی پرسیت تۆ چتە؟ ئەو منداڵە چیەتی؟ مردووە؟ زیندووە؟ بڵێ تاکە یەک کەسیش. حەوشەی مزگەوتیش هێندەی گۆڕەپانێکی یاری دەبێت. ئیدی هێزی ڕۆیشتنم نەمابوو، لەو ساتەدا هەستم کرد سەلیم شتێکی گوت.

دەتگوت ئەم دنیایەیان داومەتێ. هەر ئەوەندەی زانیم کە هێشتا زیندووە، بەس بوو گیانێکم بهێتەوە بەر. خەریک بووم بە ڕاکردن ڕام دەکرد. زۆرم نەمابوو بگەمە دەرگای مزگەوت، کە سەلیم کەوتە ناڵاندن. ئیدی دڵنیا بوومەوە کە زیندووە. دەزانیت، گەرمای جەستەی من سەهۆڵەکەی سەلیمی تواندبووەوە. لە حەوشەی مزگەوتیش کە دەستم بە ڕاکردن کرد بەدەنم زیاتر گەرم داهات ئیدی. لەو بیرکردنەوانەدا بووم، کە لەپڕ قاچم خلیسکا. هەردووکمان کەوتینە ئەو گۆڕە کە مەڕمەڕڕێژ کرابوو و وەک هەسان لووس بوو. باشیش بوو کەوتین. چونکە یەکسەر سەلیم بە هۆش هاتەوە. وەک ئەوەی لە خەو ڕاپەڕیبێت. کەوتە پەلکوتان، بەڵام هێشتا چاوی داخرابوون. دووبارە بەرزم کردەوە و خستمەوە سەر شانم و ڕامکرد. لەنێو حەوشەی مزگەوت دەسووڕامەوە و نزام دەکرد. ئەوەندە ڕامکردبوو خەریک بوو هەناسەم بوەستێت. خەریک بوو لە پەلوپۆ بکەوم، کە لەپڕ سەلیم کەوتە قسەکردن. قسەکردن چۆن بڵێم.. هێواش و پچڕپچڕ هەندێ وشەی دەردەبڕین. من لەناو قسەکانیدا تەنیا لە ناوی خۆم گەیشتم. لەسەر بەردڕێژەکانی ناوکەوی حەوشەی مزگەوت درێژم کردبوو. یاخەی کراسەکەیم کەمێک کردەوە. نەمدەزانی کە ئێستا دەبێت چی بکەم، کە سەلیم چاوی هەڵێنان و گوتی: 'من باشم هاوڕێ. نیگەران مەبە.' سەلیم بە هەوەنتە کەسێک بە هاوڕێ ناو نابات. واتە هەموو جۆرە کەسێک بە هاوڕێی خۆی نازانێت. ماندوێتیم بیر چووبووەوە. هەروەها سەرماش. زۆر دڵم خۆش بوو. سەلیم خەریک بوو بە هۆش دەهاتەوە. واتە ئیدی بەهۆش هاتبووەوە. گوتم: 'کوڕە تۆ چۆنی چۆن؟' گوتی: 'برسیمە مەتین. زۆر برسیمە. تۆ پارەت پێیە؟' گوتم: 'نە، بەڵام تۆ نیگەران مەبە. تۆ هەر

لێرە ڕاکشێ، من ئێستا لەژێر عەردیش بێت شتێک هەر پەیدا دەکەم بیخۆیت. تۆ خولەکێک سەبرم لێ بگرە. 'سەلیم گوتی، سەلیم گوتی من باشم هاوڕێ، باشم.' نازانم کەی لە حەوشەی مزگەوت دەرکەوتم و کەی گەڕامەوە. تەنیا ئەوە دەزانم کە نانێکم بە دەستەوە بوو و سەرکێک پەنیریش بە دەستەکەی دیکەمەوە بوو. بیرت بۆ ئەوە نەچێت گەداییم کردبێت ها، نا هەرگیز. من بشمرم گەدایی ناکەم. خۆم بە دوکانێکدا کرد. ئەوەندە خێرا و تەڕدەست بووم کە کابرا نەک هەر دەستم، وابزانم منیشی نەبینی. سەلیم نانەکەی وەرگرت وهەر لە هەوا نیوەی قووت دا. پاشان کە کەمێک گیانی هاتەوە بەر، گوتی: 'ئەگەر پیاڵەیەک چای گەرمیش هەبایە ئیدی... ' ویستم دووبارە بینێمە کۆڵم، بەڵام سەلیم گوتی ئیدی خۆی دەتوانێت بڕوات. لە حەوشەی مزگەوت چووینە دەر. هێشتا نەگەیشتبووینە سەری کۆڵانەکە بینیمان چاخانەیەک هەیە. لە شانسی ئێمە بوو، یان نازانم چی، بەڵام چاخانەکە هێشتا کراوەبوو. چووینە ئەوێ. کابرا سمێڵێکی هەبوو ئا ئەمەندە. چاویشی ڕەش و گەورە بوون. واتە دەتگوت بۆ زەندەقبردنی سەلیم دروست کراوە. سەلێم لە پێش چاخانەکە وەستا بوو لە شوێنی خۆی ڕەق هەڵاتبوو.. گوتم: 'وەرە با بچینە ژووری ئیدی.' گوتی: 'من... من...' سەلیم هەر منەمنی بوو، کە لەپڕ کابرا، خاوەن چاخانەکە، گوتی: 'هەی هەی، دوو کوڕە لاو. دوو پیاو، دوو شێرەپیاو. دەی گەنجینەی دەی. بیسمیللا.' کابرا لەوانە بوو کە وەکو دەروێشانن. واتە لە ڕواڵەتەکەی بترازێت هیچ شتێکی دیکەی بۆ ترساندن نەدەبوو. کە نان و پەنیرەکەی ئێمەشی بەو نیوەشەوە بینیبوو، تێگەیشتبوو ئیدی. بە کورتی بە باشی پێشوازی لێ کردین. لە ڕۆخ سۆباکە داینان و دوو دیشلەمەی گەرمی بۆ هێنان. سەلیم کە

ترسەکەی لەو پیاوە ئەگەرچی کەمیش بێت ڕەویبووەوە، دەستی بە خواردن کرد. من هێشتا چای یەکەمم تەواو نەکردبوو، کە کابرا دوو دانەی دیکەی لە پێش دانایین و گوتی: 'نۆشی گیانتان.' ئینجا ئەو دەستماڵە سوورە درێژەی کە بەسەر شانیدا دابوو، دەستی دایێ و بەرزی کردەوە و چەرخێکی دایێ و داینایە سەر شانی دیکەی و گوتی: 'یاعەلی.' سەلیم هێشتاش لە کابراکە دەترسا. گوتم: 'تۆ چتە کوڕە؟ تا ئێستا کەسی هێندە باشت بینیوە؟ سەیری چاوەکانی کە. پیاوە پیاو.' بەڵام سەلیم ئەم قسانەی بە گوێدا نەدەچوون. خەریک بوو نان و پەنیری دەخوارد، بەڵام چاوێکی هەر لەسەر کابراکە بوو، ئامادە بوو هەر ئێستا نا ئێستا ڕابکات و دەرپەڕێتە دەرەوە. کابرا خەریک بوو دوو چای دیکەی بۆ دەهێناین، کە لەپڕ سەلیم دەرپەڕی، ڕاکە ئەمما ڕاکە. بەنێو کورسی و مێزەکاندا وەک بروسکە تێپەڕی و خۆی گەیاندە دەرگای چاخانەکە و چووە دەرەوە. ئەو بەندەی خوا کە واقی وڕ مابوو، گوتی: 'چی بوو؟' ئێستا من تێدا مابووم چی بڵێم. گوتم: 'ئەو... ئەو نەخۆشە... مێشکی تەواو نییە. ئێوە ببوورن.' کابرا دەستێکی دانایە سەر شانەکانی من و گوتی: 'کەواتە بە تەنیا جێی مەهێڵە. پیاو نابێت هاوڕێکەی خۆی بە تەنیا جێ بهێڵێت، وانییە؟' گوتم کابرایەکی تا بڵێی باش بوو. زۆر خۆشم ویست. سەلیمیش، بەڵام ئەو بە دەستی خۆی نییە خۆ، دەترسێت ئیدی. من هەندێک جار سەری لێ دەدەم. هەڵبەتە هەمیشە نا. ئاخر کابرا پارەم لێ وەرناگرێت، منیش خۆ... منیش خۆ ئاوا ئاسوودە نیم. سەلیمیش یەک دوو جار چووەتە لای، بەڵام بە ترس و لەرزەوە. ئیدی کابراش شارەزای سەلیم بووە. بۆیە هەر لە بەردەرگای چاخانەکە، دوو چای گەرمی دەداتێ و ئەگەر سەلیم ڕازی بێت

ژەمەخواردنێکیشی بۆ دەکڕێت. بەخوا ئەو کوڕە شێتە. ئاخر ئەو پیاوە هی ئەوە نییە لێی بترسیت، بەڵام خۆ سەلیمیش بە دەستی خۆی نییە... زۆر باشە، سەلیم دەبێت هەر لەو شوێنانە بێت، بەڵام شتێکی دیکە، ئەو ئێستا لە تۆش دەترسێت، دەزانیت؟ تۆ لێرە بوەستە با من بچمە لای قسەی لەگەڵ بکەم. پاشان تۆ وەرە، باشە؟"

"باشە."

مەتین چوو و گەڕایەوە و گوتی: "لەوێ نەبوو." دیسان چوو و هاتەوە و گوتی ئەو لەوێ نییە، عەلی لەوێیە، ئەویش خەوتووە. گوتی کە عەلی تۆ دەناسێت. گوتی کە خۆی ئەو دوو سێ ڕۆژەی من مەتینم چاودێری دەکرد، بە خۆی گوتوە کە دەتناسێت. مەتین ئەم قسانەی کردن و گوتی وا باشە بچین عەلی بە ئاگا بێنین، بەڵکو هەواڵی سەلیم بزانێت. کە بینیم ناسیمەوە. لە پشت بازاڕدا بینیبووم. لە هاوڕێکانی سابۆ بوو. ئەو سابۆیەی باسی دەکەم لە منداڵەکانی پشت بازاڕە. پێشتر ناسیبووم و چەند جارێکیش دواندبووم. دیارە عەلییش هەر لەو شوێنانە منی ناسیوە. من لەو بیرکردنەوانەدا بووم کە مەتین شەپازلـلەیەکی خێواندە پشتەسەری عەلی و گوتی: "هۆۆ. هەستە جاشولکە." عەلی هەر هەستا و پێی پێوەنا، ڕاکە. من واقم وڕمابوو، مەتینیش کەوتە دوای و خێراش پێی گەیشت. عەلی کە مەتینی بینی ئارام بووەوە. پاشان کە منی بینی زیاتر هێمن بووەوە. کەمێک چاوی هەڵگلۆفین و گوتی: "سابۆ چووەوە گوندەکەی خۆیان. گوتی ئیدی قەت ناگەڕێتەوە."

"بەڵی دەزانم، پێی گوتبووم."

"ئێوە لەگەڵ سابۆ زۆر برادەر بوون. هەر لەگەڵ ئەودا قسەتان دەکرد و خۆت لە ئێمە نەدەگەیاند. واتە جارێک نەبوو لەگەڵ ئێمەشدا قسەیەک بکەیت. چی پێ دەڵێن... -چاوپێکەوتن- بکەن."

"لەگەڵ تۆش قسە دەکەم. بۆ نەیکەم. کێ لە تۆ باشترە؟"

"ئەرێوەڵڵا کێ لە من باشتر هەیە. بەسەرهاتی من بنووسیەوە، خەڵکی یان لەبەر گریان دیق دەکەن، یان لەبەر پێکەنین. واتە ژیانی من تا حەز بکەیت پڕە لە هەردووکیان. ڕاستیت پێ بڵێم کاتێک تۆ لەگەڵ سابۆ قسەت دەکرد، من و منداڵەکانی دیکە زۆرمان پێ ناخۆش بوو. لە دڵی خۆمدا دەمگوت مەگەر من چیم لە سابۆ کەمترە. دەرد و بەڵا باس بکەیت هەر مەپرسە. بە کارکردنیش بێت مەگەر سابۆ چ کارێکی دەکرد؟ گیرفانبڕین ئیدی. باشە مەگەر ئێمە ئەوە دەکەین. مەگەر ئێمە دەستمان نییە. ئێمە دەزانین کار بکەین. ئێمەش..."

"ئێستا پێم بڵێ چ کارێک دەکەیت؟"

"دەسووڕێمەوە."

"چی؟ بە دوای چیدا دەسووڕێیەوە؟"

"بە دوای بەختمدا. بە دوای قسمەت و نسیبمدا. پێت وایە ئێمە بۆچی لەوسەر بۆ ئەمسەر وەیلانین؟ بۆ ئەوەیە کەوا دەسووڕێینەوە."

"تۆ تەمەنت چەندە؟"

"دوازدە."

تەواو پێیەوە دیار بوو کە نەک مێرمنداڵێکی دوازدە ساڵە، بەڵکو پیرەمێردێکی سەدوبیست ساڵەیە. قسەی وای دەکرد، کە هێندە سەیر بوون، دەمم بەش

دەبووەوە. منداڵێکی ئاوا بچکۆلە، ئەویش منداڵی سەرشەقام و ئەو شتانە؟ جانەوەرێک بوو ئەو عەلییەش بۆ خۆی. ئەگەر دەکرا لەگەڵ ئەو هەموو منداڵانە چاوپێکەوتن بکەم... ئەگەر دەکرا، بەڵام چبکەم ئاخر ئەوەندە زۆرن ئەوەندە زۆرن کە... ناکرێت نا. من بە تاقی تەنیا و ئەوان دەیان و سەدان لەم شارە کاولبووەدا وێڵ و سەرگەردان دەخولێنەوە.

عەلی بە پێچەوانەی زۆرەبەی منداڵاکانی دیکە، هەم باوکی خۆی دەناسێت و هەم دایکی و هەم هەموو هەشت نۆ دە برا و خوشکەکانیشی. ناونیشانی ماڵەکەشیان کە لە گوندێکی خۆرهەڵاتە، باش پێ دەزانێت. خێزانەکەیان کەسانێکی باش بوون، بەڵام سکی برسی خۆ ئەو شتانە نازانێت. کاتێک برسیتە، کاتێک سەرماتە، کاتێک... کاتێک برسی و تینوو کەوتیتە قوژبنێکی سارد و شێدار و ماڵێکی ڕەقوتەق، باش و خراپییەکەی ئیدی زۆر جیاوازی نییە. عەلی بە دزی کەسوکارەکەی خۆی فڕێ دەداتە پشتی لۆریی ئەو کابرایەی کە دوایین سەرمەڕەکانیانی کڕیبوون. ئیدی تەنانەت بۆی گرنگ نەبووە داخۆ لۆرییەکە بۆ کوێ دەچێت.

"تۆ فەرید دەناسیت؟ لەو دەوڵەمەندانەیە. خانوو، ڤێللا، ماشێن، تەنانەت کەشتییێکیشی هەیە. لە هەر جۆرێکیش چەند دانەی هەن. تەنیا لەم ئستەنبولە حەوت دانە دوکانی هەن. لە بانکیشدا پارەیەکی زۆری داناوە. دەڵێن وەکو زیخ و چەوی دەم ڕووباران پارەی لە بانکەکاندا هەیە. ئەو کاتێک هێشتا منداڵ بووە، لە گوندەکەی ئێمەدا شوانەتی کردووە. ئەمە باوەڕ دەکەیت؟ فەریدی دەوڵەمەند، شوان بووە. باوکیشی شوان بووە. باوکم دەیگوت لە گوندەکەماندا کەس حسابی سەگێکیشی بۆ نەدەکرد. دەیگوت جارێک دەچێتە خوازبێنیی کچەکەی کوێخا، کوێخا بە شاپان

لە ماڵی خۆی وەدەری دەنێت، بەڵام ئێستا لێرە ژنێکی هێناوە هەر وەرە و سەیری کە. جوان ئەمما جوان. فەرید کە لە گوند هیچ نەبووە، لەپڕ دەکەوێتە سەری بهێتە ئستەنبول. بە دوای چیدا؟ بە دوای بەختی خۆیدا ئیدی. بە دوای شانسیدا. بە دوای چارەنووسیدا. دەڵێن ساڵ وەرنەسووڕاوەتەوە بەخت و شانس، هەموو ئەو شتانە ڕووی تێدەکەن. ئێ بۆیان بگەڕێیت بە دەستیان دێنیت. چوار جار چووەتە حەج. نوێژ و نزا نازانێت ها، بەڵام چوار جار چووەتە حەج. نوێژ و نزاکردن نازانێت، بەڵام مرۆڤێکی باشە. مزگەوتێکی لە گونددا دروست کردووە، جا چ مزگەوتێک! لەم مزگەوتەی سوڵتان ئەحمەدیش گەورەترە. دەڵێن لە گوند کانەزێڕی دۆزیوەتەوە. دەڵێن هەموو شەوێک، کاتێک کە هەمووان خەوتوون، ئەو دەچێتە کانەزێڕەکە و دوو سێ کیلۆ لەو زێڕانە دێنێتە دەر و دەیانبات دەیانفرۆشێت. گەڕاوە و دۆزیویەتیەوە ئیدی. هەقی خۆیەتی. تۆش بگەڕێ و پەیدای بکە. خۆ کەس پێشی پێ نەگرتوویت. خۆ لەم 'باکیرکوی'یەدا هەمووان دەگەڕێن. تۆ دورسوون دەناسیت؟ تەمەنی پەنجا ساڵە. دەڵێن لە منداڵییەوە بۆی دەگەڕێت. دەگەڕێت. ئاوایە ئیدی. هەندێک وەکو فەرید زوو دەیدۆزنەوە، هەندێکیشیان وەکو دورسوون. دەبێت بۆی بگەڕێن، بەڵام تا بۆی نەگەڕێیت نایدۆزیەوە. من دوو سێ هەفتە پێشتر لای دورسوون بووم. واتە کارم بۆ دەکرد. هەر سەری بە مۆزەخانەکاندا دەگرت، کە بە دوای چیدا بگەڕێت، واتە بگەڕێین. منیشی جارێک بردە ناو مۆزەخانە. مۆزەخانەی قاپوسەرای. تۆ چوویتە ئەوێ؟ جا بڵێ چ هەیە لەوێ نەبێت. تۆ دەزانیت ئەم فەریدە بە ڕەچەڵەک ئێرانییە. واتە گوندەکەی ئێمە لەسەر سنووری ئێرانە. زۆر کەس لەو گوندەی ئێمە بە ڕەچەڵەک

ئێرانین. هەندێک دەڵێن ئەو کانەزێڕە لەوێیە، واتە لە ئێرانە. باوکم دەیگوت ئەو و چەند لە هاوڕێکانی قاچاغچییەتی دەکەن. دەیگوت مەڕ دەبەن، نەوت دێنن، شەلوار دەبەن، فەرش دێنن. پیرەمێرد خۆ مێشکی باش ئیش ناکات. ئاخر مەگەر بە قاچاغچێتی دەکرێت ئەوەندە دەوڵەمەند ببیت؟ فەرید دۆزیویەتیەوە مامۆستا دۆزیویەتیەوە. ئێرانی بیت، تورکی بیت، خەڵکی هەر کوێیەک بیت، دەبێت بگەڕێیت. دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت، دەنا نایدۆزیەوە. باوکم دەیگوت ئەو فەریدە نامەردە. دەیگوت سەردەستە قاچاغچیەکەی کوشتووە، کە هاوبەشی بووە و پارەکەی هەڵلۆشیوە. دەیگوت ڕۆژێک ئاهونزولەی منداڵەکانی کابرا قورگی ئەو فەریدە دەگرێت. پێم گوتی کە باوکم مێشکی زۆر تەواو نییە. یەکێک نییە پێی بڵێت ئاخر پیرەمێرد کێ بەو پارانە دەتوانێت دەوڵەمەند ببێت، تا فەرید بتوانێت؟ مەگەر پشکی ئەو هاوبەشەی چەند بووە؟ ئەوە نییە کە فەرید دۆزیویەتیەوە. بۆی گەڕاوە و پەیداشی کردووە. یەکێک لە خزمەکانی ئەو فەریدەش دەیگوت هەرکە فەرید هاتووەتە ئستەنبول، لەگەڵ ژنێک ئاشنا دەبێت. ژنێکی بە مێرد، جا چ مێردێک، لەو پارەدارە ناقۆڵایانە، بەڵام چ دەکرێت ژنەکە مێردی هەبووە. تا ئەوەی کە چوار مانگی پێنەچووە مێردی ژنەکە دەمرێت، جا چۆن و بۆچی مردووە، کەس نازانێت. دواتریش فەرید چووەتە خوازبێنیی ژنەکە و گوتویە ئەمە سونەتی پێغەمبەرە و کاری خێرە و... مارەبڕەکەش پرسیاری کردووە، گوتوویە ڕازیم و ئیدی تەواو، بەڵام ئەمەش وا نییە. مەگەر ژنەکە چەند پارەی هەبووە؟ واتە مێردەکەی. من پێم وایە فەرید دۆزیویەتیەوە و ئێستاش پێی خەنی بووە. دەبێت بۆی بگەڕێیت. دەبێت بە دوایدا بچیت. وەکو فەرید. وەکو... وەکو من کە بە دوایدا دەگەڕێم."

بە پێداگریی عەلی چووینە نێو ئاوەڕۆکە، کە بە قەولی خۆی پەناگەی بوو. لوولەی ئاوەڕۆکە گەورە بوو. عەلی و چەند دانەیەکی دیکە لە هاوڕێکانی، نیوەی لوولەکەیان تەختەڕێژ کردبوو. واتە ئەو پیسایی و ئاوەڕۆیەی بە ژێریدا دەڕۆیی دیار نەبوو. دەتوانین بڵێین لەو ناو لوولەیەدا کووخێکی بچوک، یانماڵۆچکەیەکی بە تەنەکەیان دروست کردبوو. هەموو جێیەک پڕ بوو لە خرتوپرت، کە لەملا و لەولا قاپاندبوویان. هەموو شتێکی لێبوو. لە لوولەی تاقیگەوە بگرە تا کورسیی فڕۆکە؛ کاتژمێری دیواری، سیکڕابی پایسکل، سووکانی ماشێن، قاپ و هیرباری مس و ئاسن و فافۆن. چوارچێوەی ئاوێنە، سووکانی کەشتی، مەسینە، پاڵتۆی خوری، پۆتینی سەربازی، چاویلکەی هەتاوی، دارشەق، چووپی تراکتۆر...

"چۆنە؟ بە دڵتە؟ جا هێشتا کۆگاکەی پشتەوەشت نەبینیوە. ئەولایە. تا سەری ساڵ دانەهاتووە، دەمانەوێت سێیەمەکەشی ئامادە بکەین. سوپاس بۆ خوا ئەم تونێلە خۆ تەواوبوونی بۆ نییە."

"ئێرە شوێنێکی پارێزراوە؟ واتە منداڵەکانی دیکە..."

"دوو ساڵ پێش ئێستا، کاتێک ئێرەمان ئاوا ئامادە کرد، بە منداڵەکانمان گوت مارێکمان لەم تونێلەدا بینیوە پێنج مەتر دەبێت. پێمان گوت لەو مارە ژەهراوییانەی کە پێوەدان و ئیفلیجبوونی ئەو کەسەی پێوەی دەدەن یەکە. لە جۆری ڕەشماران. گەورە گەورە. دواتریش هەر دووبارە و دووبارەمان کردەوە. واتە ڕۆژێک دەمانبینی، بینینی چی! بە درۆ. ڕۆژێک مەتین، ڕۆژێک سەلیم، ڕۆژێک... تا وای لێ هات منداڵەکان باوەڕیان کرد. ئیدی کەسیان زاتی ئەوە ناکات نەک هەر لێرە

بمێنێتەوە، بەڵکو سەریش بێرەدا بگرێت. جگە لەوە چما ئەگەر کەسێک منجڕی بکات، هەردوو گوێیانی لە بنی دەرناهێنم. هەموو منداڵەکان دەزانن کە عەلی گاڵتەی پێ ناکرێت."

"گوتت کۆگایەکی دیکەشتان هەیە، وایە؟ ناتەوێت پیشانمانی بدەیت؟"

"بۆ نا؟ بەڵام... بەڵام... واتە نەچن... نەچن هیچ بە کەس بڵێن ها."

"نە بابە. بۆچی بە کەس بڵێین ئاخر."

عەلی وەک ئەوەی بیەوێت شوێنێکی پیرۆز بکاتەوە، بەو پەڕی شکۆوە دەرگای ئەو کۆگایەی دووەمی کردەوە. ئەوێش پڕ بوو لەو شڕەوبڕانەی کە لە شوێنی یەکەمدا هەبوون. تەنیا ئەوە هەیە ئەوانەی ئێرە کەمێک نوێتر بوون لەوانەی دیکە. بەرچاوتر بوون. وەک بڵێی شتە بەهادارترەکان لەم کۆگایەدا دابنێن. من خەریکی سەیرکردن و وردبوونەوە بووم لەو خرتوپرتانە و عەلی بە فیزێکەوە ئەملا و ئەولای کۆگاکەی پیشان دەدام، کە مەتین گوتی: 'تا ئێوە بێرەوە سەرقاڵن، من دەچم خێرا سەلیم دەدۆزمەوە و دەیهێنمە ئێرە."

"باش بوو کە مەتین ڕۆیشت. ئاخر... ئاخر شتگەلێک هەبوو دەمویست بە ئێوەی بڵێم کە..."

"کە؟"

"دەزانی؟... من... من... من..."

"تۆ چی؟"

"من... من دۆزیمەوە. پڕ پڕە."

"ئێ؟"

"ئێ، ڕاستیەکەی بە تەنێ ناوێرم بچم و دەستی لێ بدەم. ئەگەر ئێوەش بێن..."

"من؟"

"بەڵێ، ئاخر ئەوێ زۆر تاریکە. چاو چاوی نابینێت. تەنانەت مەتینیش لەوێ دەترسێت. تەنانەت مەتینیش."

"بۆچی دەڵێیت تەنانەت مەتینیش؟ واتە مەتین ئەوەندە بوێرە؟"

"بەڵێ بابە. چما نایناسیت؟ ئەو زۆر سەرشێتە. هیچ کەس ناوێرێت ملی لەبەر ملی بنێت. زەینت لە خۆت بێت پێ لە کلکی نەنێیت ها. مەتین تێکەڵ بکات کار لە کار دەترازێت. تەناتەت پۆلیسەکانیش لێی دەترسن. بە گیانی خۆم. هیچیان نایانەوێت پێ بنێنە بەرپێی. ئەو لە هیچ شتێک ناترسێت. ئەو تەنانەت... تەنانەت... تەنانەت لە خواش ناترسێت."

"نا نا ئەوەندەش نا. بەڵێ مەتین ئازایە، بەڵام خۆ ئیدی..."

"تا ئێستا کەس نەیتوانیوە ببێتە هاوڕێی. تێکەڵ دەکات..."

"ئەی چۆن من بوومەتە هاوڕێی؟ ها؟"

"ئاخر خۆ تۆ نایناسیت. یەکەم ئەو خۆ ناوی مەتین نییە، ناوە ڕاستەقینەکەی هەر کەس نازانێت چییە. هەر ماوە ماوە ناوی خۆی دەگۆڕێت. هەموو خەڵکەکەش لێی دەترسن ئیدی. هەرچی ئەو گوتی تەواو، هەمووان بەو ناوە بانگی دەکەن. مانگێک زیاتر نییە ناوی لە خۆی ناوە مەتین. ئەرێ بابە، خۆی ناو بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. هەر مانگەو ناوێک. هیچ کەس زانیاریی لەسەر دایبابی نییە. لە خوشک و براکانیشی هەروا. سەبارەت بە شار و ناوچەکەشی هەر هیچ. هیچ کەس نازانێت کە منداڵی کوێیە. هەر جارەو دەڵێت خەڵکی شوێنێکە. تا ئەو

دوو مانگەی ڕابردوو ناوی ئۆرخان و خەڵکی مارماریس بوو. ئێستا وا بووەتە مەتین و خەڵکی ئستەنبول. ئێستا ئەمانە بە لایەکەوە، کار و پیشەی شەڕ و تێهەڵدانە. سەری بۆ شەڕ و گێچەڵ دەخورێت. ئاخر خۆ کار و کەسابەتێکی نییە. ڕۆژ نییە شەڕێک نەنێتەوە. جا لەگەڵ هەر کەسێک بێت. بە پارە شەڕ دەکڕێت. لە هەر شوێنێک شەڕێک هەبێت مەتینی تێدایە. جنێوی وا دەدات لۆکە بخەیتە گوێچکەت. واتە لەپڕ تێکەڵ دەکات و جنێو دەدات. جا بە هەر کێ بێت گرنگ نییە. ئینجا ئەگەر کەسێک لەبەر دەمی ڕاست بووەوە و وەڵامی دایەوە ئیدی دەبێتە فەرتەنە. جا وەرە شەڕەکانیشی ببینە. لە هەمووان دەدات. باشیشیان لێ دەدات. ئەگەر لێدانیش بخوات هیچی لێ نایەت. هەر ئەم هەفتەیە لە وێستگەی ئوتوبوس لەگەڵ یەکێک دەرگیر بوو، لە تەمەنی تۆ دەبوو. دەڵێن کابرا بەرزی کردووەتەوە و بە دیواری وێستگەی ئوتوبوسیدا کێشاوە. هەمووان وایان زانیوە مەتین تەواو. واتە هەر کەسێکی دیکە لە جێی ئەو بایە لەجێدا مردبوو، بەڵام مەتین چی؟ پارچە شووشەیەکی وێستگەکەی هەڵگرتووەتەوە و دەموچاوی کابرای باش خەتخەت کردووە. کابرایان بردووەتە نەخۆشخانە و مەتینیش هیچ، دوو سێ ڕۆژێک دیار نەبووە، پاشان قیت و قۆز دیسان پەیدا بووەتەوە. سەلیم ئەوەش دەڵێت هەر دوێنێ بەیانی کابرا کاتێک لە نەخۆشخانە دەردەچێت، بۆ مەتین هاتووەتە پارکی لێوار. دەڵێت کابرا خۆی لە بۆسە ناوە و هەر کە مەتین پەیدا بووە خۆی بەسەردا داوە، بەڵام هەر لە یەکەم دەستکردنەوەدا کابرا لەو گۆڕە پان بووەتەوە و مەتین سواری سەر سنگی بووە. سەلیم دەڵێت ئەم جارە مەتین لە کابرای نەداوە تەنیا هەڕەشەی لێ کردووە، کە ئەگەر جارێکی دیکە لەو ناوە بیبینێت، لەتوپەتی دەکات. من تا ئێستا

نەمبیستووە کە مەتین بە دەست هیچ کەس لێدانی خواردبێت. توولەسەگێکە ئەو مەتینە. دەبێت لە کاتی شەڕدا ببینیت. لێدەدات ئەمما لێدان. کە هات پێی بڵێ با پشتی خۆیت پیشان بدات. ئێروکانەی خۆیت پیشان بدات. هەموو گیانی جێبرینە. زۆربەشی شوێنی چەقۆ. تا ئێستا دە جار، بیست جار چەقۆی خواردووە، بەڵام هیچی لێ نایە خۆ. گوتم کە پشیلەی حەوت ڕوحە. ئەو شتانەی پێ نەڵێیت ها، پێستم لێ دادەکەنێت بە خوا. بە گیانی خۆم ئەنجنئەنجم دەکات."

"لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی کە کردیشت هێشتا مەتین منداڵێکی باشە. تا ئێستا قەت ئازاری نەداوم، چونکە ئێمە برادەرین. خۆی گوتی کە من هاوڕێیمە."

"مەتین تۆ بە هاوڕێی خۆی بانگ دەکات؟ سەیرە. زۆر باشە. بە کورتی لەسەر ئێمە هەر ئاگادارکردنەوەیە. وریای بە."

دواتر هەر ئەو قسانەم لەبارەی مەتینەوە لە منداڵەکانی دیکەشەوە بیست؛ "ئەو گیانی خۆیشی دەکاتە قوربانیی هاوڕێکەی خۆی، بەڵام ئەگەر تێکەڵی کرد و تووڕە بوو، وای بە حاڵی ئەو کەسەی ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئەوکات دۆست و دوژمن ناناسێت." لە عەلیم پرسی: ئەگەر هاوڕێیەتی لەگەڵ مەتین ئەوەندە پڕدەردەسەرییە، بۆچی وازی لێ ناهێنن و دەست لە هاوڕێیەتیی بەرنادەن؟ ئاخر ئەوە چۆن دەبێت، ئێوە هەم هاوڕێی ئەون و هەم ئەوەندەش لێی دەترسن؟ لێم پرسی چیتان لە مەتین بینیوە کەوا بەو هەموو ترس و لەرزەشەوە هێشتا هەر خۆشتان دەوێت؟

"دەزانی چییە؟ مەتین زۆر بەهێزە. زۆریش توندوبەندە. زۆر بە دەستوبردە زۆر. واتە لە شەڕکردندا لە هەمووان دەدات. جیاوازی بە گەورە و بچوک ناکات. یەشار

دۆغۆ[1]ش بێت پێی ناوێرێت. ئەگەر ئێمە برادەری مەتین نەباین، تا ئێستا شەست جار لەناوچووبووین. لە ترسی ئەوە کە کەس خۆ لە ئێمە نادات. لەم ناوە هەمووان دەزانن کە مەتین هاوڕێی ئێمەیە. نە هەر لەبەر ئەوەشە هاوڕێی ئەوین ها، نە. مەتین منداڵێکی باشە. واتە منداڵێکی زۆر باشە. دەزانی کەسێکی مەردە. وەی ئەگەر ئەو تووڕەییەی نەدەبوو... شتێک دەڵێم باوەڕ ناکەیت. سەلیم دەناسیت؟ دەزانیت کە ئەو لە هەموو شتێک دەترسێت. بچینە پارکی لێوار لە باڵندان دەترسێت. بچینە ئەم پارکەی تەنیشتمان لە کەروێشک دەترسێت. بچینە لێوار لەو کیسەڵە بچوکانەی کە لەوێ هەن، ئەها ئەوانەی سپین، بەڵێ لەوانیش دەترسێت. لێی لە پیقژن[2] بدەیت زراوی دەڕژیت. لە سێبەری خۆیشی دەترسێت. لە تاریکییش هەر مەپرسە. ئینجا چی؟ هیچ لە مەتین ناترسێت! کاتێک کە لەگەڵ مەتینە، تەنانەت لە شتەکانی دیکەش ناترسێت، یان لانی کەم کەمتر دەترسێت. باوەڕ دەکەیت؟ سەیرکە لە من دەترسێت، بەڵام لە مەتین ناترسێت. دەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوەی مەتین ئەویش بە هاوڕێ بانگ دەکات. مەتین هەموو کەس بە هاوڕێی خۆی نازانێت ها. ئەوەت دەزانی؟ دەزانیت مەتین وەکو ئێمە نییە، واتە وەکو ئێمە کار ناکات. واتە... واتە دزی ناکات، گیرفانبڕین و جزدانڕفاندنیش ناکات. جاران کردوویە ها، جا چۆنیش کردوویە. خۆ وەکو ئێمە نا. ئەو بەسەر ماڵانی دادەدا. دزی کردووە سەرت سوڕ بمێنێت، بەڵام چیدی نایکات. هیچ کەسیش نازانێت بۆچی وازی هێناوە. ئێستا لەو هاوڕێ کۆنانەی هەر کێی دزییەکی کرد، بەشی مەتین دەخاتە لایەک. مەتین خۆی

[1] یەشار دۆغۆ، زۆرانبازی بەناوبانگی تورکیا، چەندی ناونیشانی قارەمانێتیی پێشبڕکێی جیاجیای جیهانی هەن.

[2] پیقژن، لەپڕ بۆ ترساندن یان هەر بۆ گاڵتە لە پەنایەک دەنگێک دەردەرێت، وەک پیییق.

نایەوێت ها. ئەوان خۆیان دەیدەن. دیارە منەتبارن. مەتین هەقی بەسەر هەموومانەوە هەیە."

"تۆش ئیدی بە ڕاستی زۆر گەورەی دەکەیت. مەتین منداڵێکە هەر وەکو ئێوە."

"منداڵێکە؟ ئەگەرئازایت ئەمە ڕووبەڕوو بە خۆی بڵێ. جا دەبینیت مەتین چۆن وێرانت دەکات. وات لێ دەدات خۆشت نازانیت لە کوێوە پێت کەوتووە."

"تۆ لە سەلیمیش ترسنۆکتری، دەزانم. لەبەر دڵت گران نەبێت، بە ڕاستی ترسنۆکی. هەر ئەمڕۆ ئێوارە لە لێوار منداڵێک شەقازلـلەیەکی خێواندە پشت ملی، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بۆچی دەستت لە قەفەسەکانی من دا. دواتریش هەرچی بە زاریدا هات جنێوی پێ دا و شووشتیەوە. ئینجا مەتین چی؟ قولماتی نەکرد. لێشی نەدا."

"تۆ ئەو خوایە ئەم قسانە مەکە. ئێستا دێت، تۆ کە هیچ، ئێمەش شەلوکوت دەکات. من هەر دەڵێم و تۆش نابیستی. مەتین گاڵتەی لەگەڵ هیچ کەس نییە ها. کاتێک دەڵێم دەتکوژێت، واتە دەتکوژێت. مەتین هیچ حەزی لەو جۆرە گاڵتانە نییە ها."

"گاڵتە چییە؟ خۆم بینیم بەم دوو چاوانەم. منیش لەوێ بووم."

"کەواتە ڕەنگە نەخۆش بوویێت. ڕەنگە ڕەوشی باش نەبوویێت. ڕەنگە... ڕەنگە بەرنامەیەکیشی هەبوویێت، فیلمێکی هەبوویێت، چوزانم. وا پێت دەڵێم هەموو دز و گیرفانبڕ و جزدانڕفێنەکانی ئەم شارە، کە خۆیان سەریان بۆ شەڕ و تێهەڵدان دەخورێت، پشکی مەتین دێنن و دوودەستی پێشکەشی دەکەن، تۆش لەولاوە

دێیت و دەڵێیت مەتین منداڵێکە، چ منداڵێکیش لەو گونجەفسکانەی سەرووی شار؟ بڕۆ بابە ئەم قسەیە بۆ خۆت بکە."

"وا باسی مەتین دەکەیت وەک ئەوەی دێوێک بێت، ئەژدیهایەک بێت لەو گۆڕە..."

"ئەژدیها؟ مەتین؟ نا بابە مەتین دڵێکی هەیە، ئاوا. ساف ساف. پاک و بێگەرد. لەم دەوروبەرە هەر منداڵێک کە نەخۆش بکەوێت، ئازارێکی هەبێت، کەسێک پارەکەی لێ سەندرابێت، کەسێک تەشقەڵەیەکی پێکرابێت، کەسێک بە چاوی خراپ سەیری کرابێت، دەزانیت چۆنە؟ بە کورتی هەر بەڵایەک، کێشەیەک بەسەر منداڵێک هاتبێت، جگە لە مەتین کەسی دیکە نییە. مەتین دەستی هەمووان دەگرێت. دەزانیت ئەگەر مەتین نەبایە چ بەڵا و نەهامەتیمان تووش دەبوون. ئەگەر کەسێک برسی بوو، مەتین. ئەگەر کەسێک نەخۆش کەوت، مەتین. ئەگەر کەسێک..."

عەلی کە باسی هێز و هەژموونی مەتینی دەکرد، وەک ئەژدیها ناوی دەهێنا. کە باسی پرەنسیپ و ئەدەب و ماریفەتی مەتینی دەکرد، بە هاوڕێ، برا ناوی دەهێنا. بە کورتی مەتین بۆ عەلی قارەمانێک، پاڵەوانێك، سەرمەشقێکی ڕاستەقینە بوو. دەیگوت ئەو لەپێناو ئەم منداڵانە لە دەمی خۆی دەگرێتەوە، هیچ ڕۆژێکیش نییە لەسەریان هەڵنەداتێ و تووشی شەڕ و گێچەڵێک نەبێت، جا لەگەڵ هەر کەسێک بێت.

ئەوەندە لەگەڵ عەلی کەوتبووینە ناو قسان، کە هیچ ئاگام لە کات نەمابوو. زۆر درەنگ داهاتبوو. مەتینیش لە چ کونان دیار نەبوو. بە عەلیم گوت دەبێت بچمەوە ماڵ و دوو سێ ڕۆژیش زۆر سەرقاڵم، بەڵام ڕۆژی هەینی ئێوارە درەنگ دەتوانم

بتانبینم. پێم گوت ئەگەر کرا ڕۆژی هەینی کە شەو داهات وەرە پارکی لێوار، لای بەردە شەپۆلشکێنەکان.

ڕۆژی هەینی، کەمێک درەنگتر لە کاتی دیاریکراو، چوومە پارکی لێوار. عەلی پاڵی بە بەردێکی شەپۆلشکێنەکەوەدا بوو و سەیری دەریای دەکرد. چەند بەلەم و کەشتییێکی بارهەڵگر تێدەپەڕین و بە بلاجکتۆرە گەورەکانیان ئەو ناوەیان کردبووە چراخان. هێشتا سەد هەنگاوێک لێیەوە دوور بووم کە منی بینی. هێواش هێواش بەرەو لای من هات. بێخەوی بە سەر و ڕوخسارییەوە دیار بوو. چاوی هەڵگلۆفین و هەر باوێشکی دەدان.

"سڵاو."

"سڵاو، عەلی چۆنی؟ بڕوانە من نانی ئێوارەم نەخواردووە و زۆریش..."

عەلی پێکەنی و شانەکانی هەڵتەکاندن. ڕۆژی هەینی بوو و پارکی لێوار جمەی دەهات. هەموو لایەکی پارک پڕ بوو لەو خێزانانەی کە خواردنیان هێنابوو و لەو ناوە خوانیان ڕاخستبوو، جا تۆ بڵێ چ خوان و چ خواردنێک. لە عەلیم پرسی حەزی لە چییە بخۆین، گوتی هەرچی هەبێت. لەو دەمەدا دەستگێڕێک بەوێدا هات، سینییێک پیراشەکیی زۆر باشی پێ بوون و لە من نزیک بووەوە. سەیرێکی چاوەکانی عەلیم کرد و عەلیش دیسان پێکەنی و شانەکانی هەڵتەکاندن. هەشت دانە پیراشەکیم لە کابرای دەستگێڕ وەرگرتن. واتە لە هەر چوار جۆری ئەو پیراشەکییانەی کە پێی بوون، یەکی دوو دانە. پارک قەرەباڵغ بوو و هیچ نیوتەختێک نەمابوو لەسەری دابنیشین. من هێشتا لە نیوتەختێکی چۆڵ دەگەڕام، سەیرم کرد عەلی وا لەژێر داربییەکە لەو نێو چیمەنە لێی دانیشتووە. منیش لە

تەنیشتی دانیشتم. هێشتا یەکەم پیراشەکیمان تەواو نەکردبوو، دەستگێڕێکی دیکە، کە چا و قاوەی سەفەری دەفرۆشت، لێمان نزیک بووەوە. بانگم کردێ و پێم گوت سەر و چایەکمان بۆ تێ بکات.

من هێشتا پارەکەم نەدابووێ، کە کابرا نیگایەکی بە سەر و ڕوخساری عەلیدا گێڕا و گوتی: 'بەه بەه کاکە عەلی، کاکە عەلیی گوڵ، کاکە عەلیی چوست و چالاک. ئەمڕۆ چ باسە کاکە عەلی؟ وەک دەبینم ئەمڕۆکەش هیچ هەواڵی بەخت و ئیقباڵت نییە. وەک بڵێی هێستا نەتدۆزیوەتەوە." پاشان سەیرێکی نیمچە گاڵتەئامێزانەی منیشی کرد و گوتی: ئێوە چی؟ ئێوەش بە دوادا دەگەڕێن؟' سەیرێکی عەلیم کرد و گوتم: 'ئێی شتێکی لەو جۆرە." کابرای دەستگێڕ پارەکەی لێوەرگرتم و گوتی: 'ئەگەر بەدوادا دەگەڕێیت هاوسەفەری خۆتت دۆزیوەتەوە. ئەم کاکە عەلییەی ئێمە خوای گەڕیدەکانە. هەر ببینە، ئەمڕۆ سبەی ئەوەی بەدوایدا دەگڕێت دۆزیەوە. هەر لەم ڕۆژانە دەبینیت کە پەیکەرێکی زێری دایەپیرۆز دەدۆزێتەوە و ئەوسا باژۆ ئاپارتمانێک و ئۆتۆمبێلێک و..."

کابرا لێی نەدەبڕیەوە. پێشنەدەچوو گاڵتەمان پێ بکات. واتە هیچ پێیەوە دیار نەبوو کە زاتی گاڵتەکردن بە عەلی هەبێت، بەڵام لە لایەکیشەوە... لە لاکەیشەوە عەلی هیچ بایەخی پێ نەدەدا. عەلی بایەخێکی پێ نەدەدا، بەڵام ئەو وازی نەدەهێنا. منیش لە شەرمانیش بوویێت ناچار بووم سەری بەڵێی بۆ بهەژێنم ئیدی.

"بەڵێ کاکە، دە ساڵ لەو کارە بەردەوام بیت ها... پێی دەگەیت. من تا ئێستا لە کەسم نەبیستووە لە دە ساڵ زیاتر بە دوایدا گەڕابێت. تۆ بیستووتە؟ من خۆمم، خۆمم بەدبەخت کرد. دەزانیت من لەسەر هیچ کارێک گیر نابم و ناتوانم بەردەوام

بم. لەم کارەشدا وای لێ هات ئیدی. سێ ساڵ و چەند مانگێک بە دوایەوە بووم، بەڵام پاشان... پاشان چیدی بەرگەم نەگرت و بێتاقەت بووم. وازم لێ هێنا. کەرایەتیم کرد ئیدی. ئەگەر چەند ساڵێکی دیکەش بەردەوام بام... بەخت و ئیقباڵی مرۆڤ ئەوە نییە هەموو ڕۆژێ بهێتە بەردەرگایماڵت... دەبێت سەبرت هەبێت و چاوەڕێی بکەیت... دەبێت دان بە خۆتدا بگریت و بەردەوام بیت... بەڵێ دەبێ سەبرت هەبێت ئەگەرنا.. لە کۆنەوە گوتویانە ئەگەر سەبر بگریت ... چی؟... بەخوا. لەو کارەدا ئەگەر سەبر بگریت... ئەگەر سەبر بگریت... وەکو چافرۆشی نییە خۆ... قرۆش قرۆش... باس باسی یەک گەنجە... گەنج ها؟ شانس و بەختی مرۆڤ ئەوەیە ئیدی. دەچیتە دەریا گوێچکەماسی ڕاو بکەیت... بۆ خواردن... چی تێدایە؟ مرواری. دەچیت زەوی هەڵدەقەنی کە باوکە گۆڕبەگۆڕەکەت بنێژیت... لەو نێو زەوییەدا چی هەیە؟ یەک کوپە سکە، جا چ سکەیەکیش لەو ئەشرەفیانە ها، هەر سکەیەک. دەچ..."

کابرا بێپسانەوە قسەی دەکرد و تا زیاتر دەمی ئەو وشکتر دەبوو، بە پێچەوانە دەمی عەلی زیاتر ئاوی دەکرد. تەنانەت ئیدی دەستی لە خواردنی پیراشەکییەکەشی هەڵگرتبوو. لە کابرا نز بووبووە و چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت. کابرا چایەکیشی بۆ خۆی تێکرد و فڕی کرد و درێژەی دایێ.

"... بەڵێ مامە. دەریا لە هەموو شتێک گەورەترە. دوای خوا، دەریایە ئیدی. هیچ شتێکم وەک دەریا مەزن نەبینیوە. ئەوەی لە ناویشی دایە هەر باس ناکرێت، پڕە. لە هەر شتێکی بڵێی. زیندەوەر و گیانداران ناڵێم ها. بەڵێ ئەویشی لێن، بەڵام من شتێکی دیکە دەڵێم. هەر ئەم دەریایە دەبینن؟ دەزانیت چەند کەس هەر لە ناو

ئەوێدا دۆزیویانەتەوە؟ قوربانی بم. دوای خوا، دەریا، بەڵام دەبێت بچیتە ناوی. دەبێت بۆی بگەڕێیت. پێشینان چییان گوتوە؟ دەبێت دڵ بە چی دادەیت؟ بە دەریا ئیدی. ئێ باشە بۆ نەیانگوتوە بە چیادا؟ بۆ نەیانگوتووە بە دارستان و دەشت و بیاباندا؟ ها؟ ئێ خۆ دیارە شتێکیان زانیوە. مەگەر نا کاکە عەلی؟ ئەم کاکە عەلییەی ئێمە بە کەم سەیر مەکە ها. یەکێک لەو گەڕیدانەیە. لەوانەی بەدوادا دەگەڕێن و هەدادانیان نییە. دەڵێن هەگبەی پڕە. پڕ نییە کاکە عەلی؟ من خۆ ئێوە ناناسم، بەڵام شتێکتان پێ بڵێم؟ ئەگەر بە دوایەوەیت، واز لەم عەلییەی ئێمە مەهێنە. سەیری تەمەنەکەی مەکە ها... سەری لەو کارە دەخورێت. دەبێت دڵ بە دەریادا بدەیت. دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت. منیش ئەگەر دەمتوانی بەرگە بگرم..."

کابرا زاری ڕانەدەوەستا، وەکو سەری بڕاو. دەرفەتی نەدەداین تەنانەت بەڵێ بەڵێشی بۆ بکەین. تا ئەوەی کە لەپڕ عەلی هەستا و گوتی: "درەنگ داهات." منیش هەستام. کابراش هەستا. پاشان عەلی دووبارە گوتی: "درەنگ داهات." پارەی کابرام دا و ڕۆیشتین. کابرا هێشتا هەر خەریک بوو قسەی دەکرد. دەیگوت دەبێت سەبر بگریت. دەبێت بەرگە بگریت. دەبێت دڵ بە دەریادا بدەیت، دەبێت...

عەلی بە خێرایی دەڕۆیشت. هیچی نەدەگوت. تەنیا دەڕۆیشت. منیش بە دوایەوە بووم. بە دەوری شەپۆلشکێنەکاندا سووڕاینەوە و گەیشتینە پشتی پارکەکە. لێواری ئەوێ گابەردێکی لێ بوو. ئەگەر ئاو هەڵکشابێت کەس ناوێرێت بچێتە ئەوێ. زۆر ترسناکە. عەلی شەلوارەکەی داکەند و هەڵیدایە لایەک. وەک ئەوەی بوونی منی بە تەواوی لەبیر کردبێت. کەمێک لە لێوار ئەملا و ئەولای کرد و پاشان لەناکاو خۆی بە دەریادا دا. دە مەترێک مەلەی کرد و پاشان وەک بڵێی گەیشتە شوێنێک. نازانم

لەسەر بەردێک، شتێک وەستا بوو، یان قووڵایی دەریا لەوێ هەر ئەوەندە بوو. عەلی لەناو دەریادا وەستابوو و ئاو لە خوار ناوکییەوە بوو. وا دیاربوو باش شارەزای ئەوێ بوو. دیسان کەمێک ئەملا و ئەولای کرد و بناوێکی لێ دا. یەک دوو خولەک ئاوا مایەوە ئینجا هاتە دەرێ. پاشان دیسان ئەو دە مەترەی بە مەلە بڕی و لەناو ئاوەکە هاتە دەر و خێرا جلەکانی کردنەوە بەر و بەڕێ کەوتەوە. منیش کەوتمەوە دوای. دیسان هیچ قسەی نەدەکرد و تەنیا دەڕۆیشت. ڕەنگ و ڕووی کراوە بوو. دەتگوت بە هەموو ئارەزووەکانی گەیشتووە. هەر کە گەیشتینە لای بەردە شەپۆلشکێنەکان، عەلی دووبارە جلەکانی داکەندن و چووەوە ناو ئاو و چەند خولەکێک مایەوە و پاشان هاتەوە دەر و جلەکانی کردنەوە بەر و لەسەر تاتەبەردێک دانیشت. من ئیدی خەریک بوو تاقەتم دەچوو و لە تەنیشتیەوە دانیشتم و گوتم: "کاکە عەلی لەسەر خۆتی؟" گوتی: " ئەرێ، ئەرێ. هەموو شتێک باشە."

"وەک دەبینم خۆشحاڵ دیاریت. شتێکت دۆزیوەتەوە؟'

"ئەرێ، ئەرێ. دەریایە ئیدی. دەزانیت ئەگەر چوویتە ناو دەریا و بە دەستی بەتاڵ هاتیتە دەر چ هەستێکت دەبێت؟"

"بەڵێ. واتە مەزەندە دەکەم چ هەستێک هەبێت."

"مرۆڤ... مرۆڤ... تەواو دەکات... دەمرێت..."

"دەمرێت."

"ڕۆژێک دەیدۆزمەوە. هەر لەم دەریایە دەیدۆزمەوە."

"ئەرێ، ئەرێ دەیدۆزیەوە."

"باس باسی بەخت و ئیقباڵە ها. تۆش هەروا ڕابوێرە."

"نا، نا، ڕانابوێرم. واتە بۆچی دەبێت... تۆ لەهیکەوە چیت لێهاتووە؟ بە قسەکانی من دڵگران بوویت؟ بڕوانە کاکە عەلی من بە ڕاستی..."

"ئەمشەو ئاو زۆر لە خوارەوە بوو. هەواش زۆر ڕۆشن بوو. واتە ئەمڕۆ پێم وابوو شتگەلێک... واتە شتێک... شتێک هەر دەدۆزمەوە. منیش... منیش خەریکە سەبرم تەواو دەبێت ئیدی. ئیدی خەریکم ببەزم. دەزانیت چەند ساڵە کەوا من... سک پڕ دەبێت. شوێنی خەوتنیش هەر چۆنێک بێت پەیدا دەبێت. واتە بەهار و هاوین بەڵێ بە دڵمن، بەڵام ئەی پایز و زستان چی؟ دوو مانگی دیکە دیسان... دیسان سەرماوسۆڵە و بەفر و کڕێوە دەست پێ دەکات. دیسان دەریا تێکدەئاڵێ. هەوا سارد دەبێت... ئەوسا... ئەوسا ئەوسا منی بەدبەخت چی بکەم؟ دیسان دەست بە دزیکردن بکەمەوە؟ جزدانی خەڵکی بڕفێنم؟ گیرفانان ببڕم؟ تازە ئەمانە لە زستانان زۆریش ئاسان نین. ئاخر خۆ کەس نایەتە پارک. زستانە ئیدی خەڵکی لەماڵی خۆیان دادەنیشن. ماڵە گەرم و... ئەی تف لەم ڕۆژگارە. ئەگەر ئەم هاوینەش نەدۆزرێتەوە..."

"ئێستا تا هاوین تەواو دەبێت نائومێد مەبە."

"ئەم دەریایە دەبینیت؟ پێت وایە هەر بە بیریشیدا دێت داخۆ عەلی دۆزیویەتیەوە، یان نا؟ دەبینیت چەند ئارامە؟ پێت وایە خەمی ئەوەیەتی داخۆ عەلی هەیە، یان نا؟ لامەزەب دە شتێکیش بدە بە ئێمە. چت لێ کەم دەبێتەوە؟ خۆ نەمان گوتوە گەنجی قاروونمان بدەرێ. مۆمدانێک، قاپێک، خەنجەرێک، گوێکیش بۆ ئێمە بنێرە ئیدی.

چەند ساڵی دیکە دەبێت هەموو شەوێک ئەمبەر و ئەوبەرت بگەڕێم؟ ها؟ چەند ساڵی دیکە؟"

عەلی ڕوو لە دەریا ڕاوەستا بوو ئاوا دەیدواند. زۆر تووڕە بووبوو. هەر گلەیی دەکردن، بەڵام وەکو مەتین جنێوی نەدەدان. تەنیا گلەیی دەکردن و تووڕە بوو. زۆر زۆریش.

"بەڵێ تۆ گەورەیت. بەڵێ تۆ کەسێکی باشیت. بەڵی... خۆ منیش... حەسەن بچکۆل ڕاستی دەکرد ئیدی."

"حەسەن بچکۆل؟"

"حەسەن بچکۆل پیرێکی گەڕیدەیە، بەڵێ. ئەو سەرمەشقی هەموو ئێمەیە. هەموو ئستەنبول دەیناسێت. تۆ نایناسیت؟"

"با، با برادەرمە."

"برادەرتە؟ تۆ برادەری حەسەن بچکۆلیت؟ کەواتە بڵێ ئێمەت دەستخەرۆ داوە ئیدی؟"

"نا بابە، بۆچی دەستخەرۆت بدەم؟"

"نەکا تۆش... واییی فێڵزان. کەواتە تۆش لە خۆمانی، ها؟"

" لە ئێوە؟ واتە گەڕیدە؟ نا، نا، من گەڕیدە نیم."

"ئەی کەوایە حەسەن بچکۆل لە کوێ دەناسیت؟"

"لە پارکی وەنەوشە لەگەڵیدا ئاشنا بووم. چەند ساڵێک پێشتر. ئەرێ بەڕاست ئەو دۆزیویەتیەوە، یان هێشتا نا؟"

"بەڵێ... بەڵام..."

"بەڵام چی؟"

"حەسەن بچکۆل پار پەیکەرێکی زێڕی لە دەریا دۆزیەوە. لەم لێوارەی پشتی پارک، بەڵام خۆ مێشکی لەسەردا نییە. دەلاڵەکان پەیکەرەکەیان سووک و سانا لە چەنگ دەرهێنا. جا هەر بەلاش و عەلاش. دوو فلوسی سووتاو."

"خۆی دەیگوت پەیکەرەکە لە ئاسن بووە نەک لە زێڕ. جگە لەوە موفت چی، خانووێکیان لە لێواری دەریا داوەتێ، خانوو هێندەی ڤێلایەک دەبێت."

"پەیکەرەکە زۆر لەوە زیاتری دەهێنا. ڤێلایەک؟ دەکرا دە دانە ڤێلای پێ بکڕێت. دەی چی، بڵێ سەد دانە. ئەگەر بیتواندبایەوە و تەنیا زێڕەکەی بفرۆشتبا، ئەم هەموو لێوارەی لەسەر یەک دەکڕی. جگە لەوە کوڕەکان دەڵێن پەیکەرەکە ئەوە بووە، چی پێ دەڵێن 'کۆنینە' بەڵێ کۆنینە بووە. کارێکی هونەری بووە، هی سەردەمی کەڕەنا بووە. چوزانم من. واتە هەرچەندی بڵێی دەیهێنا. کە نەخوێندەوار بوویت ئەمەیە ئیدی. ئەگەر بشیدۆزیەوە... تەمەنێک بە دوایدا وێڵی و بۆی دەگەڕێیت، ئینجا کە دۆزیشتەوە..."

"ئەی تۆ چی؟ خوێندەواریت هەیە خۆ؟"

"خوێندەواری کە... هیچ نەبێت خوێندن و نووسین دەزانم. ئێستا ئەمە لە لایەک، کەریش نیم خۆ. پەیکەرێکی زێڕ، ئەویش کۆنینە، بە دوو عانەی سووتاوی بدەیت؟ ئەمە کەرایەتی نییە؟ کاکە پێت بڵێم ئەو حەسەنە مێشکی لەسەردا نییە نە."

عەلی تەواو تێکەڵوپێکەڵی کردبوو. چەپ و ڕاست دەیوەشاند و قسەی عەلەق و مەلەقی دەکرد. جنێوی نەدەدان، بەڵام ئەو شتانەی دەیگوتن هیچی لە جنێوان کەمتر نەبوون.

"بەڵام من ڕۆژێک دەیدۆزمەوە. تۆ سەبرێکم لێ بگرە چۆن پێت دەڵێم. من دەریام خۆش دەوێت، خوا منی خۆش دەوێت... بەڵێ، ئەی چۆن؟ ئەگەر خوا منی، واتە هەموو ئێمەی منداڵی خۆش نەویستبایە ئێستا کە... برسێتی، تینوێتی، سەرما، جنێو، تێهەڵدان، دەستدرێژی... پێت وایە ئەگەر دەستی خوا بەسەرمانەوە نەبووایە، تا ئێستا دەماین؟ ئاشکرایە نەخێر. قوربانی خوا بم. ئێستا بوەستە. دەبێت سەبر بگرین. دەبێت دان بە خۆماندا بگرین و چاوەڕێ بکەین. من دەیدۆزمەوە. ئەمە خەت و ئەمەش نیشان. بیرت نەچێت."

"بەڵێ، مەگەر نەتبیستووە، لە تۆ هەرەکەت لە خوا بەرەکەت؟"

"دەی دەی گاڵتەم پێ بکە. کە دۆزیمەوە... ئەوکات پێت دەڵێم. ئەم دەریایە دەبینیت؟ ئەرێ بە ڕاست تۆ کەیفت بە دەریا دێت؟ من کە عاشقیمە. دەزانیت لای ئێمە دەریای لێ نەبوو. دەریا هەر هیچ تۆ بڵێ چما ڕووبارێکیشی لێ بوو. واتە من تا ئەم سێ چوار ساڵە ئاوم نەبینیبوو. لە گوندەکەمان تەنیا کانییێک هەبوو و تەواو، هەر ئەوەندە. لە هەموویشی زیاتر ئەو کاتانە کەیفم بە دەریا دێت کە دەخرۆشێت. ئەو کاتەی هەڵدەکاتە با و زریان. ئەو دەمەی شەپۆلەکانی بەرز دەبنەوە، بەرز دەبنەوە هێندەی منارەیەک. کاتێک کە ئاوەکەی کەف دەکات، کەف دەکات دەڵێی تف لە ڕووی... کاتێک کە دەریا ژێر و ژوور دەبێت. کاتێک هەرچی لە ژێرەوە دێتە سەرەوە. کاتێک کە... بەڵێ پێبکەنە. نا نا پێبکەنە، بۆ خۆت هەر پێبکەنە. یەکدی دەبینینەوە و بە بیرت دێنمەوە. بوەستە با ئەو ڕۆژە بێت. ئەم لێوارە دەبینیت؟ من ڕۆژێک هەر لێرە دۆزیمەوە. ئێ، ڕاستە پەیکەر نەبوو، بەڵام خۆ شتێک بوو ئیدی. کاتژمێرێک. کاتژمێرێکی زێڕ، بەڵام سەگمەئابێک لە

دەستی ڕفاندم و دوو شەقازلـلەشی خێواندنە بناگوێم. هیچوپووچە سووورەسوور لێی ستاندم. وازم لێ نەدەهێنا، بەڵام پێی نەوێرام، چ بکەم. کابرا زرتەبۆزێک بوو بۆ خۆی. نامەردە خراپیشی لێ دام. دواجاریش دانەیەکی لێرە دام و بۆی دەرچوو. بە خوا بلێم... خۆزگە مەتین لێرە دەبوو، چارەی دەکرد، بەڵام دەی ئەوەش ئەزموونێک بوو بۆ خۆی. ئیدی فێر بووم. ئیدی فێر بووم کە هەرچییم دۆزیەوە پیشانی هیچ کەسی نەدەم. تەنانەت... تەنانەت تۆش. بۆ نموونە هەر ئێستا. ئەو شتانەی کە دۆزیومنەتەوە خۆ پیشانتم نەداون، پیشانم داوی؟"

"هەر ئێستا؟ مەگەر هیچت دۆزیوەتەوە؟"

"هە هە، هەی لەبەر مامۆستای. حەسەن بچکۆل دەڵێت ئەگەر شتێکت لە دەریادا دۆزیەوە، پیشانی کەسی بدەیت، ئیدی دەریا هیچ شتێکت پیشان نادات، هیچ شتێک."

"بەڵام من..."

"ئێستا واز بێنە دواتر هەموو شتێکت پێکەوە یەک جار پیشان دەدەم. باشە؟"

"باشە."

"تۆ خۆ گەڕیدە نیت. واتە لە ڕوخسارتەوە دیارە، بەڵام هەمیشە لەم دەروبەرانە دەخولێیتەوە. خۆشت ئاشکرا ناکەیت. با مەتین بێت. ئینجا بە یەک نیگا هەموو شتێکت بەو گۆڕە وەردەکات. ناشێت شتکڕ بیت، ها؟"

"نە بابە، نە. من شتکڕ؟ تۆش قسەی سەیر دەکەیت ها."

"نازانم. بە ڕاستی زۆریش گرنگ نییە. ئەگەر مەتین تۆ بە هاوڕێی خۆی بزانێت، تەواو. من تا ئێستا نەمبینیوە مەتین لەگەڵ کەسێکی ناجسندا بووبێتە هاوڕێ."

"مرۆڤەکان دەبێت متمانە بە یەکدی بکەن ئیدی. واتە ئەگەر متمانە بە یەکدی نەکەین کەوا ئیدی..."

بە ڕاست تۆ ئۆکتای دەناسیت؟ ئەویش گەڕیدەیە. لە منداڵانی ئەوبەری تەنگەبەرەکەیە. ئۆکتای هەمیشە بەر لەوەی بچێتە ناو ئاوەوە نزا دەکات. دنیایەکیش نزای لە بەر بوون، لە مەلای گەڕەکەکەی ئەودیو پارک زیاتر. لەو جۆرە نزایانەی خۆمان کە هیچ، نزای ئەو پێغەمبەرە بوو کە چووە ناو سکی ماسی... ناوی چی بوو..."

"یونس."

"بەڵێ، بەڵێ هەر ئەو. نزای ئەویشی دەزانی. پار زستانێ شەوێک لای ئێمە بوو. لە تونێلەکە ئیدی، مەکۆی ئێمە. بەیانی زوو کە دەبوا بێینە لێوار، لە سەرمان خۆ خەومان لێ نەدەکەوت. زگیش لە برسان قۆڕەی دەهات. چ بکەین دەرکەوتین. ئاسمان هەوری بوو. لە شەوانی هەور و بارانیشدا چوونە دەریا بەکەڵک نایە. هەم تاریکە، هەم ساردە، واتە ژێر ئاوەکە نابیندرێت. هەر کە گەیشتینە لێوار، ئۆکتای خۆی هەڵدایە نێو ئاو. من تا چاوم کردنەوە خێرا هاتەوە دەر. واتە هەر چووە ناو ئاو یەکسەر هاتەوە دەر. خولەکێکیشی نەبرد. شتێکیشی بە دەستەوە بوو. شتێکی وەک چرا، ئەو چرا دەستیانە، فانۆسی پێ دەڵێن، چی پێ دەڵێن؟"

"ئێ، هەر فانۆس."

"بەڵێ، لەو جۆرانە. من کە هیچ ئۆکتاییش حەپەسابوو. شەوانی هاوین تا بەیانی دەدات هەر لەناو ئاوین، ئەویش ئەو کاتانەی کە هەموو ژێرِ ئاوەکە دیارە، لەگەڵ

ئەوەشدا هیچ شتێک نادۆزرێتەوە، بەڵام ئەو شەوە... پێم گوت: 'قورسە؟' وەڵامی نەدایەوە. ئاخر فەقیرەی زمانی گیرابوو. ئێ دە تۆ بیری لێ بکەوە، زستان..."

"ئێستا چتان لێ کرد؟"

"چی لێ بکەین... خۆ هی من نەبوو. واتە ئۆکتای خۆی دۆزیبوویەوە."

"ئێ."

"ئێ کە... هەندێك دەڵێن ئۆکتای بەو شتەی کە دۆزیویەتیەوە، لە سنووری بولغارستانەوە تێی تەقاندووە و خۆی گەیاندووەتە ئەوروپا. دەڵێن لەوێ ئەو شتەی بە نرخی ڕاستەقینەی خۆی، نەک وەک ئەوەی حەسەن بچکۆل، فرۆشتووە. ئینجا دەڵێن چووەتە دوای دەرس و خوێندنی خۆیەوە. ئۆکتای بەو شێوەیە بوو ئیدی. مێشکی هەبوو، مێشک. دەڵێن ئەو خوێندنگەیەی کە ئۆکتای لێی دەخوێنێت، تەنیا هی منداڵە دەوڵەمەندەکانە. تەنانەت دەڵێن کوڕی پاشای ئەو وڵاتەش لەوێ دەخوێنێت، یان خوێندوویەتی. نازانم. هەموو گەڕیدەکان بەو ئەنجامەی ئۆکتای خۆشحاڵن. هەڵبەتە هەندێکیش دەڵێن کە ئەو بەیانییەی ئۆکتای شتەکەی دۆزیوەتەوە، کۆمەڵێک کەوتوونەتە دوای. ئەو کۆمەڵەیەی کە باسیان دەکەم ئەمە کاریانە. هەر ئەوانە بوون حەسەن بچکۆلیشان ڕوت کردبووەوە. تەنانەت دەڵێن چونکە ئۆکتای ئامادە نەبووە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، مامەڵەی چی، واتە بە چەند قرۆشێک پێیان بفرۆشێت، بۆیە لەنێویان بردووە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت هەموو گەڕیدەکان نیگەران و خەمگین دەکات، زۆریش نیگەران، ئاخر ئەمە نامەردییە. ئەو هەموو ساڵە بگەڕێیت، بە دوایەوە بیت، ئینجا کە دۆزیتەوە یەکێک لەو لاوە بێت سووک و ئاسان لێت بستێنێت. بەخوا ئەمە زۆردارییە. ئەوپەڕی نامەردییە. دەزانیت

ئێمەمانان، واتە گەڕیدەکان، دەبێت لە دەوری یەکدی کۆببینەوە و ئەنجومەنێک، یەکیتییک، کۆمیتەیەک، هاوبەندییێک، چوزانم شتێکی لەو بابەتە پێک بهێنین، تا هیچ کەس نەتوانێت ئاوا مافمان بخوات. ئەگەر نا نابێت. یان ئەوەتا هەرچیت دۆزیەوە بە پارەیەکی موفت لەبەر دەستت دەردێنن، یاخود بەو شێوەیە... ئەگەر شتێکی لەو جۆرە پێک بهێنین، دەتوانین بە دوای ئۆکتاییشدا بگەڕێین. واتە لە هەر کوێیەک بێت دەیدۆزینەوە، ئەرێ، تەنانەت ئەگەر بشمردبێت. مافی حەسەن بچکۆلیش وەردەگرینەوە. تەنانەت ئەگەر بە ڕەزامەندیی خۆیشی فرۆشتبێتی، دیسان مافەکەی بۆ وەردەگرینەوە. ئاشکرایە کە فێڵیان لێ کردووە. پەیکەرێکی زێڕی وا گەورە، تەنیا بە خانووێک؟ ئەوە لە کەیەوە شتی وا بووە؟ تۆ جارێ بوەستە با ڕێکخراوەکەمان دابمەزرێت. هەر کێی شتێکی دۆزیەوە، دە لە سەدی دەخاتە لاوە و هەموو شت جێبەجێ دەبێت، وانییە؟ واتە بەم چەشنە بودجەی خۆمانمان دەبێت، تەنیا... تەنیا بەڕێوەبردنەکەی دەمێنێتەوە کە ئەویش کارێکی سەخت نابێت. بە منی بسپێرن بە سێ ڕۆژان..."

"تۆ گوتت کە تەنیا خوێندن و نووسین دەزانیت و هیچ کات نەچوویتە بەر خوێندن، وایە؟"

"بەڵێ، چی تیایە؟"

دواجار عەلی ڕازی بوو، کە لێوارەکە جێ بهێڵین. بە درێژایی ڕێگاکەش یەکبێن قسەی دەکرد. بەنێو پارکدا ڕەت بووین و گەیشتینە وێستگەی پاسەکان، ئەو شوێنەی ڕێگامان لێک جیا دەبووەوە. هێشتا دە هەنگاوێک مابوو بگەینە دووڕیانەکە، کە لەپڕدا عەلی وەستا و چاوی بڕینە دوڕ چاوم.

"چی بووە عەلی؟ بۆ ئاوا لێم ڕاماوی؟"

"شتێک بپرسم؟"

"بپرسە."

"تۆ پێت وایە فەریدیش لەناو دەریا دۆزیویەتیەوە؟"

"نە. ڕاستییەکەی من بە گشتی پێم وایە دەریا هیچ شتێکی تێدانییە، کە ئێوە بەدوایدا دەگەڕێن. چونکە..."

"زۆر باشە بابە. زۆر باشە. قبوڵمە قبوڵ... کەواتە تۆش قبوڵتە کە فەرید لە ڕێیٚ قاچاغ و پاشانیش کە ئەو ژنەی..."

"دەکرێت وا بێت. بە چی بزانین."

خەریک بووین خواحافیزیمان لە یەک دەکرد، کە عەلی گوتی: مەتین گوتویە سبەی دوانیوەڕۆ لەگەڵ سەلیم لە پارک چاوەڕێی منن. نازانم بۆ وا کونجکۆڵ بووم، کە ئەو سەلیمە هەر دەبێت ببینم. ئەو ڕۆژە نیوڕۆکەی چوومە پارک. نیو کاتژمێرێک بۆ خۆم خولامەوە کە سەروکەلـلەیان دەرکەوت. سەلیم زۆر لاواز بوو. لەو لەڕ و بنێسانەی کە هەناویان پێکداقۆپاوە. تەنانەت لە ژێر کراسەکەیەوە دەکرا یەکەیەکە پەراسووەکانی بژمێریت.، شەلواری لیٚ هاتبووە خوار. ئاخر خۆ چ قوون و قەماغێکی پێوەنەبوو. بە کورتی کێشی هەر نیو ئەوەندە دەبوو کە دەبوا هەیبایە.

بە پێچەوانەی عەلی و مەتین، سەلیم لە من نەترسا. ڕێک هات و لەبەرامبەرم ڕاوەستا و تەنانەت ئەو زووتر دەستی هێنا کە چاکوچۆنی بکەین. مەتین کە ئەم ڕەفتارەی سەلیمی بە لاوە سەیر بوو، لە هەمان کاتدا خۆشحاڵیش بوو، پێشنیازی کرد بچینە لای شەپۆلشکێنەکان، گوتی ئەویٚ چۆڵترە. سەلیم وەکو سەربازان

دەڕۆیشت، قیت، بە هەنگاوی ڕێک و ڕیتمدار، یەک دوو، یەک دوو. کە گەیشتینە لێوار، لەسەر تاتەبەردێکدا دانیشت و چاوی بڕینە خۆر، کە خەریک بوو ئارام ئارام شۆڕ دەبووەوە.

"دەزانن؟ من ئیدی لە هیچ شتێک ناترسم. چ شتێکی ئەم دنیایە هی ئەوەیە لێی بترسین ئاخر؟ وانییە مەگەر؟"

"هیچ شتێکی."

"ئاخر مرۆڤ بۆ دەبێت لە مرۆڤێکی دیکە بترسیت؟ خۆ نایخوات، وانییە؟'

"نایخوات؟"

مەتین خەریک بوو پێکەنین بیگرێت، کە بە ئاماژە تێمگەیاند شتێک نەکات سەلیم دڵگیر بکات."

"ئەگەر هەموو مرۆڤەکان خراپ بان، ئەگەر هەموو مرۆڤەکان بیانویستبا ئازاری یەکدی بدەن، ئێمە ئێستا خۆ زیندوو نەدەبووین، دەبووین؟"

"نەدەبووین."

تۆ سەیری ئەم ئستەنبولە بکە. هەموو لایەکی پڕە لە خەڵک. ناو ماڵەکان، شەقامەکان، پارکەکان، شەمەندەفەرەکان، کەشتییەکان، تاکسییەکان..."

"بەڵێ ئەم شارە پڕە لە خەڵک."

"ئەگەر ئەموو مرۆڤەکان ترسناک بان، خۆ ئەو هەموو خەڵک نەیدەتوانی لەم شارەدا بژیت، دەیتوانی؟"

"نەیدەتوانی."

"بەڵێ کەسانی خراپیش هەن. چوزانم دزەکان، قاچاغچییەکان، مرۆڤکوژەکان... یان ئەوانەی کەوا جەنگ هەڵدەگیرسێنن. بیستووومە لە هەندێک شوێن هەمیشە جەنگە. خەڵکی بە تۆپ و تفەنگ بەردەبنە گیانی یەکدی و بکوژە ئەمما بکوژە، ئێ بەڵام ئەوە شتێکی دیکەیە. مەگەر نا؟"

"بەڵێ ئەوە شتێکی دیکەیە."

"خۆ لەو گۆڕە مرۆڤ ناکوژن. واتە هەر لەو گۆڕە بۆچی کەسێک بکوژن. قسەکەم ڕاست نییە؟"

"با ڕاست دەڵێیت. خۆ شێت نین."

سەلیم دەستی تێک هەڵێنابوونەوە تا لەرزینەکەی بشارێتەوە. خێراخێراش قسەی دەکرد، کە بۆ نموونە هەست نەکرێت خەریکە لە ترسان هەترەشی بڕژێت. وەکو ئەوانەی لە تاریکیدا فیکە لێ دەدەن، بەڵام وێڕای ئەمانە هەمووی لە چاوەکانیدا تێدەگەیشتیت زەندەقی چووە.

"تۆ تا ئێستا خۆ هیچ کەست نەکوشتووە، وایە؟"

"ئاشکرایە کە کەسم نەکوشتووە. بۆچی من دەبێت کەسێک بکوژم؟"

"ئاخر... ئاخر ئەو خەڵکەی ئێرە زۆربەیان مرۆڤکوژن. واتە..."

"ئەم قسانەت لە کوێ بیستوون؟ من تا ئێستا لێرە لە کەس ڕاست نەهاتووم مرۆڤی کوشتبێت."

"چۆن دەزانیت؟ خۆ لە نێوچاوانیان نەنووسراوە. جگە لەوە هەمووان دەزانن کە کەسە باشەکان... کەسە باشەکان... لە کەسە خراپەکان زیاتر خەڵکیان کوشتووە. سلێمون هەیە؟ قاوەچییە. هەر ئەوەی کە قەڵافەتی ئاوایە ئیدی. ئەو سلێمونە تا ئێستا

چوار کەسی کوشتوون. ئەو پیاوێکی زۆر باشە. من هەر جارێک بچمە قاوەخانەکەی ئەو، هەرچی بخۆم پارەم لێ وەرناگرێت. لە هیچ یەک لە منداڵەکانی دیکەش وەرناگرێت، بەڵام من زۆری لێ دەترسم. واتە هەرچییەک کە لەوێ دەیخۆم لێم دەبێتە ژەقنەبوت. کاتێک لێم نزیک دەبێتەوە زەندەقم دەچێت. ئەو کەسێکی باشە ها، بەڵام..."

سەلیم لێکلێکە خوزی دەمی قووت دەدایەوە. دەستی سپی هەڵگەڕابوون ئەوەندەی هەڵیانگلۆفیێت. وا تێکی هاڵاندبوون بە سەد پلایس لەیەک نەدەبوونەوە. مەتینیش وەک بڵێی هیچ زەینی لێ نەبوو. لە دەریا نز بووبووەوە و نە ئاگای لە سەلیم و نە لە من و نە لەهیچ شتێکی دیکە هەبوو.

"چوار کەس. هەوەنتە نییە خۆ. ئەو چوار کەسی کوشتوون. هەمووشی بە چەقۆ کوشتوون. واتە سەری گۆشاوگۆش بڕیون. وا نییە؟ مەتین لەگەڵ تۆمە وا نییە؟ من ئیدی لە هیچ شتێک ناترسم. کاتێک دەچمە قاوەخانەی سلێمون، دەچم لە تەنیشتییەوە دادەنیشم، واتە ئەگەر هێشتا لە شتێک بترسابام دەوێرام لە تەنیشتییەوە دابنیشم؟ تۆ... تۆ لەگەڵ ئەوەیدا کە دەزانیت ئەو چوار کەسی کوشتوون... دەوێرایت بچیتە لای؟ دەوێرای لە لای دابنیشیت؟"

"بەڵێ."

"ئەی ئەگەر لە تەمەنی من بایت چی؟"

"بەڵێ. واتە پێم وایە بەڵێ."

"منیش دەچم."

عەلی و مەتینیش جەختیان دەکردەوە، کە سلێمون چوار کەسی کوشتوون. هەمووشی بە چەقۆ. واتە سەری گۆشاوگۆش بڕیون، بەڵام... بەڵام هەموو ئەوەیان لە سەلیم بیستووە.

مەتین دەیگوت بەیانییێک سەلیم چووەتە بەردەم قاوەخانەکەی سلێمون. هەوا سارد بووە و سەلیم لە سەرمان هەڵلەرزیوە، ئێستا لە سلێمون ترسان با لەو لاوە بوەستێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە قیت و قۆز چووەتە ژوورەوە و بەرامبەر سلێمون وەستاوە و ڕووبەڕوو لە چاوەکانی نز بووەتەوە و گوتویە "وەستا سڵاوی هەبوون، گوتویە تەلەڤزیۆنی دەوێت." سلێمونیش یەکسەر تەلەڤزیۆنەکەی هەڵگرتووە دوو دەستی ڕادەستی سەلیمی کردووە. واتە نە هیچی پرسیوە، نە هیچی گوتوە. شتەکانی دیکەی تەلەڤزیۆنیشی کۆ کردوونەتەوە و داونیەتیە سەلیم. مەتین دەیگوت ئەو و عەلی مانگێک بوو دەیانویست تەلەڤیۆنەکە بدزن، بەڵام مەتین کە زۆر کەیفی بە پیاوەتییەکانی سلێمون هاتووە، شەرمی لێ کردووە، عەلییش خۆ نەیوێراوە ئەو کار بکات. بە کورتی کارێک کە عەلی و مەتین لە ماوەی مانگێکدا نەیانتوانیبوو بیکەن، سەلیم لە یەک خولەکدا کردبووی. ئەویش چۆن؟ بە بێهیچ قڕەوبڕە و دەردەسەرییێک.

وەک عەلی و مەتین دەڵێن، لەو کۆڵانەی کە باڵەخانەی ماڵی سلێمون و ئەوانی لێیە، کابرایەک هەیە، کە تا ئێستا سێ ژنی کوشتوون. دەستدرێژی کردووەتە سەرهەر سێکیشیان، ئینجا کوشتوونی. چ کوشتنێکیش. یەکەم جار خنکاندوونی. پاشان بە چەقۆ ئەنجنئەنجنی کردوون. دواتریش بە مشار کەرتکەرتی کردوون، بەڵام بابەتەکە ئەوەیە کە ئەمانە هەر تەنیا سەلیم بینیونی. واتە عەلی و مەتین لەویان بیستووە. دەڵێن

لەبەر ئەوەیە کە سەلیم ناوێرێت بە بەردەم ئەو باڵەخانەیەشدا بڕوات. دەڵێن هەر کابرا ببینێت دەست و پێی دەلەرزن ڕوخساری وەک گەچ سپی هەڵدەگەڕێت. دەڵێن تەنانەت جارێکیش لە ترسی کابرا بووراوەتەوە.

عەلی دەیگوت ڕۆژێک، دەوروبەری نیوەڕۆ، سەلیم چووەتە لای کابرا و پێی گوتوە هەر شتێکی بەنرخی لەو باڵەخانەیەدا هەیە، دەیەوێت دەستێکی پێدا بێنێت و کابرا ئەگەر ئازایە با ڕێی لێ بگرێت. پاشان چووەتە یەکەی ژمارە سێ، ئینجا چوار، دواتر پێنج و پاشانیش شەش و هەرچی شتێکی بە کەڵک بووبێت کۆی کردوەتەوە و خستوویەتیە نێو گونیەیەک و هاتووەتە دەر. عەلی دەیگوت دانیشتووانی کۆڵانەکە تەنانەت یارمەتیشیان داوە، دەیگوت تا شەش مانگان سەلیم خواردن و خۆراکی لەسەر ئەو باڵەخانەیە بووە.

هەم عەلی و هەم مەتینیش دەیانگوت کاتێک کە سەلیم زۆر دەترسێت لەپڕ دەگۆڕێت و دەبێتە سەلیمێکی دیکە. لەهیکڕا هێندە ئازا دەبێت کە سەرت سوڕ بمێنێت. نە تێکەڵ دەکات، نە تووڕە دەبێت، نە دەست و پێی دەلەرزن و نە هیچ شتێکی دیکە. مەتین دەڵێت سەلیم هەرچی هەیەتی لەبەر ئەو ترسنۆکیەیەتی. مەتین دەڵێت زۆربەی قسەکانی فڕوفیشاڵن. دەڵێت ئەو خۆی ئەو قسانە هەڵدەبەستێت. دەڵێت چەند جار بەدواداچوونم کردووە و بۆم ساغ بووەتەوە هەموو ئەو قسانە لە گیرفانی خۆی دەردێنێت. هەڵبەتە مەتین دەڵێت سەلیم درۆزن نییە، تەنیا کێشەکە ئەوەیە کە خەو زۆر دەبینێت، پاشانیش وا دەزانێت هەرچی لە خەودا بینیویەتی ڕاستییە. واتە وەک ئەوەی بە ڕاستی ئەو شتانەی بینیبێت. هەمیشەش خەونی ناخۆش و ترسناک دەبینێت. هەمیشە کوشت و کوشتار و

ئینجا دەستدرێژی. مەتین دەڵێت سەلیم خۆیشی دان بەو شتە دەنێت. دەڵێت هەر لەبەر ئەوەشە کە لەژێر دارتێلی کارەبادا دەخەوێت. واتە دەچێتە ئەوێ، بەڵکو خەو نەیباتەوە. عەلییش دەڵێت کەوا سەلیم لەوان هەردووکیان زیرەکترە. نەخشە و پلانەکانی بۆ دزیکردن قسەیان لەسەر نییە. دەڵێت ئەگەر ئەو بووبایە گەڕیدە هەموو شتێکی دەدۆزیەوە. تەنیا کاتێک کە دەترسێت تێکەڵ دەکات ئیدی. هەم عەلی و هەم مەتین هەردووکیان بینیویانە کاتێک کە سەلیم دەترسێت کاری وا دەکات کە هیچ یەک لەوان پێیان ناکرێت بیکەن. دەڵێن هەر ئەم هەفتەیەی ڕابردوو لە تێرمینال، یەکێکی داوەتە بەر چەقۆ و شەقوشڕی کردووە، کە تەنانەت مەتینیش لێی دەترسا. دەڵێن تا ئێستا هیچ پۆلیسێک زاتی نەکردووە پێ بخاتە بەر پێی سەلیم، چ بگات بەوەی بیگرێت. مەتین دەڵێت پێم وایە ئەم سەلیمە دەبێتە شتێک. دەڵێت ئەو یان لەم تەمەنەیدا دەمرێت، یان ئەوەتا کە گەورە بوو، شتێکی لێ دەردەچێت. دەڵێت گەر لە من دەپرسی، من دەڵێم ڕۆژێک دادێت دەبێتە تاکە پیاوی ئستەنبول. دەڵێت بەو ترسەی کە ئەو هەیەتی هیچ کەسێک ناتوانێت لە بەردەمیدا بوەستێت.

دوای ئەو ڕۆژە ئیدی سەلیم لە من نەدەترسا. ئیدی بە بێ مەتینیش ئامادە بوو بێت و لە تەنیشتمدا دابنیشێت و پێکەوە قسە بکەین. ڕاستییەکەی بەو قسانەی کە عەلی و مەتین لەبارەی ئەوەوە کردبوویان، ئەوە من بووم لەو دەترسام. ئاخر بەو جۆرەی کە ئەو دووانە دەیانگوت، هەموو کارێک لەو تەمسەرە[1] دەوەشایەوە. ئەوەی ڕاستی بێت ئەمەم بە مەتینیش گوت. مەتین کەمێک پێکەنی و گوتی: "سەیرکە هاوڕێ... تۆ بە ڕاستی بیرت کردووەتەوە کە بۆچی من و عەلی لەگەڵ سەلیم پێکەوەین؟ بڕوانە

---

[1] **تەمسەر، لاسار، لامل. کەسێک کە قسەی هیچ کەس هەڵنەگرێتەوە و بە گوێی کەس نەکات.**

ئەو هەموو منداڵە هەن. خۆشت باش دەزانیت کەوا لەم شارەدا ئەوەی زۆرە منداڵ زۆرە. هەر ئەم پارکە سەیرکە، ئەو هەموو منداڵەی لێن، دەڵێی کولــلە و مێروولەن، بۆچی ئێمە ئەم سێیانەمان؟ بۆچی ئێمە یەکدیمان هەڵبژاردووە؟ سەیرکە هاوڕێ... هەر بە ڕاستی تۆ بیرت کردووەتەوە کە چما من، تۆ بە هاوڕێی خۆم دەزانم؟ ئەم هەموو بنیادەمە. خۆشت ئەوە باش دەزانیت کە..."

"من چی دەزانم ئاخر."

"دەزانیت دەزانیت. تۆ باش دەزانیت، بۆچی؟ چونکە زۆر زیرەکی. زۆر مەردی. چونکە لەوانە نیت کەوا بۆ کەیف و سەفای خۆیان چەند قرۆشێک هەڵدەدەنە پێشمان و لای خۆیان ئاسوودەن کەوا یارمەتییێکی ئەو بێنەوایانەیان داوە. چونکە لەوانە نیت کەوا ئێمە بە مشکی تاقیگە دەزانن. چونکە کەڵک لە کەمبوونی خۆشەویستیی ئێمە وەرناگریت، چونکە ڕازگری ئێمەیت و دەردەدڵ و ئازارەکانی ئێمە لای هەر کەس و ناکەسێک..."

"بە چی ئەوەندە دڵنیایت؟ ئەگەر بیڵێم چی؟"

"تۆ ئەگەر بشڵێیت... دەزانیت من تا ئێستا تەنیا عەلی و سەلیم و تۆم بە هاوڕێی خۆم زانیون."

"ئەو دووانە کە... بەڵام... واتە، من بۆ؟"

"مرۆڤەکان جیاوازان ئیدی. هەندێکیان وەکو ئاسنن، هەندێکیشیان..."

"نەکا تۆش وەکو سەلیم..."

"ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ من و ترس؟"

"ئێ؟ ئەی چی؟"

"ئێمە... واتە ئێمە چوار کەس... لە یەک کاڵاین. واتە ئەو... ئەو..."

"واتە کاڵای منیش..."

"بەڵێ."

"واتە..."

"واتە ئەوەی کە نایەوێت لە سەلیم بترسیت. لە من و عەلییش هەروا. ئێمە زیان بە هاوشێوەکانی خۆمان ناگەیەنین، نیگەران مەبە."

"ئەی ئەو؟ واتە من چی؟ واتە سەلیم لە من نەترساوە، وایە؟"

"نە. واتە بەو شێوەیەی لە خەڵکی دیکە دەترسێت نە. دەنا خۆ سەلیم لە منیش دەترسێت. واتە ئەو لە هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەترسێت. لە پەپوولەیەک، لە مێروولەیەکیش دەترسێت."

"زۆربەی منداڵەکان دەڵێن سەلیم هەموو ئەو شتانەی باسیان دەکات لە خۆیەوە هەڵیاندەبەستێت. واتە دەڵێن... دەڵێن ئەو درۆیان دەکات. تۆ چی؟ تۆش پێت وایە؟"

"ئەوانە هەموویان قسەی قۆڕ دەکەن. من هیچ کات درۆیەکم لە سەلیم نەبیستووە. واتە قەت درۆی لەگەڵ مندا نەکردووە. بەڵێ سەلیم جیاوازیی نێوان ڕاستی و خەیاڵ نازانێت. واتە هەرچی لە خەوندا بینیویە، یان بە بیریدا هاتووە، بە ڕاستی دەزانێت، بەڵام درۆ ناکات. خەون و خەیاڵی سەلیم لانی کەم لای من لە ڕاستییەکانی ئەو منداڵانە ڕاستترە."

مەتین ڕاستی دەکرد، سەلیم وەک ئەوە وایە هەمیشە لە خەودا بێت. ئەو شتانەی باسی دەکردن ڕاست نەبوون، بەڵام بە بڕوای منیش زۆر ڕاست و دروستترن. ئەو،

خەیاڵەکانی، بیرکردنەوەکانی... چوزانم خەونەکانی وەک ڕاستی باس دەکات، بەڵام نەک بۆ فریودانی کەسێک. نەک ئەوەی درۆی لەگەڵ کەس کردبێت. لەبەر ئەوەی پێویستی بەوە نەبووە. ئەو تەنیا... ئەو... ئەو خۆیشی هەروای بیر دەکردەوە. واتە جیاوازی لە نێوان خەو و بێداریدا دانانێت. واتە... ئەگەر... ئەگەر سەلیم هاوتەمەنی من بایە بە دڵنیاییەوە خۆی زۆر باشتر لەوان داکۆکی لە خۆی دەکرد. داکۆکی واتە جۆری بیرکردنەوەی خۆی ڕوون دەکردەوە، جۆری... جا ئەوە چ پەیوەندیی بە منەوە هەیە.

تەنیا کاتێک کە سەلیم هیچ نەدەترسا، ئەو کاتە بوو کە باسی ژیانی خۆی دەکرد. بە جۆرێک لەبارەی ڕابردووی خۆیەوە دەدوا، دەتگوت باسی کەسێکی دیکە دەکات. باسی ئەو بەڵا و چەرمەسەریانەی دەکرد کە بەسەری هاتبوون، بێئەوەی کە تۆزقاڵێکیش خەمگین، یان چوزانم نیگەرانییێک نیشان بدات، یان لانی کەم وەکو مەتین تووڕە ببێت. تەنیا باسی دەکرد. بێحاڵ و کەوەڕێ. لە گۆشەیەک شلوشەوێت دادەنیشت و ڕابردووی خۆی دەگێڕایەوە. هەندێک لە بیرەوەرییەکانی دوو سێ جار لەسەر یەک دەگێڕانەوە. هەر جارەش بە جۆرێکی دیکە. هەر سێ جۆرەکەشی بۆ ئەو ڕاست و دروست بوون، بەڵام چۆن چۆنی ئاخر؟ ئێ ئەوە نابێت خۆ. سەلیم وەک ئەوەی لەو ساتەدا بژیت. تەنانەت بیرەوەرییەکانیشی لەسەر بنەمای هەمان ئەو ساتەی کە تێیدا دەژیا باس دەکردن. ئەوەش نەبوو ئەوە بە مەبەست بکات، نا. واتە لە ڕووی بیرکردنەوە دابنیشێت و بەرنامەی بۆ دابنێت، نا، ئەو هەر بە خۆی وای بیر دەکردەوە. هەر خۆی بەو شێوەیە بوو.

"تۆش قسەکانی منت پێ ڕاست نین، وایە؟"

"منیش؟"

"ئاخر هەموو منداڵەکان پێیان وایە من ئەمانە لە خۆمەوە هەڵدەبەستم."

"مەگەر لە خۆتەوە هەڵیاننابەستیت؟"

"نا. واتە بەڵێ، بەڵام نا. واتە وەک ئەوەی لە خەونمدا بیانبینم، بەڵام ئەو کاتەی کە نەخەوتووم. واتە ڕاستییەکەی ئیدی هەر نازانم کەی خەوتووم، کەی بەئاگام."

"منداڵەکان کامەیان باوەڕ ناکەن؟"

"ئەوان هیچیان باوەڕ ناکەن. تازە من زۆریشیان هەر ناگێڕمەوە، لەبەر ئەوەی دەزانم ئەوان ئیدی، تەنانەت مەتینیش پێم باوەڕ ناکەن."

"بۆ نموونە کامەیان؟"

"بۆ نموونە بیابانێک کە لە نێو تەمە چڕەکەیدا دەتوانیت بەلەم لێ بخوڕیت و ماسی بگریت. ئەو هەورانەی کە ئەسپی تێدا دەژین، ئەسپی وا کە چاویان سوور سوورە. دارستانێک کە تەنیا پارچەیەک سێبەرە، واتە هیچ دار و درەختێکی نییە کەچی سێبەری هەیە. شارێک کە هەموو شتێکی لە شووشەیە، تەنانەت مرۆڤەکانیشی. کێڵگەیەکی گەنم کە لە جیاتی گەنم بەچکەدێو بەرهەم دێنێت، واتە لە هەر گوڵەگەنمێکی دە بیست دانە بەچکەدێو دەخاتەوە، ئینجا کە هەموو گوڵەگەنمەکان کرانەوە... دەزانم تۆش ئەمانە باوەڕ ناکەیت، بەڵام من ئەمانە دەبینم. لە خەون نا ها. ئەو کاتەی کە بەئاگام."

"تۆ تا ئێستا کارمامزت بینیوە؟"

ئەمەم کە لێ پرسی، چاوەکانی سەلیم بریسکانەوە. لە خۆشیان دەمی لێ بەش بوو. ئیدی پێی وابوو کەوا باوەڕ بە قسەکانی دەکەم. ئێستا ئیدی یەکبێن قسەی

دەکرد. بەداخەوە نەمدەتوانی قسەکانی تۆمار بکەم. ئاخر لە ڕیکۆردەریش دەترسا. کەواتە نهێنیی سەلیم ئەمە بوو. تەنیا ئەوەندە بەس بوو کە متمانەت پێ بکات. ئیدی من هیچم نەدەپرسی. ئەو خۆی یەکبێن، بێپسانەوە قسەی دەکرد. قسەی دەکرد کە... شیعری دەگوت. چیرۆکی دەگوت. شتگەلێکی باس دەکرد، کە هیچ نووسەرێک نەیدەتوانی بیاننووسێت. لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا بە ئەندازەی دە دانە ڕۆمان قسەی بۆ کردم. ڕۆمانەکەشی ڕۆمانە ها، ڕۆمانێک نەک گەمە.

"دیارە زۆر کەیفت بە کارمامز دێت، وایە؟"

"ئۆۆۆۆە بەڵێ. ئەو چاوە ڕەش و گەشانەی. ئەو گوێچکە مووت[1] و باریکانەی. ئەو... ئەو... کارمامزە شتێکی دیکەیە بە خوا. تۆ چی؟ خۆت بینیوتە، مەبەستم کارمامزە؟"

"من؟ بەڵێ. هاوڕێیەکم هەیە ناوی ئەحمەدە. جارێک لەگەڵ ئەودا چووبوومە ڕاوی بزنەکێوی. پاشان یەکێک پێی گوتین لەودیو کێوەکە دەشتێک هەیە پڕ لە مامزە. من تا ئەو کات مێگەلی مامزانم نەبینیبوو. مامزم بینیبوو، بەڵام نەک مێگەلێک. یەک دوو دانە. ئەحمەدیش کە بۆ ئەو جیاوازی نەدەکرد، هەر ڕاو بێت، تەواوە. بە دەوری ئەو کێوەدا سووڕاینەوە و گەیشتینە دەشتەکە. لەژێر داربەڕووێکدا دانیشتین، کە بحەسێینەوە. هێشتا چەند خولەکێک تێنەپەڕیبوو، کە سەروکەلـلەی مامزان دەرکەوت. سەد دانە، دووسەد دانە، کوڕە تۆ بڵێ هەزار دانە، مێگەلە مامزێک. نیوەیان زیاتر کارمامز بوون، کە جووتەیان تێهەڵدەدا و

[1] مووت، گوێ کە بۆ سەرەوە قیت بینەوە، پێی دەگوترێت گوێی مووت. ئەمە زیاتر بۆ بزن و ئاسک و ئەو جۆرە گیاندارانە بەکار دێت.

جرتوفرتیان بوو. شەڕەقۆچیان لەگەڵ یەک دەکرد. هەڵبەتە ئەوان قۆچیان پێوە نەبوو. واتە بە جۆرێک شەڕیان لەگەڵ یەکدا دەکرد، یان ڕەنگبێت یارییان کردبێت. مامزەکان ئەوەندە جوان بوون نەک هەر من، ئەحمەدیش ئەوەندە کەیفی پێ هاتبوون، کە بە تەواوی بیری چووەوە بۆچی چووینەتە ئەوێ. واتە نە تفەنگەکەی بەبیر ما، نە ڕاوکردن. تا خۆر ئابوو ئاوا لە بن ئەو درەختە دانیشتین و هەر تەماشای مامزەکانمان کرد."

ئەو شتانەی کە باسم کردن هی ئەم دوو سێ مانگەی ڕابردوو بوون و زۆریش ڕاستن. کاتێک کە دەمگێڕانەوە، سەلیم سەرتاپا بووبووە گوێ و هەستی ڕاگرتبوو. دەتگوت ئەوە یەکەمین جارە کەسێک شتێکی بۆ باس دەکات. وەک ئەوەی یەکەمین جار بێت لە کەسێک ڕاست بێت، کە هەر دەڵێی خۆیەتی. بۆیە ویستم کەمێک گاڵتەی لەگەڵدا بکەم.

"دەوروبەری خۆرئابوون، واتە کاتێک خۆر خەریک بوو شۆڕ دەبووەوە، لەپڕدا هەموو مامزەکان لە دەورماندا کۆبوونەوە. من و ئەحمەد ترساین، بە درەختەکەدا هەڵگەڕاین. تا دەهات مامزەکان زیاتر لە ئێمە نزیک دەبوونەوە. لە دەوری درەختەکەدا بازنەیان بەستبوو و لە ئێمە ڕامابوون. پاشان لەهیکەوە... لەهیکەوە ڕەنگی مامزەکان گۆڕا. یەکەم جار پێستیان بۆر هەڵگەڕا. واتە کە قاوەیی بوون، ڕەنگیان بووە قاوەییێکی تۆخ. بەڵێ وەکو قاوە. پاشان سوور بوون. سوورێکی تێر. وەکو جگەر. وەکو کەرپوچەکانی ئەیاسۆفیا. پاشان شین بوون. سەرەتا شینێکی ئاسمانی. پاشانیش شینێکی نەوتی. دواتریش... دواتریش لەپڕ هەڵفڕین. بەرزبوونەوە و بەرزبوونەوە تا لەنێو شینایی ئاسماندا لەبەر چاوان ون بوون. من بە

ئەحمەدم گوت؛ بۆچی تەقەت لێ نەکردن؟ بۆ نەتپێکان؟ ئەحمەدیش گوتی، ئەوان هەر کاریلە بوون. ڕاوکردنی کاریلە دروست نییە. بەڵێ نابێت کاریلە ڕاو بکرێن."

"خەریکی پێم ڕادەبوێریت، وایە؟ دەمزانی تۆش باوەڕ بە قسەکانم ناکەیت. پێت وایە کە منیش ئاوا لە خۆمەوە قسە هەڵدەبەستم، وایە؟ شتگەلێک لە مێشکی خۆمدا دروست دەکەم و دواتر ڕێکیان دەخەم بۆ ئێوەیان هەڵدەڕێژم. بابە من چۆن پێتان بڵێم؟ بە پیر، بە پێغەمبەر من درۆ ناکەم. ئەو شتانەی باسیان دەکەم بە چاوی خۆم دەیانبینم. بە گیانی خۆم دەیانبینم. ئاخر... ئاخر بۆ دەبێت..."

"زۆر باشە بابە، زۆر باشە. هەڵەم کرد. تۆش سەیریماڵتا، گاڵتە تێناگەیت."

"بە ڕاستیتە؟ گاڵتەت دەکرد. واتە بە ڕاستی گاڵەتەت دەکرد؟"

"بەڵێ ئەی چی. بابە ئێمە باوەڕت پێ دەکەین. ئەگەر باوەڕمان پێ نەکردبایت ئەوەندە دادەنیشتین و گوێمان لێ دەگرتیت؟ هەڵدەستام بەجێم دەهێشتیت ئیدی."

"ئاخر جۆرێک قسەت کرد کە..."

"منداڵەکان دەڵێن تۆ سەبارەت بە ماڵی خۆتان... واتە شار و مەملەکەتی خۆتان هیچت بیر نییە. ڕاست دەکەن؟"

"هەم بەڵێ، هەم نەخێر. واتە هەندێک شتم بە بیرە، بەڵام بە وردی نازانم کە... واتە..."

"باشە دە ئەوانەم بۆ باس بکە."

"ڕاستییەکەی نازانم شار بوو، یان گوند. واتە بە بڕوای من لە شار بچوکتر بوو و لە گوندیش گەورەتر. خانووەکان گشتیان گومبەتیان هەبوو. نەک هێندەی گومبەتی مزگەوتەکانی ئێرە گەورە. بچوک بوون. گومبەتی بچوک بچوک. هەموو خانووەکان گومبەتیان هەبوو. دیوارەکان قوڕ بوون. سەربانی خانووەکان بە قوڕ سواخ درابوون. واتە سەربانی خانووەکانیان بە کا دەپەستایەوە. هەموو خانووەکان پاڵیان دابووە یەک. واتە کۆڵان و جادەی زۆر کەم بوو. هەر یەک دوو دانە، لانی زۆر سێ چوارێک. وەکو کوورەی هەنگ وابوون. بەڵێ شارەکەمان، یان گوندەکەمان وەکو کوورەی هەنگ وابوو. هەموو خانووەکان پاڵیان وێکدابوو. کە با هەڵیدەکرد لم بەو ناوە وەردەبوو. با لمی لەگەڵ خۆیدا دێنا. لم ئەو ناوەی دادەپۆشی. هەمیشە با هەبوو. باران نەبوو، بەڵام با هەمیشە هەبوو. درەختیشی لێ نەبوون. واتە زۆر کەم بوون. ڕۆژێک من لە سەربانیماڵی خۆمان بووم، هەڵیکردە با. پاشان دەنگی تەقە هات. دواتریش حیلەی ئەسپ. من لەو سەرەوە هەموو شتێکم دەبینی. هەمووان ڕایان دەکرد. چەند ئەسپسوارێک پێکەوە تەقەیان لەو ناوە دەکرد. هەندێکی دیکەش تەقەیان لەوان دەکرد. بایەکەش تا دەهات زیاتردەبوو. لم ئیدی لێندەگەڕا باش ببینم. چاوم پڕ لم بووبوون. بۆنی بارووت ئەو ناوەی داگرتبوو. پاشانیش بۆنی سووتان. دواتر دووکەڵیشم بینی. زۆر بوو. لەوبەری شار. تا دەهات چڕتر و زیاتر دەبوو. وەک بڵێی شار، یان گوند بسووتێت. با دووکەڵی بە هەموو ئەو ناوەدا دەهێنا و دەبرد. هەموو شوێنێک تاریک بووبوو. ئیدی نەتدەتوانی هیچ شتێک ببینیت. هەر چاوت کردبانەوە پڕ دەبوون لە دووکەڵ و لم. من چیدی چاوم هەڵنەهێنان، بەڵام بۆنی بارووت و دووکەڵم دەکرد. دەنگی قیژە و هاتوهاواریش دەهات. پاشان

دەنگێکی گەورەم بیست. وەک بڵێی شوێنێک دابڕمێت. دەتگوت خانووەکان یەک دوای یەک دەتەقێندرێنەوە. ئینجا بۆنی توز و خۆڵ هات. پاشان... پاشان بۆنی خوێن... ئینجا شتێک بە گەردنم کەوت. وەکو چزووی زەرگەتە، بەڵام ئێشەکەی زیاتر. پاشان گەرم داهات. زۆر گەرم. دوای ئەوە وابزانم لە هۆش خۆم چووم، یان ڕەنگە خەوم لێکەوتبێت. کە بەئاگا هاتمەوە، یان لە خەو هەستام، پیاوێک کە سمێڵیشی هەبوو، بەرامبەرم وەستابوو و هەندێک شتی لێ پرسیم. نازانم من چیم وەڵام دایەوە، یان چ شتێکم دەگوت. بایەکە وەستابوو، بەڵام دووکەڵ هێشتا هەر هەبوو. ئیدی دەنگی تەقەش نەدەهات. دەنگی قیژە و هاوارکردنیش نەبوو. تەنیا دەنگی ناڵە دەبیسترا. وەک بڵێی هەمووان دەگریان. ئەو پیاوە سمێڵدارە شتێکی وەکو خاولی لە گەردنم ئاڵاند و هەندێك شتی دیکەی گوت کە نازانم بیستنم، یان نا. پاشان من هەستام. ئیدی لە شارەکەمان، یان گوندەکەمان نەبووین. چووبووینە قەدپاڵی چیاکە. لە بن بەردان بووین. شارەکەمان، یان گوندەکەمان دەبیندرا. دەسووتا. هەموو خانووەکان ئاگریان لێ هەڵدەستا. هەمووان دەگریان. هەندێکیشیان هەم دەگریان و هەم دەیانناڵاند. هەر پیاوە سمێڵدارەکە بوو، کە پێی گوتم گولـلە دایکمی پێکاوە و مردووە. ئەم جارە دڵنیابووم کە قسەکانیم دەبیست. نەیگوت کێ لێی داوە. بۆچی لێی داوە. چۆن مردووە. تەنیا هەر ئەوەندەی گوت کە مردووە. من برسیم بوو. سەرماشم بوو. هەوا زۆر سارد بوو. هەموو گیانم سەرمای بوو، تەنیا گەردنم نەبێت. پاشان چووینە ئەشکەوت. پیاوەکان گوتیان یەکەم جار منداڵەکان. یەک دونیا منداڵ لەوێ بوون. سی منداڵ، یان ڕەنگە زیاتریش. زۆربەشیان وەکو خۆم بریندار

بووبوون. پیاوەکان هەموویان تفەنگیان پێ بوو. هەموو شەوەکەی بە ڕێگاوە بووین. پاشان گەیشتینە گوندێک لەناو چیاکان. لەوێ ئاویان داینێ، چایان داینێ، نان و پەنیریان بۆ هێناین. خاتوونێکی دکتۆریشی لێ بوو. زۆر جوان بوو. زۆریش میهرەبان بوو. برینی بۆ دەرمان کردم و نێوچاوانیشی ماچ کردم."

"دەی، چیدیکە؟"

"ئیدی... لەسەر ئەو شاخە کە شارەکەمان، یان گوندەکەمانمان تەماشا دەکرد، ئەسپەکانیشم بینین. لەنێو دووکەڵ و بڵێسەی ئاگردا گیریان خواردبوو. یەکێکیان کلکی سووتا و هەر دەیحیلاند و بەم ناوەدا ڕایدەکرد. مەڕەکانیش دەسووتان. تەنانەت کارمامزەکانیش."

"بۆ مەگەر ئێوە کارمامزیشتان هەبوون؟"

"نازانم. تەنیا ئەوەم بەبیرە کە ئەو ڕۆژە کارمامزیش دەسووتان. تازە ئەوان وەکو ئەسپ و پەزەکان ڕاشیاننەدەکرد. ئاوا لەو گوڕە کەوتبوون دەسووتان. نە ڕایاندەکرد، نە دەیاننالاند، هەر تەنیا دەسووتان. تەنانەت دووکەڵیشیان لێ هەڵنەدەستا. تەنیا و تەنیا دەسووتان."

"واتە لە شار، یان گوندەکەی ئێوەدا هەندێک مەڕیان هەبوون، هەندێکیش کارمامز؟"

"نە، کارمامز لە شار، یان لە گوندەکەمان نەبوون خۆ. ئەوان لە دەشت بوون. من لەو سەرەوە کە سەیرم دەکرد دەمبینی کەوا دەشتەکەش دەسووتا. هەموو پووشوپەڵاشی ئەو ناوە دەسووتا. دەشتەکە وەکو دەریای لێ هاتبوو. ئاگر و دووکەڵ

وەکو شەپۆل تا دەهات گەورەتر دەبوون. مامزەکانیش وەکو ماسیی نێو ئاو گیریان خواردبوو و هەر خۆیان هەڵدەدا و بەم ناوەدا وەربووبوون و..."

"بەڵام خۆ ماسی لەناو ئاودا گیر ناخۆن... واتە گیریان نەخواردبوو. ئەوان لەو ژێر ئاوەدا بۆ خۆیان دەژین."

"من پێم وایە گیریان خواردووە. واتە ماسییەکان یەکەم جار لەناو ئاوەکەدا گیریان خواردووە، ئێ باشە ئیدی چی بکەن؟ ناچار بوون کە بژین ئیدی."

"دەی پاشان چی لێ هات؟"

"پاشان ئەو خاتوونە... خاتوونە دکتۆرەکە... هەر ئەو خاتوونە جوانە ئیدی، ئەو دووبارە برینەکەی دەرمان کردم و دووبارەش نێوچاوانی ماچ کردم. پاشان ئەو پیاوەش کە سمێڵی هەبوون، هاتە ژوورەوە. من سەرەتا وامزانی دەیەوێت برینەکەم ببینێت، بەڵام ئەو... ئەو چووە گژ خاتوونە دکتۆرەکە و بە بەرپێنێکی بەو گۆڕەی دادا، پاشان... پاشان من، من... من هیچ سەرم لێ دەرنەدەکرد کەوا ئەوان چی دەکەن، واتە ئەو کابرایە دەیەوێت چی بکات. پاشانیش کە وازی لە خاتوونی دکتۆر هێنا، هاتە وێزەی من. دەستی لە قورگی نام و فشاری دا. من خەریک بووم دەخنکام. چاوم ئاوا دەرپەڕیبوون. ئیدی دەستم لە خۆم شوشتن، ئا لەم کاتەدا لەپڕ یەکێک هاتە ژوور. پۆلیس بوو. واتە جلی سەربازی لەبەردا بوو. لەگەڵ کابرا لەیەک گیر بوون. کابرا لە پۆلیسەکە گەورەتر بوو، بەڵام پۆلیسەکە لە کابرا بەهێزتر بوو. پاشان دوو پۆلیسی دیکەش هاتن. کابرایان گرت و بردیان. کاتێک پۆلیسەکان کابرایان ڕادەکێشا و لەگەڵ خۆیاندا دەیانبرد، ئەو هەر نەڕەنەڕی بوو و هاواری دەکرد و دەیگوت هەردووکیان هی خۆمن. هەردووکیان هی خۆمن. من

تێنەگەیشتم مەبەستی لە هەردووکیان کێیە کە هی ئەو بن. ئەو کابرایە قورگی وا گوشیم، کە چاوم ئاوادەرپەڕین و ئیدی وەک خۆیان لێ نەهاتەوە."

"پۆلیسەکان چییان لەو کابرایە کرد؟"

"نازانم. من ئەو ڕۆژە سەر لە بەیانی لەو گوندە ڕامکرد و چوومە شارەکەی، یان گوندەکەی خۆمان. تا نیوەڕۆ ڕامکرد تاکو گەیشتمەوە ئەوێ. هەموو خانووەکان خاپوور بووبوون. هەموو ئاژەڵەکان مردار بووبوون، هەموو مرۆڤەکانیش هەروا. چوومەوە ماڵی خۆمان. هەمووان مردبوون؛ باوکم و دایکم، خوشکم و دوو برام، پوورەکانم، نەنکم، ئەسپەکەمان، مەڕەکانمان هەموویان مردبوون. هەموویان سووتابوون. من هەر دەگریام، کە لەپڕ دەنگی پێیەک هات. هەر ئەو کابرایە بوو. من ڕامکردە دەشت. هەموو ئەو دەشتە پڕ بوو لە تەرم. هەمووشیان سووتابوون و مردبوون. من بەنێو تەرمەکاندا ڕامدەکرد. کابرا ئەسپی پێ بوو، بەڵام نازانم چۆن بە من نەدەگەیشت. هەوا زۆر گەرم بوو. سەروبەندی نیوەڕۆ بوو ئیدی. من لە ترسان ئاوڕم لە دواوە نەدەدایەوە. نەمدەزانی داخۆ کابرا هێشتا بە دوامەوەیە، یان نا. باوەڕ ناکەیت ئەو ڕۆژە... ئەو ڕۆژە لە جیاتی خۆرێک سێ دانە خۆر بە ئاسمانەوە بوون. باوەڕ ناکەیت، وایە؟"

"ڕاستیت بووێت، نا."

"وا دەزانیت درۆ دەکەم وایە؟

"بڵێم درۆ کە..."

"ئەی چاوەکانم چی؟ لەبارەی ئەوانیشەوە درۆ دەکەم؟ نابینیت چەند دەرپەڕیون، ها؟"

"ئێ..."

"پاشان من گەیشتمە ڕۆخ جادەیەک. لۆرییێک وەستا و سواری کردم. چەند بزنێکیشی بار کردبوون. من زۆر ماندوو بووم و لە نێو بزنەکاندا خەوم لێ کەوت. پاشان بە دەنگێک لە خەو ڕاپەڕیم. یەکێک بە دەنگی بەرزەوە هاواری دەکرد: 'سەلیم سەلیم.' دەنگی کابراکە بوو، هێستا بە ئەسپ بەدوامەوەبوو. لە ڕۆخ جادەکە ئەسپی تاو دەدا. زۆر خێرا بوو و پێ بە پێی لۆریەکە دەڕۆیشت. شتێکیشی... شتێکیشی بەدەستەوە بوو. شتێکی بەدەستەوە بوو، سەرێکی بڕاو. سەری بڕاوی... سەری بڕاوی ئەو ژنە... خۆی... خۆی خاتوونی دکتۆر... هەر ئەو خاتوونە دکتۆرە جوانە."

"ئێ؟"

"پاشان چەند ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسم بینین، لە دوورەوە دەهاتن. کابراش ئەوانی بینین پاشان بەرەو بیابان تێی تەقاند هەڵات. پۆلیسەکانیش کەوتنە دوای. دواتر گەیشتینە شارێک. من لە لۆرییەکە دابەزیم، بەرەو لای وێستگەی شەمەندەفەر چووم. واتە شوفێری لۆرییەکە پێی گوتم باشترە بچمە وێستگەی شەمەندەفەر و لەوێشەوە بە شەمەندەفەر بچمە ئستەنبول، چونکە تەنیا لەوێ دەستی کابرام ناگاتێ. منیش چوومە وێستگەی شەمەندەفەر تا لەوێوە سواری شەمەندەفەر ببم و بچمە ئستەنبول."

"ئەی بلیت؟"

"چی؟"

"بلیتی شەمەندەفەر، مەگەر داوای بلیتیان لێ نەکردیت؟"

"ئەها، با، سلێمون بۆ منیش بلیتی کڕی."

"سلێمون؟ سلێمون کێیە، ئەوە لە کوێ پەیدا بوو؟"

"منداڵێکی هاوتەمنی خۆم بوو. لە وێستگەی شەمەندەفەردا بینیم. گوتی بلیتت هەیە؟ گوتم نا. گوتی پارەت پێیە؟ گوتم نا. گوتی لە ئستەنبول کەسێکت هەیە؟ گوتم نا. پاشان گوتی تۆم کەوتیتە بەردڵ. گوتی بۆ تۆش بلیت دەکڕم. پاشان کڕی. لە شەمەندەفەر پێکەوە بووین. منداڵێکی باش بوو. دواجار هاتینە ئستەنبول و لە وێستگەی شەمەندەفەرەوە یەکسەر هاتینە ئەم پارکە. ڕاستییەکەی من هێشتا زۆر شوێنی ئستەنبول باش شارەزا نیم. مەتینیش باش شارەزا نییە، بەڵام عەلی... ئاخر لەبەر ئەوەی عەلی گەڕیدەیە. دوو سێ ڕۆژان هەر لەم پارکە بووین، کە یەکەم لەگەڵ مەتین و دواتریش لەگەڵ عەلی ئاشنا بووم. پاشانیش کە سلێمون گەڕایەوە و چووەوە شارەکەی خۆی، ئیدی هەموو دەم هەر لەگەڵ عەلی و مەتین بووم. هیچ کەیفم بە دزی و جزدانڕفاندن و گیرفانبڕین نەدەهات، ئێستاش هەر کەیفم پێ نایە، بەڵام ئێ ئاخر چی بکەین. دەبێت بژین. ئێمەش لێرە گرفتار بووین ئیدی."

"وەکو ماسییەکان کە لە ئاودا گرفتار دەبن؟"

"بەڵێ ئیدی."

"کەواتە لەبەر ئەوەیە لە هەر کەسێکی سمێڵی هەبێت دەترسیت، ها؟"

"بەڵێ. واتە نەک لە هەموویان، بەڵام ئێ، ئەو کابرایەم بە بیر دێننەوە ئیدی. ئاخر ئەو کابرایە هێشتاش بە دوامەوەیە. لەوەتەی لە ئستەنبولم سێ جارانم بینیوە. جاری یەکەم لەبەردەم مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد. جاری دووەم لە ڕۆخ ئەسکەلە لە لێوارەکە. جاری دواییش لە پارکی وەنەوشە. هەر سێ جاریش هەرکە چاوی پێ

دەکەوتم غاری دەدامێ. جا منیش ڕاکە ئەمما ڕاکردن. هەر جارێک دەیبینم، دەمرم و زیندوو دەبمەوە، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە کەمێک باشتر بووە، چونکە... چونکە مەتینم لە لایە. مەتین دەرەقەتی ئەو کابرایە دێت. مەتین زۆر بەهێزە. زۆریش ئازا و نەترسە. لەو کاتەوەی بوومەتە برادەری مەتین، نەمبینیوە. ئەو کابرایە دەڵێم. ئیدی دیار نییە. مەتین کوڕێکی زۆر باشە. تۆ دەزانیت ئەگەر مەتین نەبایە... زۆر لەو منداڵانە قەرزاری مەتینن."

بەیانی ئەو ڕۆژەی قسەم لەگەڵ سەلیم کرد، من چوومە ئەنقەرە و هەفتەیەک لەوێ بووم. دواتریش کە گەڕامەوە ئستەنبول، کاروبارم زۆر بوو و سەرقاڵ بووم، هەفتەیەکیش نەکرا سەر لە منداڵەکان بدەم، بەڵام دوای دوو هەفتە ئیدی ئێوارەیەک چوومە پارکی لێوارییی فلۆریا. سەری هەموو شوێنەکانم دا، هەواڵێک نە لە مەتین، نە لە عەلی و نە لە سەلیم نەبوو. ڕۆژی دواتریش نەمتوانی بیاندۆزمەوە. ڕۆژی سییەمیش هەروا. ئیدی خەریک بووم نیگەران دەبووم. لە هەموو منداڵەکان پرسیاریانم کرد. هیچ کەس هەواڵیانی نەدەزانی. ئەوەی ڕاستی بێت هیچ یەک لە منداڵەکان هاوڕێیەتیی لەگەڵ ئەواندا نەبوو. تا ڕادەیەک لەگەڵ مەتینیش ئەرێ، بەڵام لەگەڵ عەلی و سەلیم هەر هیچ. ڕۆژی چوارەم لە پارکدا دانیشتبووم لە بەر خۆمەوە دەمگوت ئەگەر ئەمڕۆش هەواڵێکیانم وەرنەگرت، ئێوارە درەنگ دەچمە لای پۆلیس، لەو کاتەدا یەکێک لەو منداڵانەی مەتینی دەناسی، هاتە لام و گوتی کە مەتینی لە لێوار لای شەپۆلشکێنەکان بینیوە. سوپاسم کرد و بەرەو شەپۆلشکێنەکان پێم پێوەنا. مەتین وەک هەمیشە لەوێدا دانیشتبوو و لە دەریا ڕامابوو.

"سڵاو. تۆ باشیت؟ لەگەڵ تۆمە. باشیت؟"

"ها؟ سڵاو، سڵاو."

"ئەوە چیتە؟ شتێک ڕووی داوە؟"

"ڕووداو؟ نە، نە."

"ئەی بۆ قسە ناکەیت؟"

"قسە؟ چ قسەیەک ئاخر؟ چی بڵێم؟"

بە کورتی مەتین هەر ڕووشی نەداینێ. زۆر لە دڵم گران بوو. بە بێ خواحافیزی ڕۆیشتم. تا ئەوسەری پارک ڕۆیشتم و... لەپڕ بە خۆمم گوت مسۆگەر شتێک هەر بووە. مەتین منداڵێک نییە کەوا هەر لە خۆیەوە... گەڕامەوە. هێشتا هەر لەوێ دانیشتبوو. هەرکە منی بینی لە شوێنی خۆی هەستا و گوتی: "بڕوانە هاوڕێ... من... ببورە... من حاڵم باش نییە بۆیە... ببورە."

"ئەم قەفەسانە بۆ تۆن؟"

"بەڵێ."

"چییان لێ دەکەیت؟"

"بوەستە با تاریک دابێت، ئینجا پێت دەڵێم."

"من ئێستا دەبێت بچمە شوێنێک، بەڵام ئێوارە دەگەڕێمەوە. خۆ لێرەیت؟"

"بەڵێ هەر لێرە دەبم."

تا ئێوارە داهات، خێرا ڕۆیشتم و گەڕامەوە. مەتین هەر لەوێ لەسەر تاتەبەردێک دانیشتبوو. قەفەسەکانیشی لەتەک خۆیدا دانابوون، بەڵام... بەڵام پڕ چۆلەکە. هەموو قەفەسەکان پڕ چۆلەکە بوون. هێشتا چەند هەنگاوێک مابوو بگەمە لای، کە

چەند منداڵێک لێی نزیک بوونەوە، هەر منداڵەو قەفەسێکی بە دەستەوە بوو، لەگەڵ تۆڕێک و چەند دانە تەپکەیەکیش. یەکێکیان کە لەوانی دیکە گەورەتر بوو، تەنانەت لە مەتینیش، هاتە پێش و گوتی: "مەتین گیان، من ئەمڕۆ ڕاوێکی وام نەکردووە. دەکرێت من ئەمڕۆ هەر پێنج دانەی بدەم؟"

"واز لەو ناورانەوەیە[1] بێنە. من خۆم بەڵێ. دوێنێ پێم گوتیت کە تۆ حەوت دانە. تێگەیشتیت؟"

"باشە، باشە کاکە حەوت حەوت، با حەوت بن."

ئینجا هەر یەک لەو منداڵانە، چەند دانە لە باڵندەکانیان خستنە ناو قەفەسەکانی مەتین. هەر یەکەی چەند دانەیەک، کە دیارە پێشتر مەتین بۆی دیاری کردبوون. پاشان ئەوان ڕۆیشتن و چەند منداڵی دیکە هاتن. ئەوانیش هەروا. هەر یەکەی بەشی خۆییان دا و ڕۆیشتن.

"ئەوە چ باسە مەتین؟"

"باس ئەو باسەیە کە دەیبینیت. لەمڕۆ بەدواوە ئاوایە ئیدی."

"چ لەم باڵندانە دەکەیت؟"

"وەرە و خۆت سەیر بکە."

مەتین لە پێش و منیش بە دوایدا، ڕۆیشتین تا بەردەم مزگەوتەکەی تەنیشت یاریگەی، یاریگەی ئین ئونو. چەند منداڵێک لەوێ چاوەڕێی بوون. هەرکە مەتینیان بینی ڕایانکردە لای و قەفەسەکانیان لێ وەرگرت و بەو ناوەدا بڵاو بوونەوە و کردیانە هەرا و بەزمێک نەبێتەوە.

---

[1] ناورانەوە، پاڕانەوە، پارانەوەیەک بە سەرکزییەوە.

"وەرن بۆ باڵندە، ڕاکەن بۆ باڵندە."

"لە هەموو ڕەنگێک، لە هەموو چەشنێک."

"تۆ هەرزانەکەی ببە. تۆ سوورەکەی ببە." ....

کاتژمێرێکی نەبرد یەکێک لەو منداڵانە کە هەموو باڵندەکانی فرۆشتبوون، سەفتە پارەیەکی بە دەستەوە بوو و هات لە پێش مەتین ڕاوەستا. مەتین پارەکەی لێ وەرگرت و ژماردی. هەندێ پارەی خوردەی هەڵڕشتە گیرفانی منداڵەکە و منداڵەکە لە خۆشیان دەمی بەش بووەوە.. پاشان سێ سەدبایيشی پێ دا. منداڵەکەش گوتی: "وەکو هەمیشە ئیدی؟" مەتینیش گوتی: "ئەرێ، وەکو هەمیشە." منداڵەکە ڕایکردە بەردەم مزگەوت، لای پیرەمێردێک کە بە هنکەهنک لە مزگەوتەکە دەهاتەدەر. جلەکانی دڕاو و شیتاڵ شیتاڵ و خۆیشی هەر لاکەلاکی بوو. منداڵەکە سەدبایيێکی خستە ناو دەستی پیرەمێردەکە و لێی دا ڕۆیشت. پاشان منداڵانی دیکەش هاتنەوە و حیساب و کتابی خۆیان لەگەڵ مەتیندا کرد و هەر یەکەشیان جەختیان دەکردەوە: "وەکو هەمیشە". دواجاریش مەتین پارەکەی ژمارد و پێی گوتم: "ناتەوێت عەلی و سەلیم ببینیت؟ من وا دەچمە لای ئەوان. لای شەپۆلشکێنەکان چاوەڕێی من دەکەن. دێیت، یان من بڕۆم؟"

"ها؟ دێم. بەڵێ، بەڵێ دێم."

## دەتگوت ئەو ڕۆژانە لە ئاسمانەوە باڵندە دەبارین

هەموو ساڵێک کۆتاییەکانی پایز، باڵندە کۆچەرییەکان، بۆ پارکی فلۆریا دەگەڕێنەوە. زۆربەشیان بچوک و ڕەنگاوڕەنگن؛ جۆرەها تیتلەکناچە، بەرسینگسوور، ڕەشۆڵە... لەوەتەی بە بیرمە هەموو زستانان ئەم باڵندانە دێنە ئێرە و قەتیش باڵندەی گەورەیان لەگەڵدا نەبووە. هەموویان بچوکن. لە یەکێکم بیستووە، کە ناوی ئەم پارکە لە بنەڕەتدا لە وشەی فلۆریا کە ناوی باڵندەیەکە وەکو تیتلەکناچە، واتە جۆرێک لە تیتلەکناچە ناو نراوە. کۆتایی پایز و سەرەتای زستان ئەم دەشت و دەرە لە منداڵان پڕ دەبێت.

هەر منداڵێک دەبینی دوو سێ تەپکە و تۆڕ و ئەو جۆرە شتانەی بەدەستەوەیە و شەو تا بەیانی بە دوای ئەم باڵندانەوەیە. هیچ جیاوازیشی نییە داخۆ ئەو منداڵانە

هەژارن، یان کوڕە دەوڵەمەند، دەرسیان خوێندووە، یان نەخوێندەوارن، هی سەرووی شارن، یان پێنی[1] شار، لێرە هەمووان حەزیان لە ڕاوە باڵندەیە.

منداڵەکان هێشتا هەر شەوە، کاتژمێر نزیکەی سێ، یان چوار، لەنێو نوێنی گەرمی خۆیان دێنە دەر و ڕوو دەکەنە ئێرە و تۆڕ و تەپکە و دان و قەفەس لەسەر ڕێگای ئەم باڵندە کۆچەریانە دادەنێنەوە. لە هەموو لایەکی ئستەنبولیشەوە دێن؛ لەوبەری تەنگە، لەمبەرەی تەنگەوە لەوبەری کەنداو، لەمبەرەی کەنداوەوە، لە کادی کوی، بێیکوز، شیشلی، یشیل کوی، باسێن کوی...

گەورەکانیش دێنە ڕاوی ئەم باڵندانە، بەڵام کەم. ئەوەندەی من بینیومە زیاتر هەر منداڵن. کورتی کەمەوە هەموو جۆرە کەسێکم لەو دەشت و پارکەدا بینیون، کە بە هەر هۆکارێکەوە بێت زستانان کاریان ڕاوکردنی باڵندەکانە و شوێنیان گۆشە و کەناری ئەم پارکەیە. لە هەر کار و پیشەیەکیش بگریت تێیدان؛ پۆلیس، مامۆستا، کارمەندی پۆستە، ژمێریاری بانک، کارمەندی فەرمانگەی گومرگ و... بەڵام زۆربەیان یان بێکارن، یاخود خانەنشینن. هەڵبەتە منداڵەکان ئەوە هیچ. لە هاوڕێیەکی خۆمم کە پۆلیسە بیستووە دەیگوت لەم وەرزەدا ئاماری گیرفانبڕین و جزدانڕفاندن لە شەقامەکانی ئستەنبول زۆر کەم دەبێتەوە، چونکە زۆربەی منداڵان خەریکی ڕاوە باڵندەن و داهاتی ئەو کارەش لەو کارانەی دیکەیان هەم زیاترە و هەم دەردەسەریشی کەمترە.

دووسێ هەفتەی کۆتایی پایز، لەم دەوروبەرەدا دەتوانی سەدان جۆری باڵندە ببینیت. سەدان جۆر، بەڵام هەموویان بچوک و هەموویان ڕەنگاوڕەنگ. زۆریان

[1] پین، لای خوارەوە

لەو دوو سێ هەفتەیەدا بە تەواوی لێرە دەمێننەوە. هەندێکیان چادر هەڵدەدەن. هەندێک لەنێو ئۆتۆمبێلدا دەخەون. بەشێکیشیان کە دەربەدەرن و لەنێو کارتۆندا دەخەون، وەک هەمیشە لە لاپەڕگەیەکدا شەو دەکەنەوە.

لە گەڕەکی 'جەنەتی' کوڕێک هەیە کە هەموو ڕاوچی و ناڕاوچیی ئێروکانە دەیناسن. درێژێکی باریک و لاوازە. دەموچاویشی ئێسقانی و ئەسمەرە. دەڵێن لە ڕاوە باڵندەدا کەس تۆزی لە دوو ناکات. دەڵێن چەند ساڵە لە ڕاوکردنی باڵندەدا هیچ کەس شانی لە شانی نەداوە. دەڵێن ڕۆژانە بە ئاسانی سەد دانە، سەدوپەنجا دانە دەگرێت. دەڵێن ئەگەر لە سەد دانە کەمتر بگرێت بۆ ئەو مایەی شەرمەزارییە. ئەو باڵندانەی کە دەشیانگرێت هەموویان گەورە و جوانن. دەڵێن هەمیشە گەورەترین و جوانترینی باڵندەکان هەر ئەو دەیانگرێت. باڵندەی بچوک و ناحەزیش بە تۆڕەکەیەوە دەبن، بەڵام زۆر کەم. تەنانەت دەڵێن ئەو باڵندە بچوک و ناحەزانەش کە بە تۆڕەکەیەوە دەبن، دیسان لەو باڵندانەی کە ئەوانی دی دەیانگرن، گەورەتر و جوانترن. ناوی سەعیدە. لە 'باسێن کوی'ەوە تا لێوی پارکی وەنەوشە دەیناسن.

کە زستان داهات، هیچ شوێنێکی فلۆریا بێ باڵندە نییە. لە هەموو ڕەنگەکانیش هەن؛ زەرد، شین، سەوز، ئەرخەوانی، سوور، خۆڵەمێشی، ڕەش... بەڵام زیاتریان سەوز و شین و خۆڵەمێشین. سەیری ئاسمان دەکەیت هەمووی باڵندەیە و تێکدەئاڵێن، باڵ لێک دەدەن، بە پێش یەک دەکەونەوە، یەکدی پاڵ دەنێن، هەندێک جار تەنانەت بەشەڕیش دێن، دەنووک لێک دەدەن، پەرژین بێت لەو سەرەوە کاری خراپ دەکەن. بە کورتی دەبێتە مەحشەرێک هەر وەرە سەیری کە.

زۆربەی منداڵەکان، ئەو باڵندانە تەنیا بۆ فرۆشتن ڕاو دەکەن. نیوەیان تەنیا بۆ پارەکەی. هەڵبەتە هەشن کە ئەم کارە هەر بۆ کەیف و زەوقی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەمانە زۆر کەمن. هەندێک لەو منداڵانە لانی کەم لەو ماوەیەدا ژیان و بژێویان تەنیا لەسەر فرۆشتنی باڵندان دابین دەبێت. تەنانەت زۆربەیان بەو پارەیەی کە لەو ماوەیەدا بە دەستی دێنن، پاشکەوت دەکەن و ساڵەکەی پێ دەبەنە سەر. زۆران دەناسم کە بەو کارە، پارە و پوولێکیان پێکەوە ناوە و ئێستا بۆ خۆیان خەریکی کاری دیکەن.

لەم وەرزەدا دزی و گیرفانبڕین و جزدانڕفاندنیش کەم نییە لە فلۆریا. بەڵێ ئەمەش خۆ هەر دەبێت. ئەو کارە داهاتەکەی زیاترە و دەردەسەریشی کەمتر، بەڵام شتێکی کە ئاسایی نییە ئەوەیە کە لەو وەرزە و لەو پارکەدا کەسێک دزی لە کەسێک بکات، کەس شەڕ لەگەڵ کەس بکات، هەر کەسە سەرقاڵی کاری خۆیەتی و بەس. تەنانەت کەس لەگەڵ یەکدی گاڵتەش ناکات. هەمووان بێدەنگن و ئارام و بێ سەروسەدا. ڕوخساری هەمووان وێک هاتووەتەوە و چاویان بچوک بووەتەوە. تەنانەت ئەو کاتەی تۆڕیان هەڵداوە و باڵندەیان گرتوون، دیسان هەر بێدەنگ و بێسەروسەدان.

بۆ یەکەم جار تۆغرولم لەو بەری پارک، پشت هێڵی شەمەندەفەر بینی. هەر حەوت هەشت ساڵێک دەبوو. جلەکانی ڕێکوپێک و قژی شانەکرابوو. زۆربەی ئەو منداڵانەی سەرقاڵی ڕاوە چۆلەکەن، قژیان شێواو و ئاڵۆزە و جلوبەرگیان نارێکە، بەڵام ئەمەیان پێچەوانەی هەمووان بوو. تەواو پێچەوانە.

لەو وەرزەی ساڵ، لەم پارکەدا بایەک هەڵدەکات، کە لە باکوورەوە دێت و زۆریش ساردە. نازانم بۆ هەمیشە وا بیر دەکەمەوە، کە ئەو بایە بایەکی زەردە، زەردێکی تۆخ. زۆربەی منداڵەکانی دیکەش هەر وا بیر دەکەنەوە. لە زۆربەیانم پرسیوە کە ئەوانیش پێیان وایە ئەو بایە بایەکی ڕەنگ زەردە. هەندێکیشیان دەڵێن لەبەر ئەوەی کاتێک کە ئەو بایە هەڵ دەکات زۆربەی ئەو باڵندانەی لەو کاتەدا دەگەنە پارک، بن سکیان زەردە، بۆیە ئەو بۆچوونە دروست بووە. نازانم ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێت. قژی تۆغرۆلیش زەرد بوو، هەڵبەتە نەک زەردێکی تۆخی وەک ڕەنگی کەناری.

هێشتا خۆر هەڵنەکشابوو و دەریاش ئارام بوو. خەریک بووم وەک هەمیشە پیادەڕۆیی، یان باشترە بڵێم شەوڕۆییم دەکرد، کە بینیم لە ئاستی دار چنارەکەی دەستەچەپمدا وا شتێک هێواش هێواش دەجووڵێت. چوومە لای. تا گەیشتمە لای هیچ ئاگای لە من نەبوو. زۆر سەرقاڵ بوو، زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقە لە سەر و ڕووی دەچۆڕا. خەریک بوو تۆڕەکەی خۆی پان دەکردەوە، کە لە چەند بڕکە خڕنووکێک گیر بووبوو و لێ نەدەکرایەوە. شوێنی ڕادانی تۆڕەکە باش پاک نەکرابووەوە و نەدەکرا تۆڕەکە بە باشی لەو ناوەدا پان بکاتەوە. ئیدی زۆر ماندوو و کەوەڕێ بووبوو. نە دەیتوانی سنگەکان باش بچەقێنێت و نە دڕکوداڵەکەش باش ڕابماڵێت. لەپڕ وازی لە تۆڕەکە هێنا و دەستی بە جنێودان کرد: "نارەسەنینە، ئای لە ڕۆحی هەمووتان..." تا دەهات جنێو و گازندەکانی زیاتر دەبوون، کە لەناکاو تێبینی منی کرد.

"لەو جۆرە کاتانەدا جنێودان باری سەرشانی مرۆڤ سووک دەکات، وایە؟"

"ئم..."

"تەنیایت؟"

"بەڵێ."

"پانکردنەوەی تۆڕێکی وا گەورە بە تەنیا کارێکی سەختە. بە ڕاست ناوت چییە؟"

"تۆغرۆل."

"تۆ منداڵی کوێیت؟"

"یشیل کوی."

تۆغرۆل هەموو شتێکی هەبوو. تۆڕێکی گەورەی هەبوو، کە پێم وایە ڕووبەرەکەی بە ئاسانی پێنج مەتری چوارگۆشە دەبوو، ڕەنگە گەورەتریش. چوار دانە قەفەسیش کە دووانیان گەورە و دوانەکەی دیکە کەمێک بچوکتر بوون. بۆ هەر قەفەسێکیش دانەیەک لەو باڵندە پلاستیکیانەی دانابوون، کە جیکەجیک دەکەن و وەک ئەوەی دەنووک لە دان بدەن، بۆ ئەوەی باڵندە ڕاستەقینەکان بخەڵەتێن و بەرەو تۆڕ و تەپکەکانەوە بچن. باڵندە پلاستیکییەکانیشی گەورە بوون و بە موو جیاوازیت لەگەڵ باڵندە ڕاستەقینەکان پێ نەدەکردن. دەنگیان خۆش بوو و تەواو دەتگوت دەنگی باڵندەی ڕاستەقینەیە. بە کورتی بە شێوەیەک بوون کە بتوانن هەموو باڵندەیەک فریو بدەن و بۆ لای خۆیانیان ڕابکێشن. تەنانەت دوو دانە تەپکەشی هەبوون، کە بەڕاستی باشی دانابوونەوە. ڕاوکردن بە تەپکە زۆر ئاسانترە. دان هەڵدەڕێژی و تەپکەکە بە داروچکەیەک کە داوێکی پێوە بەستراوەتەوە دادەنێیتەوە. واتە تەپکەکە ڕوو لە عەرزەکە و بە گوێرەی ئەو داروچکەیەی دەدرێتە بەری بەرز دەکرێتەوە. پاشان باڵندەکان، کە بۆ دانەکە هاتنە

ژێر تەپکەکە، سەری ئەو داوە ڕادەکێشیت کە لای خۆتە و تەپکە بەردەبێتەوە سەر باڵندەکان، بەڵام چونکە هەر تەپکەیەک یەک دوو باڵندەی زیاتر پێ ناگیرێن، بۆیە ڕاوکردن بە تۆڕ باوترە. بۆ ڕاوکردن بە تۆڕ دەبێت شوێنێک دیاری بکەیت، کە دەوەنێک شتێکی وای لێ بێت تا خۆتی لە پەنادا بشاریتەوە. دانەکە بەو ناوەدا هەڵدەڕێژیت و باڵندە پلاستیکییەکان قورمیش دەکەیت و دایاندەنێیتە سەر دانەکە و ئینجا کە باڵندە داگژانە سەر دانەکە، بەخێرایی لەو پەنا دەوەنە، یان هەر پەناگەیەک، دێیتە دەر و تۆڕەکە هەڵدەدەیتە سەر باڵندەکان. ئەو شێوازە سەختترە، بەڵام ئەو ژمارە باڵندەیەی ئاوا دەیانگریت زۆر زیاترن لەوەی بە تەپکە دەیانگریت.

تۆغرۆل هەموو شتێکی تەواو بوو، تەنیا خۆی هی ئەو کارە نەبوو. بەتایبەت ڕاوی تۆڕی هیچ نەدەزانی. تۆڕەکەی بەسەر چەند پنجەگیا و دڕکوداڵدا پان کردبووەوە، جا وەرەو بتوانە لێیان بکەوە. یەکێک لە تەپکەکانیشی وەک بڵێی بە کەڵک نەدەهات. واتە هەرچەند داوەکەی ڕادەکێشا، داروچکەکە نەدەترازا و تەپکەکە نەدەکەوت. یارمەتیم دا. سەرەتا تۆڕەکەمان کردەوە و باش خاوێنمان کردەوە، پاشان کارکردن بە تەپکەم بە باشی فێر کرد، بەڵام بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی تۆڕەکە پان بکاتەوە. منیش ئیدی درەنگم لێ داهاتبوو و دەبایە بچمە شوێنێک.

یەک دوو کاتژمێر دواتر کە گەڕامەوە، بینیم وا تۆغرۆل هەر لەوێیە و دیسان تۆڕەکەی بەسەر پنج و دڕکەکاندا پان کردووەتەوە.

"ئەرێ تۆ دۆستێک، هاوڕێیەکت نییە یارمەتییێکت بدات؟ خۆ پێم گوتبوویت ئەم کارە کاری دوو کەسە، نەک یەک کەس."

"نە، نیمە. منداڵانی گەڕەکەکەی ئێمە هیچ کەیفیان بە ڕاوی باڵندان نایەت. لێشی نازانن. منداڵانی گەڕەکی ئێمە هیچ نازانن، هیچ."

گەڕەکەکەی ئەوان لە سەرووی شارەوە بوو و خێزانەکەیان یەکێک لە دەوڵەمەندترین خێزانەکانی شار بوون. باوکیم دەناسی. لەو دەوڵەمەندە زەبەلاحانە بوو، کە هەمووان دەیانناسی.

"باوکت دەزانێت لێرەیت؟"

"نە، نازانێت. ئەگەر پێ بزانێت خۆ... بەیانی زوو لە ماڵ دەرکەوتم. ئەو هێشتا لە خەودا بوو."

"ئەو باڵندانەی کە دەیانگریت، چییان لێ دەکەیت؟"

"لە پێش مزگەوتدا دەیانفرۆشم. دەمەوێت پارە کۆ بکەمەوە. ئەگەر باڵندەکەش جوان بێت ئەوا دەمەوێت بۆ خۆمی ببەمەوە. من زۆر کەیفم بە باڵندە دێت. دەمەوێت زۆر لە هەرە جوانەکانم هەبن."

ڕۆژی دواتریش تۆغرۆل هەر لە هەمان شوێن بوو. دیسان عارەقەی کردبوو و هیچیشی بە هیچ نەکردبوو. ڕۆژی دواتریش هەروا. ڕۆژی چوارەم بارانێکی سەربەقەپووچکە باری. من دیسان بەوێدا تێدەپەڕیم. ئاخر من بەیانیان لە باسێن کویەوە تا یشیل کوی بە پێیان دەڕۆم. نزیکەی هەموو ڕۆژەکانی هەفتە. ڕۆژی پێنجەم باران لێی کردبووەوە، بەڵام ئاسمان تەواو هەوری بوو و هیچ هەواڵی تۆغرۆلیش نەبوو. شتێکی ئاساییش بوو. ئێ لەو کەشەدا ڕاوە باڵندە کوا دەکرێت. ڕۆژی شەشەم هەتاو بوو، کەشەکە بۆ ڕاوە باڵندە تەواو گونجاو بوو. لە سەر ڕێگامدا تووشم بوو بە تووشی ئۆرخان. ئەو هی گەڕەکی جەنەتی بوو و لانی

کەم تەمەنی دوازدە ساڵ دەبوو. دوای سەعید ئەو کاری لە هەموو ئەوانی دیکە باشتر بوو. بەو پارەیەی کە لە ڕاوە باڵندەدا دەستی دەکەوت، خەرجی خوێندنەکەی دابین دەکرد. باشیش دابینی دەکرد. واتە جگە لە دەفتەر و جانتا و جلوبەرگ و ئەو شتانە، هێشتاش پارەی بۆ دەمایەوە. داوام لێی کرد کە یارمەتیی تۆغرۆل بدات، یان لانی کەم فێری وردەکارییەکانی ڕاوی بکات. قبوڵی کرد.

تۆغرۆل دیسان سەرقاڵ بوو. ئۆرخان لە دوورەوە سەیرێکی بەروبازاڕی تۆغرۆلی کرد و پاشان چوو داروچکەکەی ڕێک خست و هەر داوەکەی ڕاکێشا، یەکسەر تەپکەکە کەوت. تۆغرۆل دەمی لێ بەش بوو و لە چاوەکانی ئۆرخان نز بووبووەوە.

"دەکرێت پێکەوە کار بکەین؟"

"دەکرێت، بەڵام هەر تا فێر دەبیت."

نزیەکەی هەموو ڕۆژیک تۆغرۆلم دەبینی. ئیدی کارەکە فێر بووبوو و باشیش دەچووە پێش. بەر لە هەموو منداڵەکان دەهات. تۆڕەکەی پان دەکردەوە. تەپکەکانیشی باشتر دادەنانەوە. ئیدی باش فێری ئەو کارە بووبوو. ئەویش ئیدی چاوی بچوک دەکردنەوە و قسەی نەدەکردن و هیچ دەنگی نەدەهات. لە کارەکە مەعلان بووبوو. ئەوەش شتێکی ئاسایی بوو، چونکە بەردەستی ئۆرخان بوو، ئۆرخانیش سەروەستای هەمووان بوو، هەڵبەتە جگە لە سەعید. شوێنی باشیشی هەڵدەبژارد، کە ئەمە گرنگترین خاڵ بوو لە ڕاوە باڵندەدا. ئیدی وای لێهاتبوو هەر خۆی لاسایی دەنگی باڵندەکانیش بکاتەوە و پێویستی بەو باڵندە پلاستیکیانە هەر نەبێت. ڕێڕەوی باڵندەکانی باش دیاری دەکرد و باشیش تەپکەی دادەنایەوە. باڵندەکان ڕێڕەوی خۆیان بە گوێرەی با و تینی گەرما و شێی هەوا و ئەو جۆرە شتانە

هەڵدەبژارد، کە ئیدی تۆغرۆلیش لەو بوارەدا هیچ نەبێت هێندەی باڵندەکانی لێ دەزانی. ڕۆژ دوای ڕۆژ باڵندەی زۆرتری دەگرتن. ڕۆژێک دوانیوەڕۆ بوو، سەیرم کرد هەمووان لە تۆغرۆل ڕاماون. ئاخر ئەو خەریک بوو ئەو باڵندانەی بە هەزار دەردەسەری گرتبوونی، یەک یەک لە قەفەسی دەردەهێنان و بۆ ئاسمانی هەڵدەدان. خۆشحاڵ بوو و لە خەنی خۆشیان نەیدەزانی چ بکات. هەڵبەتە هەمووشی بەرەڵڵا نەکردن، یەک دوو دانەی لەوانەی زۆر جوانن بۆ فرۆشتن لە بازاڕی مەلفرۆشان، هێشتبوونەوە. هەموو منداڵەکان لێی ڕامابوون و خەریک بوون خوێنیان دەهاتە جۆش. منیش هەر وا، تاسابووم، لەو دەمەدا ئۆرخانم بینی. هات بەرامبەرم ڕاوەستا و گوتی: "ئەگەر ناسیاوی تۆ نەدەبوو، ئەگەر تۆ پێت نەناساندبووم..."

تازە تێدەگەیشتم کە هەر لە سەرەتاوە ئەوە کاری تۆغرۆل بووە. چوومە لای پێم گوت کەوا منداڵەکان لێت تووڕەن، لەبەر خاتری منە کاریان پێتدا نییە.. بەڵام ئەو هەر گوێشی نەدایێ. چەقۆیەکی دەسکئێسقانی نیشان دام و گوتی: "هەر بیریشی لێ مەکەوە." چەقۆکەی هەمیشە لە تەنیشت خۆی دادەنا و دەم و سات چاوێکی لە دەوروبەری خۆی بوو و بە وردی چاودێریی هەمووانی دەکرد.

ڕۆژی دواتر ئۆرخانم بینی، کە بە خورتی ڕێی لە سلێمان و زەکی و محەمەد گرتبوو و دەیگوت لەبەر خاتری منیش بێت هەقتان بەسەریەوە نەبێت.

یەک دوو ڕۆژ ئاوا چاودێریم کرد، بینیم وا منداڵەکانی دیکەش وەک بڵێی ئەو هەنگاوەی تۆغرۆلیان لە دڵ گران نەبێت، بەڵام بە ڕووی خۆیاندا ناهێنن. هەڵبەتە هەندێک لە منداڵەکان هەبوون، کە ئەگەر ئۆرخان لەوێ نەبایە و خاتری منیان

نەگرتبا، چ دەردێکیان بە تۆغرۆل نەدەکرد. چەند جارێک قسەم لەگەڵ کرد و پێم گوت هیچ نەبێت ئەم کارە بە بەرچاوی منداڵەکانەوە مەکە. ئەو هەموو شوێنە هەیە هەر دەبێت هەموو منداڵەکان بتبینن و ئاگایان لێ بێت؟ بەڵام ئەو هیچ گوێی نەدەدایێ، یان بزەیەکی دەکرد، یان چەقۆ دەسکئێسقانییەکەی پیشان دەدام. پێم گوت ئەم منداڵانە دەناسم و بەم چەقۆیە، ئەویش تۆ، یەک خولەکیش خۆیان لەبەر ڕانگریت، بەڵام ئەو ئەبرۆی بۆ سەرەوە هەڵتەکاندن و چاوی بچوک کردنەوە و هیچی نەگوت.

ئیدی هیچ کەس خۆی تێنەدەگەیاند. وەک ئەوەی لەوێ نەبێت ئاوا سەیریان دەکرد. تەواو پشتگوێیان خستبوو. کەس نە باسی گەورەیی تۆر و جوانیی قەفەسەکانی دەکرد، نە تەڕدەستی و شارەزاییەکەی و ئەو باڵندانەی کە دەیگرتن. کەس نە بە باش، نە بە خراپ باسی نەدەکرد. وەک بڵێی هەر نەیبینن. دەتگوت ئەوە هەر تۆغرۆل نییە ڕۆژانە دەیان باڵندە، کە ئەوان بۆ گرتنیان خۆیان بە داروبەرددا دەدا، بەرەو ئاسمان تێهەڵدەدا و بەرەڵلایان دەکات. ئیدی کەس نە لێی تووڕە دەبوو نە دڵگران.

ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ بوو ئۆرخانم بینی. خۆشحاڵ بوو. زۆر باڵندەی گرتبوون، کە چەند دانەیەکیشیان گەورە بوون، لەوانەی نرخیان بەرزە.

"چیدی سۆراغی تۆغرۆل ناگریت؟"

"بە ڕاست چ خەبەر لە تۆغرۆل؟"

"سەعید... سەعید خۆ دەناسیت؟"

"ناویم بیستووە، بەڵام نایناسم. نەشمبینیوە. تۆ دەیناسیت؟ هاوڕێتە؟ زۆر حەز دەکەم ببینم."

"بەڵێ بابە، ئەو باشترین هاوڕێمە. بێهاوتایە. تا ئێستا لەم پارکە هیچ کەس تۆزیشی لە دوو نەکردووە. جادوو لە باڵندان دەکات. دەڵێی وێردیان لەسەر دەخوێنێت. هەرچی باڵندەی جوان هەیە، ڕێک دێن و دەچنە ناو تۆڕەکەی ئەوەوە. دەتەوێت پێتی بناسێنم؟"

"بەڵێ. باوکی کێیە؟ چ کارەیە؟"

"باوکی بێکارە وابزانم. سەعید و ئەوان زۆر هەژارن. بە گیانی خۆم هەر دوێنێ پێرێ باڵندەی وای گرتبوون ئا ئەمەندە گەورە. من دەڵێم باڵندە، تۆ بڵێ بەرخ، مەڕ. ڕۆژی پێنجسەد دانەش دەگرێت. گوتم خۆ جادوویان لێ دەکات. منداڵەکان دەڵێن خوا دڵی بە سەعید دەسووتێت، بۆیە هەر خۆی یارمەتی دەدات. واتە بە جۆرێک ئاگای لێی دەبێت."

"ئەی تۆ؟ تۆش باوەڕ بەو قسانە دەکەیت؟"

"خوا بە قوربانی بم، بەڵام نە بابە، ئەو قسانە چین. سەعید خۆی شارەزای ئەو کارەیە. هەر ئاینوئۆینێک لەو کارەدا هەیە، هی ئەوە. سەیروسەمەرەی وای هەیە، کە سەرت سوڕ دەمێنێت. سەعید وەستای ئەو کارەیە. سەعید هەموو ئەو..."

"گوتت باوکی چی؟"

"بەڵێ سەعید و ئەوان زۆر هەژارن. لەو جۆرانەی کە دەڵێن نانیان بە نان ڕاناگات. تەنیا ئەم ماوانەیە کە ڕەوشیان کەمێک باشتر دەبێت. باشتریش کە... ئەگەر سەعید نەبێت و ئەوەندە شارەزای ئەو کارە نەبایە، تا ئێستا لە برسان

مردبوون. هیچ داهاتێکیان نییە، هیچ. ئەگەر ماڵەکەیان دەبینیت، فرمێسکت لە چاوان دێن. باوکی سەعید پینەدۆزی دەکرد. ئێستاش وا کەوتووەتە کونجی خانوو. دەڵێن سییەکانی جۆرێکیان لێ هاتووە. زەمینگیرە ئیدی. سەعید و ئەوان شەش خوشک و بران. سەعید خۆی شاگردی دوکانێکی بەرگدروویە."

"ئێ؟ ئافەرین."

"بەڵێ بابە. تازە هەقدەستیش وەردەگرێت. بەو پارەیەی لە فرۆشتنی باڵندەش دەستی دەکەوێت، ئەم یەک دوو مانگە هیچ کێشەیەکیان نابێت. وەستاش پیاوێکی باشە. هەموو ڕۆژێک چەند کاتژمێرێک ئیزنی دەدات، کە بۆ خۆی بەم کارەشی ڕابگات. هەڵبەتە سەعیدیش هەموو کاری بەرگدرووەکە ڕایی دەکات ها. سەعید کوڕێکی بەکارەیە. ڕاستییەکەی ئەم سەعیدەی ئێمە، هەر پێرێ چینێکی باشی لەو تۆغرۆلەی ئێوە دا."

"ئێ. بۆ؟ کەواتە بڵێ ئەو لەبەر ئەوەیە چەند ڕۆژە دیار نییە. بە ڕاست خۆ تۆغرۆل هەمیشە چەقۆی هەر پێ بوو. چۆن بوو دەرەقەتی سەعید نەهاتووە؟"

"پفف، چەقۆ چییە؟ یەکەم جار چەقۆی لێ ستاند و ئینجا وەریگێڕایێ، ئەمما وەرگێڕان. شەلوکوتی کرد. هەقەمستیش بوو ئاخر. زۆری لێ پەست بووبوو."

"ئێ ئاخر لەبەرچی؟ مەگەر تۆغرۆل چی لێ کردبوو؟"

"ڕاستییەکەی منیش نازانم. واتە هیچ کاممان خۆشمان نەدەویست، بەڵام سەعید چما لەهیکەوە ئاوا لێی تووڕە بوو، منیش نازانم. لێشم پرسی. هیچی نەگوت، هەر ئەوەندە نەبێت گوتی تووڕە بووم ئیدی، هەر ئەوەندە، بەڵام سەعید سەعیدە، قسەی تێدانییە. قسەیەک بکەم دڵگیر نابیت؟"

"نە، بڵێ."

"ڕاستییەکەی سەعید کەیفی بە هیچ یەک لەو منداڵانە نایەت کە لە گەڕەکەکەی ئێوەوە دێنە ئێرە. جارێک پێی گوتم هەموویان لێدانێک قەرزارن. واتە قەرزاری ئەون. ڕاستییەکەی... ڕاستییەکەی سەعید لە دەستی تۆش بە گلەییە."

"لە دەستی من بۆ؟"

"نازانم."

"کەی دەتوانیت ئێمە پێک بناسێنیت؟"

"ئەوەی ڕاستی بێت ئەو تۆ دەناسێت، دەیگوت باوکیشی تۆ دەناسێت."

دوو ڕۆژ دواتر ئۆرخان پێی گوتم ئەگەر بمەوێت سەعید ببینم دوانیوەڕۆ بچمە ئەوبەری پارکەکە، پشت هێڵی شەمەندەفەر. خەریک بووم دەچوومە لای سەعید، کە ئۆرخانم بینی. چوارچمکی دانیشتبوو و خەریکی پاککردنەوەی تۆڕەکەی بوو لەو دڕکوداڵەی لێی گیربووبوون.

"هاتیت؟ ئەوەتا سەعید. دەیبینیت؟"

"ئەگەر دەتەوێت بۆ دواتر لێی دەگەڕێین. ئاخر گوتت سەعید لە منیش..."

"نە بابە. ئەوە لەبەر تۆغرۆل بوو و بڕایەوە و چووە دوای کاری خۆی، ئەگەر نا سەعید..."

"کەواتە با بچینە لای."

سەعید خەریک بوو تۆڕەکەی هەڵدەگرتەوە. ئەو سێ قەفەسەی پێی بوون پڕاوپڕی باڵندە بوون، کە هەر باڵەفڕکەیان بوو و تێکدەقژقژان. تەمەنی دە تا یازدەساڵێک دەبوو. چوار بەردەستیشی هەبوون. تۆڕەکەی گەورە بوو، زۆر گەورە.

شەش دانە تەپکەشی هەبوون، هەشت دانە لەو باڵندە پلاستیکیانەشی پێ بوون. هەموو تەپکەکانی ئامادە کردبوون و خەریک بوو تۆڕەکەشی ئامادە دەکرد. ئەو چوار بەردەستەشی لە دوایەوە دانیشتبوون و لەسەر پێ ئامادە بوون، کە ئەگەر سەعید ئاماژەی دانێ، تۆڕەکە فڕێ دەنە سەر باڵندەکان. بە باشی پێشوازی لە من کرد. سڵاو و چاکوچۆنییەکی گەرمی کرد و گوتی کە خۆی و باوکی، لەمێژە من دەناسن.

هەر لەو یەکەم دیدارەماندا بە گەرموگوڕی لەگەڵ یەکدا دواین و بووینە هاوڕێ. نزیکەی هەموو ڕۆژێک یەکدیمان دەبینی. قسەمان دەکردن و دەردەدڵمان دەکرد. بە ڕاستی لە کارەکەی خۆیدا واستا بوو. وردەکارییەکانی ئەو کارەی باش دەزانین، وەک ئۆرخان گوتەنی هەموو ئاینوئۆینەکانی کارەکەی لەبەر بوون. منیش تا ئێستا هیچ کەسم هێندەی ئەو شارەزا لەو کارەدا نەبینیبوو. ڕۆژانە قەفەسەکانی پڕ دەکردن لە باڵندە، جا چ باڵندەگەلێکیش. لە فرۆشتنی باڵندەشدا زۆر لێهاتوو بوو. ڕەنگە ئەگەر منیش لە جێی سەعید بام و ژیان و بژێویی خێزانەکەم لەو ڕێگایەوە دابین بکردایە، بە ئەندازەی ئەو لەو کارەدا شارەزا بووبام. چاک نییە ئەو باڵندانەش ساڵانە دێنە ئێرە. دەیگوت لە شاگردایەتی زۆر زۆری پێببڕێت هەفتەی سەد لیرە زیاتر نییە. سەد لیرەش کوا بەشی خێزانێکی هەشت کەسی دەکات؟ بۆ هەفتەیەک بەشی نانی وشکیش ناکات. ئەو چاوە ڕەش و گەشانەی پڕ لە خەم و ئازار بوون. کە ئاهی هەڵدەکێشا، هەمووی خەفەت و دڵتەنگی بوو. دیار بوو لەو تەمەنە کورتەیدا حەسرەتی هەموو شتێکی لە دڵدا ماوە و هیچ یەک لە ئارەزووەکانی نەهاتوونەتە دی. باسی دڵتەنگییەکانی خۆیشی بۆ کردم. باسی هیوا و ئارەزووەکانیشی. ئاخر هەموو

قسەکانی هەر ئاخ و کەسەر بوون، کە بەردیان دەتواندەوە. ئاخی هەڵدەکێشان و دەیگوت: "ئاااخ ئەگەر..."

بەردەستەکانی زۆر لێی ڕازی بوون و بە پیاوەتی و دەستکراوەییەکەیاندا هەڵدەدا. دەیانگوت سەعید مافی هیچ کەسێک ناخوات. هەمووان بە برا ناویان دەهێنا و تەواو وەکو برا خۆشیان دەویست. ڕۆژانە کاتێک باڵندەکانی دەفرۆشت، تا دوایین قرۆش هەقدەستی یەکە یەکەیانی دەدا. نە باڵندەیەک کەمتر، نە زیاتر. نە لیرەیەک کەمتر، نە لیرەیەک زیاتر. تا دوا قرۆش، هەر کەسەی مافی خۆی وەردەگرت. ئۆرخانیش کە ماوەیەک کاری لەگەڵدا کردبوو دەیگوت: "سەعید کەسێکە حیساب و کتابی قسەی لێ ناکرێت، ورد وردە."

"دەکرێت پێم بڵێیت بۆچی لە تۆغرۆلت دا؟"

"دیارە پێویست بووە ئیدی. وازی لێ بێنە توخوا."

یەکێک لە بەردەستەکانیشیم دەناسی. ناوی عەلی بوو، کوڕی فەیزی کە لە گەڕەکی بنەفشە بوو و ماسیگر بوو. تەمەنی چواردە ساڵ دەبوو. باڵای کورت بوو. پار بە بەلەمەکەی باوکی خۆی هەڵدابووە نێو دەریا، کە گوایە لە ماڵ ڕابکات، هێشتا نەگەیشتووەتە تەنگە، پۆلیس دەیگرن و ڕادەستی باوکی دەکەنەوە. باڵابەرزەکەیان ناوی ئاتیلا بوو و دەیگوت باوکم لە کارخانەی شووشەسازیدا کار دەکات. ئەوەشیان کە دەیگوت باوکم باخەوانە، ناوی موحەرەم بوو، لانی زۆر تەمەنی هەر یازدە دوازدە ساڵێک دەبوو. چوارەمیشیان ناوی هالوک بوو و باوکی شوفێری تەکسی بوو. هەر چواریان کوڕی باش بوون و زۆریشیان سەعید خۆش دەویست.

منداڵەکان دەیانگوت چەند ڕۆژێکە کەوا ژمارەی باڵندەکان زۆر زیادی کردووە. دەیانگوت ئەمە یەکەمین جارە کەوا لە باکوور و باکووری خۆرئاواوە، هاوکات باڵندە بۆ ئێرە بێن. دەیانگوت لە هەموو لایەکەوە وا باڵندەیە و بەرەو فلۆریا کۆچ دەکەن. دەیانگوت لە جیاتی باران دەڵێی باڵندە لە ئاسمانەوە دەبارن. سەعیدیش دەیگوت تا ئێستا قەت ئەو هەموو باڵندەیەی پێکەوە لە یەک جێدا نەبینیون. هەموویان خۆشحاڵ بوون و دەیانگوت لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا کارەکەیان زۆر باش بووە. هەڵبەتە سەعید هەمیشە کاری هەر باش بووە، بەڵام ئەم چەند ڕۆژە بارودۆخ بە تەواوی جیاواز بووە. ڕاستیشیان دەکرد، دەتگوت لەم چەند ڕۆژەدا لە ئاسمانەوە باڵندە دەبارن.

ڕۆژێک بە لای کانییەکەدا تێدەپەڕیم، سەعیدم بینی.

"ئاسمان دەبینیت؟ دەڵێی باڵندە دەبارن. نازانم ئەمساڵ چی بووە. هیچ کات ئاوا نەدەبوو. دەبینیت؟ قەفەسەکان پڕن."

خەریک بووم سەیری قەفەسەکانم دەکرد، کە لەپڕێکەوە گوتی: "دانیشە باڵندە وا دێن." سەری دانەواندبوو و خەریک بوو لاسایی دەنگی باڵندەکانی دەکردەوە. پۆلە باڵندەیەک بەسەر سەرماندا ڕەت بوون، بەڵام هەر بە ئاسمانەوە بوون. سەعید هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "وابزانم ئێمەیان بینی. ئەگەر زووتر دانیشتبایت... دەگەڕێنەوە. مەگەر کوێیان هەیە بۆی بچن؟" هێشتا قسەکانی سەعید تەواو نەبووبوون، کە باڵندەکان گەڕانەوە. هەموو شتێک لە جێی خۆی بوو. تۆڕەکان، تەپکەکان، تەڵەکان. سەعید سەیرێکی باڵندەکانی کرد، گوتی: "تا من پێتان نەڵێم کەس خۆی ناجووڵێنێت." پاشان داوی یەکێک لە تەپکەکانی بۆ لای من ڕادا و

گوتی: "دەتەوێت تاقی بکەیتەوە؟" من داوەکەم گرت و سەعید بەوانی دیکەی گوت: "یەکەم جار ئەو."

بە ئاماژەی سەعید داوەکەم ڕاکێشا و تەپکەکە داکەوت. چەند باڵندەیەک کەوتنە ژێر تەپکەکە و کەوتنە خۆهەڵکوتان و باڵەفڕکە. ئینجا هەموو بەردەستەکانیش داوەکانیان ڕاکێشا و سەعیدیش تۆڕەکەی هەڵدا. وابزانم یەک باڵندەش نەیتوانی خۆی دەرباز بکات. هەموومان گرتبوون. سەعید تەنیا بە تۆڕەکەی هێندەی هەموومانی گرتبوون. سەرەتا چووینە گژ ئەوانەی بە تۆڕەکەوە بووبوون. هەر کەسەی دوو سێ باڵندەی دەگرتن و دەیخستنە ناو قەفەسەکانەوە. منیش دانەیەکم گرتبووە دەستم. باڵندەکە لەژێر تۆڕەکەدا ئەوەندە خۆی هەڵکوتابوو، دڵی وەکو ماتۆر تەپوهۆڕی بوو. هەر دەنووکی لێک دەدا و چاوی دەکوتان. چاویش چەند؟ هەر ئەوەندەی مێرووولەیەک. لە دڵی خۆمدا گوتم ئەم باڵندەیە لە سەعید دەکڕم و... بەڵام سەعید هاوڕێم بوو چۆن دەمتوانی ئەو پێشنیازە بکەم؟

سەعید تۆڕەکەی هەڵگرتبووەوە و ئەوانی دیش تەپکەکان. من هێشتا باڵندەکەم بە دەستەوە و بوو و نەمدەزانی چی بکەم. سەرم هەڵبڕی بینیم وا هەر پێنجیان لە من ڕاماون. لەپڕێکەوە سەعید گوتی: "ئەگەر دەتەوێت با بۆ تۆ بێت."

زۆر خۆشحاڵ بووم و ڕوو لە سەعید و منداڵەکان گوتم: "سوپاس. خۆشحاڵتان کردم." پاشان نازانم چی بوو تۆغرۆلم کەوتەوە یاد. دەستم بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. هێشتا باڵندەکە لەناو دەستمدا بوو. هەموویان لە دەستەکانم ڕامابوون، تەنیا سەعید نەبێت، ئەو سەیری چاوی دەکردم. پەنجەکانم کردنەوە و باڵندەکە فڕی. منداڵەکان بە شڵەژاوییەوە کەوتنە دوای باڵندەکە، کە بیگرنەوە و

بۆیان نەکرا. باڵندەکە کەمێک زیگزاگی کرد و بەرز بووەوە و لە چاوتروکانێکدا ون بوو.

منداڵەکان لە شوێنی خۆیان ڕەق هەڵاتبوون و جووڵەیان لە خۆیان بڕیبوو. هەموویان بێدەنگ بوون، هیچ کەس دەنگی لێوە نەدەهات، تا ئەو کاتەی نازانم چی بوو پێکەوە ڕیانکردە لای قەفەسەکان. زارکی قەفەسەکانیان کردەوە و هەموو باڵندەکانیان هەڵفڕاند. تەنانەت یەک دانە باڵندەش لەناو هیچ یەک لە قەفەسەکاندا نەما. هەر مەپرسە چ هەرایەک بوو. منداڵەکان هاواریان دەکرد و پێدەکەنین. باڵندەکانیش چەپ و ڕاست زیگزاگیان لێ دەدا و تێکدەئاڵان و هەڵدەفڕین. پاشان هەموویان چوارچمکی دانیشتن و دیسان بێدەنگ بوونەوە، بەڵام ئەم جارە هەموویان پێدەکەنین. بە بێئەوەی شتێک بڵێم، یان شتێکیان لێ بپرسم بەرەو لێوار ڕۆیشتم. لە دەوروبەری لێوارەکە دیسان فەرمانبەرانی شارەوانی خەریکی کار بوون و شوێنەکەیان ڕووپێو دەکرد. بە گەچ هێڵیان بە لێواردا کێشابوون و شوێنی ئەو ئاپارتمانەیان دیاری کردبوو، کە بڕیار بوو تا ساڵی ئاینده کارەکانی تەواو بکرێن. بەڵێ، ئەمساڵ دوا ساڵ بوو کە باڵندەکان بتوانن زستان لێرە ببەنە سەر، چونکە ساڵی داهاتوو شوێنێک نەدەمایەوە بۆ مانەوەیان. ئیدی هەموو شوێنێک دەبووە ئاپارتمان و دوکان و فرۆشگا و شەقامی قیرتاوکراو. ئەم پرۆژەیەی بیناسازی نیوەی زیاتری پارکەکەی داگیر دەکرد، کە بەڕێکەوت هەموو ئەو شوێنە بوو کەوا باڵندەکانی لێ هەڵدەنیشتن. هیچ کەس نەیدەزانی ئەو باڵندانە لە چ ساڵێکەوە بۆ ئێرە دێن، بەڵام هەمووان دەیانزانی کەوا ئەمساڵ دوا ساڵیانە بتوانن بێنە ئێرە و ئیدی چاومان پێیان ناکەوێتەوە. من لە گژ ئەو بیرکردنەوانەدا بووم، کە لەپڕ بینیم سەعید و

بەردەستەکانیشی لە تەنیشتمدا دانیشتن و چاویان بڕیە دەریا. تا نیو کاتژمێرێک ئاوا بێدەنگ بووین، ئینجا سەعید گوتی: "ئاهی ئەم باڵندانە دەیانگرێت. تۆ سەبر بگرە و ببینە. ئاخر وا لێرەش خانوو دروست دەکەن. هەر ئەوەندە ماوە لە ناوەڕاستی دەریاش خانووان قیت کەنەوە. بومەلەرزە دێت. بە گیانی خۆم بومەلەرزە دێت و هەموو ئەم خانووانە لەگەڵ زەویدا تەخت دەکات."

"بەڵکو لەوەش خراپتر."

"بەخوا. ئەمانە وا ماڵی باڵندەکان تێک دەدەن، کە چی، کە ماڵ بۆ خۆیان چێ بکەن، بەڵام ئەمە نامەردییە، نامەردی. مەگەر نا؟"

هەم سەعید، هەم بەردەستەکانی، باش دەیانزانی کە ئیدی ڕەنگە هیچ کات نەتوانن باڵندەیەک ڕاو بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو باڵندانەی ئەو ڕۆژە ڕاویان کردبوون، بەرەڵڵایان کردن و یەک یەک هەڵیانفڕاندن. لە من بپرسن کارێکی باشیان کرد. هەم سەعید و هەم بەردەستەکانی.

## پارچە ئاسنێکی سەقاکراو

هیچ کەس نەیدەزانی خەڵکی کوێیە و کەی هاتووەتە ئێرە. هەر دەڵێیت لێرە لە دایک بووە و لێرە گەورە بووە. یەکەمین ڕۆژ کە بینیم باشم بە بیرە. کەمێک ئەسمەرە. چاوی ڕەش و گەش و قژی قاوەیی و گروازەیە. تەمەنی دە ساڵ دەبێت. کە دەڵێم دە ساڵ، واتە دە ساڵی ڕێک! بە ساڵ و مانگەوە. ئاخر نووشتەیەکی بە ملەوە کراوە، لەوانەی بۆ چاووزار بە ملەوە دەکرێن، کات و ساتی لە دایکبوونەکەشی لێ نووسراوە، هەم شوێنی لەدایکبوونی و هەم ناوی باوک و دایکی. نوشتەکە وەک گەردەنبەندێکی لوولەیی هێندەی ئەنگوستێک گەورەیە و هەمیشە بە ملیەوەیە.

موحتەرەم، ناوی موحتەرەمە. بگاتە هەر کەسێک یەکەمین شت، کە پیشانی بدات ئەو نوشتەیەیە، کە بە ملیەوەیە. لەگەڵ منیشدا ئەوەی کرد، بۆیە هەم ناوەکەی دەزانم و هەم تەمەنی.

ئەو ڕۆژەی کە بینیم، لە بەیانییەکەیەوە لە لێوار با هەڵیکردبوو و شەپۆلەکان ئاوی دەریایان بەسەر شەقامە قیرتاوەکەدا دەپڕژاند. ئینجا هێشتا بایەکە خۆشی نەکردبوو، دایکردە باران. جا چ بارانێک، سەربەقەپوچکە. هەر دڵۆپێکی هێندەی کەلـلەی چۆلەکەیەک. نازانم ئەوە چییە کە نموونەکانی وەکو موحتەرەم لەم جۆرە ڕۆژانەدا دەبینم، ئەویش هەمیشە لە لێوار. لەبەر ئاو هەڵاتبوو و لە سەرمان هەڵدەلەرزی. زۆر بە ئارامی وەرسووڕا و هات لە چاخانە دانیشت، هەر لەو بەر دەرگایە. کراسە شڕوبڕەکەی بە سنگییەوە نووسابوو و دەتتوانی پەراسووەکانی دانەدانە بژمێریت. ئەو ڕۆژانەی کە با و بارانە، بەتایبەت ئەگەر بارانەکەش ئاوا بەخوڕ بێت، چاخانەکە تا بنەبان پڕ لە خەڵکە، ئەو ڕۆژەش وابوو. چاخانە گەرم بوو و ڕۆستەمی چایچی بڕەبڕی سەماوەرەکەی دەهات.

هێشتا جلەکانی وشک نەبووبوونەوە، کە بینیم وا سینیی چای بە دەستەوەیە و چوستوچاپوک لەم مێز بۆ ئەو مێز دەچێت و پیاڵەی پڕ دادەنێت و هی بەتاڵ هەڵدەگرێت. بە جۆرێک چا دادەنێت دەڵێی دە ساڵە ئەم کارە دەکات. تا من چاکەمم خواردەوە، بینیم وا عەزیز، یەکێک لە ماسیگرەکانی ئەم ناوە، لەبەر دەرگا وەستاوە و موحتەرەمیش بەرامبەریەتی.

"بەڵێ وەستا، بەڵێ دەتوانم. ئەمە خۆ هیچ نییە. هەر کاری خۆمە."

من هێشتا لە بابەتەکە نەگەیشتبووم، کە عەزیز لە چاخانە وەدەرکەوت و موحتەرەمیش کەوتە دوای. باران خەریک بوو لێی دەکردەوە و وەک بڵێی دەریاش لە شەپۆل کەوتبوو. عەزیز کندرەکەی لە سەکۆکە کردەوە و بەلەمی بۆ نێو دەریا ڕادا. موحتەرەمیش لەناو بەلەمدا ئاسوودە لێی دانیشتبوو. بایەکە کەم بووبوو، بەڵام

شەپۆل هێشتا هێندەی بەژنی مرۆڤێک بەرز دەبوونەوە. یەکێک لە ماسیگرەکانی ناو چاخانەکە گوتی: "ئەم عەزیزەش شێتە ها."

دوو کاتژمێری پێنەچوون، کە عەزیز و موحتەرەم لەبەر ئاو هەڵاتبوون، گەڕانەوە چاخانەکە. تا عەزیز دانیشتە لای ئاگردانەکە، موحتەرەم دوو چای گەرمی بۆ خۆی و بۆ عەزیز دانابوونە سەر مێزەکە. هێشتا عەزیز چاکەی خۆی نەخواردبووەوە، کە موحتەرەم یەک دوو چای لەبەر هەموو موشتەرییەکان دانابوون. منداڵێکی بەکارە بوو. واتە بە دڵ و گیان کاری خۆی دەکرد. مرۆ هەر حەزی لێ بوو سەیری کارکردنەکەی بکات. ڕۆستەمی چایچی چاخانەکەی تەواو بە موحتەرەم سپارد و خۆی لە تەنیشت سەماوەرەکە پاڵی دایەوە و بەو دەستماڵەی بە ملییەوە بوو دەموچاو و سەروگەردەنی خۆی لە دووکەڵ و هەڵمی ئاگردانەکە دەسڕی. کەس بە ناوی بچوکییەوە ناویان نەدەهێنا. موحتەرەم یوغون تاش. شۆرەتی خێزانەکەشی لەو پارچە کاغەزە نووسرا بوو، کە بە گەردنییەوە هەڵواسرابوو و هەمووان بە ناوی خێزانییەوە بانگیان دەکرد، کە پێم وایە خۆیشی کەیفی بەوە دەهات. ئەگەر غەریبەیەک بە موحتەرەم ناوی بردبا، موحتەرەم خێرا شۆرەتی خۆی بۆ زیاد دەکرد.

"موحتەرەم..."

"یوغون تاش مامە گیان. موحتەرەم یوغون تاش."

ئەگەر ناسیاوێکیش هەر تەنیا بە موحتەرەم ناوی بێنێت، موحتەرەم بە چاوە ڕەش و گەشەکانییەوە بە شێوەیەک سەیری دەکرد، کە کابرا پەشیمان دەبووەوە، بۆ لێبوردنیش با، چەند دانە یوغون تاشی لەسەر یەک بۆ ڕیز دەکردن. ڕاستییەکەی

من خۆم قەت نەمبینی کەسێک هەر بە ناوی موحتەرەم بە تەنیٚ ناوی بێنێت. بە کورتی موحتەرەم بۆ هەمووان موحتەرەم یوغون تاش بوو، نەک موحتەرەمی ڕووت.

موحتەرەم هەمیشە شاد و توندوبەند بوو. قەت نەمبینی ڕووی گرژ بێت، دەموچاوی تێک بنێت، تووڕە بێت، یان نیگەران بێت. هەمیشە خۆشحاڵ و بزە بە لێویەوە بوو، کە بە پازدە بیست مست و پێلەقەش نەدەکرا لێی بستێنیت. هیچ کاتێکیش نەمبینی بێڕێزی بە کەس بکات. دووزمانی بکات. قسە بۆ کەس ببات. بە کورتی لێی ببڕمەوە موحتەرەم، بە ڕاستی ناوەکەی بە خۆیەوە بوو، بەڕێز و موحتەرەم بوو.

ئەو ڕۆژە بە پێچەوانەی جاران، هیچ حەزم لە جێهێشتنی چاخانەکە نەبوو. ئەوەی ڕاستی بێت من زۆر ئەهلی چاخانەش نیم، ئەو ڕۆژەش ئەگەر بابەتەکە موحتەرەم نەبایە، زۆر بمابامەوە ڕەنگە هەر یەک دوو کاتژمێر بمتوانیبا بمێنمەوە. نازانم من تازە تێبینی موحتەرەمم کردبوو، یان ئەو تازە هاتبووە گەڕەکەکەی ئێمە.

لە عەزیزم پرسی: "بەلەمەوان، ئەم منداڵە کێیە؟ منداڵی کێیە؟ بێچاوینی بێت زۆر زرنگە."

عەزیز کەمێک خۆی بەملا و ئەولادا هێنا و گوتی: "منیش نایناسم. هیچ ئاگام لە ماڵ و کەسوکاریشی نییە. پێم وایە هەر دەبێت خەڵکی ئەم ناوە بێت. بوەستە ئێستا لێی دەپرسم."

موحتەرەم سینیی چای بە دەستەوە بوو و لەنێو مێزەکان دەهات و دەچوو و چای بۆ دادەنان. سەرگەرمی کاری خۆی بوو و جگە لە چەند کورتە پرسیارێک، کە لە

موشتەرییەکانی دەکرد، دەنا دەنگیت نەدەبیست: 'دیشلەمەت دەوێت، یان بۆتان شیرین کەم؟'، 'قەند لە ڕۆخ مەنجەڵەکەیە.'، 'قاوەکەتان تاڵ بێت، یان شەکری تێکەم؟'، 'لە فنجان بێت، یان پیاڵە؟'...

عەزیز بانگی کرد و پارەکەی خستە دەستی و تا جگەرەکەی کێشا، موحتەرەم بە دەستی ڕاستی نانێکی گەرم و بە دەستی چەپیشیەوە قالبە پەنیرێکی بچوک و دوو سێ تەماتەوە لەبەردەمیدا وەستابوو. پاشان تا عەزیز تەماتەکانی ورد کرد، موحتەرەم دوو چای دانانە سەر مێز و لە تەنیشت عەزیزەوە دانیشت. موحتەرەم بەردەوام شتێکی لەبەر خۆیەوە دەگوت و دەستی تەکان دەدان و پێدەکەنی. من باش لە قسەکانی نەدەگەیشتم، بەڵام هەرچیێک بووبێت تەنانەت عەزیزیش، کە بە کەسێکی بێخوڵق و ڕووگرژ ناسراوبوو، نەک هەر زەردەخەنە، قاقای پێکەنینی دەهات.

عەزیز نانەکەی خوارد و بەدەر کەوت، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی من موحتەرەم لەگەڵ عەزیز نا، بەڵکو لەگەڵ عەلی ڕۆیشت، کە ئەویش ماسیگر بوو و هاوکاری عەزیز بوو. ڕۆژی دواتر، کە بینیم خەریک بوو بەلەمەکەی سەبری دەشوشت. ڕۆژی سێیەم تۆڕەکەی عوسمانی لە بەر هەتاوەکە پان کردبووەوە و ڕۆژی چوارەم سەوڵی بەلەمەکەی ئیبراهیمی بۆیاخ دەکردن و... ڕۆژی دواتر تۆڕەکەی عەلی چاک دەکردەوە و... ڕۆژی پاشتر ئەو ماسییانەی دەژمارد، کە پاڵەوان دیشبێش گرتبوونی و ... ڕۆژی دواتر... کورتی کەمەوە موحتەرەم هەر ڕۆژەی سەرگەرمی کارێک بوو و بە لوتفی ئەوەوە، کەس کاری بەسەردا نەدەمایەوە. پارەی باشیان بدابایێ، یان نەیاندابایێ بۆ ئەو جیاوازی نەبوو. هیچ

کاتێک نەمبینی داوای پارە لە کەس بکات. هەر کەس چەندی بیتوانیبا دەیدایێ و موحتەرەم تەنانەت پارەکانی نەشدەژماردن. هەندێکی لێ دەرچن، نزیکەی زۆربەیەیان خراپ سوودیان لێ وەردەگرت. هەندێکیان هیچ پارەیان نەدەدایێ و هەندێکی دیکەش زۆر کەم. ئیدی هەر ئەوەندە مابوو ژنانی گەڕەک پڕوپاتاڵی منداڵەکانیشیانی پێ بشۆن. کێ دەزانێت، بەڵکو بۆیشی شوشتبن. بە کورتی هەموو خەڵکی گەڕەک زۆر کاریان پێ دەکرد و موحتەرەم تەنیا هەر کاری دەکرد و کاری دەکرد و... پێدەکەنی.

جارێک لە وێستگەی شەمەندەفەر بینیم. لە تەک گونیەیەک ڕاوەستابوو و چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت. گونیەکە پڕپڕ بوو و هێندەی دوو بەژنی موحتەرەمیش درێژ دەبوو. خەریک بووم دەچوومە لای، کە کاک ڕەزای بەقاڵ بەسەردا هات و ڕووی کردە موحتەرەم و گوتی: " ئەی چاوەڕێی چی دەکەیت؟ یاڵڵا ئیدی، هەڵیگرە با بڕۆین." موحتەرەم گونیەکەی کەمێک جووڵاند و ڕوو لە کاک ڕەزا گوتی: "کاک ڕەزا وا بزانم نابێت." کاک ڕەزاش کە چاوی وەکو چاوی لەمەچێتران[1] دەبریسکانەوە گوتی: "دەبێت بابە، دەبێت. بۆ نابێت؟ مەگەر ڕێی تێ دەچێت بۆ موحتەرەم یوغون تاش نەبێت؟ واتە قونکە گونیەیەکت پێ هەڵناگیرێت؟" موحتەرەم دیسان هەوڵی لەگەڵ گونیەکە دا و هەر نەیتوانی هەڵیگرێت و گوتی: "ئەگەر هەر قونجکێکت دەست دابایێ..." هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە کاک ڕەزا گونیەکەی هەڵگرت و داینایە سەر پشتی موحتەرەم، بەڵام موحتەرەم هەرچی هێزی دایە بەر خۆی نەیتوانی و نەیتوانی. لە شوێنی خۆی وشک هەڵاتبوو و نەیدەتوانی تەکان بداتە

---

[1] لەمەچێتر، جنۆکە

خۆی، تا ئەوەی نازانم چی بوو لەپڕێکەوە ڕاست بووەوە و ڕۆیشت. پلیکانەکانی وێستگەی دوو دوو بڕین و چووە خوار و تا گەیشتە خودی لێوار ڕانەوەستا. من کە بە دوایانەوە بووم، جگە لە قاچەکانی موحتەرەم، کە لەژێر گونیەکەوە دیار بوون، هیچی دیکەیم نەدەبینی و دەستم لەسەر دڵم بوو، کە هاکا زرمەی لەو گۆڕەوە هێنا کەوت و گونیەکەش بە هەموو ئەوەی تێیدایە بەسەریدا کەوت، بەڵام سوپاس بۆ خوا، تا بەردەم دوکانەکەی کاک ڕەزا هیچ ڕووی نەدا و موحتەرەم بە پشتی خۆی گونیەکەی گەیاندە دوکانەکە و هیچ ڕووی خۆیشی گرژ نەکرد. کە گونیەکەی دانا، شەڵاڵی ئارەقە بووبوو و ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو. لەو گۆڕە پان بووبووەوە و هەناسەبڕکەی بوو، بەڵام ئەو زەردەخەنە هەمیشەییەی هەر لەسەر لێوان بوو و چاوەکانی وەک هەمیشە گەشاوە بوون.

دڵی وەک ترومپا لێی دەدا و بە ڕوونی دەنگی ترپە و لێدانی دڵی دەهات، بەڵام هەروا بەسەر سەریەوە وەستابووم، نەمدەزانی چی پێ بڵێم. ئەویش هیچ زەینی لەسەر من نەبوو و هەر خەریک بوو دەست و سەروگوێلاکی خۆی لە تۆز و گەردی گونیەکە پاک دەکردنەوە، تا وای لێ هات زۆر بە ڕشتی و تەنانەت کەمێک بە تووڕەییشەوە گوتم: "وەرە ئێرە بتبینم."

خێرا هەستا و گوتی: "بەڵێ، کارێکتان هەبوو؟"

وەک ئەوەی لە ماندوویێتیان بەلادانەیەت و هەناسەی لەبەر نەبڕابێت، خێرا خۆی کۆ کردەوە و بەرفەرمانانە لەبەردەمم ڕاوەستابوو.

"تاوێک وەرە با بچینە لێوار، کارم پێتە."

"سەر چاو."

وەک توولەسەگێک کەوتە دوام. نە قسەیەکی دەکرد و نە هیچی دەپرسی. هەرچی هێواشتر دەڕۆیشتم کە بێت و لە تەنیشتمەوە بڕوات، نەیکرد و نەیکرد. دەتگوت هەموو هەوڵێکی لەوە چڕ بووەتەوە، کە ڕێکوڕاست لە دوای منەوە بڕوات، بۆچی؟ نەوەک بە بێڕیزی بۆی لێک بدرێتەوە!

هێشتا ئارەقەی لە سەروچاوی دەهاتە خوار و پشووێکی نەدابوو، بەڵام پێکەنینەکەی هەر لە شوێنی خۆی بوو و بریسکەی چاوی کە لەژێرەوە لێی دەڕوانیم، وەکو هەمیشە دیار بوو. لەسەر یەکێک لە بەردە شەپۆلشکێنەکان دانیشتم و بە ئاماژەی پەنجە تێمگەیاند، کە ئەویش لە تەنیشتمەوە دابنیشێت.

"دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم."

"فەرموون. ڕاستە هەر کەسێک کارێکی بە من هەبێت بۆی دەکەم، بەڵام ئێ، هی تۆ لە خەڵکی دیکە جیاوازە. ئاخر، ئاخر... ئێوە تا ئێستا هیچ کات داوای کارێکتان لێ نەکردووم. هەمیشە لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی بۆچی ئێوە هیچ کات کارێکم لێ داوا ناکەن؟ واتە ئێوە قەت کارێکتان نەبووە کە بە من بکرێت؟"

"با، بەڵام ئێ..."

"هەر کارێکی هەبێت من لە خزمەتم. گوتم حیسابی ئێوە لە خەڵکی جیاوازە."

"تۆ لوتفت هەیە موحتەرەم، موحتەرەم یوغون تاش."

لەوەی بە ناوی خێزانییەوە ناوم هێنا، زۆر کەیفی هات و گەشایەوە.

"ئەمە چ قسەیە؟ ئێوە لوتفتان هەیە. ئێمە لە خزمەتین قوربان."

"دەمەوێت باش گوێم لێ بگریت..."

چاوی وێک هێنانەوە و لە چاوی من نز بووەوە.

"تۆ کوڕێکی ژیریت. بەئەدەب و بەڕێزیشیت. لەو ڕۆژەوەی هاتوویتە ئێرە، هەست و هۆشم لای تۆیە. بە کاری هەمووان ڕادەگەیت و دەستی هەمووان دەگریت. واتە یارمەتیی هەمووان دەدەیت، بەڵام پێت وانییە ئەمە کەمێک زیاد بێت؟ واتە بە ڕای تۆ ئەو خەڵکە جۆرێک نین؟ واتە تۆ ئاگات لێ نییە کە ئەمانە خەریکن خراپ سوود لە باشی و تووکنەرمیی تۆ وەردەگرن؟ بۆ نموونە ئەم چەند خولەکەی پێش ئێستا. ڕەزای بەقاڵ دەڵێم. زۆری نەمابوو شورتوشۆی بشکێنم، نامەردەی... لە بری ئەو کارەت پارەش وەرناگریت ئاخر. وەردەگریت؟"

"ئەگەر خۆیان بیدەن وەریدەگرم."

"خۆیان دەیدەن، یان نا؟"

لە دەریا نز بووبووەوە و هیچی نەدەگوت. وەک بڵێی بەو پرسیارانەی من حەپەسا بێت و هیچ چاوەڕێی ئەو جۆرە قسانەش نەبووە.

"چوویتە کوێ؟ گوتم پارەت دەدەنێ؟"

"لە سەد دانەیان یەکیان، ئەویش داخۆ بیدات، یان نا."

"زۆر خۆت ماندوو دەکەیت موحتەرەم یوغون تاش..."

دیسان کە ناوی خێزانیم هێنا پێکەنی. جۆرێک سەیری کردم کە دەکرا بە ڕوونی کۆڵەبارێک لە ئەزموون لەو چاوە گەش و ڕەشانەیدا ببینێت.

"تۆ بەمانە دەڵێیت کار؟ ئەمەش بووە کار؟ من... من... من دەمەوێت یارمەتیی هەموو کەسێک بدەم، ئینجا هەموانیش دەیانەوێت..."

"هەر ئەوە ئیدی. بۆیە پێت دەڵێم ئەوەندە کار مەکە."

"تۆش سەیری ها. من ناچارم کە کار بکەم. لەبەر ئەوەی کە..."

"لەبەر چی؟ بۆ ناچاری کە کار بکەیت؟"

"ئاخر ئێرە... ئاخر ئێرە بۆ من دوایین وێستگەیە. واتە ئەگەر لێرەش نەتوانم بمێنمەوە... من ناچارم کار بکەم. ناچارم هەر کارێکی پێم بڵێن، بیکەم، چونکە دەمەوێت لێرە بمێنمەوە. خەڵکی ئێرە خەڵکێکی باشن. ئەگەر دەتزانی من چ جۆرە کەسانێکم بینیون؟ ئەگەر دەتزانی لە چ شوێنێک بوومە؟ تۆ خەڵکی ئێرە بە کەسانی بێویژدان دەزانی، ئەگەر ئەوانت دەبینی... نە، ئەم خەڵکەی ئێرە کەسانێکی باشن. ئەگەر بۆت باسی ئەو شوێنانەی دیکە بکەم، باوەڕم پێ ناکەیت. ئێرە... ئێرە بەهەشتێکە بۆ خۆی. ئەم ماسیگرانە کەسانێکی باشن. ئیشم پێ دەکەن، بەڵام خۆ هیچ نەبێت... هیچ نەبێت جنێوم پێ نادەن... دارکاریم ناکە... ئەگەر دەتەوێت ئامۆژگاریم بکەیت، توخوا وازی لێ بێنە."

"من چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟"

"زۆر سوپاس، هەر ئەوەی کە خەمی منتانە... بەڵام من یارمەتیم ناوێت. بە دەستی خۆت دەبێت پشتت بخورێنیت، ئەگەرنا... هەر چۆنێک بێت دەبێ خۆمان ڕابێنین ئیدی. دەبێ بژین. سوپاستان دەکەم.... ئێوە یەکەمین کەسن کە..."

لەپڕ هەستا و دەستی بۆ لای من درێژ کرد. تا من ویستم هەستم، دەستی گرتم و... واتە دەستی خستە ناو دەستم و ... ئاخر دەستی لە ناو دەستی مندا وەکو دەستی منداڵێک بوو... منی... ئێ خۆ منداڵیشە. گوتم کە تەمەنی دە ساڵ بوو. ڕاستییەکەی کاتێک قسەی دەکرد مرۆڤ لە بیری دەچوو، کە تەمەنی هەر دە ساڵە.

"ئێرە جێیەکی باشە. لێرە کار زۆرە. ساڵێک نابات هەموو شتێک بۆ خۆم دەکڕم. یەکەم جار خانووێک، پاشان چەند دانەیەک لەو بەلەمە ماتۆڕدارانە، دواتریش

دانەیەک لەو بەلەمە گەورانە، لەوانەی کە عەزیز هەیەتی. دەمەوێت ببمە ماسیگر. حەزم لە ماسیگرییە. داهاتیشی باشە. ئێستا تۆ سەبرێکم لێ بگرە و ببینە. دە ساڵی دیکە ئەگەر گەورەترین بەلەمی ماسیگریی ئێرە هی من نەبوو."

بە پێچەوانەی تێڕوانینی من، موحتەرەم یوغون تاش ئاگای لە هەموو شتێک هەبوو. هەموو شتێکی ئاگا لێ بوو. باشی دەزانی وا خراپ سوودی لێوەردەگرن، بەڵام ئەو بۆ خۆی، واتە بۆ ژیانی خۆی بەرنامەی هەبوو. جا چ بەرنامەیەکیش! ڕێکوپێک و داڕێژراو. دیار بوو هەموو وردەکارییەکانی لێک دابووەوە و بیری هەموو شتێکی کردبوو. ئێستا کە من لای خۆم بە تەما بووم ئامۆژگاری بکەم، تێ مابووم چۆن سەر لە بەرنامەکانی دەربکەم. بەمشێوەیە لەو ڕۆژە بە دواوە لەگەڵ موحتەرەم بەینمان خۆش بوو و بووینە برادەری باشی یەکدی.

لەو ساوە هەر ڕۆژێک ڕێم بکەوتبایە چاخانەکە، خێرا چایەکی تازە دێمی لە پێش دادەنام و لە ڕێزلێگرتنیشم هەر لێ گەڕێ، واتە بۆ هەموو کەس. سەرما با، گەرما با، شەو با ڕۆژ با، چوست و سەنگین هەر کارێکت هەبا موحتەرەم لەگەڵتدا دەبوو، ئەویش چۆن؟ بێبەرامبەر و بێهیچ منەتکردنێک. لای پیاو و ژن سەنگین و پاک و ڕازپارێز بوو. بە کورتی هاوڕێ و خۆشەویستی هەمووان بوو. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کە هاتە ئێرە، شەوان لە بەلەمەکەی عەزیزدا دەنووست. پوورە فاتما نوێنێکی پاک و تەمیزی وەک دیاری دابووێ. هەر پوورە فاتماش جلەکانی بۆ دەشوشتن، بۆیە حیسابی پوورە فاتما لای موحتەرەم لەگەڵ هەموو خەڵکی دیکە جیاواز بوو.

"ئەم پووره فاتمایه کەسێکی جیاوازە. لای من لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکە جیاوازە. لە هەموو تەمەنم هیچ کەسم وەک ئەو میهرەبان نەبینیوە. دەتزانی پووره فاتما هەشت منداڵی هەن؟ ماڵەکەیانت بینیوە؟ هەر ئەمەندەیە. بە دانیشتنیش جێیان نابێتەوە. نازانم چۆن لەو شوێنە تەنگەبەرەدا دەخەون؟ کەچی هەر جارێک بمبینێت دەڵێت موحتەرەم کوڕم ناو ئەو بەلەمە مەترسیدارە، تۆش شەوان وەرە ئێرە لای خۆمان. ئەو ژنە فریشتەیە فریشتە، بەڵام چۆن بچمە ئەوێ؟ خۆ گوتم ئەوان بۆ خۆشیان جێیان نییە. ڕۆژێک بینیم خەریک بوو تاریک دابێت لە پێش بەلەمەکەی عەزیز پەیدا بوو. دوو سەرچەفی خاوێنیشی بە دەستەوە بوون. گوتی هانێ ئەمانە وەرگرە، لەسەر ئەو تەختانە مەخەوە، شێدارن. ئەگەر لێم وەرنەگرتبان زۆر دڵگیر دەبوو، بۆیە ڕازی بووم. ڕۆژێک بینیم وا بوخچەیەکی بە دەستەوەیە، پڕی جلی ژێرەوەیە. هەمووشی بە خۆی دووریبوون. حەوت هەشت دانە. هەمووشیان بۆ من. دوو جووتە گۆرەویش بوون، لەو دەستچنانە. گوتی هەر کاتێک پیس بوون، بیانهێنە لای خۆم تا بۆتیان بشۆم. گوتی ئەگەر وەریاننەگریت زۆر پێم ناخۆش دەبێت. منیش قبوڵم کرد. هەفتەیەک جلە دڕوونەکانم نەبردە لای، واتە خۆم شوشتنم. هەفتەی داهاتوو وای سەیر کردم، کە ئەگەر کەلـلەی بگرواندبام لەو نیگایەی باشتر بوو. بەو پارەیەی پەیدام کردبوو، هەفتەی پێشتر لیفێکم بۆ خۆم کڕی. باوەڕ دەکەیت ئەو لە من زیاتر خۆشحاڵ بوو؟ جلە دڕوونەکان بە شێوەیەک دەشوات، بۆنی سێویان لێ دێت. بۆنێک کە لە مزرەسێو و بۆنخۆشکەی شاخان دێت. فریشتەیە ئیدی، پووره فاتما بە ڕاستی فریشتەیە."

که دەیبینی گویٚ له قسەکانی دەگرم دڵخۆش بوو، بۆیە هەرکە دەچوومە چاخانەکە سەروکەلـلەی دەردەکەوت. له تەکمەوە دادەنیشت و له دەرفەتێک و بە بیانووێکەوە سەری قسانی دەکردەوە. باسی هەموو شتێک و هەموو بابەتێکی دەکرد. بە جۆرێک باسی له گەڕەک دەکرد، دەتگوت چەندان ساڵ لێرە بووە، یان هەر لێرە لەدایک بووە. باسی هەموو شتێکی دەکرد جگە له منداڵیی خۆی نەبێت، واته بەر لەوەی بهێتە گەڕەکەکەی ئێمەوە.

که بەهار داهات، چووە لای مام محەمەد. ئەو مام محەمەدە باخەوان بوو و کارەکەی قسەی لەسەر نەبوو. دەیگوت پیشەی باخەوانی کەوتوەتە بەردڵ و دەیەوێت ببێتە باخەوان. ماوەیەک بوو سەرقاڵ بووم و نەچووبوومە لای لێوار، تا ئەوەی ڕۆژێکی کۆتایی هەفتە چوومە چاخانەکە و تازە دانیشتبووم، که لەپڕدا موحتەرەم یوغون تاش بە هەمان زەردەخەنە هەمیشەییەکەیەوە لەبەردەممدا پەیدا بوو. ڕەوشی باشتر بووبوو، واته ڕێک و پۆشتەتر دیار بوو.

"سڵاو."

"سڵاو."

"ئەوە نەتناسیمەوە؟"

"با، بەڵام ئەوەندە گۆڕاویت که نەناسرێیتەوە. چ باسە؟ دەڵێی کاروبارت باشە؟"

"سوپاس بۆ خوا، بەڵیٚ. ئەم زستانە لای وەلیەفەندی بووم. خۆ دەیناسیت؟ وەلیەفەندی میرئاخوڕ دەڵێم. ئەسپم خزمەت دەکردن. تەویلەم خاوێن دەکردەوە. له جوانووەکان دەخەوتام و قەشاوشم دەکردن. هەقدەستێکی باشی دەدامیٚ. دەستەکانی خۆش بن. کەسێکی باشە."

قایشێکی چەرمی لەسەر شلوارە شینەکەی بەستبوو، بەتایبەت بەو ئارزوونە زێڕنیشانە و قژە ڕەش و گروازەیەوە، کە جوان شانەی کردبوو و لەژێر تیشکی خۆردا بۆر دەینواند، باش دەهاتە بەرچاو. کراسە ئاسمانییەکەشی کە سەردەستەکانی هەڵدابوونەوە و یاخەکەشی تا ژێر سنگی کردبووەوە، هەم لەگەڵ ڕەنگی شەلوارەکەی و هەم بەو پێڵاوە چەرمییە نووکدرێژە پاژنە سێ سانتییە باش بۆیاغکراو و بریقەدارەیەوە دەهات.

"ئەگەر بۆ پایز مابامەوە، ئامادە بوو هەقدەستەکەم بۆ بکاتە چوار ئەوەندە! بەڵام پارەکەی بەرەکەتی نەبوو، ئاخر... ئاخر دەزانیت لەوێ قوماریان دەکرد، بەڵام ئێ ئەسپەکانیش کە... نازدار، جوان، لەبەردڵان بوون، مەگەر دەکرا ئاوا سووک و ئاسان دەستیان لێ هەڵبگریت؟ بەڵام ئەوان... من ئەسپەکانم زۆر خۆش دەوێن و ڕاستییەکەی پێم وایە ئەوانیش منیان خۆش دەویست."

شەوی دواتر لە بەردەم ماڵێکی کە دەتگوت کەلاوەیە بینیم، فیوزێکی کارەبای بە دەستەوە بوو و دەستی پیرەژنێکی پرچسپیشم بینین، کە بۆ نزاکردن ڕووەو ئاسمان بەرز کرابوونەوە و لە ناخی دڵیەوە هەر نزایەکی چاکەی دەزانی، بۆی دەکرد. کارەبای هەر ماڵێک تێک چووبا، موحتەرەم یوغون تاش؛ ئاوی کانییەکەی گەڕەک شتێکی لێ هاتبا، موحتەرەم یوغون تاش؛ کەسێک نانی بویستبا، موحتەرەم یوغون تاش؛ کەسێک دەواودەرمانی پێویست با، موحتەرەم یوغون تاش. بە کورتی ساڵێکی نەبرد کە هەمووان تێگەیشتن بە بێ موحتەرەم یوغون تاش کاروباری گەڕەکی ماسیگران لەنگە. واتە هەمووان هاوڕابوون، کە ئەگەر موحتەرەم نەبێت، ئەم گەڕەکە هیچی بەسەر هیچەوە نامێنێت. واتە ئەگەر موحتەرەم یوغون تاش نەبایە... ئەگەر

موحتەرەم یوغون تاش نەبایە... کارەبای ماڵان نەدەبوو و ئاوی کانییەکە دەگیرایەوە، نەخۆشەکان بێ داودەرمان دەمانەوە و نەدار و بێدەرەتانەکان نان و پیازیان نەدەبوو و تۆڕی ماسیگرەکان بێ ماسی و دەخیلەی دووکانەکان بەتاڵتر دەبوون.

بەهار، لە لای لێوارەکەدا بینیم، کە پاسەوانی لە بەلەمەکانی سلێمون دەکرد. هەر شەش بەلەمە ڕەنگ پەمەییەکان لە تەک یەکەوە بوون و موحتەرەم بە وریایی دەتگوت هەڵۆیە بە دیاریانەوە بوو. ئەم سلێمونەی باسی دەکەم، لە گرانفرۆشیدا کەسی نەدەگەیشتێ، هەمووان دەیانزانی متمانە تەنانەت بە دایک و باوکی خۆیشی ناکات. کە باسی ماڵ و سامان دەهاتە گۆڕێ، ئەو سلێمونە متمانەی بە خۆیشی نەدەکرد، ئینجا سەیرکە... سەیرکە هەر شەش بەلەمەکانی سپاردبوونە دەستی موحتەرەم! سلێمون کە گومانی لە چاوەکانی خۆیشی هەبوو، کەچی هەر شەش بەلەمی بە موحتەرەم سپاردوون، کە بە کرێ بیانداتە ماسیگر و ڕێبوارەکان... بە کورتی خۆی هەر کێی پێ باش با ئیدی! ئەم موحتەرەمە... ئەم موحتەرەمە بووەتە ئەوانەی کە دەڵێن مار لە کون دەردێنێت و گورگ و مەڕ لێک مارە دەکات!

ئیدی هەمووان دەیانزانی کە حیسابی بەلەمەکانی سلێمون لە بەردەستی موحتەرەمدایە، لە بەیانییەوە تا شەو دادێت. هەڵبەتە ئەمە جیا بوو لە کارەکانی دیکەی ها! مەگەر دەکرا هەر تەنیا ئەم کارەی پێ بسپێریت؟

"پیاو... پیاو... پیاو دەبێت کار بکات. پیاو بە کارەوە پیاوە. پیاو ئەگەر کار نەکات باشتر وایە هەر بۆ خۆی بمرێت. ئاویش لە جێیەکدا پەنگ بخواتەوە و

بوەستێت بۆگەن دەبێت. پیاو بە کارەوە زیندووە. پیاوێک کە کار نەکات... پیاو دەبێت کار بکات."

عوسمان دەیگوت وەلیەفەندیی میرئاخوڕ ئامادە بووە نەک هەر هەقدەستی بۆ بکاتە سێ چوار هێندە، بەڵکو یەکێک لەو شەست و حەفتا ئەسپە ڕەسنانەشی بە ناوەوە بکات، بەڵام موحتەرەم یوغون تاش، ئەو ڕۆژەی کە باران دەباری، لەبەردەم چاخانە ڕووبەڕووی بووەوە و پێی گوت دەیەوێت ببێتە ماسیگر و ئەم لێوارە و خەڵکی گەڕەک، بەتایبەت پوورە فاتما نەکە بە ئەسپێک، بە هەموو تەویلەی وەلیەفەندی ناگۆڕێتەوە.

پوورە فاتما لای موحتەرەم زۆر خۆشەویست بوو. چەند جاریش دەیگوت لەبەر خاتری پوورە فاتماش بێت، هیچ کات ئێرە جێ ناهێڵێت. دەیگوت زۆر چاکەی بەسەریەوە هەیە و ئازیزە لای.

وەک باس دەکرێت گوایە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، حەمدی، موحتەرەمی بینیوە و هەر لە یەکەم بینینیدا نازانم چ کارامەییێکی لەو منداڵەدا بینیوە کە پێی گوتوە: "ببینم کوڕیژە! تۆ بە دوای کاردا دەگەڕێیت، یان نا؟ واتە دەتەوێت کار بکەیت، یان نا؟ ئەگەر کارت دەوێت، ئەوە لای مامی خۆت جێبەجێ دەبێت. واتە ئەگەر کارت گەرەکە لەسەر من. هەڵبەت ئەوەشت پێ بڵێم پشکی خۆمت فلس فلس لێ وەردەگرم ها!"

"من... کار... ئا..."

کارێکی باشت بۆ پەیدا دەکەم. ئاسان و پارەکەی باش بێت، بەڵام چۆن؟ نیوە بە نیوە. واتە لەو هەقدەستەی وەریدەگریت پەنجا بۆ من، پەنجای بۆ تۆ."

"پەنجا بە پەنجا؟ باشە."

"برسیتە؟ ئەگەر برسیتە، حەزت لە چییە؟"

"هەرچی هەبێت."

پاشان حەمدی، موحتەرەم دەباتە خواردنگەیەکی دەم لێوارەکە، خواردنی لۆبیا و پڵاو ماسی بە هەموو شتێکیەوە بۆ بانگ دەکات.

"باش بخۆ، چونکە لە بەیانییەوە کار دەست پێ دەکات ها."

موحتەرەم باش بە بیری نەماوە کە ئەو ڕۆژە بە دیاریکراوی چی خوارد و لەهەر جۆرە خواردنێک چەندی خوارد، بەڵام دەڵێت ئەوەندەی بیرم بێت تا مڕ بووم خواردم و جێی یەک کەوچکە خواردنیش نەمابوو، ڕەنگە لە هەموو ژیانیدا ئەمە یەکەمین جار بێت ئاوا بە تەواوی تێری خوارد بێت. دەڵێت بەر لەو ڕۆژە هەوای شێداری لێوار و ئەو بۆنە ناخۆشەی کە هەیە، سەرودڵی تێک دەئاڵاند و وای دەزانی هەر ئێستا نا ئێستا دەڕشێتەوە، بەڵام لە دوای ئەو ڕۆژەوە، کە ئاوا تێری خواردووە، ئیدی ئەو هەوا و ئەو بۆنەی لێوار سەرودڵی تێک نادات، بە جۆرێک لەگەڵیدا ڕاهاتووە.

وەک موحتەرەم دەیگوت دیارە حەمدی و موحتەرەم خەڵکی یەک گەڕەک بوون. حەمدی هی گەڕەکەکانی خوارەوەی شار بوو. باوک و براکەی بۆیاغچی بوون. حەمدی خۆی ماسیگر بوو. واتە لای ماسیگرەکان کاری دەکرد، زیاتریش لای ڕەحمی کە پیاوێکی پیر بوو، بەڵام پیرێکی دڵ ئاوەڵا. تا حەمدی ئەو شتانەی بۆ باس کردووە، موحتەرەم هەرچی هەیبووە بۆی بە گۆڕێ وەرکردووە و حەوت

پشتی خۆی پێ ناساندووە. هەڵبەتە حەوت پشت کە... موحتەرەم خۆ هیچی لە بنەچە و ڕەچەڵەکی خۆی نەدەزانی.

ڕەحمی لە کەسە دێرینەکانی ئەسکەلە بوو. هەم ماسیگرێکی مەعلان[1] و هەم تا بڵێی پیاوێکی باش بوو. بەم دواییانەش کە زەوقی دەریای نەمابوو و وازی لە ماسیگری هێنابوو و خووی دابووە نۆژەنکردنەوەی بەلەم و بەلەمی ماتۆڕدارەوە. کارەکەی بێهاوتا بوو و لە هەموو شارەکانیش دەهاتنە لای. لەوبەری دەریای ڕەشەوە تا ئەمبەرەی میدیتەرانە، لە کاری نۆژەنکردنەوەی بەلەمدا ناوی دەرکردبوو. حەمدی، بەر لە موحتەرەمیش چوار شاگردی دیکەی بۆ ڕەحمی دۆزیبوونەوە، کە ئەوانیش هەر بە پشکێنەی پەنجا بە پەنجا کاریان دەکرد. واتە لەو هەقدەستەی کە لە ڕەحمییان وەردەگرت، نیوەی بۆ خۆیان و نیوەش بۆ حەمدی بوو. تا کاری وەستا ڕەحمی برەوی زیاتر دەبوو، حەمدییش زیاتر دڵخۆش دەبوو، ئاخر چونکە تا ژمارەی شاگردەکان زیاتر دەبوو، داهاتی حەمدیش زیاتری دەکرد. حەمدی، کە باش شارەزای کارەکە بووبوو، بە هەموو شێوەیەک خەریکی کۆکردنەوە و پاشەکەوتکردنی پارە بوو تاکو نۆژەنگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە. باوک و براکەی بە بۆیاغچێتی بایی ئەوەندە پارەیان دەست دەکەوت کە بژێویی ماڵەوەیان دابین بکەن، بۆیە هەرچی حەمدی دەستی دەکەوت، پاشەکەوتی دەکرد و دەیخستە لاوە تا پارەی کردنەوەی کارگەی نۆژەنکاری دابین بکات.

موحتەرەم دەیگوت کە حەمدی و ئەوانیش وەکو هەموو خێزانەکانی دیکەی گەڕەکەکانی خوارەوەی شار، دە دوازدە منداڵیان هەن. دەیگوت ئەو منداڵە

---

[1] شارەزا، بەئەزموون

سەرکوبنکانە، بابۆڵەی وایان بە نانی وشک با دەدا دەتگوت نان و هەنگوین دەخۆن. دەیگوت خۆ ئەگەر خواردنەکە لۆبیای کۆڵاو، یان شتێکی لەو جۆرە بایە، ئیدی لەسەر خوان هەر سەروکەلـلەی منداڵانت دەبینی و جەنگی قاپ و کەچک و زاقوزیق و فنگەفنگ ئەو ناوەی دادەگرت.

"جا بە ڕاستی لۆبیای کۆڵاو شتێکی دیکەیە."

"ئەرێ بەخوای."

"با کارێکی باش بدۆزمەوە، ئینجا هەموو ئێواران لۆبیای کوڵاو... نا، هەر ڕۆژانە هەموو ژەمەکان دەکەمە لۆبیای کوڵاو."

"ئەوە چ دەڵێی توخوا! دەزانی چەندی پارە دەوێت؟ ئەگەر کارێکی باشیشت هەبێت خۆت بکوژیت، هەفتەی هەر دوو سێ ڕۆژ دەتوانیت لۆبیا لێ بنێیت."

"ڕاست دەکەیت بەخوا."

"ئەوەش کە دەیخۆیت لە هەقدەستی ڕۆژی یەکەمت دایدەشکێنم ها! با ئێستا پێت بڵێم."

"تۆ کارێکم بۆ بدۆزەرەوە، ئەوکات... پارووە نانێکم دەست بکەوێت و سەرپەنایەکم هەبێت. کە دەڵێم سەرپەنا، وا تێنەگەیت مەبەستم لەو خانووە ڤێللایانەی لێوار دەریا بێت ها! نە، هەر جێگایەکی ئەوەندە بێت... تۆ بڵێ هەر هێندەی کونەمشکێک کە بتوانم تێیدا بحەوێمەوە."

ئەو شەوە موحتەرەم هەر لە کارگەی بەلەمسازی لای حەمدی مابووەوە. بەو تەختانەی کە لە نۆژەنگەکە هەبوون، موحتەرەم تەختەخەوێکی ڕێکوپێکی بۆ خۆی دروست کرد و حەمدییش پەتۆیەکی لای خۆی بۆ هێنا و ئیدی کەرەکە

جێبەجێ بوو. ئێوارەخواردنێکی لۆبیای کوڵاو، خەویش لەسەر تەختەی وشک و لەژێر پەتۆیەکی نەرمۆکە بە دەست کێ کەوتووە!.

وەستای کارگەکە پیر و توورە و ترش بوو. سمێڵە کلکەمشکەکانی کشت دەکردن و بە بیانوو و بێبیانوو بەردەوام شاگردەکانی جنێوباران دەکردن. هەڵبەتە هەموو شاگردەکان دەیانزانی کە وەستا ڕەحمی دڵێکی پاکی هەیە و خراپەی هیچ کەسێکی ناوێت. وەستا ئەگەر باش بێت، نەک هەر جنێو، لێشت بدات هەر خۆشە. ڕەحمی لە کارەکەیدا هاوتای نەبوو. تەنانەت هەر سەیری موحتەرەمیشی نەکرد. بە کۆکەیەک سینگی خۆی خاوێنکردەوە و لە ناوکەوی کارگەکەی تف کردەوە و بەو دەنگە پیرانەیەوە گوتی: "بۆ ئێستا جارێ هەفتەی تەنیا بیست لیرە." پاشان گوتی دە لیرەی هەر ئێستا دەداتێ و دە لیرەی دیش سەرەتای هەفتەی دادێ. پاشانیش سەری هەڵبڕی و گوتی: "ئەگەر ئەم دە لیرەیە وەربگری و خۆت بشاریەوە، ڕۆژێک نابات دەتدۆزمەوە و وات دارکاری دەکەم جێی ساغ لە بەدەنت شک نەبەیت."

دواتر ڕوونی کردەوە، کە پێی خۆش نییە شاگردەکانی برسی و تینوو بمێننەوە، بۆیە نیوەی هەقدەستیان هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونیان دەداتێ.

حەمدی بەپێی ڕێککەوتنی پێشتر، بڕیار بوو پێنج لیرەی خۆی وەربگرێت، بەڵام چاکەیەکی لەگەڵ موحتەرەمدا کرد کە ئەویش ئەوە بوو پارەی ئەو ژەمە خواردنەی لۆبیاکەی لە هەقدەستی هەفتەی داهاتوو لێ بگێڕێتەوە. موحتەرم نە هیچی بە وەستا گوت و نە بە حەمدی. دڵخۆش بوو و کەمێکیش لەخۆبایی، چونکە دەیبینی وا بە فەرمی کاری دەست کەوتووە. خەریک بوو هەقدەستی خۆی هەر لە پێشدا وەردەگرت و ئەمەش زۆر خۆشحاڵی کردبوو. سکەکانی لەناو دەست بوون و

چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتن. لێی دەڕوانین و دڵی نەدەهات بیانخاتە گیرفانییەوە. دەتگوت ئەو سکانە جادوویان لێ کردووە. جووڵەی لەبەر بڕابوو، تا ئەوەی حەمدی گوتی: "منیش کاتی خۆی وام لێهاتبوو، بۆیە باشت لێ تێدەگەم. بیانخەرە گیرفانت. خۆ ڕێککەوتنەکەمانت بیر ناچێت؟"

موحتەرەم یوغون تاش هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لای وەستا ڕەحمی دەست بەکار بوو. لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ، لەگەڵ شاگردێکی دیکە، لە کارگەکەی تەنیشتەوە گونیەی پڕ پەمۆیان بە کۆڵ گواستەوە کۆگای کارگەکەی خۆیان و گونیەکانیان لەسەر یەک هەڵنان. دوای ئەوە، یەک دوو کاتژمێر کەس هەقی بەسەرەوە نەبوون. ئەو شاگردەی دیکە، کە بەرامبەر لێوارەکە دانیشتبوو، بە ئاسوودەییەوە پاڵی دابووەوە، بەڵام چما موحتەرەم دەیتوانی لە شوێنێک تۆتکە[1] بگرێت، ئەویش لە کاتێکدا کەوا ئێستا هەقدەستی خۆی هەر لە پێشدا وەرگرتووە. چووە لای وەستای ڕەنگرێژ و ئەو شتانەی پێ گوت. کابرای ڕەنگرێژ نیگایەکی تێبڕی و لە سەریەوە تا پای تەماشایەکی کرد و مسکەیەکیشی بۆ کرد، بەڵام موحتەرەم کە ئەو شتانەی لە دڵ نەدەگرت، بزەیەکی بۆ وەستا کرد و دیسان بیری لەوە کردەوە، کە هەقدەستی وەرگرتووە و شیاو نییە بێکار دابنیشێت، بەڵام وەستا هەر گوێشی نەدایێ. ڕاستییەکەی کابرا لەو تەمبەڵانە بوو، تەمبەڵییەکەی لە لایەک و فیز و لووتبەرزیشی لە لایەکی دیکە! لەو لەخۆباییانەی کە خۆ بە کەس ناگۆڕنەوە و وا دەزانن هەر ئەوان ئێشزان و وەستان. سەر و دەموچاویشی هەمووی لەکەی دەرمانڕەنگ و بۆیاغ بوو و جێبرینی چەقۆیەکیش بە لاڕوومەتێکیەوە بوو. شەیتان

[1] تۆتکەکردن، سرەوتن، بیخەم لێ دانیشتن

دەڵێ پێی بڵێم: "بۆرەپیاو مەگەر تۆ خۆت پێ چ گوویکە؟ ڕەنگڕێژێکی و تەواو، ئەویش لە کارگەیەکی هێندەی قوونەقەلێکی[2] ژێر ئەسکەلە"، بەڵام موحتەرەم کوا ئەو قسانە بەهیچ کەس دەڵێت. ئەویش لە کوێ؟ لەسەر کار. هەرگیز هەرگیز. وەستای ڕەنگڕێژ لچ و لێوی لە شاگردەکان خوار دەکردەوە و تیزی[3] پێ دەکردن، کەچی لای وەستا ڕەحمی دەست لەسەر سینگ ڕادەوەستا، تەنانەت مەراییشی بۆ دەکرد. لە ڕاستیشدا ئەو کابرایە لای وەستا ڕەحمی نەک بە وەستا، بەڵکو بە بەردەستیش دانەدەندرا. موحتەرەم هیچ کەیفی پێ نەدەهات. بەتایبەت لەو ڕەفتارەی دوایی، چونکە ئەو جۆرە ڕەفتارانە بە تەواوی لە پیاوەتی و کاری مرۆڤانەوە بە دوورن. واتە ئەمە جۆرێک خۆنواندن و دووڕوویی بوو، کە موحتەرەم هیچ کات نێوانی لەگەڵ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەدا نەبوو.

"وەستا ئەمە نەبووە ها. سوورییەکەی کەمە. باشیش کشت نەکراوە."

"بەڵێ وەستا ڕەحمی. سەر چاو وەستا ڕەحمی. بە چاوان وەستا ڕەحمی. ئێستا دووبارە ڕەنگی دەکەمەوە. سافیشی دەکەم. تۆ ڕاست دەکەیت وەستا ڕەحمی. بمبوورە وەستا ڕەحمی."

هەندێک دەڵێن یەکەمین کەس کە ناوی موحتەرەمی هەروا بە بێ ناوی خێزانی، واتە هەر بە موحتەرەمی ڕووت ناوی هێناوە، ئەو دورسوونە بووە، هەر ئەو شاگردەی کە یەکەم ڕۆژ گونیەکانی لەگەڵ موحتەرەمدا گواستبوونەوە. دورسوون منداڵە لادێییە، ئەگەرچی چەند ساڵێکە لە ئستەنبولە، بەڵام فۆنەتیک و شێوەزارەکەی هیچ

---

[2] قوونەقەل، مەبەست شوێنێکی بەرتەسک و تەنگەبەر

[3] تیز، گاڵتە، پێڕابواردن، فشەپێکردن..

نەگۆڕاوە. منداڵێکی زۆر سادە و سەنگینیشە. دەڵێن تەنانەت پێنج لیرەکەی حەمدی نادات. دەڵێن تەنانەت حەمدییش حیسابی بۆ دەکات. قسەی لەگەڵ وەستا کردووە، کە هەقدەستەکەی لەسەر یەک بداتی، وەستاش ڕازی بووە. هەرکە کۆتا ڕۆژی هەفتە کاتێک دە لیرەکەی وەردەگرێت، یەکسەر دەچێتە پۆستخانە و نیوەی زیاتری پارەکەی بۆ خێزانەکەی لە گوند ڕەوانە دەکات. دەڵێن زۆر بەکارەیە و ماندوو نابێت. دەڵێن وەستا ڕەحمییش زۆری خۆش دەوێت. دەڵێن زۆر کەمدووە و لە ئەدەب و ڕێزگرتنیشدا بەرامبەر بە هەموو کەس بێهاوتایە، بەتایبەت بەرامبەر وەستا ڕەحمی.

ڕۆژێک دورسوون بە منداڵەکاندا دادێت و سەرزەنشتیان دەکات، بەتایبەتیش موحتەرەم، چونکە ئەوی لە هەمووان زیاتر خۆش دەویست، واتە ئەو بە گشتی کەیفی بەو منداڵانە دەهات، کە بەکارەن و خۆ دەدەنە کارکردن، ئێ موحتەرەمیش لەو جۆرە منداڵانە بوو. دوو شەو لەسەر یەک چاوی نەچوونەتە سەر یەک و هەر چیرۆکی موحتەرەمی بۆ باس کردوون، دواجاریش گوتویە: "هیچ ئاژەڵێک وەکو مرۆڤ نییە، کە ئاوا ستەم لە خۆی بکات!"

ئێستا ئیدی هەمووان چیرۆکی ژیانی موحتەرەمیان دەزانی. دورسوون بۆ کەسی باس نەکردبوو ها، واتە ئەو خۆ لەگەڵ کەسدا قسەی نەدەکرد. تەنیا کاتێک کە خودی موحتەرەم بۆ دورسوونی باس کردبوو، ئەوانیش بیستبوویان.

موحتەرەمیش لە کارکردندا هیچی لە دورسوون کەمتر نەبوو. گونیە پەمۆکانی دەگواستنەوە. پەقرەج پەقرەج بۆیاغی لەملا بۆ ئەولا دەگواستنەوە. تەختەی بە

مشار دەبڕینەوە، ڕەندەی لێ دەدان، ڕەنگی دەکردن، بزماری لێ دەدان... بە کورتی هەر کارێکی کە لە کارگە هەبایە دەیکرد.

ئێستا وەستا زۆر کەیفی بە موحتەرەمیش دەهات. موحتەرەم لە نیگای وەستا ڕەحمییەوە دەیزانی کە ئەوی خۆش دەوێت، ڕەنگە هێندەی دورسوون نا، بەڵام هیچ نەبێت لەوانی دیکە زیاتر. ئاساییش بوو، ئەو زۆر کاری دەکرد و هیچ فشە و خۆیشی نەدەگنخاند. خۆدەرخستن هەر هیچ. کاتێک هەفتەی دووەم، وەستا هەقدەستی موحتەرەمی لە دە لیرە بۆ سی لیرە زیاد کرد، ئیدی هیچ گومانێکی نەما کە وەستا ئەوی کەوتووەتە بەر دڵ. وەستا ئاگای لە سەودا و سەوداکاریی حەمدی لەگەڵ منداڵەکاندا نەبوو. ئەگەر دەیزانی... هەموو منداڵەکان ئومێدیان بە دورسوون بوو، کە لە حەمدی نەدەترسا و لای وەستاش خۆشەویست بوو، ڕۆژێک ئەو بەدقۆستنەوەیەی حەمدی بە گۆڕێ وەربکات و وەستای لێ ئاگادار بکاتەوە، بەڵام خۆ حەمدییش جانەوەرێک بوو بۆ خۆی. هەموو کون و قوژبنەکانی شار وەکو لەپی دەستی شارەزا بوو. لەگەڵ زۆرێک لە پۆلیسەکانیشدا برادەر بوو. لە شەڕ و تیکهەڵچوونەکانیشدا تاکی نەبوو. تەنانەت چەقۆکێشیش بوو. ئەگەر کەسێک ئەوەی بن بەڕەی بهێنابایە سەر بەڕە و بە وەستای گوتبا، خوێنی بەرپا دەکرد. چەقۆیەکی هەبوو لەوانەی قوفڵدار. لەو جۆرانەی بە یەک پەنجە لێدان دەکرێنەوە. دەڵێن تا ئێستا هەر لەم ئەسکەلەیە، سێ کەسی بە چەقۆ شەلوکوت کردوون. کاتێک کە تووڕە دەبێت خوێن بەری چاوی دەگرێت.

"خۆی دەڵێت وەستا ڕەحمییش لێی دەترسێت، بەڵام وەکو باس دەکەن هەرکە دەگاتە وەستا ڕەحمی وا بۆی دەنووشتێتەوە، وەرە و سەیری بکە. لەگەڵ هەموو

ئەمانەشدا، باش کار دەکات. ئەویش کوڕێکی بەکارەیە. لە مشار و ڕەندەکاریدا هاوتای نییە. ڕەنگ و بۆیە وا بە تەختەکاندا دێنێت، دەڵێی هەنگوین لە نان هەڵدەسوێت. دورسوون هیچ کەیفی بە حەمدی نایەت. تەنانەت جارێکیان پێشی گوتوە: 'بریا ئێرە گوند بایە، تا پێم پیشان دابایت چەندی بە چەندە.' ئێستا ئاکار و ڕەفتاری بە لایەک، بەڵام ئەوەی کە پارە لە منداڵەکان دەستێنێت، دورسوونی دەهری و تووڕە کردووە."

دەڵێن باوکی موحتەرەم، ئەو کاتەی کە ماڵیان لە گەڕەکی خوار کەنداوەکە بووە، دایکی موحتەرەمی کوشتووە. دەڵێن باوکی موحتەرەم دوو مایینی هەبووە، یەک لەوەی دی باشتر و هەموو کاتی خۆی لەگەڵ بەخێوکردنی ئەواندا بەڕێ کردووە. دەڵێن باوکی بۆنی ئەسپەکانی زۆر پێ خۆش بووە. دەڵێن موحتەرەم تا بووەتە حەوت هەشت ساڵ، هەر لەگەڵ مایینەکان گەورە بووە. دەڵێن باوکی داهاتی باش بووە. دەڵێن باوکی هیچ کەیفی بە دایکی موحتەرەم نەهاتووە. دەڵێن باوکی، ڕۆژێک ئەوەندەی لە دایکی داوە، کە داماوە یەکسەر مردووە. دەڵێن باوکی، بە هۆکارێکی نەزاندراو، هەمان ڕۆژ پیاوێکی دیکەشی کوشتووە. دەڵێن کاتێک باوکی، دایکی موحتەرەمی کوشتووە، موحتەرەمیش لەوێ بووە. دەڵێن موحتەرەم هیچ شتێکی بیر نەماوە. دەڵێن دایکی هەر ناڵاندوویەتی و پاڕاوەتەوە. دەڵێن باوکی، دایکی بە ساتۆر کوشتوە. دەڵێن باوکی، ئەو پیاوەی لە ئەستوندەی ئاخوڕ بەستووەتەوە و ئەوەندەی لێداوە تا مردووە. دەڵێن موحتەرەم لە قوژبنێکی ئاخوڕەکە، لای داوە کا و باقەبێنەکانی وێنجە، هەموو شتێکی بە چاوی خۆی بینیوە. دەڵێن دایکی و ئەو پیاوە هاوار و زیڕەیان دەچووە ئاسمان. دەڵێن دوو ڕۆژ

تەرمی هەردووکیان لە ناو ئاخوڕەکە کەوتبوون و لە موحتەرەم بترازێت کەس پێی نەزانیون. دەڵێن باوکی، سەری ئەو پیاوەی گۆشاوگۆش بڕیوە. دەڵێن ئەو ناوە هەمووی بووەتە خوێن و تا بەر پێی موحتەرەم جۆگەلەی کردووە. دەڵێن موحتەرەم، بە ڕوونی گوێی لە لغەلغی[1] کابراکە بووە، بەڵام دەنگی دەرنەهاتووە. دەڵێن باوکی، بە سکی دایکیدا کێشاوە. دەڵێن هەموو گیانی دایکی لەبەر خوێن سوور هەڵگەڕاوە. دەڵێن لەپڕێکدا یەکێک لە زارکی ئاخوڕەکە دەرکەوتووە و موحتەرەم هەر ئەوەندەی بینیوە کەوا بە ساتۆرێکی گەورە پەلاماری باوکی داوە و لە پەلوپۆی خستووە. دەڵێن پاشان ساتۆرەکەی فڕێ داوەتە پێش موحتەرەم و پێی پێوەناوە و بۆی دەرچووە. دەڵێن موحتەرەم لەگەڵ دوا هەناسەدانەکانی باوکی لەهۆش چووە و کاتێک کە بەهۆش هاتووەتەوە ئیدی نە تەرمەکان لەوێ ماون و نە ساتۆرەکان. ئیدی ماینەکانیش لەوێ نەمابوون. ئۆتۆمبێلەکەشیان دیار نەمابوو. شتومەکیماڵەوەشیان هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو. دەڵێن موحتەرەم ئەو ڕۆژە تا بەرەبەری ئێوارە لە بەردەم ئاخوڕەکە دادەنیشێت، بەڵام هیچ کەس بەو ناوەدا نایەت. نە دراوسێیەک، نە ئاشنایەک و تەنانەت نە بێگانەیەکیش. دەڵێن ئێوارە موحتەرەم دەچێتە ناندین و تا تێر دەبێت نان و پەنیر و پیاز دەخوات و لە ماڵ دەردەچێت. دەڵێن دوای ئەو ڕۆژە ببڕای ببڕ نەگەڕاوەتەوە ئەو ماڵە. دەڵێن تەنانەت بۆ جارێکیش سۆراغی دایبابی نەکردووە. دەڵێن ئەو دیمەنە خوێناویە، بە ڕۆژان و بە مانگان هەر لەبەر چاوی بووە، بەڵام ئەو لەو بارەیەوە نە هیچی بە کەس گوتووە و نە کەسیش لەو بارەیەوە هیچی لێ پرسیوە.

---

[1] **لغەلغ، دەنگێک کە لە بنی گورگەوە دێتەدەر و دیار نییە وشەکان چین، زیاتریش کاتی مردن ئەو دەنگە دەردەچێت.**

دەڵێن موحتەرەم سەری لێ دەرنەچووە ئەو کابرایەی باوکیی کوشتوە، کێ بووە؟ هەر بە ڕاست ئەو کابرایەی کە باوکیی کوشتوە کێ بووە؟ باوکی، بۆچی دایکی کوشتوە؟ ئەسپەکان چییان لێ هات؟ ئۆتۆمبێلەکەیان چی لێ هات؟ کەلوپەلی ماڵەوەیان چی بەسەر هات؟ بەڵام نە هیچی بە کەس گوتوە و نە هیچی پرسیوە.

دەڵێن لەو ڕۆژەوە موحتەرەم دەکەوێتە شەقام و کووچە و کۆڵانان. لەنێو کارتۆن دەخەوێت. برسی دەبێت. تینوو دەبێت. بە کورتی هەرچی ئازار و ناوخۆشی هەیە دەچێژێت، بەڵام ئەو ئیدی ناگەڕیتەوە ماڵەوەیان. هەڵبەتە ئەگەر هێشتا بەو کاولەندەرە بگوترێت ماڵ! ئاخر خۆ هیچی تێدا نەمابوو ئیدی. کەلوپەل کە هیچ، تەنانەت دەرکە و پەنجەرەشیان بردبوون.

یەکەمین ڕۆژ کە بڕیار دەدات لە کەنداو، ئەویش لە گەڕەکەکەی ئێمەدا بمێنێتەوە، لەگەڵ مەعسووم ئاشنا دەبێت. مەعسووم لەگەڵ چەند منداڵی دیکەی وەکو خۆی خەریکی دزی و جزدانڕفاندن و گیرفانبڕین و ئەو شتانە بووە، کە موحتەرەم نەک هەر دڵی بەو کارانە خۆش نەبووە، هیچیشی لێ نەزانیوە.

چەند ڕۆژێکیش لای فەخریی سەوزەفرۆش کاری کردووە و لە کارەکەش ڕازی و دڵخۆش بووە، بەڵام جوملەفرۆشەکانی مەیدانی میوەفرۆشان، لەو هەرزانفرۆشییەی فەخری تووڕە دەبن و ڕۆژێک بەسەریدا دەدەن و لێدە کوێت نائێشێت. فەخری کە بینیویە کەشەکە بۆ ئەو گونجاو نییە، عەرەبانەکەی فرۆشتووە و ئەوێی جێهێشتووە و بۆ هەمیشە ون بووە. موحتەرەم چووەتە لای کەبابچییێک. کابرا عەرەبانەکەی لە لێوار بووە و زیاتریش کەبابی ماسی فرۆشتووە. هەقدەستیکی باشیشی داوەتە موحتەرەم. لەگەڵیشیدا باش بووە، بەڵام شەوێک بە

هۆکارێک کە موحتەرەم بە هیچ کەسی ناڵێت، بۆ هەمیشە ئەوێی جێهێشتووە. هەڵبەتە هەمووان ئەوە دەزانن کە کابرا ماسی مردووی بە خەڵکی فرۆشتوون، بەڵام خۆ ئەمە نابێتە ئەو هۆکارەی کە موحتەرەم باسی نەکات و بە کەسی نەڵێت. دوای ئەوە ماوەیەک لای میوەفرۆشێک بووە، پاشانیش لای کێلسازێک لە گۆڕستان، ئینجا لای ماسیگرێک لە کەنداو و چاخانەیەک لە تەنگە...

ئەمە یەکەم جار بوو کە موحتەرەم بۆ خۆی کارێکی باش و گونجاوی هەبێت. هەقدەستێکی باش، وەستاییێکی باش، جگە لەوە هەر هەفتەیەک هەقدەستەکەی زیاتر دەبوو و ئەو ڕێزەش کە وەستا لێی دەنا تا دەهات زیاتر دەبوو. دورسوونیش هەبوو. هاوڕێیەتیش لەگەڵ ئەو بۆ موحتەرەم شتێکی کەم نەبوو.

دورسوون لانی زۆر تەمەنی هەر یازدە ساڵێک دەبوو، بەڵام دەکرا بە قەد گەنجێکی بیست ساڵە حسابی بۆ بکەیت. قۆڵ و بازووی ئا ئەمەندە بوون. چ هەیکەلێکی هەبوو! دەیگوت گوندەکەیان لەنێو چیاکاندایە. ساردە، بەڵام تا بڵێی جوان و دڵگیرە. دەشتی پڕ گوڵ و ڕەیحانی هەن. دەیگوت گوندەکەیان تاڤگەشی هەیە. دەیگوت ڕۆژێک حیسابێک بۆ ئەو حەمدییە دەکەم، دەشیتوانی.

"وەرە ئێرە ببینم موحتەرەم یوغون تاش[1]! تۆ لۆکەش نیت تا بگات بە 'تاش' وەرە ئێرە ببینم تۆغرۆل[2]! تۆ بە پەپوولەیەکیش نابیت تا بگات بە 'تۆغرۆل'. وەرە ئێرە ببینم ئۆرخان، ئۆرخان[3]! تۆ بە کوێخاش نابیت چ بگات بە 'ئۆرخان'. وەرە ئێرە ببینم..."

---

[1] **تاش: واتە بەرد، کەڤر، زنار.**

[2] **تۆغرۆل: ناوی پاڵەوانێکی ئەفسانەییە لە کلتوری توورکدا.**

[3] **ئۆرخان: فەرماندەی لەشکر، فەرماندەی گشتیی هێزەکان**

سەرلەبەیانییێک، دورسوون منداڵەکانی لە دەوری خۆی کۆکردنەوە. وەکو هەمیشە بۆ خۆشی گاڵتەی بە ناوەکانیان دەکرد. هەموو منداڵەکانی لە پێش بەدەنەی بەلەمێکی تەواونەکراو، لە ناوەڕاستی کارگەکەدا کۆ کردنەوە و پێی گوتن: "لێرە نەجووڵێن تا دێمەوە." هێشتا پێنج خولەک تێنەپەڕیبوون، بینیان وا دورسوون یاخەی حەمدی گرتووە و ڕاکێش ڕاکێش بۆ لای ئەوانی دێنێت.

"ئەگەر جارێکی دیکە ببینم یەکتان سەرانە بداتە ئەم جاشکە، بەم دەستانەی خۆم دەیخنکێنم. تێگەیشتن؟ کەستان یەک قرۆش چییە نایدەنێ. بە ئێوەش دەڵێن پیاو؟ عەمرتان نەمێنێت، سەر خڕینە. خۆ هەموتان تێگەیشتن؟ ئێوە چیتان لێ هاتووە؟ ئەوەندە ماندوو دەبن، عارەق دەڕێژن، ئەو کات نیوەی هەقدەستتان بچێتە گیرفانی ئەو توولەسەیە؟ لەمڕۆ بەدواوە یەک فلسیش چییە نایدەنێ. هیچ کامتان. خۆ گوێتان لێ بوو؟ چییە ئیدی؟ هیچ کەس فلسێکی ناداتێ. هیچ کەس. نە تۆ، نە تۆ، نە تۆ. ئەی تۆ موحتەرەم؟ لەگەڵ تۆمە موحتەرەم، تۆ چی؟ بۆ هەست و خوستت لە خۆت بڕیوە؟"

"من؟ نازانم. ئەوە ئەو بوو ئەم کارەی..."

"خاک بەسەر ئەو سەرە خڕەت. تۆ چی تۆغرۆل؟"

"من نایدەم. واتە هەر لە سەرەتاشەوە... لە سەرەتاشەوە بە خورتی لێی دەستاندم. هەر هەڕەشەی لێ دەکردم. دەڵێت دەنا شەو دێم دەتخنکێنم. بە چەقۆ ورگت هەڵدەدڕم..."

"گووی خواردووە، جاشکەکەری وا. لەمڕۆ بەدواوە فلسێکی نادەیتێ."

"دڵنیابە نایدەمێ."

"ئەی تۆ ئۆرخان؟"

"منیش نایدەمێ. خۆ هیچ مافێکی بەسەرمەوە نییە."

ئێستا ئیدی بەم قسانەی منداڵەکان تا دەهات حەمدی زیاتر لەبەر چاو ئەو منداڵانە بچوکتر دەبووە و بەو ڕادەیەش سام و شکۆی دورسوون زیاد دەبوو. دورسوون قیت بەرامبەر حەمدی وەستا بوو و چاوی لێ زەق کردبوونەوە.

"دڵت بەو موحتەرەم یوغون تاشە خۆش مەکە ها. جاشولەیە لەبەر بێکاری هۆش بێت لە کەلـلەی بۆشیدا نەماوە. ئەگەر ئەویش دای، تۆ لێی وەرناگریت. تێگەیشتیت؟ ئەگەر یەک جاری دی بزانمەوە سەرانەت لە موحتەرەم، یان هەر کەرێکی دیکە ستاندووە، ئەوە من دەزانم و تۆ."

حەمدی بە حەپەساوییەوە چاوی بڕیبوونە قاچەکانی دورسوون و هیچی نەدەگوت. لەپڕێکەوە دورسوون پڕی دایە چەقۆکەی حەمدی و لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا و قوفڵی کردەوە و گرتیە دەستیەوە. حەمدی مات و پەشۆکاو، چاوی لێ زەق بووبوونەوە. منداڵەکانیش واقیان وڕ مابوو، ئا لەو کاتەدا حەمدی دەرفەتی هێنا و دەرپەڕی و بۆی دەرچوو، دورسوونیش تاوی دایێ و کەوتە دوای. خەریک بوو لە دواوە دەستی دورسوون لە یاخەی حەمدی گیر ببێت، کە موحتەرەم خۆی خستە نێوانیان و بە بەرپێنێک دورسوونی خستە ئەو گۆڕەوە. تا دورسوون ویستی خۆی کۆ بکاتەوە، موحتەرەم لە کارگەکە دەرچوو و سەر هەوراز ڕووەو مزگەوتی سوڵتان سەلیم ڕایکرد، لە پشت مزگەوتەوە وەرسووڕایە لای پارکی گوڵان و تا ئەوسەری پارکەکە ڕانەوەستا، لەوێ لە ماندوویێتیان هەناسەی لێ بڕا و لەو گۆڕە تەخت بوو. تا ئێوارە لەوێ مایەوە و شەویش لە پشت دار چنارەکانی پارک خەوت.

هەڵبەتە ئەگەر بشێت بڵێین خەوتن. تا بەیانی بەردەوام مۆتەکە سواری سەر سنگی دەبوو. دورسوونی دەبینی کەوا حەمدی بە تەختەکانی کارگەکەوە بەستووەتەوە و بە چەقۆ وەریگڕاوەتێ و شەلوکوتی کردووە. حەمدی دەبینی کەوا لە ئاخوڕەکەی ماڵی خۆیان لای کادینەکە خۆی شاردوەتەوە و دورسوون چەقۆی بە دەستەوەیە و بەدوایدا دەگەڕێت.

بەرەبەری بەیانی تازە خەریک بوو خەو بیباتەوە، کە لەهیکەوە یەکێک یاخەی گرت و گوتی: 'کوڕە هەستە بتبینم، ئێرە کەی جێی خەوتنە؟' کابرا پاسەوانیی پارک بوو و پاشان ئاشکرایە ئیدی، پاسەوانیی پارک، گرتیگەی پۆلیسی گەڕەک، بنکەی چاودێری، یان گرتیگەی نەوجەوانان. ڕۆژی یەکەم لە پۆلیسخانە گلیان دایەوە، کە شەوەکەی دیسان هەمان مۆتەکە و دیسان هەمان لە خەو ڕاپەڕین و هاوار و زریکاندن. بەیانی ڕۆژی دواتر بە تەلەفۆنی پۆلیس، دوو کەس لە بنکەی چاودێری هاتن و موحتەرەمیان لەگەڵ خۆیان برد. چەند شەوی یەکەم لە بنکەکەشدا دۆخی موحتەرەم نەک هەر وەک خۆی، بەڵکو دەتوانین بڵێین خراپتریش بوو. ئەم جارە دورسوون هەر لە یەکەم نیگادا حەمدی لە ناو کا و وێنجەکە دەردەهێنا و بە چەقۆی خۆی وەری دەگەڕایێ و لەتوپەتی دەکرد، پاشان دەچووە گژ ئەسپەکان و ئەوانیشی بە دەردی حەمدی دەبردن. تەنیا بنکەکە ئەوەی جیاواز بوو، کە لەگەڵ یەکەم زریکاندنەوە، سەرۆکی بنکەکە، کە باشترە پێی بڵێین بورجی ژەهرەمار، وا موحتەرەمی دایە بەر مست و پێلەقە، کە ئیدی نە هێزی خەوتنی هەبوو، نە هاوارکردن.

ڕۆژانی دواتر ئەوەندە لێدانی خوارد، کە ئیدی نە مۆتەکە ببینێت و نە هەر بشتوانێت بخەوێت تا مۆتەکە ببینێت. کاتیک هاوار و زریکاندنی نەما، چەند پرسیارێکی بێسەروبەریان لێ کرد و دواتریش لە بەردەم مزگەوتی شا بە تەمای خوا بەرەڵڵایان کرد.

ئێستا ئیدی موحتەرەم دڵی لە حەمدی و دورسوون پڕ بوو و هەموو گیانیشی لەبەر لێدان و دارکاریکردنی سەرۆکی بنکە، بووبووە برین و شین و مۆر هەڵاگەڕابوو. نە دەیزانی بچێتە کوێ و نە هەر توانای ڕۆیشتنیشی هەبوو. دیمەنی ڕاکردنەکەی حەمدی هیچ لەبەر چاوان لانەدەچوو. حەمدی ئەو ڕۆژە تێکشکێندرابوو، ڕیسوا کرابوو، لە کاتێکدا ئەوە ئەو بوو کاری بۆ هەموو ئەوانە دۆزیبووەوە، تەنانەت بۆ خودی دورسوونیش.

سەرەتا چووە دەستنوێژگە و ئاوێکی بە دەموچاویدا کرد. پاشان چووە ناو مزگەوت و لەبەر ئەو ڕوشناییەی کە لە پەنجەرە ڕوو لە خۆرەکەوە دەهاتە ژوور، هەر بە چینچکانەوە خۆی گرمۆڵە کرد و خولەکێکی نەبرد خەوی لێ کەوت.

ئەم جارە مۆتەکە جێی خۆی دابووە خەون. ڕۆشناییە سەوز و شینەکان هەموو لایەکیان ڕووناک کردبووەوە و موحتەرەم لەنێو ئارامییێکی سەیر و لە کەشێکی کە قەت نەیبینبوو، هەنگاوی دەنا، کە هەموو جێیەک کشومات و ڕۆشنایی بوو.

دوو سێ، یان ڕەنگە چوار کاتژمێرێک خەتبوو و کاتێک چاوی هەڵێنان بینی وا منداڵێک بەسەر سەریەوە وەستاوە و بە ڕوویدا پێدەکەنێت.

"منیش ڕامکرد، ئەمڕۆ بەیانی. تۆ باشیت موحتەرەم؟ خەونت دەبینی؟ پێدەکەنیت، دەگریایت، تۆ چتە؟ ئەی ئەو ئاسنگەرە کێیە؟"

"ئاسنگەر، ئەها، مەبەستت وەستا زاهدە. لە خەودا قسەم دەکرد؟ باسی وەستا زاهدم دەکرد؟"

ئەو منداڵە لە کاتێکدا خەریک بوو باسی قسەکردن و هەڵسوکەوتەکانی موحتەرەمی لە خەودا دەکرد، موحتەرەم تەنیا بیری لەوە دەکردەوە چۆن لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. ڕاستیەکەی لێی دەترسا. دەست و سەروچاوی هەمووی برین و شوێنی لێدان بوون. نەک لەوانەی کە موحتەرەمیش لە کابرای سەرۆک بنکە، لەو ژەهرەمارە پشکی خۆی وەرگرتبوو. هی ئەو منداڵە وەک دیار بوو جێبرینی چەقۆ، یان شتێکی لەو چەشنە بوون. هەر گەڵ و کۆمی خۆیشی هەڵدەکڕاند و چاویشی کەوتبوون، کە موحتەرەم بە پێی تێگەیشتنی خۆی ئەو کوڕەی بە ئاڵوودەی مادەی هۆشبەر دەزانی. ئەوە هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە و هەر کارێکی بڵێی لێی دێت، گیرفانبڕین، جزدانڕفاندن، بەرەڵڵایی، شەوگەڕی... موحتەرەم باش دەیزانی کە ئەو منداڵە سەرچاوەی بەڵایە، بۆیە بەرنامەی ئەوە بوو کە لە یەکەمین دەرفەتدا لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.

"موحتەرەم تۆ بەرنامەت چییە؟ دەزانیت بچینە کوێ؟"

"بڕوانە، ئەم ناوە هەمووی پۆلیسە. من بە درۆ خەوم لە خۆم خست. تۆش وا باشە خێرا لێرە دوور بکەویتەوە."

"ئێ هەستە با پێکەوە بڕۆین."

"من... من نەخۆشم. هیچ باش نیم. چاوەڕێم پۆلیسەکان بڕۆن. هیچ توانای ڕاکردنم نییە. ڕاکردن هەر هیچ هێزی ڕۆیشتنیشم نییە. چوزانم، ڕەنگە هەر خۆم

بچمە لایان، بەڵکو بمبەنە نەخۆشخانەیەک، شوێنێک. یەکێک لە پۆلیسەکان دەناسم. کەسێکی باشە. دەمەوێت بچمە لای و پێی بڵێم کەوا نەخۆشم."

"خۆت کەر مەکە موحتەرەم. مەگەر متمانە بە پۆلیس دەکرێت؟ ئەوانە هەموویان وەکو یەکن. کوا دڵیان هەیە؟ هەستە با بڕۆین."

"نە. پێم گوتی نەخۆشم. لەو بارودۆخەدا تەنانەت بنکەی چاودێرییش لە دەرەوە باشترە."

"کەیفی خۆتە، وا من ڕۆیشتم."

منداڵەکە ئەمەی گوت و لە مزگەوت دەرچوو و چووە شەقامی ئون قاپی و لە چاوتروکانێکدا ون بوو. موحتەرەمیش خۆشحاڵ بوو، کە ئاوا ئاسان ئەو بەڵایەی لە کۆڵ خۆ کردووەتەوە، لە دەرگای دیکەی مزگەوت بۆی دەرچوو، بێئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەچێت، ملی ڕێی گرت. چەندین کاتژمێر ئاوا ڕۆیشت و خولایەوە. نەدەچووە شوێنێکی دیاریکراو. تەنیا دەڕۆیشت و ڕانەدەوەستا.

هێشتا کاتژمێرێکی مابوو خۆر ئاو ببێت، کە لەپڕ تێبینی کرد وا قیت لەبەر دەرگای کارگەی ئاسنگەریی وەستا زاهد وەستاوە. کارگەکە هێشتا کراوە بوو و وەستا وەک هەمیشە سەرقاڵ دیاربوو. موحتەرەم بە بینینی وەستا لە ناخی دڵەوە خۆشحاڵ بوو. وەستا لە ناوەڕاستی کارگەکە پارچە ئاسنێکی بە دەستەوە بوو و هەر هەڵگێڕ و وەرگێڕی پێ دەکرد و وەک بڵێی لەگەڵ یەکێکدا قسەی دەکرد، بەڵام جگە لە خۆی هیچ کەس لەناو کارگەکە نەبوو. موحتەرەم کە چاوی بە هەموو کارگەکەدا گێڕا لەپڕێکەوە کەوتە پێکەنین، چونکە وەستا خەریک بوو لەگەڵ ئەو پارچە ئاسنەی کە بە دەستیەوە بوو دەئاخفت، وەک بڵێی زۆریش لێی تووڕە بوو. وەستا، کە هێشتا

تێبینی موحتەرەمی نەکردبوو، پارچە ئاسنەکەی دانایە سەر سندان و لە بەرامبەریدا چۆکی دادان و چاوی بچوک کردنەوە و لێی نز بووەوە. پشت سەری وەستاش وەکو هەمیشە ئاگردانی کوورەکە پێ بوو و لەو تاریکییەدا پڕوشکەی سەوز و شین و سووری ئاگرەکە، حاڵ و هەوایەکی سەرنجڕاکێشی بەو دیمەنەی نێو کارگەکە بەخشیبوو. وەستا هێشتا چاوی هەر لەسەر پارچە ئاسنەکە بوو و دەتگوت نزایەک، وێردێک، شتێکی لێ دەخوێنێت، کە لەو دەمەدا موحتەرەم پێی نایە ناو کارگەکەوە. ئێستا بە ڕوونی دیار بوو، کە وەستا سەری بۆ ئەو پارچە ئاسنە دانەواندووە و موحتەرەم بە تەواوی واقی وڕ مابوو. تەنانەت پیاوێکیش کە بە شەقامەکەدا ڕەت بوو، تیچاوێکی بڕیە وەستا و تیزەبزەیەکی[1] بۆ کرد، بەڵام وەستا جگە لەو پارچە ئاسنە، زەینی نە لەسەر کابرا و نە لەسەر موحتەرەم و نە لەسەر هیچ شتێکی دیکە بوو.

موحتەرەم لەو کاتەوەی وەستای ناسیوە، پێی خۆش بووە شاگردی بایە. نەک هەر شاگرد، موحتەرەم دەیویست ببێتە موریدی. ئاخر وەستای زۆر خۆش دەویست. هەر شەیدای بوو، بەڵام وەستا شاگردی نەدەگرتن. نە شاگرد، نە هاوکار، ئەو هەمیشە بە تەنیا کاری دەکرد. تەنیای تەنیا.

موحتەرەم هەر کاتێک دڵی تەنگ بایە، بۆ لای وەستا دەچوو. لەوبەری شەقام، لەسەر شۆستەکە دادەنیشت و لێی ڕادەما. وەستا تا شەو دادەهات کاری دەکرد. پاشان دەرگا دارینەکەی کارگەی بە هەر زەحمەتییێک بایە بە تەنێ دادەخست و بۆ

[1] بزەیەک کە حاڵەتی گاڵتەپێکردنی هەیە.

ئەوەی لە قوفڵەکەی دڵنیا بێت، دوو پێلەقەی لێ دەدا، ئینجا بەڕێ دەکەوت بۆ مزگەوت. هەموو جارێکیش دوو پێلەقە، ئەویش بە پێی ڕاست.

موحتەرەم هەمیشە پێی خۆش بوو وەستا ببینێت، بەڵام ئەو ڕۆژە هەر بە ڕێکەوت لە پێش کارگەکە خۆی بینیبووەوە. واتە لانی کەم ئەو وای بیر دەکردەوە. موحتەرەم هەرکە بە خۆی هاتەوە، خۆی گەیاندەوە ئەوبەری شەقامەکە و لە ڕۆخی پیادەڕۆکە دانیشت. وەستاش وەک هەمیشە دەرگەی کارگەکەی قوفڵ دا و دوو پێلەقەی لە قوفڵەکە دان و بەرەو لای مزگەوتی سوڵتان سەلیم ملی ڕێی گرت، لە مزگەوت نوێژەکەی کرد و لە دەرگای دواوەی مزگەوت دەرچوو و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت، کە ماڵەکەی لە خانوچکەیەکدا بوو لە خوارەوەی شار.

موحتەرەم زاتی ئەوەی نەبوو بچێتە لای وەستا، بۆیە بە ئەسپایی خۆی گەیاندە بەر پەنجەرە و چاوێکی بە ژوورێدا گێڕا. هەموو دیوارەکان ئاوێنەیان هەبوو. وەک ئەوەی هەموو ژوورەکە مینابەند کرابێت. بەفرگرێکی گەورەشی لێ بوو، کە بە تەنیا نیوەی ژوورەکەی گرتبوو. لای ڕاستی بەفرگرەکە، تابلۆی شوورێک بە قۆچە بەپرچک و چەنگئاساکانییەوە لەسەر دیوارەکە کێشرابوو. مافوور بە نەخشی جوان و سەرنجڕاکێشەوە، کە پێدەچوو زۆر نەرم بن، لە ناوکەوەکە ڕاخرابوون. پەردەی پەنجەرەش گوڵدۆزی بوون، بە سامتینی زەرد و زیوین نەخشێندرابوون. سازێکیش بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، کە دەسکی بە دوڕ و مینا نەخشێندرابوو و پێدەچوو زۆر کۆن بێت. ئەو دەرگایەی لای چەپی ژوورەکە بوو، بۆ ناندینەکە دەکرایەوە و لە پەنجەرەکەوە تەنیا هەندێک قاپ و هیرباری مسی تێدا دەبیندران، کە لە گۆشەیەک لەسەر یەک داندرابوون.

موحتەرەم هیشتا لە ڕۆخ پەنجەرە بوو، کە وەستا پارچە گۆشتێکی لە بەفرگرەکە دەرهێنا و چووە ناندینەکە. کاتێک بۆنی کەباب ئەو ناوەی داگرت، وەستا خەریک بوو چەند دانە تەماتەیەکی دەخستنە کاسەیەکی مسی. ئینجا دۆلکەیەکی پڕ ئاویشی لە بەفرگرەکە دەرهێنا، کە وردە سەهۆڵ و شتێکی تێدا بوو لە پۆدرەی پونگە، یان شتێکی لەو بابەتە بوو و موحتەرەم لەو دوورییەدا نەیدەتوانی بزانێت چییە.

ئێستا موحتەرەم لە بەر پەنجەرە دانیشتبوو و هەوڵی دەدا مەزەندە بکات داخۆ کاری دواتری وەستا چ دەبێت. دەم نا دەمێک هەڵدەستا و سەیرێکی ژوورەوەی دەکرد، تا بزانێت مەزەندەکەی ڕاست دەرچووە، یان نا، کە زۆربەی مەزەندەکانیشی ڕاست دەردەچوون.

کاتێک دەنگی سازەکە بەرز بووەوە، موحتەرەم دووبارە سەری بە جامی پەنجەرەکەوە نا. وەستا سازی لێ دەدا و لە بەر خۆیەوە ئاوازێکی دەچڕی. باشی لێ دەدا و باشیشی دەچڕی. هەر دە خولەکێکی پێ چوو، وەستا سازەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە، بەڵام وازی لە چڕینی ئاوازەکەی نەهێنا. چەپڵەی لێ دەدا و دەیچڕی. بەردەوام دەیخوێند و ئەو پیرەمێردە هیچ ماندوو نەدەبوو. وەک ئەوەی لە سەری سپێدەوە تا شەو، ئاسنی سوورەوەکراوی لەسەر ئەو سندانە نەکوتابێتەوە، یان تەمەنی شەست حەفتا ساڵ نەبێت. فیکەی لێ دەدا و شتێکی دەچڕی. چەپڵەی لێ دەدا و بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. ئێستا ئیدی موحتەرەمیش کەوتبووە حاڵەتێکەوە. ئەویش خەریک بوو لەگەڵ وەستا

دەخولایەوە، بەڵام فیکەی لێ نەدەدا. چەپڵەشی لێ نەدەدا. تەنیا لە شوێنی خۆیدا دەخولایەوە.

لێرە بە دواوە موحتەرەم ئیدی هیچی بیر نایەت؛ پێ بە پێی وەستا تا بەیانی داوە خولاتەوە؟ یان زۆری نەبردووە لە هۆش چووە و لە پەنا ئەو دیوارەدا کەوتووە؟ یەک دوو کاتژمێر دواتر هەر لەوێ لەبەر پەنجەرەکە خەوی لێ کەوتووە؟ وەستا کەی وازی لە خولانەوە هێناوە؟ کەی چووەتە کارگەکەی؟ موحتەرەمی نەبینیوە؟ یان بینیویە و گوێی نەداوەتێ؟...

موحتەرەم کاتێک بە ئاگا هات، هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو. تەم ئەو ناوەی داگرتبوو و لێواری دەریا کشومات بوو. لە لێوارەکە ئاوێکی بە دەموچاویدا کرد و چووە چاخانەیەک، کە هەر دوو سەد مەترێک لە ماڵی وەستا دوور دەبوو. بڕیاری دا بەرچاییێکی باش بخوات؛ نانێکی برژاو بە تەواوی لەگەڵ سەد گرام پەنیر، سەد گرام زەیتوون و چایەکی مزریش[1]. جلەکانی زۆر لۆچاوی و هەڵگلۆچابوون، بۆیە لە لای کانییەکە تا کرا بە دەست تەڕی کردن و دەستی پێدا هێنان. کەمێک لۆچەکانی ساف کردنەوە، بەڵام هێشتاش بە تەواوی ساف نەبووبوونەوە. بە ئاوی کانییەکە دەستێکی بە قژیشیدا هێنا و ڕێکی خست. شانەی پێ نەبوو، بەڵام بە پەنجەی تەڕیش ئەوە دەکرا. هەڵبەتە ئەمە بۆچوونی موحتەرەم بوو، دەنا ئەو مووە گروازانەی ئەو بە کیلۆیەک کرێمیش ڕێک نەدەکران.

کە قاوەڵتییەکەی تەواو کرد بەرەو کارگەی وەستا زاهد بەڕێ کەوت. لەوبەری شەقامەکە ڕاوەستا و لە وەستا ڕاما. وەستا شتێکی لەسەر سندانەکە دەکوتا، کە لە

[1] مەبەست چای بە لیمۆیە.

کوتک، یان شتێکی لەو بابەتە دەچوو. کوورەکە باش سوور بووبووە و پڕوشکی ئاگر تا بەر دەرگا دەهاتن. وەستا کوتکەکەی دەکوتا، دەیخستە ناو ئاو، دایدەنایە ناو کوورە، دووبارە دەری دەهێنا و دایدەنایە سەر سندان و دیسان وەری دەگێڕایێ و دەیکوتا. هەڵبەتە جووڵەی دەمولچ و هەڵسوکەوتیشی لەو لا دانێ. لە بەردەم سندانەکە دەکەوتە سەر ئەژنۆ، بۆ کوتکەکە وێردی دەخوێند، نزای دەکرد، دواجاریش کە دەخولایەوە و دەیخوێند و فیکەی لێ دەدا و شتگەلێکی وەکو گۆرانی لەبەر خۆیەوە دەگوتەوە. لەوبەری شەقامەوە موحتەرەم نەیدەتوانی باش ببینێت داخۆ وەستا چەند ڕۆژ پێشتر چی دروست کردووە. وەستا ئەو شتانەی دروستی دەکردن بە دیواری دواوەی کوورەدا هەڵی دەواسین، کە لەوبەری شەقامەوە باش نەدەبیندران.

ئەو شتەی کە ئەم جارە لە گڕی بوو شتێکی وەکو خەنجەر، یان شمشێر بوو. دیسان دەیکوتا، دەیخستەوە ناو ئاو، دایدەنایە ناو کوورە و دووبارە لەسەر سندان دایدەنا و دەیکوتا، بەڵام مخابن لەوبەری شەقامەوە، ئەو شوێنەی موحتەرەمی لێ وەستا بوو، کارەکانی وەستا هێندە باش نەدەبیندران، کە بزانرێت خەریکە چی دروست دەکات.

موحتەرەم باش بیری نەماوە کەوا چەند ڕۆژ لەسەر یەک هەنگاو بە هەنگاو چاودێریی وەستای کرد، لە کارگەوە بۆ ماڵ، لە ماڵەوە بۆ کارگە، بەڵام ئەوەی باش دەزانی کە گیرۆدەی بووە، وا پێیەوە پەیوەست بووە ناتوانێت لێی دابڕێت. هەرچەند دەیهێنا و دەیبرد کە... بەڵام لە خۆی ڕانەدەدی. نەیدەتوانی... واتە زاتی نەدەکرد بچێتە لای و ڕاست و بێپێچ و پەنا بەو پیرەمێردە گرژ و مەزاجسارد و

وشکە بڵێت، خاڵۆ من عاشقی خۆت و هونەرەکەتم. ئامادەیە هەموو کارێک بکات تا بە شاگردی وەری بگرێت. ئاخر مەگەر ئەو نایەوێت ئەم هونەرە فێری کەسێک بکات؟ بەڵام ئەگەر دەیتوانی بڵێت، ئەگەر دەیگوت و وەستاش قبوڵی دەکرد، ئەگەر... چی دەبوو.

هەموو شەوێک لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "سبەی ئیدی پێی دەڵێم. دەچم ڕێک بەرامبەری دەوەستم و هەموو شتێکی پێ دەڵێم." تا بەرەبەیان ئەو قسانەی لەبەر خۆیەوە دووپات کردنەوە و ئەو دیمەنەی یاری دەکرد. تەنانەت کاردانەوەی وەستاشی مەزەندە دەکرد و ڕۆڵی ئەویشی یاری دەکرد. ئەوەندە ئەو کارەی دووبارە و دووبارە دەکردەوە تا هەر لەوێ لەژێر پەنجەرەی ماڵی وەستا خەوی لێ دەکەوت.

تا وای لێ هات چەند ڕۆژێک دواتر، بەیانی کە لە خەو هەستا سەیری کرد فلسێکی پێ نەماوە. نە بۆ نان، نە بۆ پەنیر و زەیتوون و نە تەنانەت بۆ چایەکیش. زۆر لە خۆی تووڕە بووبوو. دەیگوت: "ئەو گاڵتەجاڕیە چییە؟ ئەو هەڵسوکەت و ئەدا و ئەتوارە چییە؟ دە وەکو پیاو لە پێش وەستا ڕاوەستە و قسەی دڵی خۆت بکە. ئێ زۆر زۆر دەڵێ نا، بەڵام ئەگەر بڵێ نا کە... دەی با هەر بڵێ نا. چما ئەو کێیە. پیرەمێردێکی شێت و وێت، کە بۆ پارچە ئاسنێک کڕنۆش دەبات و نزای بۆ دەکات. شەو تا بەیانی چەقەنە لێ دەدا و دەخوێنێت. هەر شێتە شێت. ئێستا بە سکی برسییەوە بزانم دیسان دەتوانیت تا ئێوارە چاوی لەسەر هەڵنەگریت. دەی دەی بڕۆ ئیدی. بۆ ناڕۆیت؟ بڕۆ بەردەم کارگەکەی و تێیەوە ڕابمێنە. تۆش شێتی ئیدی. بە ڕاستی شێتی کە ئەوا شەیدای ئەو وەستا شێتەت بوویت."

لەگەڵ ئەو هەموو قسانەشدا، موحتەرەم دیسان چووەوە بەردەم کارگەی وەستا و لەوێ ڕاوەستا و تا ئێوارە لە جێی خۆی نەجووڵا. دیسان وەک هەمیشە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی وەستا نز بووەوە و چاوی لەسەر هەڵنەگرت. نە قۆڕەقۆڕی سکی، نە وشکبوونی لێوی، نە گەرمای ئەو خۆرەتاوە، نە هوڕە و شێی لێوارەکە... و نە هیچ شتێکی دیکە نەیدەتوانی ڕێ لە موحتەرەم بگرێت. ئەو بە ڕاستی شەیدا و گرفتاری وەستا بووبوو.

موحتەرەم ئەمڕۆش وەکو ڕۆژان بەری خۆی دابووە وەستا و لێی ڕامابوو، کە لەپڕێکەوە وەستا چەکوچەکەی لەولا فڕێ دا و ڕووی کردە ئەو و دەستی لەسەر سنگی تێکبردنەوە و گوتی: "تۆ کێیت؟ کێ پێی گوتوویت چاودێریی من بکەیت؟ کێشەت چییە؟"

موحتەرەم لە شوێنی خۆی وشک هەڵات. تەنانەت توانای لەرزینیشی نەبوو. لە ترسان وەکو بت لە جێی خۆی جووڵەی لێ بڕابوو. هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو، هەوا گورگەمێش بوو. هەرچی زیڕوحە لە شەقامدا بەدی نەدەکرا.

"قسە بکە ئیدی جاشەکەر. تۆ کێیت؟ چییت؟ ئەوە چەند ڕۆژە هەنگاو بە دوامەوەیت، بۆ؟ قسە بکە دەی."

موحتەرەم دیسان لە جێی خۆی نەجووڵا و هیچی نەگوت، بەڵام ئەم جارە وەستا لە شەقامەکە پەڕیەوە و دەستی موحتەرەمی گرت و توند ڕایکێشا لای کارگەکە. موحتەرەم دەستی ئێشا، بەڵام دیسان لێوی لە لێوی نەکردنەوە. کە لە دەرگای کارگەکە چوونە ژوور، موحتەرەم چاوی بە قوفڵەکە کەوت. قوفڵ بە نەخش و نیگاری ورد و درشت ڕازاندرابووەوە و جوان و ناسک دیار بوو.

"دەی قسە بکە ئیدی."

"من... من... من... موحتەرەم یوغون تاش. من... من دەمەوێت... من دەمەوێت کە ببمە شاگردی... ئێوە."

"ئێ؟ کەواتە دەتەوێت ببیتە شاگردی من. لەبەر ئەوە لە بەیانییەوە تا شەو چاودێرییم دەکەیت؟ نابێت. من هیچ کات شاگردم نەبووە ناشمەوێت. وەستاکەشم کەیفی بە شاگردان نەدەهات. منیش کەیفم پێ نایەن. ئەگەر وەستایەک شاگردی نەوێت، سەختە شاگردایەتی بۆ بکەیت، ئەوە دەزانیت؟ شاگرد مرۆڤ لە کار دەکات. جگە لەوە مەگەر کار قاتییە؟ ئەمەش بووە کار؟ دەتەوێت ببیتە ئەم کارەیە کە چی؟ بڕۆ ببە دکتۆر، ببە وەزیر، پارێزەر، دەتەوێت ببیە ئاسنگەر کە چی ببێت؟ ها؟"

"من... من دەمەوێت... من دەمەوێت وەکو ئێوە بم."

"توولەسەگ، دەیەوێت وەکو منی لێ بێت. کەواتە بڕیاری خۆت داوە؟ جا ئەوە چ پەیوەندی بە منەوە هەیە؟ بە جەهەنەم. سکت تێرە، یان نا؟"

"تێر؟"

"هانێ، بۆ خۆت نان و پەنیرێک شتێک بکڕە. چاخانەیەک لەم دەستە هەیە. چا و قاوەشی هەیە. بگرە ئیدی، بۆ ئاوا زەق زەق سەیرم دەکەیت؟"

"بە چاوان وەستا."

موحتەرەم پارەکەی وەرگرت و ڕایکرد. یەکەم جار بۆ دوکانەکەی ئەوسەر، پاشانیش چاخانەکە. کڕی و خواردی و بە پیاڵەیەک چا بۆ وەستا ڕایکردەوە

کارگەکە. وەستا چاکەی لێ وەرگرت و زۆر بە وردی تەماشایەکی کرد و گوتی: "دەی دەسکی ئەم کوورەیە بگرە، بزانم وەکو منت پێ دەکرێت، یان نا؟"

موحتەرەم خێرا دەسکی دەزگای کوورەکەی گرت و دەستی بە بەرز و نزمکردنی کرد. وەستای بینیبوو کە کوورە دەدەفێت و سووری دەکاتەوە. یەک دوو ئاسنگەری دیکەشی بینیبوون و دەفینی کوورەی دەزانی.

"تۆ پێشتر شاگردی کام ئاسنگەر بوویت؟"

""من؟ من هیچ کەسێک، واتە هیچ ئاسنگەرێک."

"کەواتە تۆ بوویت شەو تا بەیانی پێ بە پێی من دەخولایەوە، ها؟"

موحتەرەم هیچی نەگوت، تەنیا دەسکی دەزگاکەی خێراتر بەرز و نزم کرد.

"لە ژوورەوە، لەبەر چراکە تۆ ڕوخساری منت دەبینی، بەڵام دەرەوە تاریک بوو و من نەمدەتوانی ڕوخساری تۆ ببینم."

"بمبوورە وەستا."

"ئەوە تۆیت دەبێت ببووریت نەک من. من لەو ژوورەوە؛ گەرم، نەرم، ڕووناک. تۆش لە دەرەوە لەسەر شۆستەی شەقام؛ سارد، سەخت، تاریک. زۆر باشە، موحتەرەمەفەندی وەک دیارە تۆ ئێمە باش دەناسیت، ئێستا دەتەوێت ئێمەش تۆ بناسین، یان نا؟"

"ویستن کە... ئاشکرایە کە دەمەوێت."

موحتەرەم لە سەری هەتا بنی ژیانی خۆی بۆ وەستا باس کرد. وەستا زۆر خەمگین بوو، بەڵام بەسەر خۆیدا نەهێنا و تەنیا گوتی: "کەواتە تۆش وەکو وەستات پارچە ئاسنێکی زاخاودراویت. باوکی منیش کوژرا، واتە کوشیان.

تێناگەم چ نهێنییێک لەوەدایە، دەڵێی تەنیا هەرچی باوکی کوژرابێت دەیەوێت ببێتە ئاسنگەر. ئاسنگەری کارێکی سەختە، بەڵام ئەرێ سەفای خۆیشی هەیە. هونەرە، پیشەیە، کارێکی باشە. هەڵبەتە بۆ کەسێک کە ئەم شتانە تێ بگات."

پاشان وەستا کەمێک ئاخ و ئۆفی کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەندوقێکی لە دارگوێزدروستکراوی لە قوژبنێکی کارگەکە ڕاکێشا ناوەڕاستی ناوکەوەکە و گوتی: "ئەمڕۆ کارت ئەوەیە کە پارچە ئاسنەکانی ناو ئەم سەندوقە جوان و خاوێن بە گازۆیل بشۆیت تا وایان لی دەکەیت ببریقێنەوە. سبەینێش سەندوقێکی دیکە چاوەڕێت دەکات. ئەو سەندوقە پەتۆیەک و سەرینێکیشی تێدایە. شەوان لە هەر جێگایەکی ناو کارگەدا بتەوێت، دەتوانیت لەوێ بخەویت. منیش کە شاگرد بووم هەر لێرە دەخەوتم، هەر بەم پەتۆیە و لەسەر ئەم سەرینە. تەواوە ئیدی، وایە؟"

موحتەرەم پێکەنی و وەستاش گوتی: "ئەی توولەسەگ." دواتر وەستا، شووشە گازۆیلەکانی سەر ڕەفەی بنەبانی کارگەی پیشان دان و گوتی لۆکە و کۆنەپەڕۆش لەو تەنیشتە، لەپشت شووشەکانە. پاشانیش دەستی بە کاری خۆی کردەوە. دیسان خەریک بوو شتێکی سەیری دروست دەکرد. وەکو کوڵنگ بوو، بەڵام دونیایەک زنجیر و پڵپڵەی دیکەشی پێوە هەڵواسرابوون. موحتەرەم لە ژێرەوە چاودێریی وەستای دەکرد، کە وەستا بە بێئەوەی سەیری بکات گوتی: "یاڵڵا دەست پێ بکە، دەی."

موحتەرەم زارکی سەندوقەکەی هەڵدایەوە. سەندوق پڕ بوو لە جۆرەها قاپ و کەلوپەلی فلزی، کە تەنیا هەر ئاسنیش نەبوون، مسی و زەردە و تەنانەت قومیشیان لەناودا هەبوو؛ جۆنییێکی دەستی بۆ هاڕینی قاوە، دەسکە ئاونێک، چەند دانە

گۆشتکوت، دوو سینی، مەرەکەبدانێک، چەند دانە مۆمدان، دۆلکەیەک، گومگومەیەکی قەلیان... دونیایەک شڕەوبڕە کە هەمووشیان بە ڕێکوپێکی لە یەک جیاکرابوونەوە و زۆریش بە جوانی هەڵگیرابوون.

موحتەرەم هێند تەڕدەست بوو، یەک یەک ئەو قاپ و کەلوپەل و شڕوشیتاڵانەی لە سەندوقەکە دەردەهێنان و جوان و خاوێن دەیسڕینەوە و دەیبریقاندنەوە.

هێشتا نیوەڕۆ دانەهاتبوو، کە لەپڕ وەستا دەستی لە کار هەڵگرت. کەوڵێکی لە گۆشەیەکی کارگەکە ڕاخست و مەنجەڵێکی مسی کە نەخش و نیگارەکەی بێهاوتا بوو، لە ڕەفەی لای سەرەوە هەڵگرت و لە ناوەڕاستی خوانەکەی دانا. مەنجەڵ، مریشک و پیاز و نانی تێدابوو. چوارچمکی لە سەر خوانەکە دانیشت و دەستی بە خواردن کرد. بە دەست و خێرا خێرا دەیخوارد. موحتەرەم هێشتا مات مابوو داخۆ وەستا کەی ئەویش بانگی سەر خوان دەکات، سەیری کرد وا وەستا خەریکی لستنەوەی بنکڕی مەنجەڵەکەیە. وەستا وەک ئەوەی تازە تێبینی موحتەرەمی کردبێت، گوتی: "هیچ بۆ تۆ نەمایەوە، نە؟ هەهەهە. واتە ئێستا برسیتە، وایە؟ وەرە ئەم پارەیە بگرە. دەزانیت بەم پارەیە دەتوانیت تەنیا هەر نیو نان بکڕیت. چۆنت دانابوو؟ ئێرە ماڵی پوورتە، یان کۆشکی شایە" ئەوەندەشت لێ زیادە. ئێ خۆ سەرت لە کار دەرناچێت."

موحتەرەم کە چاوەڕێی هیچ پاداشتێک نەبوو، بەڵام درێغی نەکردبوو و لە بەیانییەوە تا ئێستا پازدە بیست قاپ و کەلوپەلی سەیروسەمەرەی وا جوان سڕیونەتەوە بریقەیان دێت و خستوونیەتە سەر ڕەفەوە. وەستا پارە وردەکەی فڕێ دایە بەر پێی و پەنجەی بە قاپەکانی سەر ڕەفەکەدا هێنا و گوتی: "نە. بەم شێوەیە

نابێت. هیچ نازانیت. ئێستا ئەگەر هەوڵ بدەیت، بەڵکو یەک دوو ڕۆژی دیکە پەنیر و زەیتوونیشت بۆ زیاد بکەم، بەڵکو، هەڵبەتە. چییان گوتوە؟ نان لە ئێمە، ئاو لەسەر خوا. دەی بڕۆ نانەکەت بکڕە ئیدی."

تەواوی دوانیوەڕۆکەش ئەمە کاری موحتەرەم بوو. ناو سەندوقەکە پڕ بوو لە کەوچک و چەنگاڵی ئاسن و مس، کە هەر دانەیەکیشیان نەخشی چیرۆکێک، بەسەرهاتێکی لەسەر هەڵکەندرابوو. هەموویان لەسەر یەک بیست سی دانەیەک دەبوون. تا عەسر داهات موحتەرەم هەموویانی سڕیبوونەوە و بریقاندوبوونیەوە و داینابوونە سەر ڕەفە. ئیدی تەواو ماندوو بووبوو و هێزی لێ بڕابوو.

شەو داهاتبوو موحتەرەم هێشتا هەر خەریک بوو، کە لەپڕ وەستا لە دەرەوە دەرگای کارگەکەی داخست و قفڵی لێ دا و دوو پێلەقەشی بە قوفڵەکە دادان و ڕۆیشت. موحتەرەم هیچ کێشەی لەگەڵ خەوتن لە کارگەکەدا نەبوو. واتە پێشی خۆش بوو، بەڵام ئەگەر تەنگاو ببا چی کردبا؟ ئەگەر تینوو ببا چ دەبوو؟

بەیانیەکەی هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو، وەستا دەرگای کردووە و سەیری کرد وا موحتەرەم دۆخینی بە دەستەوەیە و لە بەردەم دەرگاکە وەستاوە. هەر دەرگا کرایەوە، موحتەرەم ڕایکرد، ئەمما چ ڕاکردنێک. بە تەنیشت وەستا فیتکێکی[1] دایە خۆی و تا ناو مزگەوت ڕایکرد. هێشتا وەستا دەرگاکەی تەواو نەکردبووەوە، کە موحتەرەم میزی کردبوو، ئاوی خواردبووە، دەست و دەموچاوی شوشتبوون و لە بەردەم وەستا حازر و ئامادە بوو.

---

[1] فیتک، تیزماڵ، ڕاکردنێکی زۆر خیرا، کە لە کاتی تەنگاوبوون و ناچاریدا دەکرێت.

"دەک خاک بە سەرت، سەرخڕ. واتە شەوێکیش ناتوانیت خۆت بگریت؟ وەرە ئەم پارەیە بگرە، بڕۆ نیو نان بۆ خۆت و بۆ منیش چایەک بێنە. ئەمڕۆش تەنیا هەر نانی وشک. چییە؟ کێشەیەک هاتووەتە پێش؟"

موحتەرەم ڕۆیشت و گەڕایەوە، هەر بە ڕێگاوە نانەکەی خۆی خواردبوو و چایەکەی وەستای بە دەستەوەبوو.

"زۆر باشە موحتەرەم یوغون تاشی بەڕێز!، ئەم پارچە ئاسنە دەبینیت؟ ئەو قولابە چی؟ کەواتە ئەمە ئاسن، ئەوەش نموونە، ئەمەشیان کوورە و خەڵووز و چەکوچ و سندان. تا سێ ڕۆژی دیکە دەبێت ئامادە ببێت. لەو سێ ڕۆژەدا هەموو کارگە لە خزمەتی ئێوەی بەڕێزدایە. بەندەش ئەگەر ئیزن هەبێت و نەبمە مایەی سەرگرانیت لەو گۆشەیە خۆم سەرگەرم دەکەم، هەڵبەت ئەگەر ڕێگەمان پێ بدەیت."

پاشان چەکوچێکی، کە هەڵبەت زیاتر لە کوتک دەچوو تا چەکوچ، دایە دەستی موحتەرەم و گوتی: "چی؟ سێ ڕۆژ." پاشانیش توند چەپەرۆکێکی بە پشتەسەریدا کێشا و دیسان گوتی: "چەند ڕۆژ؟ سێ ڕۆژ."

موحتەرەم ئاسنەکەی خستە ناو کوورە و دەستی بە بەرز و نزمکردنی دەسکی دەزگای کوورەکە کرد. دەستی بە دەسکی دەزگاکەوە بوو و چاوێکی لەسەر کوورەکە بوو، کە ببینێت کەی ئاسنەکە سوور دەبێتەوە و چاوێکیشی لە دەستی وەستا بوو، کە ببینێت چۆن کوتک لە ئاسنی سەر سندانەکە دەدات.

## پارچە ئاسنێکی سەقاکراو

ئەو ڕۆژە موحتەرەم لە بەیانییەوە تا شەو ئەو پارچە ئاسنەی لە کوورە دەردەهێنا و دایدەنایە سەر سندان، بە چەکوچان وەری دەگژایێ، بە پەنگرکێش[1] هەڵیدەگرت و دەیخستە ناو لەگەنێکی ئاو، دووبارە دەیخستەوە ناو کوورە، دەری دەهێنا و دایدەنایەوە سەر سندان و دەیکوتا، دەیخستەوە ناو ئاو، دووبارە دەیکوتا، دەیخستەوە کوورە و دیسان دەری دێنا و دایدەنایەوە سەر سندان و...

بە نەفەرەت بێت، ئاسنەکە نەدەهاتە ڕایێ و نەدەهات.

کاتێک شەو داهات، وەستا جلی کاری داکەندن و جلی پاکی پۆشین و چەند سکەی دانانە سەر مێزی کار و سەیرێکی موحتەرەم و سندانی بەردەمی کرد و گوتی: "ئەمشەو ئیدی دەرگات لەسەر گارە نادەم، وەستاکەی منیش لە ڕۆژی دووەمدا هەر وای لەگەڵدا کردم. ئێستا یان ئەو قولابە لەو پارچە ئاسنە دروست دەکەیت، یان خواحافیز، بەڕێز موحتەرەمەفەندی!"

هێشتا چەند خولەکێک بەسەر ڕۆیشتنی وەستا تێنەپەڕیبوو، کە موحتەرەم هەستی بە سێبەرێکی قورس کرد. بەڵێ، سێبەر سێبەری وەستا بوو. کەی و چۆن گەڕابووەوە، کە موحتەرەم هەستی پێنەکردبوو، نەیدەزانی. وەستا سەیرێکی دیکەی چاوەکانی موحتەرەمی کرد و توند کێشای بە پشتەملیدا و گوتی: "وەستاکەی منیش هەمان ئەوەی لەگەڵ مندا کرد."

ئەو شەوە موحتەرەم تا بەیانی بێپسانەوە کاری کرد. بەیانی کە وەستا هاتەوە کارگە، سەیری کرد موحتەرەم وا لە بن سندانەکە خەوی لێ کەوتووە و چەکوچکەشی هەر بە دەستەوەیە. ئاسنەکە لەسەر سندانەکە بوو، بەڵام هیچی لێ دەرنەچووبوو، هیچ.

---

[1] پەنگرکێش، مەقاش

سکەکانیش وەکو خۆیان لەسەر مێزەکە بوون، هەر وەک ئەوەی کە وەستا فڕێی دابوونە ئەوێ.

"ئۆی ئۆی جاشکەکەر. کەواتە بڕیاری خۆت داوە؟ ئەگەر وەستاکەم لێرە بایە لەگەڵ توولەسەگێکی ئاوا چی دەکرد؟"

بە یەکەم لێدانی چەکوچی وەستا لە سندانەکە، موحتەرەم یەک پێ لە جێی خۆی ڕاپەڕی، وەکو مامری سەربڕاو، چەند جار خۆی بەملا و ئەولای کارگەکە دادا و دواجار بەرامبەر وەستا، ڕاوەستا، پەرێشان و حەپەساو. وەستا هیچی نەدەگوت. ئاسنەکەی دەکوتا و هیچی نەدەگوت. موحتەرەمیش لە شوێنی خۆی ڕاوەستا و جووڵەی لە خۆی بڕیبوو. پاشان لەپڕ وەستا لە چاوەکانی موحتەرەم نز بووەوە، وەک ئەوەی پێی بڵێت "دە ئاوا."

موحتەرەم سێ ڕۆژی تەواو لەسەر ئەو پارچە ئاسنە کاری کرد و هەوڵی خۆی دا. لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا وەستا هیچی نەدەگوت. قاپی دروست دەکردن، ئامێری دروست دەکردن، بەڵام قسەیەکی نەدەکرد، نە لەگەڵ موحتەرەم، نە لەگەڵ خۆی و نەگەڵ هیچ کەسێکی دیکە.

بەیانی ڕۆژی چوارەمیش موحتەرەم دیسان لە پەنا سندانەکە خەوی لێ کەوتبوو، بەڵام ئەم جارە خەوەکەی قووڵ بوو، نە بە دەنگی چەکوچی وەستا و نە بە نەڕەنەڕ و هاتوهاوارکردنی بەئاگا نەهات. تا ئەو کاتەی مەلا بانگی نیوەڕۆی دا و موحتەرەمی لە خەو ڕاپەڕاند. وەستا پارچە ئاسنێکی وەکو ئەوەی موحتەرەمی دانابووە سەر سندان و پێدەچوو چاوەڕێ بێت تا بەئاگا دێت. ئێستا موحتەرەم بەرامبەر وەستاکەی ڕاوەستابوو و وەستاش خەریکی پارچە ئاسنەکە بوو. وەستا

ئاسنەکەی کوتا و کوتا تا ئەوەی لەناکاو بووە قولاب، قولابێکی لێ دەرچوو تەواو وەکو ئەو نموونەیەی کە پیشانی موحتەرەمی دابوو.

ڕۆژی پێنجەم، وەستا دەرگای کارگەی کردەوە و بینی دیسان وا موحتەرەم لە بن سندانەکە خەوتووە و پرخەپرخی هەموو کارگەی داگرتووە، بەڵام ئەم جارە جیاوازییێکی بەرچاوی لەگەڵ ڕۆژانی دیکە هەبوو. لەسەر سندانەکە قولابێک داندرابوو. قولابێک تەنانەت ناسکتر و جوانتریش لەو نموونەیەی لەسەر ڕەفەکەبوو. وەستا باوەڕی بە چاوەکانی خۆی نەدەکرد. وەستا لە قولابەکە ورد بووبووە و موحتەرەمیش کە لەگەڵ دەنگی پێی وەستا لەخەو ڕاپەڕیبوو، بە لێوی بەبزەوە چاوەڕێی دەکرد وەستا بڵێت بووە، یان نە.

وەستا هیچی نەگوت. چووە بنەبانی کارگە و جلەکانی خۆی گۆڕین، بەڵام موحتەرەم هێشتا چاوەڕێ بوو و بە نیگای خۆی وەستای تێگەیاند تا گوێی لەو قسەیە نەبێت کە چاوەڕێی بیستنیەتی، لە شوێنی خۆی ناجووڵێت. ئەوەندە چاوی بڕینە چاوی وەستا، تا ئەوەی دواجار وەستا بۆی دانەوی و دەستی بە قسان کرد. وەستا قسەی دەکرد، بەڵام سەیری موحتەرەمی نەدەکرد. واتە دەمی قسەی لەگەڵ موحتەرەم بوو، بەڵام ڕووی لە کەنداو بوو، کە لە دەرگای کراوەی کارگەوە دەبیندرا.

"سەیرکە موحتەرەم، من ئەگەر لە جێی تۆ بام، خۆم دەکوشت! دونیا ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونە ناهێنێت. واتە هیچ بەهایەکی نییە. من ئەگەر لە جێی تۆ بام و بووێری و ئازایەتیی تۆم هەبایە، خۆمم دەکوشت. ئەم دونیایە ڕێزی تۆ نازانێت، بەهای تۆ تێناگات. ئەم دونیایە جێگای نموونەکانی وەک تۆ نییە. ئەم وێرانبووە جێی کەسانی هۆشمەند نییە. جێی کەسانی وەک تۆ نییە. تۆ دەزانیت چەند ساڵە ئەم

خرتوپرتانە دروست دەکەم؟ دەزانیت ئەگەر بمەوێت؟... دەزانیت؟ ئەگەر ئەوەی ئێستا دەیزانم ئەو دەمەی لە تەمەنی تۆدا بووم بمزانیبیان، خۆمم دەکوشت. بەڵێ دەزانیت ئەم دونیایە تەنانەت بەهای خۆکوشتنیشی نییە، بەڵام... بەڵام... تێناگەیت چی دەڵێم، وانییە؟ بەڵێ، باش دەزانم کە هیچ لەم قسانە تێناگەیت. کە گەیشتیتە ئەم تەمەنەی من ئینجا تێدەگەیت، بەڵام ئەوکاتیش درەنگ داهاتووە ئیدی، زۆریش درەنگ."

وەستا ئەم قسانەی کرد و لەپڕ ڕاقەنا و تەخت بوو. موحتەرەم بە دەستی بە چەکوچەوە تاسابوو کە ئەمە ئیدی چ هەڵسوکەوتێکە. ئاخر چونکە وەستا هەمیشە دەخولایەوە و چەپڵەی لێ دەدا و ئەو ڕەفتارانەی دەنواندن، بەڵام وەک بڵێی ئەم جارە باسێکی دیکەیە. ئەم جارە دەڵێی نواندن نییە. وەستا هەر بە ڕاستی لەو گۆڕە کەوتبوو. قسەی نەدەکرد. نەدەجووڵا. لە موحتەرەم یوغون تاش ڕامابوو و نە قسەیەکی دەکرد و نە خۆی دەجووڵاند.

"موحتەرەم، وەرە ڕاکە دوو نانم بۆ بێنە."

"سەر چاوان."

"موحتەرەم، سبەی وەرە بەلەکەم بۆ بشۆ."

"سەر چاوان."

" موحتەرەم، تا ئێوارە تۆڕەکانم بۆ پاک بکەیتەوە ها."

"سەر چاوان."